# ١ كانوونی دووهەم

**ئێمە لە مەسیحدا کڕراینەوە، بە خوێنی ئەو گوناهەکانمان بەخشرا... (ئەفسۆس ١: ٧)**

........................

کێ دەڵێت یەزدان لە گوناه خۆش دەبێت تەنها بە تۆبەکردنێک؟ ئەم تێگەیشتنە هەڵەیە دەردەکەوێت لەم گێرانەوەیەدا .

کابرایەکی باوەڕدار هەواڵی ئەوەی زانی کە پیاوێکی دراوسێی خۆی لەسەرەمەگدایە و خەریکە دەمرێت، خێرا رۆیشت بۆ لای و باسی ئەو رزگاریەی بۆ کرد کە عیسای پیرۆز بەخوێنی خۆی لەسەر خاچ کردویەتی بۆ مرۆڤ.

بەڵام کابرا وایزانی داوای لێدەکات تۆبە بکات. ئیتر ووتی باشە دوای ئەو هەموو گوناهو خراپانەی من کردوومە چۆن ئێستا یەزدان لە سەرە مەرگدا بە تۆبەیەک لە من خۆش دەبێت؟ باوەڕدارەکەش پێی ووت: برای من، تۆبەکردن هیچ کاتێک گوناه لانابات بەڵام خوێنی عیسای مەسیح ئەوەی رشتی لەسەر خاچ، ئەو خوێنە پیرۆزە گوناه لادەبات و دەیسرێتەوە.

# ٢ كانوونی دووهەم

**بیهێننەوە بەرچاوی خۆتان ئەوەی بەسەر ژنەکەی لۆت هات. (لۆقا ١٧: ٣٢)**

.......................

یەزدان بەزەییەکی زۆری دەرخست بەرامبەربە خێزانی لۆت، ئاگاداری کردن و رزگاری کردن لەو سزایەی بەسەر شاری سەدومدا هات و خەڵکی شارەکە تیاچوو، بەڵام چونکە دڵیان بەشارەکەیانەوە بوو، یەزدان بەهۆی فریشتەیەکەوە لە شارەکە دەریهێنان.

یەزدان بەهەمان شێوە هەلسوکەوت دەکات لەگەڵ ئێمەشدا، چونکە نایەوێت و دلشاد نیە (بە مردنی گوناهبار بەڵکو دەیەوێت گوناهبار بگەڕێتەوە لە ڕێگەی خۆی و بژی) (حزقیال ٣٣: ١١).

بەلام ژنەکەی لۆت سەرپێچی فەرمانی یەزدانی کردو وەرگەرایەوە و سەیری دواوەی کرد، چونکە دڵ و خەیاڵی لای گوناه بوو ئەوەی کە یەزدان بەو هۆیەوە شارەکەی لە ناو برد. بەلەش لە دەرەوەی شارەکە بوو، بەڵام دڵی هێشتا هەر لە شارەکە بوو.

یەزدان دڵێکی ناوێت دوو بەش بێت، ئەوەی لەگەڵ عیسا بێت دەبێت بڕیار بدات، یان بۆ عیسا بێت یاخود بۆ جیهان، ڕێگەی جیهان دەڕوات بەرەو لە ناوچوون بەڵام ڕێگەی یەزدان دەڕوات بەرەو رزگاری.

# ٣ کانوونی دووهەم

**بیر لە یەزدان بکەرەوە لەکاتی لاویتا، پێش ئەوەی ڕۆژانی خراپ بێت و سال بێت و بلێیت، هیچ خۆشی تیانابینم (کـۆمکار ١٢: ١)**

.......................

لە کابرایەکی باوەڕدایان پرسی: باشە تۆ کەوا چاوەکانت تەواو نیە و قاچێکت بڕراوەتەوە بۆ ئەوەندە دڵت خۆشە و چەندە لە ڕووتایە؟

خۆ تۆ ناتوانیت ئەوەندە بخوێنیتەوە و کەمیش دێیت بۆ کۆبوونەوەی نوێژ، لە وەلامدا کابرا ووتی: من لە ژێر درەختێکی سێودام، بەرەکە زۆر خۆشە، دوایش لە ئاسمان چاوم هەروا نابێت و دەتوانم بە دوو قاچەوە بڕۆم و لە وێ ئازار و نەخۆشی نیە ، ئێستا هاوینە وە بەروبووم کۆدەکەمەوە بۆ زستانی سارد، چونکە من باوەڕم بەو ووتەیەی یەزدان هەیە کە دەڵێت:

(بیر لە یەزدانت بکەرەوە لەکاتی لاویتا، پێش ئەوەی ڕۆژانی خراپ بێت و ساڵ بێت و بڵێیت، هیچ خۆشی تیا نابینم) (کۆمکار ١٢: ١)

## ٤ کانوونی دووهەم

**باوەڕدان هەواڵی ئەوەیان پێماندا... بەوەی وازتان لە بت پەرستی هێناوە و رووتان کردۆتە یەزدان، واتە پەرستنی یەزدانی راست و زیندوو. هەروەها چاوەڕێی هاتنەوەی رۆڵەی یەزدان... واتە عیسا ئەوەی رزگارمان دەکات لە تووڕەیی داهاتووی یەزدان. (تسالۆنیکی یەکەم: ٩، ١٠)**

..............................

وازهێنان لە بت پەرستن، واتە گەڕانەوە لە رێگەیەک و هەلبژاردنی رێکەیەکی تازە، گەڕانەوە لە پەرتووکی پیرۆز دا، بە لەدایک بوونەوەی سەر لەنوێ دادەنرێت، واتە مرۆڤێک سەرلەنوێ بەگەورەیی لەدایک دەبێتەوەو رێگەی یەزدان دەگرێت. عیسای پیرۆز دەڵێت:

(راستی راستیت پێ دەڵێم، کەس ناتوانێت پادشاهێتی یەزدان ببینێت گەر لە ئاسمانەوە لەدایک نەبێت) (یۆحەننا ٣: ٣).

ئەوەی کەلە سەرەوە باسمان کرد، گەر بەتەواوەتی هەموو ئایەتەکان بخوێنینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە یۆنانیەکانی شاری تسالۆنیکی لە رێگەی بت پەرستنەوە گەرانەوە بۆ رێگەی یەزدان و سەرلەنوێ لەدایک بوونەوە.

# ٥ کانوونی دووهەم

**فیرعەون بە یەعقوبی ووت: چەندە سالانی ژیانت؟ (پەیدابوون٤٧: ٨).**

............................

لە راستیدا گرنگ ئەوەیە کە بە چ ریٚگەیەک ژیاوین، بەڵکو گەر بیٚت و ژیابین تەنها بۆ بەدەست هیٚنانی شت و بابەتی ئەم جیهانە دوور لە یەزدان، ئەوا ئەو ژیانە ئەوەندە نرخی نیە... لە کابرایەکی بەتەمەنیان پرسی، خاڵە گیان تۆ تەمەنت چەندە، ئەویش لەوەلامدا ووتی:

تەمەنم سیٚ ساڵە! ئینجا ووتی: من ماوەی سیٚ ساڵە باوەڕی تەواوەتیم بە عیسای مەسیح هیٚناوە، پیٚش ئەوە چەند ساڵ ژیاوم هەمووی بە بەلاش رۆیشتووە.

گەر لاویت، باوەڕ بە عیسای پیرۆز بهیٚنە با سالآنت لیٚ نەڕوات، گەر تەمەنیشت هەیە سالآنی داهاتوت بکرەوە و ژیانی هەتا هەتایی بەدەست بهیٚنەوە.

## ٦ کانوونی دووهەم

**ئێستاش ئاوای فەرموو خوداوەندی بەدیهێنەرت، ئەی یاقوب و شێوەکێشت ئەی ئیسرائیل، (مەترسە) چونکە تۆم کڕیوەتەوە، بە ناوی خۆتەوە بانگم کردویت، تۆ هی منیت. کە بەناو ئاودا بپەڕیتەوە، من لەگەڵتدام بەناو ڕوبارەکانیش، نوقمت ناکەن. بەناو ئاگردا بڕۆیت داغ نابیت، بڵێسەش ناتسووتێنێت. ( ئیشەعیا ٤٣. ١ – ٢ )**

..............................

باوکی ئاسمانیمان لە هەموو شوێن و کاتێکدا هەیە و ئامادەیە وە ئاگادارە بەوەی ئێستا هەیە و لە داهاتووشدا دەبێت. ئەو دەزانێت چی لە دەور و پشتمانە و ئاهوناڵەمان چیە. (فرمسێکی باوەڕداران و پیاوە پیرۆزەکانی ژمێرراون لای ئەو، (واتە لای یەزدان ) (زەبوری **٥٦**).

ئایا ئاو زۆر قوڵە؟ ئەو لە وێیە تا وەک ئاگادار بێت و رزگارت بکات...

ئایا ئاگری تاقیکردنەوە بەتینە؟ ئەو لە وێیە تا وەکو ساردی بکاتەوە و سەرخۆشیمان لێ بکات... ئەو پەیمانی پێداوین گەر کەوتینە ئاگرەوە، ناسوتێین ئاو و لافاویش نا توانێت بمان خنکێنێت. (ئەیشەعیا **٤٣**).

بەراستی شتێکی زۆر مەزنە، گەر مرۆڤ بتوانێت رزگاری بێت لە لافاو و ئاگر و ئازادی ژیانی رۆژانە بەهۆی یەزدانەوە.

# ٧  كانوونی دووهەم

**دڵ تەنگ مەبن... من دەڕۆم بۆ ئەوەی تا شوێنتان بۆ ئامادە بکەم... دەگەڕێمەوە لاتان و لەگەڵ خۆم دەتانبەم، تاکو ئێوەش لەو شوێنە بن کە منی لێدەبم.  (یۆحەننا ١٤: ٢ ـ ٣)**

........................

دەگەڕێمەوە لاتان، ئەم ووتەیە شتێکی زۆر دڵخۆش کەرە و شادیە پیاو چاوەڕوانی رزگارکەر بکات. ئەوەی لە دەور و پشـــتمان روودەدات زۆر جار دەبێتە هۆی ناخۆشی و ئازار بۆمان و ریگەی ژیان پڕە لە درک و گیروگرفت.
دوری رزگارکەر ترس دەخاتە دڵەوە، بەڵام با ئەوە لەیاد نەکەین کە ئەو پەیمانی داوە  کە دەگەڕێتەوە.
لە دوایدا باسی ئەوەش دەکرێت کە دوای گەرانەوەکەی چی دەبێت و چۆن دەبێت، ئەوچاوەروانە بۆ وەلامی دەرونی ئێمە، بۆ ئەو خۆشەویستیەی دەریخست و بۆی نواندین تا  لەویدا لەو شوێنە بیت کە ئەوەی لێدەبێت.

# ٨ کانوونی دووهەم

**چونکە بۆ هەموو شتێک کات و حوکمی خۆی هەیە.**
**(کۆمکار ٨: ٦)**

....................

هەموو تاقیکردنەوەیەک دوو شتی گرنگی تیدایە، یەکەم کاتی تاقیکردنەوەکە، دووهەم کاتی دەرکەوتنی ئەنجامی تاقیکردنەوەکە...

لە راستیدا ئەو کاتەی مرۆڤ هەیەتی لەسەر زەوی، کاتی تاقیکردنەوەیە، ئینجا بەدوای هەموو تاقیکردنەوەیەکدا کاتی ئەنجامەکەی دێت. ئەنجامی تاقیکرنەوەی ژیانی مرۆڤ لەرۆژی دوایی و رۆژی لێپرسینەوەدا دەردەکەوێت.

سوپاس بۆ یەزدان کە هێشتا رۆژی لێپرسینەوە نەهاتووە بۆ ئەوەی ئەم نووسینە دەخوێنێتەوە، بەڵام ئایا دەبێت ئێستا چۆن هەڵسوکەوت بکەین لەگەڵ ئەم کاتەی کە بەدەستمانەوەیە؟

(چونکە حوکم دان و داد بەسەر کاری خراپدا خێرا نادرێت، بۆیە دڵی خەڵکی پربووە بۆ کاری خراپە) (کۆمکار ٨: ١١).

لەبەر ئەمە دیارە ئەنجامی تاقیکردنەوەکە، دەرنەچوونە، بەڵام ئێمە ئەبێت دڵمان بەوە خۆشبێت کە یاریدەرێک و واستەیەکمان هەیە ئەویش عیسای پیرۆزە و باوەڕکردنە بەو.

# ٩ کانوونی دووهەم

**ڕێگەی یەزدان لە هەور و بروسکە ڕەشەبادایە و هەور تۆزی پێیەتی. (ناحوم ١: ٣)**

......................

ڕۆژێک دانیشتبووم لەسەر گردێکی بەرز، سەیری وێنەی دەور و پشتی خۆم دەکرد، وێنەیەکی زۆر جوانی هەبوو، گوڵ و گولزار ڕووی زەوی داپۆشیبوو، لەپڕ هەورێکی ڕەش هات و بوو بە ڕەشەبا و هەورە بروسکە و بارانێکی زۆر. بۆ ڕۆژی دوایی گەڕامەوە بۆ هەمان شوێن، سەیرم کرد ئەمڕۆ دیمەنەکە جوانترە لە دوێنێ، گەر لە گوڵ و گیا و دار و دەوەنت بپرسیایە، دەیان ووت، ئەو هەموو بروسکە و بارانەمان زۆر زۆر پێخۆش بوو وە چووە دڵمانەوە.

ژیانی مرۆڤیش پڕە لە هەور و هەڵە و بروسکە و باران، با ئەو هەور و هەڵە و بروسکە و بارانە ژیانت تێک نەدات و هەوڵ بدە لەو هەور و بروسکە و بارانە دا یەزدان بدۆزیتەوە و بچیتە دڵتەوە.

# ١٠ كانوونی دووهەم

**عیسای مەسیح هاتووە بۆ جیهان تا رزگاری کات لەگونەهبار.**
**(تیمۆساوسی یەکەم ١ : ١٥)**

...................

کابرایەک بە ناوی (روود) بەهۆی قەشەیەکەوە کە رۆژانی یەکشەممە سەری بەندینخانەکەی دەدا، باوەڕی بە عیسای مەسیح هێنا و دانی بەو کارە خراپانەی کەوا کردویەتی ناو ژیانی دایە دەستی عیسای پیرۆز. پاشماوەیەک کە قەشەکە زانی (روود) بەتەواوەتی باوەڕی بە عیسای مەسیح هێناوە و باوەڕ بەو خوێنە دەکات کە عیسا لە پێناوی مرۆڤدا رشتویەتی، هەستا و داواکاریەکی پێشکەش بە دادگا کرد بۆ ئازاد کردنی (روود) کاتێک لە دادگا لە قەشەکەیان پرسی، باشە بۆچی تۆ هەوڵ دەدەیت ئەم کابرایە ئازاد بکەیت؟

قەشەکە ووتی: ئەم کابرایە گوناهەکانی بە خوێنی عیسا شتۆتەوە و باوەڕی بەو قوربانیە هێناوە کە عیسا لە پێناوی گونەهباردا کردویەتی و ئێستا ئەو مرۆڤێکی ترە، مرۆڤێکە تازە لە دایک بۆتەوە. ئیتر بە هۆی ئەمەوە (روود) ئازاد کرا.

## ١١ کانوونی دووهەم

**بێجگە لە عیسا بەکەسی کە رزگاربوون نیە. چونکە لە ژێر ئاسماندا ناوێکی کە نیە... یەزدان پێکەشی کرد بێت بە مرۆڤ تا بەهۆیەوە رزگارمان بێت (کرداری نێرراوان ٤: ١٢)**

...............

هەندێک دەڵێت، ئاینەکان هەموویان باشن. ئەوەی بەراستی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئاینەکەیدا بکات، ئەوا رزگاری بووە و جێگەی بەهەشتە!

بەڵام پەرتووکی پیرۆز دەڵێت:

رزگاری تەنها بە هۆی عیسای پیرۆزەوەیە (کرداری نێرراوان ٤: ١٢).

دیسان عیسای مەسیح دەڵێت:

منم رێگا و راستی و ژیان. کەس نایەت بۆ لای باوک بە هۆی منەوە نەبێت (یۆحەننا ١٤: ٦).

بە مە عیسای پیرۆز رێگەیەک نیە لە رێگەکان بۆ لای یەزدان، بەڵکو تەنها رێگەیە بۆ لای یەزدان و ئاسمان. بۆیە ئەگەر هەچ کەسێک دان بەوەدا بنێت کە مرۆڤ گوناهبارە و باوەڕ بە عیسای مەسیح و خوێنی قوربانیەکەی بکات و باوەڕ بەوە بکات کە عیسا لە پێناوی ئەودا خۆی لە خاچدراوە، بەمە رزگاری دەبێت.

# ١٢ كانوونی دووهەم

**عیسا بە فیلیپۆسی ووت: ماوەیەکی دوور و درێژە من لەگەڵتانم، هێشتا هەر نەتاناسیم ئەی فیلیپۆس؟ (یۆحەننا ١٤: ٩ ).**

...............

ماوە سێ ساڵ بوو فیلیپۆس عیسای دۆزیبوەوە، ئەمەش دیارە لەو رۆژەوە کە نەسەنائیلی بانگ کرد و پێی ووت: ئەوەی موسا لە تەوراتدا و پێغەمبەرانیش لە پەرتووکەکانیاندا لە سەری نووسیوە، دۆزیمانەوە، ئەو کەسە عیسای کوڕی یوسفی خەڵکی شاری ناسیرەیە. (یۆحننا ١: ٤٥)

فیلیپۆس عیسای دۆزیەوە و ناوی برد بە عیسای کوری یوسف، بەڵام کەسایەتی عیسای نەدۆزیبووەوە، تا گوێی

لە بەرتۆس بوو کە بە هۆی رۆحی پیرۆزەوە دواو بە عیسای ووت: تۆ مەسیحیت، رۆلەی یەزدانی زیندویت (یۆحننا ١٦: ١٦).

تۆش ئەی خوێنەری ئازیز، ماوەی چەندە ناوی عیسات بیستوە و چەند پێشکەوتویت لە ناسینی کەسایەتی عیسای پیرۆز؟ هەچ رۆژێک بڕوات بێ ئەوە سودی تیا وەرگرین لە ناسینی زیاتر لە بارەی عیسای مەسیحەوە، رۆژەکە لێماندەروات، بە پێچەوانە شەوە هەر رۆژێک زووتر کە ئەوی تیا بناسین، سودمان لێ وەرگرتوە.

# ١٣ كانوونی دووهەم

**قەڵغانی باوەڕ هەڵگرن، بەهۆی ئەوەوە هەموو تیرە گڕدارەکانی شەیتان دەکوژیننەوە. (ئەفسۆس ٦: ١٦).**

..............

ووشەی قەڵغان دووبارە نابێتەوە لە بەشی تازەی پەرتووکی پیرۆزدا و تەنها هەر لەم نامەیەدا نووسراوە، ئەمەش لە ووتەی یەزداندا مانای ئەوە دەگەیێنێت کە یەزدان قەڵغانە بۆ رۆڵەکانی، ئەوانەی باوەڕی پێدەکات و نزیکن لێیەوە بۆ یەکەم جار ووشەی قەڵغان یاخۆد سپەر بەکارهاتووە لە ووتەی یەزداندا، یەزدان دوای تەواوبوونی جەنگ لەگەڵ پادشایانی سەدوم و هاوکارانی (پەیدابوون ١٤)، بە ئەبرامی ووت: مەترسە ئەی ئەبرام من سپەرم (قەڵغان) بۆت، پاداشتت زۆر گەورەیە. (پەیدابوون ١٥: ١). ئەم ئاگاداری کردنەوەیە پێویست بوو بۆ حەزرەتی ئیبراهیم، تا نەترسێت لە دوژمنەکانی.

خوێنەری بەرێزم، گەر یەزدان قەڵغانت بێت ئەوا لە هیچ مەترسە چونکە یەزدان هەموو ئەو تیرە ئاگراویانەی بەرەو ڕووت دێت دەیشکێنێت.

# ١٤ كانوونی دووهەم

**ووشەی خاچ لەلایەن ئەوانەی لەناو دەچن نەزانینە، بەڵام لای ئێمە کە رزگارمان بووە هێزی یەزدانە. (کۆرنسوسی یەکەم ١: ١٨).**

...............

دوو فرۆکەوان کە بەیەکەوە لە ئاسماندا دەفڕین، لەدوورەوە پەڵەیەک هەوریان بینی کە لە شێوەی خاچدابوو, یەکێکیان بەویکەی ووت: بنواڕە ئەو پەڵە هەورە شێوەی لەخاچ دەکات.

ئەویش خێرا ووتی:

باسی خاچ مەکە مردنم دەهێنێتەوە یاد، لێرەدا وەڵامی دایەوە و ووتی: بەڵام خاچ لەلای من نمونەی ژیانە...

خوێنەری بەرێز، کاتێک پێش دوو هەزار ساڵ لەمەو بەر عیسای پیرۆز لە خاچ درا، دوو کەسی لە تەنیشتەوە بوو کە ئەوانیش لەخاچ درابوون لەلای یەکێکیان ئەو لە خاچ دانە نیشانەی ژیان و زیندوو بوونەوە بوو و لەلای ئەویکەش مردن بوو. هەتا ئەمڕۆش هەندێک هەن کە خاچ بە نەزانین و مردن دادەنێن و بۆ هەندێکی کەش خاچ بریتیە لە هێزی یەزدان و ژیانەوە، ئایا تۆ لە چ لایەنێکیت؟

# ١٥ كانوونی دووهەم

**ووشەکانتم لەدڵما شاردەوە، نەوەک هەڵە بکەم بەرامبەرت. (زەبور ١١٩: ١١)**

...............

لەم زەبورە دا سێ خاڵ هەیە، چی ئەشارمەوە؟ لە کوێ ئەیشارمەوە؟ بۆچی ئەیشارمەوە؟

**١.** چی ئەشارمەوە؟ (ووشەکانت) ئەمەش ووشەی یەزدانە، پێویستە وەک شتێکی بەنرخ و گران بەها و گەنجینە بشاریتەوە.

**٢.** لەکوێ ئەیشارمەوە؟ (لەدڵدا) نەک لە سەر و بیردا، لەو شوێنیکە کە شایانی ئەوەیە ووشەی یەزدانی تێدا دابنرێت.

**٣.** بۆچی ئەیشارمەوە؟ ( نەوەک هەڵە بکەم) هۆی شاردنەوەکە ئەوە نیە کە شتێک کۆ بکەمەوە لە زانیاری و ئامۆژگاری بەڵکو دەمەوێت لەکاتی پێویستدا و رۆژانە بتوانم بۆ ژیان خێرا دەری بێنم و روناکی بێت بۆ هەنگاوەکانم.

# ١٦ كانوونی دووهەم

**چۆن دەتوانین رزگارمان بێت، گەر ئەم رزگاربوونە مەزنە پشت گوێ بخەین؟ (عیبرانیەکان ٢: ٣)**

................

گەر بێت و نەخۆشێک لە نەخۆشخانە دەرمانەکانی ئەوەی پزیشک بۆی داناوە پشت گوێی بخات و وەری نەگرێت، یاخۆد پشت گوێی بخات ئەو رێگای چارەسەریەی پزیشک بۆی داناوە، ئەوا نەخۆشەکە رزگاری نابێت لەو نەخۆشیە قورسەی کە هەیەتی.

ئەم ئایەتەی ئەمڕۆی پەرتووکی پیرۆزیش، دەوێت هەمان شتمان پێ بلێت، ئەگەر کەسێک بەمەبەستەوە پشت گوێی خست ئەو رزگاریەی کە یەزدان بە هۆی عیسای مەسیحەوە دای بەمرۆڤ، ئەوا ئەو مرۆڤە رزگاری نابێت لەنەخۆشیە کوشندەکەی کە مردنی هەتاهەتاییە.

کەواتە دەبێت مرۆڤ خۆی بڕیاری خۆی بدات ئایا ئەو رێگەیەی مەزنترین پزیشک بۆی داناوە لە سەری بڕوات یان پشت گوێی بخات.

# ١٧ کانوونی دووهەم

**بەپێی ئەوەی خوداوەند بۆی داناون بژین، بەو شێوەیەی یەزدان بانگی کردوون. (کۆرنسۆسی یەکەم ٧: ١٧)**

................

پێویستە لەسەر هەموو کەسێکی مەسیحی بژی و هەنگاو بنێت لەسەر ئەو ڕێگاو ووتانەی یەزدان دایناوە.

مرۆڤ بەتایبەتی گەنجان، بارودۆخێکی قورس و گرانی هەیە بەرامبەر هەندێ کاری ژیان بەڵام ئەگەر ووتە و ووشەی یەزدان بەتەواوەتی بزانین و لە دڵماندابێت، ئەوا ووشەی یەزدان کلیلە بۆ چارەسەرکردنی زۆر گیروگرفت.

ملکەچی بۆ یەزدان ئاسودەیی دەخاتەوە ژیانەوە، شادی دەخاتە دڵەوە، مرۆڤ دوور دەخاتەوە لە کاری شەیتانی، ئەوەی زیان بەخشە بۆ لەش و ڕۆحی.

مەسیحی باوەڕدار هەرکاتێک فێری ئەوە بوو کە بەتەواوەتی بڕوات لەسەر ڕێگە و ووتەی یەزدان، ئەوا دەبێتە ئاوێنە بۆ دەرخستنی یەزدان و ڕاستی ووشەی یەزدان.

# ١٨ کانوونی دووهەم

**مرۆڤ دەڕوات بۆ ماڵی هەتا هەتایی خۆی. (کۆمکار ١٢: ٥)**

.................

ئەیوبی نێرراوی یەزدان دەنووسێت و دەڵێت: مرۆڤ لە ئافرەت لەدایک بوو، رۆژانی تەمەنی کورتە و پڕە لە هیلاکی، دەردەچێت وەک گوڵ و دوایی نامێنێت... (ئەیوب ١٤: ١ ــ ٢)

ئەوەی باسمان کرد هەمووی راستە. زۆر کەس هەن دوای مردن حەز ناکەن ژیان هەبێت، چونکە تووشی ئازار و ئەشگەنجە دەبن لەدوایدا، بەڵام زۆر کەسی کەش هەن کە هیوایان بەوە هەیە دوای مردن، ژیانێکی خۆشتریان هەبێت، دوور لە ئازار و نەخۆشی.

لۆقا (١٦) بخوێنەرەوە کە باسی لەعازر لە خۆشیدایە و کابرای دەوڵەمەند بەناخۆشیەوە دەناڵێت. دیسان یۆحەننا (٣) بخوێنەرەوە کە کۆتایی خراپە کاری و خراپەکار چۆنە لەوانەی باوەڕیان بە رووناکی نەکردووە و حەزیان لە تاریکی کردوە لە جیهاندا.

## ١٩ کانوونی دووهەم

**چونکە لەوەوە دێت رزگاربوونم. (زەبور ٦٣: ٥)**

................

برام باوەڕت بەوە هەبێت کە نوێژکردن، ڕێژەی باوەڕ کردنت زیاد دەکات، گەر بەراستی و بە هۆی رۆحی پیرۆزەوە بێت وە بە خواستی یەزدان بێت و عیسا تێدا شیفاعەت کەر بێت. وە بتەوێت بە خوێنی قوربانیەکەی ئەو نزیک بیتەوە لە ئاسمان. ئایا عیسای پیرۆز وەک لە پەرتووکی پیرۆزدا دەخوێنینەوە، داوا کاری کەسی پشت گوێ خست؟ ئایا عیسای پیرۆز کەسی لە نیعمەتی خۆی بێ بەش کرد؟

ئایا چاومان پر بووە لە تاریکی بەشێوەیەک عیسا نابینین؟ چۆن کە تۆ تۆوێک دەچێنێت و هیواو باوەڕت هەیە کە ئەو تۆوە لەژێر گڵەکەوە وردە وردە پەرە دەستێنێت و گەورە دەبێت و دوایی بەر دەگرێت. نوێژ کردنیشی هەروەها بەهەمان شێوەیە.

# ٢٠ کانوونی دووهەم

**خەڵکەکە راوەستابوون سەیریان دەکرد،... گاڵتەیان پێ دەکرد و دەیان ووت: خەڵکی تری رزگار کرد، ئەگەر ئەمە مەسیحی هەڵبژێرراوی یەزدانە، با خۆی رزگار بکات! (لۆقا ٢٣: ٣٥)**

...............

پێش چەندساڵێک هەواڵێک لە رۆژنامەیەکدا بلاوکرایەوە، تێدا هاتبوو کەوا چەند قووتابیەک هەستاون بە کوشتنی مامۆستایەکی خۆیان، چونکە ئەو مامۆستایە پێش ماوەیەک قوتابیەکی بەسزمانی لەدەست ئەو کۆمەڵە قوتابیە رزگار کردبوو، کاتێک خەریک بوون ئازاری بدەن و لێی بدەن... هەموو یەکێک لە ئێمە پشتگیری و دەست خۆشی لەو مامۆستایە دەکات بۆ ئەو کارەی پێش دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر، کاتێک عیسای پیرۆز یارمەتی خەڵکانێکی زۆری داو رزگاری کردن. دوایی خۆی چووە سەر خاچ وە کوژرا و بووبە قوربانی لەباتی مرۆڤ، بەلام ئەوانەی نەیان ئەزانی مەسەلە چیە بەوشێوەیەی سەرەوە قسەیان کرد (لۆقا **٢٣: ٣٥**).

ئایا تۆش یەکێکیت لەوانەی کە نازانیت بۆچی عیسای مەسیح چووە سەر خاچ؟ گەر نازانێت پەرتووکی پیرۆز بخوێنەرەوە.

# ٢١ کانوونی دووهەم

**سڵاو بکەن لە... ئولومپاس و هەموو ئەو خۆشک و برا پیرۆزانەی لەگەڵیان بوون ( رۆما ١٦: ١٥).**

...............

پۆڵس نێرراوی عیسای پیرۆز لە نامەکەیدا بۆ رۆما بە رۆحی رەوان زۆر شت دەنووسێت و لەوانە سلاو بۆ (ئولومپاس) ئەم ناوە مانای (ئاسمانی) دەگەیێنێت.

هەموو مەسیحیەکی راست و باوەڕدار مرۆڤێکی ئاسمانیە، شەریکە لە سروشتی ئاسمانی یەزداندا، مردوە بەهۆی گوناهەوە و زیندووە لەگەڵ یەزدان و زیندوو بوونەوەی عیسادا، پەیوەندی جیهانی کەمەو بیرو بۆچوونی بەرەو ئاسمانە، ئەو شوێنەی جێگای پیرۆزەکانە و جێگە و ماڵی هەتا هەتایی دەبێت بۆیان دوای مردن. دوای ئەوەی کە عیسای پیرۆز دێت و هەموو دەبات بۆ ئەو شوێن و جێگایەی کە خۆی لێیەتی.

بەرێزان خۆشەویستی یەزدان تەنها لەوەدا نیە کە ئەو ئێمەی رزگار کردەوە لە مردنی هەتا هەتایی بەڵکو رزگاریشمان دەکات لە کاری شەیتانی لەسەر زەوی و ژیانێکی رۆحی ئاسودەمان پێ دەبەخشێت.

## ٢٢ كانوونی دووهەم (١ ڕێبەندان)

**وەرن بۆ لام هەموو ماندووەکان و بارگرانەکان، من دەتان حەسێنمەوە. (مەتتا ١١: ٢٨)**

...............

عیسای مەسیحی پیرۆز، دەتوانێت ئاسودەیی و ئیستراحەت و هێمنی بدات بە دەرونی مرۆڤ لە ژیاندا. بیرکرنەوە لە ناوەرۆکی خۆمان نابێتە هۆی ئاسودەیی، باوەڕ بەتەنها بەهیچ شێوەیەک چارەسەری نیە بۆ ئەوانەی لە دڵ و بیرمانایە، بەڵکو باوەڕ ڕەزامەندیە بۆ ئەوە کە یەزدانی باوک ئاشکرای کرد لەبارەی عیسای پیرۆزەوە، ئەوەی ئاسودەیی و هێمنی دەدات بە دەرون. گەر بیرمان لە ناوەوە و دەرونی خۆمان کردەوە، ئایا چیمان کردوە بەرامبەر ووشەی یەزدان؟

عیسای پیرۆز نالێت، سەیری ناوەوە و دەرونی خۆتان بکەن، بەمە ئاسودەیی دەبیننەوە بەڵکو دەڵێت: وەرن بۆ لام ئەی ماندووان و بارگرانەکان، من ئاسودەیی و هێمنی دەدەم بە دەرونتان.

شادی و خۆشی ئەوەیەکە دەرونمان بەشدار بێت لەگەڵ یەزداندا و ببێتە یەک لەگەڵ داواکاری یەزداندا.

# ٢٣ کانوونی دووهەم

**چونکە مرۆڤ دەڕوانێتە ئەوەی لەبەرچاوە، بەڵام یەزدان دەڕوانێتەوە ناو دڵ. (ساموئێلی یەکەم ١٦: ٧).**

.................

جارێک نواڕیمە چەپکە گولێکی زۆر جوان، نزیک بوومەوە لێی و ویستم بۆنی بکەم سەیرم کرد هیچ بۆنی نیە، چونکە لە کاغەزی رەنگاو ڕەنگ دروست کرا بوو، تەنها هەر وێنەی دەرەوەی بوو کە جوان بوو. هەربەم شێوەیەش خەڵک هەن کە تەنها وێنەی دەرەوەیان جوانە...

لە پەرتووکی پیرۆزدا ــ ساموئێلی یەکەم ١٦هاتووە کە دەڵێت: کاتێ خەڵکەکە شاموئێلیان هەلبژارد بە پادشا چونکە باڵای بەرز بوو پیاوێکی یەکجار قۆز و بەشان و شەوکەت بوو، ئەمیش یەکێک بوو لەو حەوت کوڕەی کە یە (یەسەر ) هەیبوو. یەزدان ئەمەی بەدڵ نەبوو، ئینجا یەزدان روانیە هەر حەوت کورەکەی ( یەسەر ) و کوڕە بچووکەکەیانی هەلبژارد ئەوەی شوان بوو و لە هەموویان هەژارتر بوو، پەرتووکی پیرۆز دەڵێت: یەزدان ناڕوانێتە وێنە و شێوەی دەرەوەی مرۆڤ، بەڵکو دەڕوانیتە ناو دڵی مرۆڤ.

# ٢٤ كانوونی دووهەم

**ئێوە دەڵێن هەموو شتێک سودبەخش نیە. دەڵێن هەموو شتێک دروستە، بەڵام هەموو شتێک بنیادنەر نیە... (کۆرنسۆسی یەکەم ١٥: ٢٣).**

.................

زۆر لە مەسیحیە باوەڕدارەکان پرسیاری ئەوە دەکەن، ئایا ئەم شتە دروستە یان ئەو شتە دروست نیە و یاساغە؟ ئەم شتە حەرامە یان ئەو شتە حەلالە؟

من دەڵێم نەحەرامە و نە حەلالیشە ئەگەر بێت و وەرزشەوانێک لەکاتی راکردنیدا بۆ یاری پێش برکێیەکی خۆیی کە پێویستە زۆر سوکەڵە بێت. نابێت شتی زۆر قورس و گران لەپێ بکات یاخود وردە بەرد و وردە ئاسن بخاتە گیرفانەکانیەوە... لێرەدا زۆر باش دیارە کە یاری راکردنەکە ناباتەوە. لای ئێمەی مرۆڤیش، بەهەمان شێوەیە، هەرچی شتێک لە ژیانماندا دەبێتە هۆی قورسایی بۆمان، دەبێت نەیکەین. کەواتە مەسەلە حەرام و حەڵاڵ نیە، هەموو ئەو شتانەی دەبێتە کۆسپ بۆ چوونە لای یەزدان پێویستە لێی دوور کەوینەوە.

# ٢٥ کانوونی دووهەم

**ئیبراهیم چاوی هەڵبڕی و بینی ئەوەتا بەرانێک لەدوایەوە لەناو دەوەنێکدا گیربووە بەهەردوو قۆچەکانی، ئەوسا ئیبراهیم چوو بۆ ئەوێ و بەرانەکەی گرت و کردیە قوربانی برژاندن لە جیاتی کوڕەکەی. (پەیدابوون ٢٢: ١٣).**

................

ئیسحاق کوڕی حەزرەتی ئیبراهیم و بەرانەکە هەردووکیان نیشانە و رەمزن بۆ قوربانیەکەی عیسای پیرۆز. ئیسحاق رۆلەی تەنها خۆشەویستی ئیبراهیم، ئەوەی باوکی ویستی بیکاتە قوربانی لە پێناوی مڵ کەچی بۆ یەزدان و خۆشەویستی یەزدان، نمونەیە بۆ تەنها رۆلەی یەزدان عیسای پیرۆز کاتێک هات و کردیە قوربانی بۆ هەموو مرۆڤایەتی تاوەک ئیتر کەس پێویستی بە قوربانی کردن نەبێت لە پێناوی گوناهدا. هەر لەبەر ئەمەش بوو حەزرەتی ئیبراهیم ئەو شوێنەی ناونا (یەزدان دەیبینێتەوە). مانای یەزدان خۆی بەرخێک دەبینێتەوە بۆ قوربانیەکە هەروەک چۆن ئیبراهیم وەڵامی کورەکەی دایەوە کاتێک کورەکەی پرسیاری کرد کوا بەرخی قوربانیەکە. ( پەیدابوون٢٢: ٨)

# ٢٦ کانوونی دووهەم

**یەزدان دەڵێت: ئایا ووشەی من ئەوە نیە کە وەک ئاگر وایە وەک چەکوشە کە تاشە بەرد دەشکێنێت؟ (یەرمیا ٢٣: ٢٩)**

..................

کابرایەک لە چین کە حەزی بە مەسیحیەت و ئینجیل نەدەکرد، ژنەکەی بوو بە مەسیحیەکی باوەڕدار, کاتێک مێردەکەی بەمەیزانی، شەری لەگەڵ کرد و هەوڵی دا کە ژنەکەی واز لە باوەڕەی بهێنێت، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. کابرا لە شەوێکی زستاندا توڕە بوو وە ژنەکەی لەماڵەکەی دەرکرد. ژنەکەش لەبەردەرگای ماڵەکەی دانیشت و هەر چەند کە زۆر ساردوو سەرما بوو بەلەرزینەوە دەستی کرد بەنوێژکردن و پارانەوە لەیەزدان.

پاشماوەیەک کە مێردەکەی زانی ژنەکەی هێشتا هەر لە بەر دەرگا دانیشتوە وهەڵدەڵەرزێت، بەزەیی پیاهاتەوە و هێنایەوە ژورەوە و پێی ووت: باشە تۆچیت لەمن دەوێت؟ ئەویش ووتی دەمەوێت هەموو رۆژێک تەنها یەک ئایەتم لە پەرتووکی پیرۆز بۆ بخوێنیتەوە. دوای ئەوەی کابرا رۆژانە ئایەتێکی بۆ ژنەکەی دەخوێندەوە، ووشەی یەزدان دڵی بەردینی شاکاندو و باوەڕی بە یەزدان و ووتەی یەزدان هێنا.

## ٢٧ كانوونی دووهەم

**من ئەوەم کە زیندووم، من مردوو بووم، بەڵام ئێستا هەتا هەتایە بە زیندوویی دەمێنمەوە. (بینین ١: ١٨).**

..................

کاتێک کەسێک دەمرێت، چی پەیوەندی هەیە لەگەڵ ژیان و جیهان دەبرێت و تەواو دەبێت. مردن چارەنووسی هەموو مرۆڤێکە. بەڵام چوونی مرۆڤ لە مردنەوە بۆ ژیان، ئەمە شتێکە کەوا لەسەرو توانای ئێمەی مرۆڤەوەیە، هیچ مرۆڤێک و هیچ پێغەمبەرێک نەیتوانیوە ئەم کارە بکات، لەگەڵ ئەمانەشدا عیسای خوداوەند بەم شێوەیە دەدوێت لەگەڵ یۆحەننادا دوای هەستانەوەی لەمردن.

عیسای بەمە ویستی بۆ مرۆڤی دەربخات کە ئەو دەتوانێت سەرکەوێت بەسەر مردندا، هەروەها دەریخست کە ئەو زیندوی هەتا هەتاییە و کێ هەیە بێجگە لەیەزدان ئەم قسە بکات.

کەواتە بەپێی ووتەی عیسای پیرۆز، ئەو کەسانەش کە باوەڕ بە خوێن و قوربانیەکەی ئەو دەکەن، بەپێی پەیمانی ئەو، دەتوانێت زیندوویان کاتەوە و ژیانی هەتاییان پێ ببەخشێت.

# ٢٨ کانوونی دووهەم

**عیسای پیرۆز دەڵێت: من رووناکی جیهانم، ئەوەی دوام بکەوێت بەتاریکیدا ناڕوات، بەڵکو رووناکی ژیانی دەبێت. (یۆحەننا ٨: ١٢)**

................

کابرایەک بەدرێژایی تەمەنی ئیشی ئەوەی هەبوو کە لە کانیەکەوە ئاو بهێنێت بۆ خەڵکی لادێ کەی. دوای ئەوەی لەپر کانیەکە ووشک بوو، زۆر خەفەتی خوارد و هەستی کرد ئیتر کابراکە کە ئیشی نیە، سودی نیە بۆ ئەو کەسانەی دەیناسین و خۆشی دەویستن و ئیتر کەس ئیشی پێی نیە. کابرا هەستا و خۆی کوشت.

چارەسەرکردنی شێوە بیرکردنەوەی ئەو کابرایە، لە ئینجیلی پیرۆزدا هەیە . ئەوانەی عیسای پیرۆز و ووتەکانی دەزانن، بەهیچ شێوەیەک بیری ئاوها خراپ ناکەنەوە، چونکە ناسینی ئەو دەبێتە هۆی خۆشی لەدەروندا و دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ هەست بکات ئەوەی خۆشەویستە لەلای یەزدانەوەیە، نرخی خۆی هەیە و ووتەکانی وەڵام دانەوەیە بۆ زۆر شتی دەرونی مرۆڤ.

## ٢٩ کانوونی دووهەم

**بەمە بوو خۆشەویستی فێربووین، کە عیسای مەسیح ژیانی خۆی لە پێناوی ئێمەدا بەخشی. (یۆحەننای یەکەم ٣: ١٦)**

..................

زۆر نووسین و نوسراو باسی خۆشەویستی و چیرۆکی خۆشەویستی کردووە، بەڵام ئەوەی یەزدان کردی لە پێناوی مرۆڤدا بە گەورەترین خۆشەویستی و مەزنترینیان دادەنرێت، چونکە هیچ مرۆڤێک نیە کەوا خوێنی خۆی برژێنێت و بمرێت یاخود خۆی لەخاچ بدات لە پێناوی دوژمنیدا.

ئێمەی مرۆڤ کاتێک ئادەم گوناهی کرد، گوناه هاتە لەشمانەوە وبەهۆی گوناهەوە بووینە دوژمنی یەزدان. دوای هەموو ئەمانە یەزدان هات و شێوەی مرۆڤی وەرگرت و چووە سەر خاچ تا وەک قوربانیەکی زۆر مەزن بکات بۆ رزگار کردنی مرۆڤ لەو سزایەی کە چاوەڕوانی دەکات، ئەوەی بریتیە لە مردنی هەتا هەتایی. ئایا ئەمە مەزنترین خۆشەویستی نیە؟

ئێمەی مرۆڤ تەنها ئەوەمان لەسەرە کە ئەو قوربانیە وەرگرین و بە خوێنەکەی خۆمان لە هەموو گوناهێک پاکەینەوە.

# ٣٠ کانوونی دووهەم

**گوناهەکانمانت هێناوەتە بەردەمی خۆت، نهێنیەکانمان لەبەر روناکی دەم و چاوتایە. (زەبور ٩٥: ٨). هەروەک چۆن مۆم دەتوێتەوە لەبەردەم ئاگردا، خراپەکاران لەناو دەچن لەبەردەم یەزداندا. (زەبور ٦٨: ٢).**

.................

لەسەردەمی رۆمانیەکاندا، هەندێ لەو کەسانەی کەوا پەیکەرتاشی و پەیکەریان دروست دەکرد، کاتێک پەیکەرەکەیان عەیب و کەم و کوری هەبوایە، لەباتی بەردی رۆخام مۆمیان بەکاردەهێنا و ئەوکون و کەلەبەرەی لە پەیکەرکەدا هەبوو بەمۆم پڕیان دەکردەوە، ئەمەشیان وادەکرد کە هیچ هەستی پێ نەکرێت، بەڵام کاتێک تیشکی خۆری گەرم یان ئاگری لێی نزیک بووایەوە مۆمەکە دەتوایەوە و نوقسانی و عەیبی پەیکەرەکە دەردەکەوت، لەبەر ئەمە پەیکەرتاشە سەرراستەکان یەکەم شت کە دووپاتیان دەکردەوە ئەوەبوو کە پەیکەرەکانیان مۆمی تیانیە و ساغە. بۆیە دەبێت ئێمەی مرۆڤیش باوەڕمان ساغ و راست بێت، ئەگینا لەبەر رووی یەزدان و روناکی یەزداندا کەم و کوری و عەیبەکانمان زوو دەردەکەوێت.

# ٣١ کانوونی دووهەم

**یەزدان ئاشتی کردینەوە لەگەڵ خۆی بەمردنی رۆڵەکەی، کاتێک ئێمە دوژمنی بووین. (رۆما ٥: ١٠).**

................

مەسیحیەکی باوەڕدار دەژیا لە وولاتی کۆریا لە شاری (سون شن) لەگەڵ خێزانەکەیدا و دوو کوڕی گەورەی هەبوو. لە سالی **١٩٤٨** ئاژاوە رویدا و کەسانێکی زۆر لە سێدارە دران.
لەناو ئەوانەدا کە گیرابوون و دەیانویست لە سێدارەیان بدەن هەردوو کوڕەکەی ئەم کابرا باوەڕدارەی تیابوو.
کاتێک یەکێک لە کوڕەکانی دەبرا بۆ لە سێدارەدان، برا بچوکەکەی هات و ووتی: من بەرن لەباتی براکەم، بەلاّم کورێکی گەنج کە سەرپەرشتی لە سێدارەدانەکەی دەکرد، هەردووکیانی برد بۆ لە سێدارەدان.
کاتێک ئاژاوە تەواو بوو. ئەوەی لێپرسراو بوو لە سێدارەدانی ئەو دوو برایە، فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، کاتێک باوکی دوو کوڕەکە بەمەیزانی، کچەکەی خۆی نارد بۆ لای لێپرسراوی دادگا تاوەک پێی بلێت، با ئەو کوڕە گەنجە لە سێدارە نەدەن، باوکم دەیەوێت بیکات بە کوڕی خۆی. بەرێزان یەزدانیش ئێمەی بەم شێوە سەیر کرد کاتێک ئێمە دوژمنی بووین.

# ١ شـــوبات

**بە هێز بن لە خوداوەند و لە هێزە مەزنەکەیدا. خۆتان چەکدار بکەن بەچەکی تەواوی یەزدان، تا بتوانن بەرامبەر پلانەکانی شەیتان خۆتان راگرن. چونکە زۆرانبازی ئێمە لەگەڵ گۆشت و خوێن نییە، بەڵکو دژی... رۆحە بەدکارەکانە. (ئەفسۆس ٦: ١٠ ١٢).**

.................

پێش دەستپێکردنی جەنگێکی گەورە، سەرلقیکی فەرەنسی بەناوی نێبشنەوە جەنگاوەرانی خۆی کۆکردەوە . یەکێک لە جەنگاوەرەکانی ئامادە نەبوو، کاتێک پرسی بۆچی؟ ووتیان عاجز و زویرە لە فلان کەس، سەرلقەکەش خێرا رۆیشت و دەستی گرت و هێنای دەستی خستە ناودەستی ئەو کەسەی لێی عاجز بووە بە پەنچەی ئاماژەی کردوو پێی ووتن: بنوارن ئێوە نابێت دوژمنی یەکبن و لە یەک زویر بن، دوژمنی ئێمە ئەوەیە کە تۆزێکی کە هێرش دەهێنێت بۆمان. ئەی باوەڕداران با بیرمان لای ئەوەبێت کە دوژمنی ئێمە بریتیە لە شەیتان و پێویستە ئێمە یەک دڵ و یەک دەست بین بەرامبەر بەدوژمن.

کابرایەک کە لە دارستاندا خەریکی بڕینەوەی دارە زۆر گەورەکان بوو ووتی: کاتێک من دەگەرێم بۆ ئەوەی ئەم دارە گەورانە بە ئاسانی ببڕمەوە، دەگەرێم بۆ دارێک کە درز و قلیشی تیا بێت. کە واتە برایان با درزمان تیا نەبێت.

## ٢ شــوبات

**عیسای مەسیح دەڵێت: بەخشین خۆشترە لە وەرگرتن. (کرداری نێرراوان ٢٠: ٣٥).**

................

ئەم ووتەیە لەوانەیە زۆر سەیر بێت بەلای هەندێک کەسەوە، کە هەر حەز دەکات وەرگرێت و هیچی لەدەست نابێتەوە.
لە راستیدا پەرتووکی پیرۆز ئەوەمان فێردەکات کە مانای تەواوەتی خۆشی ژیان لە وەدایە کە هەر وەرگریت و سەروەت و سامان کۆکەیتەوە، بەڵکو شادی ژیان لەوەدایە کە مرۆڤ پەیوەندی چاک و بەهێزی هەبێت لەگەڵ یەزدان و لەگەڵ مرۆڤی دوروپشتیدا.
عیسای پیرۆز وەک نمونەی خۆشەویستی ژیانی خۆی دا و پێشکەشی کرد. (ژیان) کە گەورەترین سەروەرت و سامانی مرۆڤە، ئەمەش بۆ ئەوەی ببێتە تۆوی خۆشەویستی و نمونەی ژیان بۆ ئێمەی مرۆڤ. ئەوەی باوەڕ بە عیسای مەسیح بکات، ئەوا پەیوەندی بەهێز دروست دەکات لەگەڵ یەزدان و دەبێتە رۆڵەی تازەی یەزدان. پێویستە لەسەر باوەڕدار کە ژیانی خۆی بدات بە یەزدان و بە براو خۆشکانی باوەڕداری. (چونکە یەکەم جار خۆیان دایە دەست خوداوەند...) (کۆرنسوسی دوو ٨: ٥).

## ٣ شــوبات

**یەزدان بە باوەڕدارانی دەڵێت:... من لەسەر باڵی داڵ هەڵم گرتن و ئێوەم هێنا بۆ لای خۆم. (دەرچوون ١٩: ٤)... تەنگانە دان بە خۆداگرتنمان تێدا دروست دەکات، دان بە خودا گرتنیش ئەزمون، ئەزمونیش هیوامان تێدا دروست دەکات... (رۆما ٥: ٣ ـــــ ٥).**

................

هەندێ داڵ درێژایی لە دەنوکەوە تا وەک پەری کلکەکانی نزیکە مەترێک دەبێت و باڵەکانی بەکراوەیی دەگاتە نێوان دوو تا سێ مەتر. کاتێک لە ئاسماندا دەفڕێت و رەشەبا دێت، ترسی ئەوەی هەیە رەشەباکە باڵەکانی بشکێنێت، بۆیە ئەویش شێوەیەکی تایبەتی خۆی وەردەگرێت و زیاتر بەرز دەبێتەوە بۆ ئاسمان کە ئاسودەیی تیایە. ئەی باوەڕداران کاتێک دەبینن کە لە ژیانتاندا ناخۆشی و رەشەبا هەیە وەک داڵ هەڵسوکەوت بکەن و باڵی باوەڕتان بەهێزکەن تا باڵەکانتان نەشکێت. (رێگەی داڵ لە ئاسمان) (پەندەکان ٣٠: ١٩).

ئەو رێگەیەی کە باوەڕمان بە هێز دەکات بەسەر گیروگرفتدا دۆزینەوەی رێگەی یەزدانە و مل کەچیمانە بۆ ووتەکانی.

# ٤ شـــوبات

**کاتێ من لەسەر زەوی بەرز دەکرێمەوە، هەمووان رادەکێشم بۆ لای خۆم. (یۆحەننا ١٢: ٣٢). رۆڵەی مرۆڤ (عیسا) دەبێت هەڵواسرێت، تاوەکو هەرکەسێک باوەڕی پێ بهێنێت ژیانی هەتا هەتایی دەست بکەوێت. (یۆحەننا ٣: ١٤ ـ ١٥).**

................

لە شاری ریۆدی جانیرۆ لە بەرازیل پەیکەرێکی زۆر زۆر گەورەی عیسا کراوە، لەسەر چیایەکی زۆر بەرز لە ناو شارەکەدا دانراوە، دەستەکانی کراوەن. شوێنەکەی وایە کە هەر کەسێک لەناو شارەوە تەنها سەری بەرزکاتەوە پەیکەرەکەی عیسا دەبینێت.

عیسای پیرۆز خوێنی خۆی رشت و مرد و لە رۆژی سێهەمدا وەک پەیمانی دابوو بەسەر مرندا سەرکەوت و زیندوو بووەوە، ئەو ئێستا زیندوە و دەستەکانی کرایەوە بۆ باوەش کردن بە هەموو مرۆڤێکدا کە دەچێت بۆ لای.

ئایا شتەکە بووە بە شتێکە ئەوەندە سادە لامان وەک ئەو شێوە سادەییەی خەڵکی بەرازیل کە بە هەزاران بە جادە و شەقامەکاندا دەرۆن و زۆرینە ئەوەندە خۆی عەزیەت نادات کە تەنها سەرێک بەرز بکاتەوە و بەمەبەست سەیری عیسا و دەستەکراوەکانی بکات؟

## ٥ شــوبات

**ئێوە رۆحی رۆڵەیتان وەرگرتووە، کە بەهۆی ئەوەوە هاوار دەکەن: بابە! باوکە... (رۆما ٨: ١٥).**

...............

گەورەترین گەنجینەکە عیسای خوداوەند بۆ مرۆڤی هێنا، ئەوە بوو کە یەزدانی بە ئێمە ناساند وەک باوکێک.

کچێکی پاکستانی دوای ئەوەی باوەڕ بە ووتەکانی عیسای پیرۆز دەهێنێت، دەڵێت:

ئێستا من بەزمانێکی تازە لەگەڵ یەزدان دەدوێم و پێی دەڵێم باوکە و باوکی خۆشەویست. ئەم ووشەیە وا لە من دەکات کە شێوەیەکی پر لە خۆشەویستی لە یەزان وەرگرم، بەڵێ ئەو رۆحە و مەزنە بەلاّم باوکمە.

شەوێکیان زۆر گریام و پاراماوە و بە یەزدانم ووت: باوکم و لە سەر ووتەی عیسا ئیتر تۆ باوکی منی. لەوساکەوە ئیتر خۆشی و ئاسودەیی و هێز کەوتۆتە ژیانمەوە و ئەو ترسەی کەلە یەزدان هەم بوو نەما. سوپاس بۆ عیسای مەسیح کە یەزدانی بەم شێوە پێ ناسانین.

# ٦ شــوبات

**کۆی بکەرەوە لە دڵتا ووتەکانم. بیپارێزە ئامۆژگاریەکانم ئەوسا دەژیت. (پەندەکان ٤: ٤).**

...................

پیاوێک بە ناوی جاک وین لە سەر مێزی نەشتەرکاری بوو. بە تەنیشتەوە پزیشکێک و چەند برینپێچێک. پزیشکەکە دەیویست بەنجی بکات پێش نەشتەرکاریەکەی پێی ووت:

ئەگەر دەتەوێت شتێک بڵێیت پێش ئەوەی بەنجت بکەم بیڵێ، چونکە ئەمە دوا ووتە و قسەکردنت دەبێت. کابراکە کە زمانی توشی شیرپەنجە بوو بوو وە دەبوایە زمانی نەشتەرکاری بکاریە و دەربهێنرایە، کەمێک بیری کردەوە ووتی: من سوپاسی عیسای پیرۆز دەکەم کە یەزدانی بە من ناساند.

یەعقوب کە (ئیسرائیلیش)ی پێ دەوترێ بە یوسفی ووت:

ئەوا من دەمرم، بەڵام یەزدان لەگەڵتان دەبێت... پەیدابوون٤٨: ٢١)

داود بە سلێمانی کوڕی ووت: من دەڕۆم (واتە دەمرم) ئازابە پیاوبە. شەریعەتی یەزدانت لەبەربکە. بەڕێگەیدا بڕۆ و مل کەچ بە بۆی... (پادشایانی یەکەم ٢: ٢ ــ ٣).

# ٧ شــوبات

**هەروەک باڵندەیەک کە لە لانەکەی وونکردبێت، مرۆڤیش ئاوهایە کەماڵکەی وون کرد. (پەندەکان ٢٧: ٨).**

..............

دراوسێیەکمان کە بۆ ماوە سێ رۆژ سەفەری دەکرد، داوای لێکرم لەو ماوەیەدا برۆمە ماڵەکەیانەوە تا وەک ئاو وە خواردن بدەم بە دوو کەناری کە لە ناو قەفەز دا بوون. رۆژی یەکەم دوای ئەوەی ئاو وە دانەوێڵەم پێدان، بیرم چوو بوو دەرگای قەفەزەکە دابخەمەوە، کاتێک بۆ رۆژی دوایی چوومەوە، سەیرم کرد هەردوو کەناریەکە لە قەفەزەکە هاتوونەتە دەرەوە و بە ژووری مالەکەدا دێن و دەچن، منیش ئاو و دانە وێڵەم بۆ دانان و چوومە دەرەوە، بۆ رۆژی سێهەم کە چوومەوە بۆ لایان، سەیرم کرد هەردوو کەناریەکە بەیەکەوە هاتونەتەوە ناو قەفەزەکەیان. لێرەدا لەوەی دەکرد کە دوو باڵندەکە حەزیان کردبێت بەیەکەوین نزیکی یەک بن لە باتی ئەوە لە ژوورێکی گەورەدا و دوور لەیەکتر.

مرۆڤ لەیەکەم جارەوە حەزی بە ئازادی خۆی کرد دوور لە یەزدان، بەڵام ئایا بۆ کوێی برد ئەو ئازادیە؟ بردی بۆ گوناه... بەڵام هێشتا دەرگای یەزدان کرایەوە وەک دەرگای قەفەزی دوو کەناریەکە. دەرگاکەش بریتیە لە عیسای پیرۆز.

## ٨ شــوبات

**منم یەزدان بەدادپەروەری دەدویم، راستی بانگەواز دەکەم. (ئەشعیا ٤٥: ١٩). ئەی نەوەی ئادەم هەموو ئەو ووتانەی پیی دەدویم بۆت، بیخەرە دلتەوە وە بەگوی گویی بۆ راگرە. (حزقیال ٣: ١٠).**

...................

ئەوانەی شارەزای زمانن، دەلین نزیکەی شەش هەزار زمان و شیوەی زمان هەیە. هەتا ئیستە بۆ **٢٢٤٠** زمان ووشەی یەزدان وەرگیرراوە و وەرگیرانیش بەردەوامە...

ووشەی یەزدان کە پەرتووکی پیرۆزی پی دەوتریت، رووناکیە بۆ مرۆڤ ئەو مرۆڤەی لە تاریکیدا دەژی، ژیانە بۆ مرۆڤ ئەو مرۆڤەی بەریگای مردنی هەتا هەتاییدا دەڕوات، شادیە بۆ مرۆڤ ئەو مرۆڤەی دەیزانیت و لەسەری دەڕوات و ئاگاداریە بۆ مرۆڤ ئەو مرۆڤەی بەدەستی ئەنقەست پشت کویی دەخات و قوربانی و خۆشەویستی یەزدان بەقسەی هیچ و پوچ دادەنیت. پەرتووکی پیرۆز ووشەی یەزدانە باگویی بۆ بگرین و ببینە رۆلەی یەزدان.

# ٩ شــوبات

**یەزدانی رزگارکەرمان، ئەوەی دەیەوێت هەموو خەڵکی رزگاریان بێت و بێن بۆ ناسینی راستی. (تیمۆساوسی یەکەم ٢: ٣ ـ٤).**

................

یەزدان دەیەوێت هەموو کەسێک رزگاری بێت. عیسای پیرۆز ئەوەی بۆ دەرخستین کە (هەموو شتێک لە لای یەزدان دەبێت) (مەرقۆس ١٠: ٢٧).

ئەوەی لەووتەی یەزداندا ئاشکرایە ئەوەیە کە خوێن و قوربانیەکەی عیسای پیرۆز، گوناهی هەموو ئەوانە دادەپۆشێت کە باوەڕی پێدەهێنن، یەزدانیش ئەوەی ژیانی هەتا هەتایی دەبەخشێت (یۆحەننا ٤: ٢٦)، بانگی هەموو کەس دەکات بۆ بەدەست هێنانی ئەو رزگاریە مەزنە. وێنەی ئەم رزگاریەش وە بانگەواز بۆی لەزۆر لاوە دەردەکەوێت، نمونە ئەو میوانداریەی لە (لۆقا ١٤) باسی لێوە دەکرێت. ئەم نمونەەیە لەدوایدا دەری دەخات کە زۆر کەسیش هەن میوانداریەکەی یەزدان پشت گوێ دەخەن و هۆی نەهاتنیان بەدەنگ بانگەوازیەکەوە دەگەڕێننەوە بۆ شتی هیچ و پوچ.

ئەم نمونەیە دەری دەخات کە کەسانێک هەن رزگاریان دەبێت و کەسانی کەش هەن بەرەو مردنی هەتا هەتایی دەرۆن.

## ١٠ شــوبات

**بەڵام ئەوانەی حەز دەکەن دەوڵەمەندبن، دەکەونە تاقیکردنەوەوە... دەکەونە زۆر ئارەزوی کوێرانەی زیان بەخشەوە... خۆشەویستی پارە سەرچاوەی هەموو خراپەیەکە. (تیمۆساوسی یەکەم ٦: ٩ ـ ١٠).**

................

لەدانایەکیان پرسی: باشە بۆچی فەقیر و هەژار بە شێوەیەکی گشتی زیاتر لە دەوڵەمەندەکان رێز دەگرن لەخەڵکی؟ ئایا هۆکەی پارەیە؟

کابرای دانا لە وەڵامدا ووتی: لەو پەنجەرەیەوە سەیری دەرەوە بکە چی دەبینن؟ ووتیان: خەڵکی دێن و دەچن، کابرایەک بەسواری باسکیلەوەیە، ژنێکیش منداڵێکی بەدەستەوەیە... ئینجا بەیەکێکیان ووت دەوەرە سەیری ئەم ئاوێنەیە بکە چی دەبینن؟

کابراکە ووتی: خۆم دەبینم.

ئینجا داناکە ووتی: جیاوازی لەنێوان شوشەی پەنجەرەکە و شوشەی ئاوێنەکەدا تەنها یەک شتە، ئەویش داپۆشینی رویەکی شوشەکەیە بەو شێوەیە کە مرۆڤ تەنها هەر خۆی تیا دەبینێت!

خۆشەویستی پارە وا لە مرۆڤ دەکات تەنها هەر خۆی ببینێت.

لەراستیدا بوونی پارە و دەوڵەمەندی لای ئەو کەسانەیە کە دەتوانن ژیانی خۆیان بکرنەوە و ژیانی هەتا هەتایی.

# ۱۱ شـــوبات

**ئێمه مەسیحی لە خاچدرا و رادەگەیێنین، ئەمەش کۆسپە بۆ جوولەکە و نەزانینە بۆ یۆنانی، بەڵام لەلای ئەوانەی یەزدان بانگی کردوون لە جوولەکە و لە یۆنانی، مەسیح تواناو دانایی یەزدانە. (کۆرنسۆسی یەکەم ۱: ۲۳ ــ ۲٤).**

..................

خزمەت کارێکی یەزدان بەناوی بەناوی ــ جۆن ستۆت ــ دەنووسێت و دەڵێت:

کاتێک لە ناوچەی ئاسیا بووم، زۆر کات پەیکەری (بوزام) دەبینی کابرایەکی بەخۆ قاچی بەستراو، دەستی نووسانەوە بەلەشیەوە، چاوەکانی داخراون، لەوە دەکات ئەو دوور بێت لەوەی لە جیهاندا رووی داوە و روو دەدات.

بەڵام لە لایەکی کەوە وێنەی عیسای پیرۆزم دەهێنایە بەر چاوی خۆم، ئەوەی دەست و قاچی بەبزماری گەورە داکوترا بە داری خاچەکەدا و ئازاری چێشت و خۆی کرد بە قوربانی... من پێویستم بە یەزدانێکی ئاوها پڕ لە خۆشەویستی هەیە.

من کە مرۆڤیکم و گوناهم تیایە لە ئادەمەوە، پێویستم بە قوربانیەکی زۆر گەورە هەیە، وەک قوربانیەکەی رۆڵەی یەزدان تا وەک رزگارم بێت لە سزای گوناه، نەک بە بتێک.

## ١٢ شـــوبات

**ئێوە کە نازانن بەیانی چی ڕوو دەدات... ژیانتان چیە؟ هەڵمێکە ماوەیەکی کەم دەردەکەوێت و دوایی نامێنێت. (یاقوب ٤: ١٤).**

................

(بەیانی نا، بەڵکو ئەمڕۆ!) ئێوارەیەکی رۆژی یەک شەممە پێش ئاگر کەوتنەوە گەورەکەی شاری (شیکاغۆ) لە ئەمریکا، ووتە بێژێکی مەسیحی بەناوی (د. مودی) قسەی دەکرد بۆ کۆمەڵێک خەڵک کە نزیکەی **٢٥٠٠** کەسێک دەبوون لە هۆلێکدا لەبارەی عیسای پیرۆزەوە و باسەکە ئەوە بوو (چی لە عیسا بکەم؟) (مەتتا **٢٧: ٢٢**). دوای باسەکە بە خەڵکەکەی ووت: ئەو ووتانەی بیستتان بڕۆن لەماڵەوە بیری لێبکەنەوە و رۆژی یەک شەممەی داتاتوو وەلآمم بدەنەوە، چی لە عیسا دەکەن لە ژیانتاندا؟ دوای تەواو بوونی کۆبوونەوەکە بە چەند کاژێرێک ئاگرێکی گەورەی کوشندە کەوتەوە و سەدان ماڵ و هەزاران خەڵکی لە ناو برد لەو ناوچەیە و زۆریش لەوانەی لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادەبوون مردن. بەم شێوەیە ماوەی ئەوەیان نەبوو کە لەماڵەوە بەتەواوی بیربکەنەوە لەو نامەیەی یەزدان بە هۆی ئەو ووتە بێژەوە پێی دابوون، بەمەش کابرای ووتەبێژ بریاری دا کە ئیتر بەکەس نەڵێت برۆ بۆ ماوەیەک بیربکەرەوە، داود دەڵێت: (ئەمڕۆ، گەر گوێتان لە دەنگی یەزدان بوو دڵ رەق مەبن). (عیبرا ٤: ٧).

# ١٣ شـــوبات

**داوای ئازاردانم دەکەن و باسی لەناوبردنم دەکەن (زەبور ٣٨: ١٢).**

................

لاوێکی گەنج بەناوی ئیڤان لەیەکێ لە ویلایەتەکانی روسیا باوەڕ بە عیسای پیرۆز دەهێنێت و بەهۆی ئەمەوە دەنێررێت بۆ سیبریا کە نزیکی بەستەلۆکی باکورە، ئەمەش وەک سزایەک بۆی. زستان لەوێ یەکجار ساردە و رۆژی وا هەیە پلە سەرما دەگاتە نزیکەی (٥٠) لەژێر سفرەوە. رۆژێک کاتێک لەدەرەوە کاری رۆژانەیان بەزۆرەملی پێدەکرد لەگەڵ دیلەکانی تردا، ئەفسەرێک بانگی کرد بۆلای خۆی و پێی ووت:

ئیڤان ئەگەر بێت و رۆژانە راپۆرتم بۆ بنوسیت لەسەر بەندەکان کەچی دەڵێن و چی ئەکەن بەتایبەتی مەسیحیەکان کە نزیکن لێت ئەوا لەکاری دەرەوە و سەرما رزگارت دەکەم و دەتنێرم لەژورەوە لە شوێنیکی گەرم دا کار بکەیت.

ئیڤان لە وەڵامدا ووتی: باشە تۆ دەزانیت یەهوزا دوای ئەوەی جاسوسی کرد و خیانەتی کرد. (مەتتا ٢٧: ٣ ــ ٥). ئەفسەرەکە ووتی: نەخێر، ئەمیش ووتی: خۆی کوشت، بەڵام من دەمەوێت بژیم، بژیم بۆ مەسیح و بمرم بۆ پیرۆزی ئەو، دوای ئەمە ئیڤان گەرایەوە بۆ سەرماکە و دڵی پر بوو لە گەرمی باوەڕ.

# ١٤ شـــوبات

**بەڵام ئێوە چی دەکەن لە کۆتایدا؟ (یەرمیا ٥: ٣١).**

................

دواکاتی ژیان و کاتی مردن، کەس هەیە بیزانیت کەی دەبێت و چۆن دەبێت؟

بەنەخۆشی بە سوتان بەخنکان... باشە ئەگەر مرۆڤ رۆژ و کاتی مردنی نازانێت، باشتر وانیە ئامادە بێت بۆ روو بە روو بوونەوە لەگەڵ یەزدانی دروست کەریدا؟

لام وایە هەموو مرۆڤێک ترسێکی هەیە لە هاتنی رۆژی دوایی یان دوا رۆژی. (ترسناکە کەوتنە بەردەستی یەزدان). (عیبرانیەکان **١٠: ٣١).**

مرۆڤ کاتێک ووشەی یەزدان دەبیسێت، پێویستە دڵی بۆ بکاتەوە و پشت گویی نەخات، چونکە نازانێت کەی دواییەتی و کۆتایی ژیانی دێت. (ئەمڕۆ ئەگەر گوێتان لەدەنگی یەزدان بوو دڵ رەق مەبن). ئەم ووتەیەی پەرتووکی پیرۆز سێ جار دووبارە کراوەتەوە، (عیبرانیەکان **٤**، **٧**، **٣: ٧ ــــ ٥**، زەبوری **٩٥: ٧ ــ ٨**).

بۆ باوەڕدارانی مەسیحی پێویستە بیر بکەنەوە و بڵێن:

(با لەخەو هەستین ئێستا رزگاری لێمان نزیکترە لەو رۆژەی باوەڕمان هێنا). (روما **١٣: ١١**). دوارۆژ لەلای یەزدان هەمووی هەر شادیە لەگەڵ یەزدانا و لەگەڵ خوداوەند عیسای رزگارکەرمان. ئیتر ئێمە نابێ لە رۆژی دوایی بترسین.

# ١٥ شــوبات

**رووناکی هات بۆ جهان، بەڵام خەڵکەکە حەزیان لەتاریکی کرد لە جیاتی رووناکی، چونکە کردەویان خراپ بوو. (یۆحەننا ٣: ١٩).**

..................

کابرایەک کە خەریک بوو بەکاری بازرگانینەوە و دەوڵەمەند بوو، دراوسێیەکی مەسیحی باوەڕداری هەبوو، رۆژێک کابرای مەسیحی لە بازرگانەکەی پرسی ئایا رات چیە بە پەرتووکی پیرۆز؟ ئەویش لەوەلامدا ووتی: خوێندومەتەوە بەلام هیچی وای لێ تێنەگەیشتووم.

ئینجا لێی پرسی: باشە چیە ئەوەی لێی تێنەگەیشتویت؟ ئەویش ووتی: لە هەمووی، تێ ناگەم ئەیەوێ چی بەمن بڵێت. کابرا مەسیحیەکە کە ئەیزانی ئەم دراوسێیەی بەکاری ساختە سەروەت و سامانی کۆکردۆتەوە و داوین پیسیشە، پەرتووکی پیرۆزی بۆ هێنا و کردیەوە و بەشی (دەرچوون ٢٠: ١٣، ١٤ و ١٥)ی. بۆ خوێندوە کە دەڵێت: (مەکوژە، زینا مەکە، دزی مەکە.) کابرا بازرگانەکە کە خۆی چاک دەناسی ئیتر قسەی بۆ نەمایە و بەبێ دەنگی رۆیشت. هۆی سەرەکی بۆ ئەوەی کە زۆر کەس هەن نایانەوێت پەرتووکی پیرۆز بخوێننەوە یاخود تێی بگەن، ئەوەیە کە ترسیان هەیە لە رووناکی و دەیانەوێت کرداریان لە تاریکیدا بمێنێتەوە.

# ١٦ شــوبات

**ئێمە دەزانین لەهەموو شتێکدا یەزدان لەپێناوی خێر و چاکەی ئەوانە کاردەکات کە خۆشیان دەوێت. (رۆما ٨: ٢٨).**

...............

کوڕیکی گەنجی مەسیحی کە قوتابی بوو وە لە شارێک خانوویەکی دوو ژوری گرتبوو تێدا دەژیا، رۆژێک دەی ویست بڕواتەوە بۆماڵەوە، کاتێک هاتە ئەو شوێنەی ئۆتومبیلی لێوە دەرۆیشت بەرەو ماڵەوە هەر کاژێری جارێک، سەیری کرد ئوتۆمبێلەکە خولەکێک پێش گەیشتنی دەرچووە و دەبێت کاژێک چاوەروان بکات تاوەک ئوتۆمبێلێکی کە دێت.

کوڕەکە بەمە زۆر زویر و نارەحەت بوو. بەرهەر حاڵ پاش خولەکێک ئوتۆمبێلەکەی هات و ئەمیش سواربوو و کاتێک هاتەوە بەر ماڵەوە سەیری کرد خەڵکی لەبەر ماڵەکەیدا کۆمەڵ بوون و سەیری ناو مالەکەی دەکەن کە بەشێکی زۆری رماوە و شتەکانی زۆری سوتاون خەڵکەکە پێیان ووت کاژێرێک لەمەوبەر بروسکە و هەورەتریشقەدای لە خانووەکە جا بەس نەبوو خۆتی تیا نەبویت.

کوڕەکە رووی کردە ئاسمان و سوپاسی یەزدانی کرد، زانی هۆی نەگەیشتنی بە ئوتومبێلەکەچی بوو. ئەوەی باوەڕی بەیەزدان هەبێت وەک مەسیحیەک باوەڕی بە رێکەوت و سودفە نیە و ژیانی لەلایەن یەزدانەوە بەرێوە دەچێت.

# ١٧ شــوبات

**خۆراک دەدات بەوانەی دەیپەرستن. (زەبور ١١١: ٥).**

................

ئافرەتێکی بێوەژنی بە تەمەن کە خۆی بەتەنها لەماڵێکدا دەژیا و پێویستی بەیارمەتی خەڵکی هەبوو، رۆژێک سەیر کرد هیچ نیە کە بیخوات.

ئافرەتەکە ئەو شەوەی بە برسێتی بردەسەر و بەیانی کە خەبەری بووە و سەیری کر بەفرێکی زۆر باریوەو رێگەکان زۆری گیراون، نەی ئەزانی چی بکات بۆ ئەوەی خواردن پەیدا بکات.

ژنە هەستاو ئاگری کردەوە و ئاوی خستەسەر ئاگر و کەمێک خویی تێ کرد و چووە ئەولاوە کەوتە سەر ئەژنۆ و دەستی کرد بە نوێژکردن و دوان لەگەڵ یەزداندا.

دوای چەند کاژێرێک بەتوندی لەدەرگا درا و کاتێک کردیەوە سەیری کرد کچێکی گەنج لەسەبەتەیەکدا بابەتی چێشت لێنان و خواردنی بۆ هێناوە و دەڵێت: نازانم دایکم چیەتی ئەمڕۆ هەر لەبەیانیەوە. ناوی تۆ دەهێنێت وەک ئەوەی خەوی پێوە بینیبێت، پێی ووتم دەبێت خێرا بێم بۆ لات و ئەم شتانەت بدەمێ!

# ١٨ شـــوبات

**ئەگەر دانمان بە گوناهەکانماندانا، ئەوا ئەو سەرڕاست و داد پەروەرە، لە گوناهەکانمان خۆش دەبێت و لەخراپە پاکمان دەکاتەوە. (یۆحەننای یەکەم ١: ٩).**

...............

زۆر کەس هەیە دەڵێت: راستە مرۆڤ گوناهبارە و گوناه بەهۆی ئادەمەوە هاتە لەشی هەموو مرۆڤەوە. بەڵام ئەمە بەتەنها چارەسەر نیە و یەزدان تەنها بەم قسەو دان پیانانە رازی نابێت و وەک پەرتووکی پیرۆز دەڵێت، مرۆڤ ناتوانێت بڵێت: من چەند کارێکی چاکەو خیر دەکەم ئەوا ئیتر بەمە گوناهم تیا نامێنێت و ئەوەی کردوشمە دەسڕێتەوە. (نرخی گوناه مردنە) (رۆما ٦: ٢٣). باشە ئیتر یەزدان چی دەوێت لە مرۆڤ؟
ئەوەی یەزدان دەیەوێت کە مرۆڤ بەتەواوەتی بێ پێچ و پەنا خۆی دەرخات و دان بەوەدا بنێت کە بریاری یەزدان راستە و تەنها یەزدان خۆی دەتوانێت لەگوناهەکان خۆش بێت. یەزدان بۆ لەگوناه خۆش بوون خۆی بە رۆح هات و شێوەی جەستەی مرۆڤی وەرگرت بەناوی عیسای مەسیحەوە وقوربانیەکی ئەوەندە گەورە و مەزنی کرد، تا وەک بەشی هەموو مرۆڤ بکات و هەچ مرۆڤێک ئەو قوربانیەی وەرگرت ئەوا گوناهی بەسەرەوە نامێنێت، خۆزگە تۆش ئەو قوربانیەت وەردەگرت و ژیانی هەتا هەتایت بەدەست دەهێنا.

## ١٩ شــوبات

**عیسای پیرۆز دەڵێت: ... چونکە ئەوان (واتە باوەڕداران) سەر بەجیهان نەبوون، هەروەک چۆن من سەر بە جیهان نیم. (یۆحەننا ١٧: ١٤).**

.................

با هەموو شێوەی میوان هاتن و میوان رۆیشتنمان لەبەر چاو بێت. لە راستیدا ئێمە میوانین لەسەر ئەم زەویە، هەموو رۆژێک هەنگاوێکە بەرەو بەجێهشتنی ئەم جیهانە و تەوابوونی کاتی میوانداریەکەمان. بەڵام ئەم هەنگاوە و رێگایە بەرەو کوێمان دەبات؟ پەرتووکی پیرۆز وەڵامی ئەم پرسیارە بەتەواوی دەداتەوە و دەڵێت کە کۆتایی رێگەکە روو بەروو بوونە لەگەڵ یەزدان. هەموو ئەوانەی گوێ ڕایەڵی بوون لای خۆی وەریان دەگرێت و ئەوانی کەش دوور دەخرێنەوە و دادپەروەری یەزدانیان بەسەردا دەچەسپێنێت. ئەی باوەڕداران، ئەی مرۆڤی لای یەزدان خۆشەویست، باش بزانە کە ئێمە هەموو میوانین، ئەم جیهانە ناتوانێت هەموو ئاوات و خواستەمان جێبەجێ بکات، هەزارت هەبێت، ئاوات بە دەهەزاری کە دەخوێت، ملیۆنیت هەبێت، بیرت لای دەی کەیە، ماڵێکت هەبێت، حەز بە دەی کە دەکەیت، هەرچەندە کەدەزانیت نەپارەکە و نەماڵەکە نابەیت لەگەڵ خۆت، کاتێک کاتی میوانداریەکەت تەواو بوو، وەک ئەوەی لەخەوێکدا پارە و ماڵێکی زۆرت هەبێت بەڵام خەبەرت دەبێتەوە سەیردەکەی هیچت پێ نیە.

## ٢٠ شــوبات

**باوكم من دەناسێت! (یۆحەننا ١٠: ١٥).**

................

مناڵێک لە ساڵی **١٩٣٠** لە بەلچیکا، لەبەردەم دەرگای هاتنە دەرەی کۆمەڵی کرێکارانی مەنجەمێکدا رادەوەستێت چاوەروانی باوکی دەکات کە بێتە دەرەوە و دەستی بگرێت و بەیەکەوە بچنەوە بۆ ماڵەوە. کاتێک هەموو کرێکارەکان بە کۆمەڵ دێنە دەرەوە هەموو یەک جل و بە یەک کڵاو پێڵاویان هەیە و هەمووشی دەمووچاویان بەهۆی کار لەناو مەنجەمەکە رەش دەردەکەوێت، بەمە شتێکی ئاسان نەبوو بۆ مناڵەکە باوکی لەدەرەوە بناسێتەوە، بۆیە یەکێک لە لێپرسراوەکان لەویدا بە مناڵەکەی ووت: شتێکی ئاسان نیە لەو قەڵەبالغی و هەراو هۆسەیە دا باوکت بناسێتەوە، برۆرەوە بۆ ماڵەوە ئەو خۆی دێتەوە! مناڵەکەش وەڵامێکی سەیر و زیرانەی دایەوە و ووتی: قەیناکە بەڵام باوکم من دەناسێتەوە. خوێنەری بەرێزم بەهەمان شێوە یەزدان باش ئێمە دەناسێت، هەر یەکە لە ئێمە.

# ٢١ شــوبات

**ووشەکانت رووناک کەرەوەیە بۆ پێم وە رووناکیە بۆ ڕێگام. (زەبوری ١١٩: ١٠٥) ووتەکانتم بینی ئینجا خواردم، ئەوسا ووتەکانت بوونە شادی و خۆشی دڵم. (یەرمیا ١٥: ١٦).**

...............

باوەڕدارێکی مەسیحی کە خەریکی دابەش کردنی پەرتووکی پیرۆز بوو بۆ خەڵکی لە یەکێک لە شارۆچکەکانی ئیتالیا، بەڵام بە باخێکی میوەدا رۆیشت بینی کابرای ساحیب باخەکە زۆر بەگەرمی خەریکی خزمەتی باخەکەیەتی و میوەیەکی زۆر پڕ و جوان بە داری باخەکەوەیە. باوەڕدارەکە پەرتووکێکی پیرۆزی لە جانتاکەی دەستی دەرکرد و دوای ئەوەی هەندێک لەگەڵ ساحێبی باخەکە دوا دووای پەرتووکەکەی دایە و پێشکەشی کرد. دوای ئەمە کابرای ساحێب باخەکە ووتی:تۆ دەڵێیت ئەمە ووتەی یەزدانە و سودی زۆرە و هێزی مەزنە و زۆر پیرۆزە، بەڵام کێ دەڵێ ئەمە وایە و راستە؟ باوەڕدارەکە وەڵامی دایەوە و ووتی: باشە تۆ دەڵێیت میوەکەم باشترین و خۆشترین میوەیە لە ئیتالیادا کێ دەڵێت ئەمە راستە؟

باخەوانەگەش کەمێک زویر بوو خێرا چوو هەرمێیەکی لەدارێک بۆ کردەوە و ووتی: دە فەرموو بیخۆ بزانە وانیە؟ باوەڕدارەکەش کەمێک لە هەرمێکەی خوارد و ووتی: بەڵێ راستە بەراستی تامی زۆر خۆشە، برام کەواتە تۆش ووتەکانی یەزدان بخوێنەرەوە ئەوسا بزانە چۆنە!

## ٢٢ شــوبات ( ١ ڕەشەمێ )

**وەرن بۆ لام ئەی هەموو ماندوان و بارگرانەکان من دەتان حەسێنمەوە. (مەتتا ١١: ٢٨).**

...............

من لە ساڵی **١٩٧١** لە شاری ساوپاولۆ لە بەرازیل لەدایک بووم لە خێزانێکی هەژار، باوکم هەموو کات خەریکی خواردنەوە و بەزم و کەیفی خۆی بوو دایکیشم ژنی ماڵەوە خۆشم بێکار.
بۆ ڕاکردن لە ماڵەوە خۆم خەریک کرد بەیاری تۆپی پێوە خەوم بەوەوە دەبینی کە ببمە یاریزانێکی زۆر گەورە و پارەی چاک بەدەست بهێنم. پاش ماوەیەک کە بەتەواوی بەهێز بووم لەیاری توپی پێدا.
یانەی ساوپالۆ وەری گرتم بە پارەیەکی زۆر، بەماوەیەکی کەم پارەیەکی زۆر باشم دەست کەوت. بەڵام سەیرم کرد کە پارە ناتوانێت خۆشی دەرونم بداتێ. ڕۆژێک یەکێک لە یاریزانانی هاوڕێم کە مەسیحی باوەڕدار بوو بانگی کردم بۆ کۆبوونەوەی خوێنەوەی پەرتووکی پیرۆز و نوێژکردن. پاش ئەوەی چەند جارێک لەگەڵیدا چووم یەزدان بەهۆی ووتەکانی خۆیەوە دڵ و دەرونی سوک کردم خۆشی کەوتە دڵمەوە و ئەو خەم و خەفەت و قورساییەی بەسەر شانمەوە بوو هەموویم خستە لای عیسای مەسیح.

# ٢٣ شــوبات

**چونکە لەزووەوە هەموو هیوایەکمان لەسەر مەسیح داناوە. (ئەفەسۆس ١: ١٢).**

...............

(ئاجۆردۆن) لەشەری جیهانی دووهەمدا دیل بوو لای یابانیەکان و لەگەڵ زۆر سەربازی کەدا لە بەندیخانە بوون بەیەکەوە. لەپەرتووکێکدا کە خۆی نووسیویەتی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: لەو سەربازانەی لەبەندیخانە لەگەڵم بوون هەندێکیان بێ ئەوەی هیچ نەخۆشیەکیان هەبێت مردن، بەڵام زۆری کەش کە تووشی نەخۆشی خراپ بوون، وەک نەخۆشی مەلاریا و دیزانتری و شتی کە، چاک بوونەوە و نەمردن نووسەری پەرتووکەکە (ئاجۆردۆن) هۆی چاک بوونەوە و نەمردنی ئەمانە و مردنی ئەوانی کە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوانەی مردن لەوانە بوون کە هیچ هیوایەکیان بائازاد بوون و ژیانیان نەمابوو، ئەوانەش کە چاک بوونەوە، ئەوانەبوون کە هەموو هیوایەکیان هەبوو بە رزگار بوون و ژیانیان. لەوەی گێڕامانەوە ئەوەمان بۆ دەر کەوێت کە بوونی هیوا شتێکی زۆر گرنگە بۆ ژیان.

بەڕێزان هیوای ئێمە عیسای مەسیحە ئەوەی هەموو هیوایەکمان لەسەری داناوە بۆ شادی دەروونمان و بۆ رزگارکردنمان لەمردنی هەتا هەتایی.

## ٢٤ شــوبات

**سوپاس بۆ تۆ ئەی یەزدان من وەک خەڵکی تر نیم، ئەوانەی چاوبرسی و گوناهبار و داوێن پیس. (لۆقا ١٨: ١١).**

...............

ئەمە شێوەی نوێژکردنی کابرایەکی فەریسی بوو کە خۆی بە پاک دادەنا و بەچاوێکی نزمەوە سەیری خەڵکی کەی دەکرد و رازی بوو لە خۆی و سوپاسی یەزدانی دەکرد کە ئەم جیاوازە لە خەڵک و قەومەکانی تر. ئەوەی کە یەزدان دەیبینێت لەم جۆرە کەسانەدا دەیخوێنینەوە لە (پەندەکان **٤١: ٢٣**) دەڵێت: نەوەیەک کە بە چاوی خۆی، خۆی بە پال و بێگوناه دەبینێت و ئەو هێشتا پاک نە بۆتەوە لە پیسیەکەی خۆی.یەزدان دەڵێت: هیچ مرۆڤێک راست و بێگوناه نیە، تەنها یەکێکیش... چونکە هەموو گوناهیان کرد و پێویستیان بە شکومەندی یەزدان هەیە. (رۆما **٣: ١٠، ٢٣**).

بەڵام ئایا کام دوعا و نوێژە راستە کە بۆ یەزدان بکرێت؟

هەر لە لۆقادا بەشی (١٨) دەخوێنینەوە کە باسی کابرایەکی باجگر دەکات ئەوانەی بەچاوی خراپەوە سەیریان دەکرا، کابرا باجگرەکە بەمل کەچیەوە بێ ئەوەی چاوی بەرز بکاتەوە، ووتی: ئەی یەزدان تورەیی خۆت لەسەر منی گوناهبار لادە. با من پێتان بڵێم ئەم باجگرە گوناهی لادەبرێت بەپێچەوانەی فەریسیەکەوە. (لای یەزدان) ئەوەی خۆی بەرز بگرێ نزم دادەنرێت و ئەوەش خۆی بەنزم دادەنێت بەرز دەکرێتەوە.

## ٢٥ شـــوبات

**هەرکەسێک بڕوا بەوە بهێنێت کە عیسا مەسیحە، ئەوا لە یەزدانەوە لەدایک بووە، هەروەها هەر کەسێک (یەزدانی) باوکی خۆش بوێت، ئەوا ئەوەشی خۆش دەوێت کەلێی بووە، ئا مەبەدا دەزانین کە ئێمە ڕۆڵەکانی یەزدانمان خۆش دەوێت. (یۆحەننای یەکەم ٥: ٢، ٣)**

...............

عیسای پیرۆز دەڵێت: من ڕاسپاردەیەکی تازەتان پێ دەدەم: یەکتریتان خۆش بوێ... (یۆحەننا **١٣: ٣٤**). لەلای من کە باوەڕدارێکی مەسیحیم، ئەمە تەنها ڕاسپاردەنیە بەڵکو فرمانە و فرمانێکی سەرەکیە لە مەسیحیدا.

بەڵام باشە ئەی ئەوانەی کە کەدەیان ناسم وە نزیکن لێمەوە و باوەڕدار نین؟ پەرتووکی پیرۆز دەڵێت: ئەوەی لێت نزیکە وەک خۆت خۆشت بوێت. (مەتتا **٢٢: ٣٩**).

باشە ئەوەی لێم نزیکە کێیە؟ خزم و کەس و کار وهاوڕێ و دەرودراسێکانن، ئەی ئەوانی کە خەڵکی کە؟ پەرتووکی پیرۆز دەڵێت: دوژمنەکانتان خۆش بوێت... نوێژ و دۆعایان بۆ بکەن (مەتتا **٥: ٤٤**).

واتە هەتاکو ئەو کەسانەی کە ئالۆزن لەگەڵمان یا شەریان کردەوە لەگەڵمان یاخود قسەیان پێووتوین، پێویستە ئەوانەشمان خۆش بوێت و دۆعایان بۆ بکەین تا وەک یەزدان ڕێگەی ڕاست و ڕێگەی خۆشەویستیتان نیشان بدات.

## ٢٦ شــوبات

**یەزدان رۆڵەی خۆی نەنارد بۆ تاوان بارکردنی جیهان، بەڵکو ناردی تا بەهۆی ئەوەوە جیهان رزگاری ببێت. (یۆحەننا ٣: ١٧).**

...............

چەند جوتیارێک لە ناوەراستی دەشتێکی زۆر پان و بەریندار راوەستا بوون خەریکی ئەوە بوون دەست بە دروێنە بکەن، دەغڵ و دان و گیای دەوروپشتیان هەمووی زەرد و ووشک بوو. لەپر دیان ئاگر کەوتۆتەوە و لە هەرچوار لایانەوە خەریکە ئاگر بۆیان دێت و ئەوانیش لەناوەراستی ئەو ئاگرە گەورەیەدان.

یەکێک لە جوتیارەکان خێرا هەستا بە ئاگر بەردان لەو دەغڵ و پوشەی لەویدا راوەستابوون و پانتاییەکی باش دوروپشتی خۆیانی بە ئاگر سوتاند و هیچ دەغڵ و پوشێکی زەردیان بەدەورەوە نەما ، ئا بەم شێویە رزگاریان بوو لە هاتن و گەیشتنی ئاگرە گەورەکە بۆ لایان، چونکە ئاگرەکە کاتێ گەیشتە لایان دەغڵ ودان وپوش نەما لە ئاگر رزگاریان بوو یەزدانیش بەهەمان شێوە بەمردن ئێمەی رزگارکرد لەمردنی هەتا هەتایی، چونکە عیسای پیرۆز هات و مرد لەپێناوی رزگارکردنی مرۆڤ.

# ٢٧ شــوبات

**ئەوەی لەگەڵ مزگێنی شکۆداری یەزدانی پیرۆزدا ڕێک دەکەوێت... (تیمۆساوسی یەکەم ١: ١١).**

...............

ووتە بێژێکی مەسیحی باوەڕدار لە هۆلی شارێک بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەسەریەک ووتاری داو باسی سێ شتی جیاوازی کرد لەبارەی ووتەی پەرتووکی پیرۆزەوە.

ڕۆژی یەکەم: باسی ئەم ئایەتەی کرد، کە یەزدان تاقەرۆڵەی خۆی نارد و بوو بە مرۆڤ لەگەڵمان، تاوەک ئەوەی باوڕی پێ بکات ئەوا باوەڕ بە یەزدان دەکات کە ناردوویەتی و بەمە ڕزگاری دەبێت و ژیانی جاویدانی بەدەست دەهێنێت (یۆحەننا **٣: ١٦**).

ڕۆژی دووهەم: باسی ئەوەی کرد، کە یەزدان بەهۆی باوەڕەوە گوناهمان لەسەر لا دەبات و لەگەڵ یەزدان ئاشت دەبینەوە... (ڕۆمای **٥: ١، ٢**).

ڕۆژی سێهەم: باسی ئەوەی کرد، کە یەزدان کاری عیسای مەزنی وەک نهێنیەک دانا بوو و ئینجا ئاشکرای کرد و ئەمەش خۆشەویستیە لە یەزدان (ئەفسۆس **٣: ٩، ١٩**).

کابرایەک کە لەتەمەنەندا بوو هەر سێ ڕۆژکە هات بۆ هۆڵی کۆبوونەوەکە و گوێی لە ووتەبێژەکە گرت، ئەم کابرایە نەخۆشیەکی قورسی هەبوو وە لەوەی دەکرد ئەوەندە ژیانی نەمابێت، کابرا هاتە لای ووتەبێژەکە و ووتی من لە ژیانمدا پەرتووکی پیرۆزم نەخوێنوەتەوە، ئایا ئەگەر من باوەڕ بەو چەند ئایەتە بکەم کە خۆێندتەوە، ڕزگارم دەبێت؟ ئەمیش پێی ووت: بەڵێ.

## ٢٨ شــوبات

**ئەوەی راسپاردەکانی منی لایە و کاری پیّ دەکات، ئەوە منی خۆش دەویّت. (یۆحەننا ١٤: ٢١). بەڵام سوپاس بۆ یەزدان، لەگەڵ ئەوەی کویلەی گوناه بوون، بەدڵ مل کەچی ئەو شیّوە بیرکردنەوەیە بوون کە پیّتان درابوو، ئیّستاش ئازاد بوون لە گوناهو بوون بە کویلەی راست و دروستی (رۆما ٦: ١٧، ١٨).**

................

ووشەی مل کەچی لە رۆژانەی ئیّمەدا هەندیّک ناخۆش و قورس و گرانە، باسی خۆشەویستی ومیّشک کراوەیی باشترە و باش وەردەگیریّت.

پەرتووکی پیرۆز مل کەچی و خۆشەویستی دەبەستیّت بەیەکەوە، بەڵام بۆچی؟ چونکە مل کەچی بەبیّ خۆشەویستی و دکتاتۆری و زۆرەملیە و خۆشەویستیش بە بیّ مل کەچی بەردەوامی بۆ نیە و پووچە. خۆشەویستی یەزدان هاندەرە بۆ مل کەچی و مل کەچی سەلماندنی خۆشەویستیە!

یەزدان دەڵیّت: گەر یەکیّ منی خۆشویست ئەوا ووشەکانم لەبەر دەکات، هەروەها دەڵیّت: من بووم کە لە پیّشەوە ئیّوەم خۆشویست.

بەریّزان ئەگەر باوەڕ بەوە نەکەین کە یەزدان مرۆڤی خۆش دەویّت، ئەوا ناتوانین یەزدانمان خۆش بویّت.

## ١ مارت

**دەنکە گەنم وەک خۆی دەمێنێتەوە، گەر نەخرێتە ناو زەوی و نەمرێت، بەڵام کە مرد ئەو کاتە دەنکی زۆری لێ بەبەردێت. (یۆحەننا ١٢: ٢٤).**

..................

لەراستیدا رووداوێکی مەزن و سەیرە، تۆو وە دانەوێلە دەبێت گەورە بێت و ووشک بێت و بمرێت بخرێتە ناو چاڵەوە و بنێژرێت ئینجا دەژێتەوە و لەدایک دەبێتەوە و سەوز دەبێتەوە. عیسای پیرۆز لە چەند شوێنێکدا ئەمە وەک نمونە دەهێنێتەوە، وەک وێنەیەک و شێوەیەک بۆ مردن و زیندوو بوونەوەی خۆی. دیسان ئێمەی مرۆڤیش دەبێت وێنە و شێوەی مردن و ناشتن و زیندوو بوونەوەی دانەوێلە بکەینە وێنە و شێوەیەک بۆ خۆمان، پەرتووکی پیرۆز پێمان دەڵێت، ئێمەی مرۆڤ پێویستە وەک ئەو دانەوێلەیە بمرین و ئینجا زیندوو ببینەوە تا وەک ژیان بەدەست بهێنین، لێرەدا دیارە من باسی مردن بەلەش ناکەم.
هەموو مرۆڤێک پێویستە خۆی لەگەڵ یەزداندا بژی، عیسای مەزن و پیرۆز بە مردن و زیندوو بوونەوەی زۆر شتی بۆ دەرخستین یەکێک لەوانە ئەم مردن و زیندوو بوونەوەی مرۆڤە بە رۆح.

## ٢ مارت

**ئەو خۆشەویستیەی یەزدان کە تیاماندایە، ناسیومانە و باوەڕمان پێی کردووە. (یۆحەنناى یەکەم ٤: ١٦).**

...............

کیژۆلەیەک بەناوی (جۆزیان) دەڵێت:

من کە بەبێ باوک و دایک بووم، رۆژێک ژن و پیاوێک کە منداڵیان نەبوو هاتن و منیان برد بۆ ماڵی خۆیان تاوەک بمکەن بە مناڵی خۆیان.

لەپێشەوە من زۆر سەرکێش و نارەحەت بووم، بەلاّم پاش ماوەیەک کە ژن ومێردەکە زۆر بە خۆشەویستی هەڵس و کەوتیان لەگەڵ کردم وردە وردە چاک بووم و پاش ماوەیەک، کە کاتیک هەستم بە خۆشەویستی تەواوەتی کرد، زۆر خۆشم ویستن و بەچاوی باوک ودایک سەیرم دەکردن.

بەرێزانم یەزدانیش بەهەمان شێوەیە، وەک ئەو پیاو و ژنەیە کە خۆشەویستیان بەخشی بە (جۆزیان). ئێمەش پێویستە بەخۆشەویستی یەزدان و قوربانیەکەی بزانین ، تا خۆشمان بوێت و بەچاوی باوکێتیەوە سەیری بکەین.

## ٣ مارت

**عیسا بە توورەییەوە سەیری (جولەکەکانی) کرد و غەمبار بوو لەبەر دڵ رەقیان، ئینجا بە پیاوەکەی ووت: دەستت درێژ بکە! ئەویش دەستی درێژکرد و دەست بەجێ چاک بووەوە (مەرقۆس ٣: ٥).**

................

عیسای پیرۆز هاتە شاری کەرفەرحوم، پیاوێکی لێبوو دەستی ووشک بوو بوو جوڵەی نەدەکرد، ئەو رۆژەش رۆژی شەممە بوو کە جولەکەکان لایان قەدغەیە کار و ئیشی تێدا بکەن هەر کار و ئیشێک بێت. کاتێک عیسا بە کابرا دەست ووشک بووەکە گەیشت، هەموو دوژمنەکانی عیسا زۆر بەباشی سەیری هەڵسوکەوتی ئەویان دەکرد، تا بزانن چی دەکات و چی ناکات. بەڵام عیسای پیرۆز هیچ گوێی نەدایە جولەکەکان و بەکابرای ووت: دەستت درێژ بکە! دەستەکەی چاککردەوە، عیسای مەزن وازی لەو نامەیە نەهێنا کەلەپێناویدا هاتبوو، ئەو بەهەموو جورێک قسەی دەکرد و کاری دەکر تاوەک دەریخات کە ئەو بۆچی هاتۆتە سەر رووی زەمین... بەرێزان عیسای مەزن ئێستاکە کە زیندووە و لە ئاسمانە هەمیشە وە هەموو کاتێک ئامادەیە بۆ یارمەتی مرۆڤ، مەزنترین یارمەتی و گەورەترین دیاری بۆ مرۆڤ رزگاربوونیەتی لەمردنی هەتاهەتایی و بەدەست هێنانی ژیانی جاویدانیە واتە هەتا هەتایی.

# ٤ مارت

**بەبیٚ خوین رشتن لیٚخۆشبوون نابیٚت. (عیبرانیەکان ٩: ٢٢).**

...............

بۆچی پەرتووکی پیرۆز بایەخ دەدات بە خویٚن؟

خویٚن نمونەیە بۆ ژیان.

گوناه سوکایەتیە بەرامبەر بەیەزدان و ئەم سوکایەتیەش سزاکەی پچڕینی پەیوەندیە لە نیٚوان یەزدان و مرۆڤدا و مردنی مرۆڤە، مردنی هەتا هەتایی.

بەڵام پەرتووکی پیرۆز دەڵیٚت: لیٚخۆش بوون هەیە و گەرانەوەی پەیوەندیش هەیە لەگەڵ یەزداندا، بەمەرجیٚک شتیٚک بکریٚت لەلایەن مرۆڤەوە شتیٚکی زۆر گەورە. باشە مرۆڤ چی زۆر گەورە و مەزنی هەیە زیاتر لە ژیانی کە بە گرنگترین شت دایدەنیٚت.

لەکۆنەوە مرۆڤ زۆر قوربانی خــویٚن رشتــنی کرد بەقوربانی، کردنی مەریٚک یان گایەک بۆ ئاشت بوونەوەی لەگەڵ یەزداندا، بەڵام ئەمانە هیچ قورساییەکی ئەوتۆی نەبوو لەلای یەزدان، تاوەک عیسای مەسیح هات و خویٚنی خۆی رشت لەجیاتی قوربانی مەریٚک یان بزنیٚک. یەزدان خۆی هەستا بەم کارە مەزنە، بۆیە هەر کەسیٚک کە قوربانیەکەی عیسا وەربگریٚت ئەوا گوناهی پاک دەبیٚتەوە و رزگاری دەبیٚت لە مردنی هەتا هەتایی.

## ٥ مارت

**ئەی تینووەکان هەموو وەرن بۆ لای ئاوەکان، ئەوەی زیوی نیە، بابێت بکرێت و بخوات... (ئیشەعیا ٥٥: ١).**

.................

بیٚ پارە و بەبەلاش...؟
ئەم جۆرە بلاّوکراوانە زۆر هەن لە جیهانی بازرگانی و کڕین و فرۆشتندا لەگەلّ خەلّکی سادە و ساکار، بەلاّم لەدوای هەموو شتیٚکەوە کەیەکیٚک بەبەلاش و بەبیٚ پارە پیٚی دەدریٚت، سیاسەتیٚکی کە هەیە بۆ راکیٚشانی خەلّکەکە تاوەک قازانجیٚکی گەورەتر بەدەست بهیٚنریٚت زۆر زیاتر لەوشتەی کە بەبەلاش بلاّوکروەتەوە و بە خەلّکی دراوە.
پەرتووکی پیرۆز باسی کوریٚکی گەنجمان بۆ دەکات کە دوای ئەوەی هەموو پارەکەی تەواو دەکات ئیتر کەس هیچی نەدایە (لۆقا ١٥: ١٦). ئیٚمە نابیٚت چاوەڕوانی ئەوە بکەین لەم ژیانە کە هەموو شتیٚکمان پیٚ ببەخشریٚت و مرۆڤیش بەهیچ تیٚر نابێت.
بەریٚزان یەزدان کەشتێک دەدات بەمرۆڤ بەمەبستی بازرگانی و قازانج نایدات، بەلّکو بەراستی بەبەلاش دەیداتیٚ، ئەوەش کە یەزدان بەبەلاش دای بەمرۆڤ زۆر شتە، گرنگترنیان خویٚنی عیسای مەسیحە و تەنها لەسەر مرۆڤ ئەوەیە کە وەریگریٚت.

## ٦ مارت

**چونکە دەزانم خۆم چیم بۆ داناون، ڕێگەی ئاشتی نەک خراپەکاری، تا هیوا و داهاتویەکتان بدەمێ. (یەرمیا ٢٩: ١١).**

...............

لە شاری سان پاولۆ ڕۆژێک کوڕێکی گەنجم بینی کە لە قەراغی جادەیەک کەوتووە و خوێن بەلەشیدا دەهاتە خوارەوە، لەوەی دەکرد بەچەند کەسێک لێیان دابوو و شوێن چەقۆی پێوە بوو وە زۆر بریندار بوو خەریک بوو دەمرد. باشە ئەم توندرەویە و دڵ رەقیە لەکوێوەدێت؟ ئایا کەش و هەوای کۆمەلایەتی دروستی دەکات؟ ئایا نەبوونی هیوا؟ نەبوونی زانیاری؟ باشە هۆی ئەمە چیە؟

پەرتووکی پیرۆز وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە و دەڵێت: لەناو دڵی مرۆڤەوە، بیری خراپ دێتە دەرەوە وەک: بەرەڵایی، دزی، کوشتن، داوین پیسی، چاوچنۆکی، خراپەکاری، هەڵخەڵەتاندن، بەدڕەوشتی، چاوپیسی کفرکردن، لووت بەرزی و گێلی، ئەم شتانە هەمووی لە ناوەوەی مرۆڤەوە هەڵدەقولێت. (مەرقۆس ٧: ٢١ ــ ٢٢).

لەهەمان کاتدا پەرتووکی پیرۆز چارەسەرکردنی ئەمەشی لایە و دەڵێت، پێویستە مرۆڤ دان بەمەدابنێت و بەهۆی یەزدانەوە دڵی خۆی بگۆرێت و پشت بە ڕێگای یەزدان ببەستێت.

## ٧ مارت

**عیسای ووتی: من رووناکی جیهانم، ئەوەی دوام بکەوێت بەتاریکیدا ناڕوات، بەڵکو رووناکی ژیانی دەبێت. (یۆحەننا ٨: ١٢).**

.................

کابرایەکی خەڵکی چین لە بڕوانامەکەیدا دەنووسێت و دەڵێت: کاتێک تەمەنم نزیکەی حەڤدە ساڵ بوو زۆر بیرم لەژیان دەکردەوە و نەزانینی داهاتو و دوای مردن چی دەبێت، زۆر مێشکی خەریک کردم. ئاینی بوزیم وەرنەگرت چونکە باسی ئەمە ناکات و هەروەها باوەڕی کۆنفۆشیوسیە تەنها هەرباسی ئێستا دەکات، بۆیە باوەڕم بەهیچیان نەبوو. کاتێ ئاینی مەسیحیشم خۆیندەوە، شتێکی نامۆ و سەیر بوو بۆ عادەتی کۆمەڵی ئێمە.

بەڵام یەزدان بەهۆی خۆشەویستی خۆیەوە پاشماوەیەک هاتە دەرونمەوە و بە عیسای مەسیحی پیرۆز لەگەڵ دڵمدا داووا و منیش دڵم دا بە عیسای پیرۆز و سەرلەنوێ لەدایک بوومەوە، چونکە دانم بەوەدا نا کە من مرۆڤێکی گوناهبارم وە خوێنی قوربانیەکەی عیسای پیرۆزم وەرگرت وەک رزگارکەرێک بۆ ژیانی ئێستا و دوایشم.

# ٨ مارت

**گەر دەوڵەمەندیتان زیاد بوو، دڵی پێوە مەبەستن. (زەبور ٦٢: ١٠).**

...............

کابرایەکی بازرگانی سەرکەوتووی دەوڵەمەند، لە ڕێگەی ئیش و بازرگانی خۆیدا، چوار خالی بۆ خۆی دانا بوو کە نووسیبوویەوە:

١. گەر دەوڵەمەند بوویت زۆر  دڵی خۆت خۆش مەکە بە دەوڵەمەنیەکەت.

٢. زیاتر لە پێویست دەست مەگرە بەسەروەت و سامانتەوە.

٣.  زیاتر لە پێویست هەوڵ مەدە بەهەر جۆرێک بێت پارەت دەست کەوێت.

٤. زویر مەبە ئەگەر زەرەرت کرد یاخود هەموو سەروەت و سامانەکەت نەما.

بەڵی ئەو کابرایە دەیزانی، ئەگەر سەروەت و سامانی دنیای هەبێت و گەورەترین کارگە و دوکان و بازار، ناتوانێت دڵی خۆشتر بێت لە دڵی کەسێک کە ئاشتی و خۆشەویستی یەزدانی تیایە، دڵی کەسێک کە باوەڕی تەواوتی هەیە بەوەی ژیانی هەتا هەتایی بەدەست هێناوە و بووە بە منداڵ و ڕۆڵەی یەزدان.

# ٩ مارت

**دڵ غەمگین مەبن وەک ئەوانەی کە هیوایان نیە! (ئیشەعیا ٤: ١٣).**

................

کابرایەک کە لە جێگەیەکی بەرزی حکومەتدا کاری دەکرد، لەپڕ کچەکەی لەتەمەنی منداڵیدا توشی نەخۆشی شەلەل بوو وە کەوتە جێگاوە.

دوای ئەمە کابراکە رۆژانە خێرا دوای تەواوبوونی کارەکەی دەگەرایەوە بۆ ماڵەوە تا کچەکەی ببینێت و لەگەڵ دایکیدا بەیەکەوە دڵخۆشی بدەنەوە و خزمەتی بکەن، کابراکە دڵی زۆر بەکچەکەیەوە بوو و زۆر خۆشی دەویست و بەزەیی پێیدا دەهاتەوە، کچەکەش رۆژانە چاوەروانی باوکی دەکرد تا وەک بێتەوە و بیبینێت.

پاش چەندساڵێک کچەکە مرد، باوک و دایکەکە زۆر پێیان ناخۆش بوو، بەڵام چونکە کابراکە باوەڕدار بوو بەژنەکەی ووت پێویست ناکات زۆر غەمگین بین، چونکە ئێستا کچەکەمان لە ئاسماندایە لەگەڵ یەزدان و دەتوانێت بە پێی خۆی و بێ ئازار بێت و بڕوات .

بەرێزان ئەمەیە هیواو بوونی هیوا لە دڵ و دەرونی ئەو کەسانەدا کە باوەڕیان بە یەزدان هەیە.

## ١٠ مارت

**چونکە دانایەتی ئەم جیهانە، گێلایەتیە لای، لە پەرتووکی پیرۆزدا نووسراوە: یەزدان داناکان بەفێلبازی خۆیانەوە دەگرێت، یەزدان دەزانێت بیرکردنەوەی داناکان پڕو پوچە. (کۆرنسۆسی یەکەم ٣: ١٩).**

..............

کابرایەکی پزیشک گاڵتەی بە پەرتووکی پیرۆز دەکرد، بەتایبەتی باسی هەستانەوە و زیندوو بوونەوەی مرۆڤ. رۆژێک پەرتووکی پیرۆزی هێنا بیخوێنیتەوە، بەمەستی ئەوەی رەخنەی تێدا بدۆزێتەوە و رەخنەی لێبگرێت، بەرێکەوت چاوی کەوت بەو ئایەتەی لە کۆرنسۆسی یەکەم بەشی **١٥: ٣٥** کە دەڵێت: لەوانەیە یەکێک بپرسێت، مردووان چۆن هەڵدەستنەوە، بە چ جۆرە لەشێکەوە دەگەرێنەوە؟ لێرەدا پزیشکەکە دڵی خۆش بوو ووتی: بەراستی ئەمە باسێکی چاکە و رەخنەیەکی باشە... بەڵام دووایی کە بە بەردەوام بوو لە خوێندەوە تا کە نووسراوە: ئەی گێل! ئەوەی دەچێنرێت زیندوو نابێتەوە هەتا نەمرێت، ئەوەی دەچێنرێت ئەو شتەنیە کەوا دێتە دەرەوە... یەزدان شێوەیەکی کەی دەداتێ. ئالێرەدا کابرای پزیشک هیچی بۆ نەمایەوە، لەوەی باوەڕ بەیەزدان بهێنێت و ئەو پەرتووکە پیرۆزەی کە پێی بوو کردی بە پەرتووکی تایبەتی خۆی و لەبەرگەکەی بەگەورەیی نووسی (ئەی گێل).

# ١١ مارت

**ئێمە خۆشەویستیمان تیادایە، چونکە ئەو پێشتر خۆشی ویستووین. (یۆحەننای یەکەم ٤: ١٩).**

..................

زانایەکی خەڵکی سویسرا، مامۆستای قوتابخانەی لاهوت دەبێت، رۆژێک یەکێک لە قوتابیەکانی پرسیارێکی لێ دەکات و دەڵێت: مامۆستا مەزنترین و گەورەترین نووسینی ئەدەبی چیە لای تۆ؟ ئەویش لە وەڵامدا ووتی: سرودێکە کە لەمناڵیەوە فێری بووم، ئەو سرودەشی دەڵێت: عیسایە و خۆشی دەوێم، منیش ئەوە دەزانم.

ووتەکانی پیرۆزە، هەموو دەم گوێی بۆ دەگرم. دیارە خۆشەویستی یەزدان گەورەترین و مەزنترین دیاردە و رووداوە، چونکە ئێمە نەبەووتەی ئەومان کردوە نەملکەچیمان بۆی کردوە، نە خۆشەویستیمان بۆی نواندووە، بەڵام ئەو لەلایەن خۆیەوە دەست پێشکەری کردەوە و ئێمەی خۆش ویستووە.

یەزدان خۆی بریتیە لە خۆشەویستی، ئەو خۆشەویستیەش هەستمان پێ کرد و بینیمان و دەرکەوت بەهاتنی رۆح و رۆڵەی خۆی و بوونی بەجەستە بەناوی عیسای مەسیحەوە تاوەک بەعیسا لەگەڵ ئێمە دا بدوێت و خۆشی بکاتە قوربانی ئەوەی بەرزترین نمونەی خۆشەویستی بوو.

## ١٢ مارت

**عیسا حەوت جار دەڵێت: (منم) بۆ جێبەجێ کردنی پێویستی مرۆڤ. (یۆحەننا ٦، ٣٥).(یۆحەننا ١٥، ١)**

................

عیسای مەسیح دەڵێت:

**١**: منم نانی ژیانم ــ بۆ ئەوانەی برسیانە (یۆحەننا **٦، ٣٥).**

**٢**: من رووناکی ژیانم ـ بۆ ئەوانەی کوێرن. (یۆحەننا ٨، ١٢).

**٣**: من دەرگام ــ بۆ ئەوانەی پێیدا دەچن. (یۆحەننا ١٠، ٩

**٤**: من شوێنم ـــ بۆ ئەوانەی وون بوون. (یۆحەننا ١٠، ١١)

**٥**: من رێگام ـــ بۆ ئەوانەی سەریان لێ شێواوە. (یۆحەننا ١٤، ٦)

**٦**: من ژیانم ــ بۆ ئەوانەی لەگوناهدا مردوون. (یۆحەننا ١١، ٢٥)

**٧**: من داری مێوم ــ بۆ ئەوانەی بەروبوومیان نیە.(یۆحەننا ١٥، ١)

## ١٣ مارت

**گەر یەکێ سەربە مەسیح بێت، ئەوا دەبێتە بوونەوەرێکی نوێ... ئەوەتا هەموو شتێک نوێ بۆتەوە. (کۆرنسۆسی دوو ٥: ١٧).**

................

ئۆنسیمۆس لە سەردەمی رۆمەکاندا کویلەیەک بوو لای پیاوێکی باوەڕدار بەناوی (فلیمۆن). ئۆنسیمۆس کویلەیەکی زۆر نارەحەت و خراپ بوو، هەستا و رایکرد بەرەو شاری رۆما، لەوێ چاوی بە خزمەت کەری یەزدان و نێرراوی عیسای پیرۆز کەوت کە ناوی پۆلسە، پۆلس بە هەڵسوکەوتی خۆی و خۆشەویستی عیسا، ئۆنسیمۆس باوەڕی هێنا بە یەزدان.

هەرچەندە ئەم زۆر خۆی گرتبوو بە پۆلسەوە، بەڵام ناردیەوە بۆ شارەکەی خۆی بۆ لای فلیمۆن بە نامەیەکی یەزدانەوە، ئێستەش ئەو نامەیە لە پەرتووکی پیرۆز لەبەشی تازە دا بەناوی نامەی فلیمۆن دەزانرێ و نووسراوە. ئۆنسیمۆسی درووست بوویەکی تازە بوو و هەموو شتێکی نوێ بوو بووەوە و هاتەوە بۆ لای فلیمۆن نەک وەک کۆیلەیەک بەڵکو بەشێوەی براو وەک برایەک لە باوەڕدا.

## ١٤ مارت

**نە جیهانتان خۆش بوێت، نە ئەو شتانەی تیایەتی. (یۆحەننای یەکەم ٢: ١٥)**

...............

لێرەدا مەسەلەکە نابێت ئاوها سەیر بکرێت کە گوایە دەبێت رقمان لە جیهان بێت، نەخێر کە دەڵێت: جیهانتان خۆشی نەوێت، مەبەست لەوەیە کە ئەوەندە دڵتان مەبەستنەوە بە جیهان و ئەو شتانەی تیایەتی.      لە خوێندەوەی پەرتووکی پیرۆزدا لەم بارەیەوە چەند شتێک نووسراوە:

١. چونکە جیهان خراپە و خراپەکاری تیایە و شەیتان بە ژەهر ئاوی دەدات. (غەلاتی ١: ٤)

٢. چونکە جیهانێکی گەندەڵ و گەندەڵیە بۆیە نێرراوی عیسای پیرۆز پەتروس سەرزەنشتی ئەوە دەکات کە راکەین لێی. (پەتروسی دووهەم ١: ٤)

٣. چونکە جیانێکە پڕە لە پیسی گوناە. (پەترۆسی دوو ٢: ٢٠)

٤. چونکە جیهانێکە کە دەڕوات و لەناو دەچێت. (کۆرنوسی یەکەم ٧: ٣١)

٥. چونکە خۆشەویستی بۆ جیهان دژایەتیە لەگەڵ یەزدان. (یەعقوب ٤: ٤)

# ١٥ مارت

**عیسا دەستی خستە سەر ئافرەتەکە، دەستبەجێ ئافرەتەکە پشتی راست بووەوە. (لۆقا ١٣: ١٣)**

................

لە چاککردنەوەی ئافرەتە پشت قەموو رەکەدا چوار خاڵ هەیە.

١. رزگاربوونی لەنەخۆشی گوناه: یەزدان نەخۆش خەڵکی بەنەخۆشی کەم و کوری لەش و کەم ئەندامی سەیر ناکات، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ سەر چاوەی نەخۆشی کە شەیتانە.

٢. ستایش کردنی یەزدان: کاتێک ئافرەتە قەمووورەکە لە نەخۆشیەکەی رزگاری بوو ستایشی یەزدانی کرد، ئەمەش ئەنجامی رزگاربوونی مرۆڤە کە فێری ستایشی یەزدان دەبێت و ستایشی ئەو پێویستە.

٣. دژایەتی کردنی شەیتان: کاتێک مرۆڤ رزگاری دەبێت و ستایشی یەزدان دەکات، دەبێتە دوژمن و دوژمنایەتی شەیتان دەکات لە ژیانیدا.

٤. سەرکەوتنی یەزدان: ئەو یەزدانەی کە هێزوتوانای خۆی دەرخست بەرامبەر سروشتدا، بەرامبەر بەهەموو شتێک عیسای پیرۆز زیندوو بووەوە لەمردن و سەرکەوت بەسەر مردندا، لێرەشدا بەچاککردنەوەی ئافرەتەکە دەیەوێت سەرکەوتنی خۆی نیشان بدات.

## ١٦ مارت

**دەربارەی هیچ شتێک دڵەراوکی نەتانگرێ، بەڵکو لە هەموو شتێکدا داوا کاریەکاتان پێشکەشی یەزدان بکەن، بەنوێژ و پارانەوە و سوپاس. ئاشقی یەزدان ئەوەی بەرزترە لە سنوری بیری مرۆڤ، دڵ و بیرتان دەپارێزێت لە عیسای مەسیحدا. (فلیپی ٤: ٦ ـ٧)**

.................

بۆ باوەڕداری مەسیحی ئاشتی زۆرە لەگەڵ یەزداندا، بەپێی ئەوەی نێرراوی یەزدان پۆلس باسی دەکات. گەر باوەڕدار بیرکردنەوە و گیروگرفتی خۆی هێنا بۆ لای یەزدان، بەنوێژ و بە داواکردنەوە، ئەوا یەزدان ئاشتی خۆی دەخاتە دڵی ئەو کەسەوە و ئاگاداری دڵ و بیری ئەو کەسە دەبێت، بەهۆی عیسای مەسیحەوە، ئەمەش دەبێت بەهۆی ئەوەی کە دیوارێکی بەرز و بەهێز درووست دەبێت بەدەوری ژیانیدا بەشێوەیەک کە گیروگرفت و بیری خراپ نەتوانێت کار بکاتە سەر دڵ و ژیانی.
نێرراوی یەزدان پۆلس داوای ئەوە دەکات کە بە دوای ئاشتی یەزداندا برۆین و ئاشتیمان هەبێت لەگەڵ خەڵکی کەدا و لەسەر ووتەی پەرتووکی پیرۆز بڕۆین، ئەوسا بەم شێوەیە ئەو ئاشتیە دەردەکەوێت لە ژیانماندا و لە هەڵسوکەوتماندا.

# ١٧ مارت

**راستی دەزانن و راستیش ئازادتان دەکات. (یۆحەننا ٨: ٣٢)**

...............

لە بنکەیەکی تایبەتی تەندروستی کە پەیوەندی بە فکر و بیر و دەماری بیرکردنەوەوە هەبوو، تاقیکردنەوەیەکی زۆر سەیریان کرد. چوار کۆمەڵ سەربازیان هێنا و هەر چوار کۆمەڵەکەیان ئامادەکرد بۆ راکردن بۆ ماوەیەکی چەند کیلۆمەترێک.

هەموو راستیەکیان بەکۆمەڵی یەکەم ووت: ماوەی راکردنەکەتان شەش کلیۆمەترە، ئینجا مەبەستی راکردنەکەیان بەتەواوی تێگەیاندن. بەکۆمەڵی دووهەمیان ووت: نازانین لەوانەیە پێویست بەوە بکات دە یان بیست یان چل کیلۆمەتر یا زیاتر را بکەن.

بە کۆمەلی سێهەم و چوارەم، لەرێگای راکردنەکە هەردەمە و شتێکیان پێدەوتن و کەسیان نەیاندەزانی بۆچی رادەکەن و چەندیش دەبێت رابکەن. لە کۆتایی تاقیکردنەوەکەیان، سەیریان کرد کۆمەڵی یەکەم باشترین کۆمەڵ بوون و ئەوانی کە میشک و دەماغیان زۆر زۆر هیلاک بوو بوو.

ئەزانن بۆچی؟ چونکە کۆمەڵی یەکەم کۆتایی رێگەکە و مەبەستی راکردنەکەی دەزانی. منیش هیوارم کە ئێمە بزانین کۆتایی رێگەی ژیانمان و مەبەستی ژیانمان چیە، بەهۆی ووتەی یەزدانەوە، ئەوسا ژیانمان ئاسودە دەبێت.

## ١٨ مارت

**چونکە یاسای رۆحی ژیان لە عیسای مەسیحدا، ئازادی کردیت لە یاسای گوناهو مردن. (رۆما ٨: ٢).**

................

چونکە دەرونی مرۆڤ وە سروشتی مرۆڤ، وەک راکێشانی زەوی وایە کە پارچەیەک ئاسن بەردەیتەوە دەکەوێتە سەر رووی زەوی و زەوی رایدەکێشێت، بەڵام هێز و توانای رۆح وەک پارچەیەک موغناتیس وایە کە ئاسنەکە لەسەر زەوی بەرز دەکاتەوە بۆ لای خۆی و سەردەکەوێت بەسەر هێزی راکێشانی زەویدا.

یاسای گەناهو مردن، مرۆڤ رادەکێشێت بەرەو زەوی، بەڵام توانا و هێزی رۆحی یەزدان، کاتێک مرۆڤ بەباوەڕەوە وەریدەگرێت، سەردەکەوێت بەسەر یاسا و هێزی گوناهو مردندا لە لەشی مرۆڤدا، ئەوەی کە لەسروشتی مرۆڤدایە.

مل کەچیمان بۆ یەزدان و کاری رۆحی پیرۆز لە لەشماندا، دەبێت بەردەوام بێت، چونکە هەر کاتێک مرۆڤ خۆی دایە دەستی یاسای گوناە ئەوا دەکەوێت.

# ١٩ مارت

**من یەزدانم ناگۆڕێم. (مەلاخی ٣: ٦)**

................

گۆڕان سیمایەکە لە سیماکانی ژیان و بەردەوامی تێدایە، وەرزەکانی ساڵ نمونەیەکی زۆر روون و دیارە. لەدایک بوون، گەشەکردن و تەکنۆلوجیا، جاری وا هەیە ساڵێک بە سەرجیهانێکی تازە دا نەرویشتوە یەکێکی تازە دێتە بازارەوە، تەنانەت باری رامیاری و ئابوریش لەگەڵ سنوری وولاتاندا دەگۆڕدرێت، کوا وولاتەکانی یوغوسلافیا، کوا وولاتی سوڤیەتی یەکگرتوو، کوا ئەڵمانیای رۆژهەلات، کوا سنورەکان لە نێو جەرگەی ئەوروپادا؟

هیچ سنورێک نەماوە هەموو ئەم گۆرانکاریانە مرۆڤ والێدەکات ئاسودە نەبێت لە ژیانیدا و لە دڵەڕاوکێدا بژی.

بەڵام ئەوەی باوەڕی بە یەزدان هەیە و بەڕاستی باوەڕدارە، ئەو ترس و دڵەڕاوکێیەی نیە بۆ دوارۆژ، چونکە دەزانێت یەزدان ناگۆڕێت و ئەوەی ووتویەتی ناگۆڕێت: (عیسای مەسیح وەک خۆیەتی دوێنێ و ئەمڕۆ و هەتا هەتاییە) (عیبرانیەکان ١٣: ٨).

## ٢٠ مارت

**لەکاتی تەنگانەشدا شانازی دەکەین، چونکە ئێمە دەزانین کە تەنگانە دان بە خوداگریمان تێدا دروست دەکات، دان بەخۆداگرتنیش ئەزمون، ئەزمونیش هیوامان تیا دروست دەکات، ... چونکە یەزدان دڵمانی پڕکردووە لە خۆشەویستی خۆی بەو رۆحە پیرۆزەی بە ئێمەی بەخشیوە. (رۆما ٥: ٣ - ٥)**

................

دان بەخۆداگرتن مانای ئەوە نیە کە لایەنی بێدەنگی بگریت و جوڵە نەکەیت و لە ناخۆشیەکەدا بمێنیتەوە. دان بەخۆدا گرتن مانای زۆر لەوە گەورەترە کە رابوەستیت و مل کەچ بیت بۆ ئەوە وەزعەی تێیدایت.

دان یەخۆداگرتن پەیوەندی بە دڵ و میشکەوە هەیە و پەیوەندی بە بوونی هیواوە هەیە، پەیوەندی بە باوەڕ بە یەزدان هەیە کە یەزدان یارمەتی دڵ و دەرونت دەدات و یارمەتی بیر و بیرکرنەوەت دەدات بە هۆی رۆحی پیرۆزەوە ئەو رۆحە پیرۆزەی بە باوەڕدارەکانی بەخشیوە.

دان بەخوداگرتنی راستی ئەوەیە کە چاوەروانی یارمەتی یەزدان بیت بۆ رێگە پێشاندانت ، بۆئەوەی کە یەزدان لەکاتی تەواوی خۆیدا یارمەتیت بدات و دەستت بگرێت و ئاسودەیی بخاتە دەرونتەوە.

## ٢١ مارت ١ خاكەلیوە (سەری ساڵی تازەی كوردی)

**هەموومان وەک بەرخ وون بووین، هەریەكەمان ڕۆیشت بەرێگە خۆیدا و یەزدان گوناهی هەمووماني خستە سەر شاني (واتە عیسا) (ئیشەعیا ٥٣: ٦).**

..................

سوپای فەرەنسی دوای شەر و جەنگێكی گەورە و قورس لە شوێنێكدا مانەوە بۆ پشودان كە ئەوەندە دوور نەبوو لە دوژمنەوە. ناپلیۆن كە پێشرەوی سوپاكە بوو، ویستی بچێتە چادرەكەیەوە بۆ خەوتن بەڵام چونكە دوژمن نزیک
بوو لە سوپاكەیەوە نەیتوانی بخەوێت و خەوی لێ نەكەوت، ئینجا هەستا و لەنیوەی شەودا جلە سەربازیەكانی لەبەركرد و دەستی كرد بەگەڕان بەسەر سوپاكەیدا. كاتێک بەسەریانەوە دەگەرا دی لە لایەک سەربازێک لە سەربازەكانی لە هیلاكیدا خەوی لێكەوتووە و چەكەكەش كەوتووتە سەر زەوی، ئەم كارەش سزاكەی كوشتن و مردنە. ناپلیۆن چەكەكەی هەڵگرتەوە و لەجێگەی سەربازە خەوتوەكە راوەستا تاوەک دنیا روون بووەوە، كاتێک سەربازەكە بەخەبەر هاتەوە زۆر ترسا كەدی وا ئیمپراتۆر ناپلیۆن وا بە تەنیشتیەوەیە، ئەویش پێی ووت مەترسە، تو خەوت لێكەوتبوو بەڵام من لە جێگەی تۆ راوستام و ئێشكم گرت. مەسیحیش لە جێگەی ئێمە راوەستا و ئەركی گوناهی هەموو مرۆڤی خستە سەر شانی خۆی.

## ٢٢ مارت

**هەمیشە دڵشاد بن بە یەزدان، جارێکی کەش پێتان دەڵێم دڵشاد بن. با روو خۆشیتان دیار بێت لای هەموو خەڵک. (فلیپی ٤: ٤ـ٥)**

................

ووتە بێژێکی مەسیحی رۆژێک سەردانی هاوڕیەکی کرد کە باوەڕدار بوو، ئەم کابرایە لە تەمەندا بوو و کەتبووە جێگەوە نزیک ببووەوە لە مردن.

ووتە بێژەکە لە کابرای هاوڕێی پرسی دڵشادیت؟

بەزەردەخەنەوە وەڵامی دایەوە: بەڵێ

ئینجا دەستی بەرزکردەوە و پەنجەی راکێشا بۆ پەرتووکی پیرۆز و ووتی: من دڵشادم چونکە عیسای مەسیحم هەیە لەم پەرتووکەدا، ئینجا دەستی خستە سەر دڵی و دیسان ووتی: چونکە عیسای مەسیح لە دڵمدایە.

دوایی دەستی راکێشا بۆ ئاسمان و ووتی: چونکە عیسای مەسیح لەوێ چاوەروانم دەکات.

کەواتە ئەی خوێنەری بەرێز وەرە عیسا وەرگرە لە دڵتا تا وەک دڵت هەمیشە لە خۆشیدا بێت، تا وەک هەموو کات دڵشاد بێت، لە سەر زەوی و لە ئاسمانیش.

## ٢٣ مارت

**لەگەڵ یەکتری بەبەزەیی بن، لە یەکتری خۆش بن هەروەک چۆن یەزدان بەهۆی مەسیحەوە لە ئێوە خۆش بووە. (ئەفسوس ٤: ٣٢)**

........................

لەناو هەندێک لەگەل و هۆزەکانی ئەفریقادا، گەر هات و کەسێک خراپەیەک یاخود کارێکی ناڕەوای کرد، سزا دەدرێت بەوەی کە لە لادێ و ماڵی خۆی دەربکرێت و بڕوات بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لەناو دارستانێک نزیک بە لادێکەی بژی. دوای چەند ڕۆژێک دەگەڕێتەوە بۆ لادێکەی و بۆ ناو هۆز و خێزانەکەی خۆی، لەدوورەوە ڕادەوەستێت و منداڵێک هەندک نان و خواردنی بۆ دەبات و دەیخاتە بەر دەمی، ئەمەش وەک نیشانەیەک بۆ لێخۆشبوون و لێ بووردن لەلایەن خەڵکی لادێکەوە، ئیتر دوای ئەوە لێ پرسینەوە نابێت لەسەری و نابێت گیروگرفت دروست بێت لەنێوان گوناهبارو خەڵکی لادێکەدا. ئەگەر بێتوو لێخۆشبوون و لێبووردن ئەوەندە گرنگ بێت لە نێوان مرۆڤدا و مرۆڤ بیری لە شێوەوەیەکی ئاوەها کردبێتەوە بۆ دروست کردنی ئاشتی لەناو هۆزەکەیدا، ئیتر دەبێت لێخۆشبوون و لێبووردن لە نێوان مرۆڤ و یەزداندا چەند گرنگی و قورسایی هەبێت.

# ٢٤ مارت

**خۆت بدە دەستی یەزدانەوە، ئاشتبەرەوە لەگەڵیا، بەمە چاکەت بۆ دەبێت. (ئەیوب ٢٢: ٢١).**

................

چ چاکە یەکت بۆ دەبێت گەر خۆت دایە دەستی یەزدان وە عیسای مەسیحت بە رزگارکەری خۆت وەرگرت؟

١. رزگار بوون لە مردنی هەتا هەتایی و بەدەست هێنانی ژیانی هەتا هەتایی. (یۆحەننای **٥: ٢٤ ــ ٢٥**).

٢. مرۆڤ دەبێتە رۆڵەی یەزدان و بەمەش دەبیتە میراتگر. (غەلاتیە **٤: ٦ ــ ٧**).

٣. رۆحی پیرۆز دێتە لەشتەوە (ئەفسۆس **١: ١٣**).

٤. دوور کەوتنەوە لەگەندەڵی جیهان و بەشدار بوون و تێکەڵ بوون لەگەڵ سروشتی یەزدانیدا. (پەترۆسی دووهەم **١: ٤**).

٥. هێزێک وەردەگریت، بەوهێزە سەر دەکەویت بەسەر جیهان و گوناهو شەیتاندا. (یۆحەننای یەکەم **٥: ٥**).

٦. دەبیتە بەشێک لەلەشی عیسای مەسیح (ئەفسۆس **٥: ٣٠**).

٧. دوایی لەگەڵ عیسا دا دەبیت لەو شوێنەی لێیەتی. (یۆحەننا ١٧: ٢٤).

٨. بەشداری دەکەیت لەحوکمرانی لە ئاسمان. (بینین **٢٢: ٥**).

## ٢٥ مارت

**دەربارەی هیچ شتێک دڵەراوکی نەتانگرێ، بەڵکو لە هەموو شتێکدا داواکاریەکانتان پێشکەشی یەزدان بکەن بە نوێژ و پارانەوە و سوپاسی. ئاشتی یەزدان، ئەوەی بەرزترە لە سنووری بیری مرۆڤ، دڵ و بیرتان دەپارێزێت لە عیسای مەسیحدا. (فلیپی ٤: ٦ ـ ٧).**

...............

کابرایەک بە مەسیحیەکی باوەڕداری ووت: کاکە گیان من گیروگرفتەکانم راستیە و قورسە. مەسیحیەکەش ووتی: بەڵام هێز و توانای مەسیحیش راستە و بەهیزە، توانای ئەو بۆ یارمەتی گەورەو مەزنە ، پشت بەستن بەو( واتە عیسا) یاریدەرە بۆ گیروگرفتی ژیان.

پەرتووکی پیرۆز بخوێنەرەوە و بزانە کە یەزدان چۆن و وە بە چ رێگەیەک دەیەوێت یارمەتیت بدات، من پێت دەڵێم، گرنگترین شت بۆ تۆ ئیستا ئاشتی دەرونتە، دەوروبەرت گەر هەمووی رەشەباو باوباران بێت، ناتوانێت کار بکاتە سەر دەرونت چونکە ئاشتی یەزدانی تیایە! (ئاشتی یەزدان، ئەوەی بەرزترە لە سنوری بیری مرۆڤ، دڵ و بیرتان دەپارێزێت).

# ٢٦ مارت

**چونکە ڕۆڵەی مرۆڤ (واتە عیسا) هاتووە بۆ دۆزینەوەی وون بووەکان و زرگارکردنیان. (لۆقا ١٩: ١٠).**

................

ڕۆژێکیان میوان بووم لە شارێک کە لەسەر کەناری دەریا بوو، هاوڕێیەکم بردینی بۆ پیاسە لەسەر کەناری دەریا.
لەکاتی پیاسەکردندا دووکانێکی تەختەی بچوکم بینی لە تەنیشتیەوە ژۆرییێکی بچوکی هەبوو لەسەری نووسرا بوو (منداڵانی وون بوو)، منیش پرسیم ئەمە مانای چیە. هاوڕێکەم ووتی: کاتی هاوین کە خەڵکیکی یەگجار زۆر دێن جاروبار مناڵان وون دەبن لە دایک و باوکیان، هەر کەسێک مناڵێکی وون بوو بدۆزێتەوە دەیهێنێت بۆ لای ئەم دوکانە تەختەیە و ئینجا ئەو باوک و دایکەش کە مناڵەکەی وون بووە دێت بۆ ئێرە بۆ وەرگرتنەوەی منداڵەکەی...
بەڕێزان زۆر کەس هەن لەم جیهانە دا کە نازانن مرۆڤ لەسروشتەوە وون بووە. بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە عیسای پیرۆز بریتیە لەو کەسەی دەستی وون بووەکان دەگرێت بۆ ئەوەی بیانباتە جێگە و شوێنی تەواو بۆ گەیشتنەوە بەیەزدانی باوک.
کەواتە ئەی منداڵی وون بوو دەست بدە بەدەستی عیساوە.

## ٢٧ مارت

**ئەگەر داود پێی بڵێ خوداوەند، ئیتر چۆن دەبێ بە ڕۆڵەی؟ (مەتتا ٢٢: ٤٥). راتان چیە دەربارەی مەسیح، ئەو رۆڵەی کێیە؟**

................

رێگەم بدەن پرسیارێک بکەم کە زۆر گرنگە بۆ هەموو مرۆڤێک.
بەرای تۆ عیسای مەسیح کێیە؟
کاتێک عیسای پیرۆز خۆی ئەم پرسیارەی کرد، پێیان ووت: تۆ رۆڵەی داودی پێغەمبەریت.
باشە ئەگەر پێغەمبەر داود خۆی بە عیسا بڵێت (ئەی خوداوەند) ئیتر چۆن عیسا دەبێت بە رۆڵەی داود... (مەتتا **٢٢: ٤٥).**
بەرێزان ناسینی عیسای مەسیح پێویستی بە ئاشکرا کردنێکی یەزدانی هەیە لەلای یەزدان خۆیەوە وەک لە (مەتتای **١٦: ١٣ ـ٧).** کە پەترۆس دەڵێت: (تۆ مەسیحیت رۆڵەی یەزدانی زیندووی). ئینجا مەسیح پێی ووت ئەم زانینە لە تۆوە نیە بەڵکو لەیەزدانی باوکەوەیە.
بەرێزان عیسای مەسیح وێنەی یەزدانی نەبینراوە، ئەو ووشەیەیە کە بوو بە جەستە و هات بۆ لامان تا وەک لەگەڵمان بدوێت و بە قوربانیەکەی رێگەی رزگاریمان نیشان بدات.

## ٢٨ مارت

**فێرم بکە بەرەزامەندی تۆ هەڵسوکەوت بکەم، چونکە تۆ یەزدانی منی. (زەبور ١٤٣: ١٠).**

................

یەکێک لە زانایان کە مەسیحیەکی باوەڕدارە دەنووسێت:

گەر لە رۆژ بپرسیت، چی دەکەیت؟ دەڵێت: رەزامەندی یەزدان جێبەجێ دەکەم.

لەدەریا و ئاسمان و هەور و زەوی و دار و درەخت بپرسیت، چی دەکەیت؟ دەڵێن: رەزامەندی یەزدان جێبەجێ دەکەین.

بەڵام لە مرۆڤ بپرسە، چی دەکەیت؟ دەڵێت: من رەزامەندی و خواستی خۆم جێبەجێ دەکەم و بە خواستی خۆم هەڵسوکەوت دەکەم، من سەربەستم.

بەرێزان تکایە با ئەم نوێژ و دوعایە بکەین بەیەکەوە. ئەی یەزدان رێگا کانتم پێ بناسێنە، فێرم بکە رێ و رێچکەت، رامبهێنە لە سەر راستی و دروستی و فێرم بکە، چونکە تۆ یەزدانی رزگارکەرمی. (زەبور٢٣: ٤ ـ ٥).

## ٢٩ مارت

**هەموو شتێک کار دەکەن بەیەکەوە، لە پێناوی خێر و چاکەی ئەوانەی کە یەزدانیان خۆش دەوێت. (رۆما ٨: ٢٨).**

................

ژنێکی پیر کە لە ژورێکدا دەژیا و ژورەکەی تەنها جێگای خەوتن و مێزێکی تیا بوو بۆ نان خواردن، زۆر بە فەقیری دەژیا.
رۆژێک میوانێکی هات و دوای هەندێ قسە و باس، میوانەکە لێی پرسی: باشە ئەوە تۆ کاتی وا نایەت زویر بیت لەم ژیانەی خۆت و گلەیی بکەیت لە وەزعی خۆت؟ لە وەلامدا ووتی:
بەڵێ چۆن، زۆر جار شەیتان دێتە بیرمەوە و خەریک دەبێت... بەلام من خێرا دەچمە سەر کورسیە ئیسراحەت و خۆشەکەم و لەش و گیانم ئاسودە دەبێت.
میوانەکەش چاو دەگێرێت بە ژوورەکەدا و دەڵێت: من هیچ کورسیەک نابینم، ئەویش دەڵێت: کورسی پشو و ئیسراحەتی من بریتیە لە ئایەتی رۆما (٨: ٢٨) و ووتەی پەرتووکی پیرۆزە.

## ٣٠ مارت

**ئایا ئەوەی دەیخوێنیتەوە تێیدەگەیت؟ (کرداری نێرراوان ٨: ٣٠).**

...............

ئەمە ووتەی یەکێک لە نێرراوانی عیسای مەسیحە بە ناوی (فیلیپۆس) ئاراستەی وەزیری دارایی وولاتی حەبەشەی کرد لە سەدەی یەکەمی زایینیدا. کابرای وەزیر کاتێک خەریکی خوێندنەوەی پەرتووکی ئیشەعیا بوو کە بەشێکە لە پەرتووکی پیرۆز، فیلیپۆس لێی پرسی: ئایا ئەوەی دەیخۆێنیتەوە تێی گەیشتیت؟

لە وەڵامدا ووتی: چۆن بتوانم گەر یەکێک بۆم روون نەکاتەوە؟ مەبەستی ئەوە بوو کە یەکێک پێی بڵێت، ئەو بەرخی قوربانیەی کە ئیشەعیا نێرراوی یەزدان باسی لێوە دەکات کێیە؟ فیلیپۆس بە باشی تێیگەیاند، کە ئەو بەرخی قوربانیە مەبەست لەعیسای مەسیحە، ئەوەی خوداوەندە و هاتە سەر زەوی و جەستەی مرۆڤی وەرگرت و بوو بە قوربانی لە پێناوی گوناهی مرۆڤدا، تاوەک مرۆڤ لە سزای مردنی هەتا هەتایی رزگار بکات، ئەویش ووتی: من باوەڕ دەهێنم

خۆینەری بەرێز تۆش گەر دەتەوێت بیزانیت عیسای مەسیح کێیە و بیناسیت، پەرتووکی پیرۆز بەتەواوی بخوێنەرەوە!

## ٣١ مارت

**مەبەستم لە یەکسانی ئەوەیە،... با پڕی ئێوە (واتە ئەوەی زیادە لێتان) کەم و کوڕی ئەوان پڕ بکاتەوە و پڕی ئەوانیش کەم و کوڕی ئێوە پڕ بکاتەوە. (کۆرنسوسی دوو ٨: ١٤).**

................

رۆژێک کوڕێکی گەنج کە تەمەنی ئەوندە نەبوو لە کۆبوونەوەیەکی نوێژو و پەرتووکی پیرۆز خوێندنەوە هاتە دەرەوە و لەو کاتەدا کورێکی هاوڕیی بینی کە باوەڕی بە بوونی یەزدان نەبوو، پێی ووت: ئەوە لەکوێ بوویت؟

ئەویش ووتی: لە کۆبوونەوەی نوێژ و خوێندووی ووشەی یەزدان. ئینجا پێی ووت: باشە چی فیر بوویت؟ ووتی: خۆشەویستی یەزدان. ئەوسا بە تانەوە پێی ووت: باشە ئەو خوایەی تۆی ئاوا خۆش دەوێت. چۆن دەبێت بەو کراس و پانتۆلە وازت لێبهێنێت ، گەر تۆی خۆش بوێت دەستێک جلی تازە و جوانت دەداتێ.

لێرەدا کوڕە گەنجەکە، بێ بیرکردنەوە ووتی: یەزدان خەڵک رادەسپێرێ بۆ ئەو کارە، بەڵام لەوانەیە ئەو کەسە لەبیری کردبم. بەڵێ ئەوەی ئەو کوڕە گەنجە بێ بیرکردنەوە ووتی راستە، کەسانی باوەڕدار ئاگادارن و جارێکی کەش کۆرنسوسس دوو ژمارە (٨: ١٤) بخوێننەوە.

## ١ نیسان

**ئەوە رزگاری کردین... رزگارمان دەکات... هیوامان لە ئەودایە کە دوایش رزگارمان دەکات. (کۆرنسوسی دوو ١: ١٠).**

................

کابرایەکی پارێزەر ماوەیەک خووی گرتبوو بە خواردنەوەوە و هەموو رۆژێک دەیخواردەوە و بەتەواوی سەرخۆش دەبوو تا وای لیهات خەریک بوو کارەکەی لەدەست بدات و نەتوانێت بەردەوام بێت لە ئیش و کاریدا.

پاشماوەیەک بە حەزی لەخواردنەوە دەکرد، بەڵام ئەو هەستاو پەرتووکی پیرۆزی هێنا تا خۆی خەریک بکات بە خوێندوەی ووتەی یەزدانەوە، باسی نێرراوی یەزدان دانیالی خوێندەوە کە چۆن دۆعای کرد و لە یەزدان پارایەوە دەمی ئەوشێرە برسیانە ببەستیت تا وەک نەیخۆن. کابرا لێرەدا مەسەلەی خوارنەوەکەی لا وەک شێریکی برسی دەبینی ،کە دەوپشتی خەیاڵی دەدات و ووتی: باشە گەر یەزدان بتوانێت دەمی ئەو شێرە برسیانە ببەستێت ئەوا دەتوانێت بیری خواردنەوەکەی منیش ببەستێت و لای بەرێت، ئیتر کابرا لەو شەوەوە بیری لە خواردنەوە نەکردەوە.

## ٢ نیسان

**خۆزگە دەخوازرێت بەوانەی گوناهەکانیان بەخشراوە و هەڵەکانیان داپۆشراوە! (رۆما ٤: ٧).**

................

مارتن لۆتەر دەڵێت: مرۆڤ لە مرۆڤ دەکەوێت، جاری وا هەیە زمان بەردان دەکەوێت، هەندێ جاریش پەنجە بەر ناوی چاو دەکەوێت و ئەمانە هەمووی ئازاری دەبێت و تۆشی ئازارمان دەکات.

بەڵام گەر ئەمە لە نێوان مرۆڤدا روویدا بەتایبەت باوەڕداران، دەبێت دان بەخودا گرتن هەبێت و بەزەیی هەبێت بەرامبەر ئەو لایەنەی توشی ئازار بووە و زەرەرمەند بووە یاخود دڵی شکاوە و زویر بووە. ئەمانە زۆر پێویستن، گەر کۆمەڵێک وەک یەک لەش و جەستەیە.

لە یەک لەش و جەستەدا پێویستە لێبووردن، لێخۆش بوون، ئاشت بوونەوە، یەکێتی و پاکی و خۆشەوستی هەبێت.

# ٣ نیسان

**بەسەر خراپەکاردا سەرکەوتن. نەجیهانتان خۆش بوێت، نە ئەو شتانەی تیایەتی. (یۆحەننای یەکەم ٢: ١٤ ـ ١٥).**

................

زۆر ئاگادار بە لە خۆشەویستی بۆ جیهان و بۆ پارە و ماڵ و سەروەت و سامان.

ئایا هۆی مردنی ژنەکەی لوت چی بوو؟

خۆشەوستی بۆ جیهان. پەیدابوون**١٩: ٢٦**، لۆقا **١٧: ٣٢)**.

ئایا هۆی مردنی یەهوزای ئەسخەریوتی چی بوو؟ خۆشەویستی بۆ پارە (مەتتا **٢٦: ١٤، ٢٧: ٢٥)**.

ئایا هۆی زیان بەخش بۆ (دیماس) چی بوو؟ خۆشەویستی جیهان (تیمۆساوسی دوو **٤: ٩)**.

ئایا هۆی لەناوچوونی سیمۆنی جادوگەر چی بوو؟ خۆشەویستی پارە. (کرداری نێرراوان **٨: ١٤ ــ ٢٣)**.

ئایا هۆی گەڕبوونی جیحزی چی بوو؟ خۆشەویستی پارە (پادشایانی دوو **٥: ٢٠ ــ ٢٧)**.

ئەمانە و چەند نموونەی تر هەن لە پەرتووکی پیرۆزدا و ئێمە لەژیانی رۆژانەماندا بیستوومانە کە خۆشەویستی ماڵ و پارە چەند کەس و چەند ماڵی سەرگەردان کردوە.

# ٤ نیسان

**ئەبرامیش (واتە حەزرەتی ئیبراهیم) بەسەر روویدا کەوت، یەزدانیش قسەی لەگەڵدا کرد... پەیدابوون١٧: ٣).**

................

ئێمەی مرۆڤیش پێویستە وەک حەزرەتی ئیبراهیم بکەوین بەروودا و نوێژ بکەین و لەگەڵ یەزداندا بدوێین و داواکاری و هەست و نەستی خۆمانی بۆ دەرخەین لە هەموو کات و ساتێکدا. پێویستە خواستی خۆمان و خواستی دەرونیمان و گیروگرفتی رۆژانەمان و چی پەیوەندی بەژیانەوە هەیە بە دووان و قسەکردن لەگەڵ یەزداندا باسی بکەین و بنوارینە ووشەکانی لە پەرتووکی پیرۆزدا، بزانین یەزدان چی دەڵێت و چ رێگایەکی داناوە.

یەزدان لەژیانی زۆر کەس لە جیهاندا دەوری باوکی گەورە دەبینێت، گەر یەکێک باوک بێت دەزانێت دڵی باوک چۆنە بۆ رۆڵەکانی، ئەوەش کە هێشتا نەبووە بەباوک، باش دەزانێت کە رۆڵە دەبێت چۆن هەڵسوکەوت بکات بەرامبەر بە باوک، کەواتە بەروودا بکەون و نوێژ بکەن تا یەزدان لەگەڵ دڵ و دەرونتاندا بدوێت.

# ٥ نیسان

**سوپاس بۆ یەزدان، ئەوەی سەرکەوتنی بە ئێمە بەخشیوە بەهۆی عیسای مەسیحی خوداوەندەوە. (کۆرنسۆسی یەک ١٥: ٧٥).**

..................

* سەرکەوتنی تەواوەتی ئەوەیە کە رێگە بدەین بە عیسای مەسیح بەرۆح سەرکەوێت بەسەر ناوەرۆکماندا.
* کاتێک هەندێک ئێمە لەبیر دەکەن یاخود پشت گوێمان دەخەن، بەمەبەست یان بێ مەبەست ئێمە پێویستە لەدەرونەوە زەردەخەنە بمانگرێت و تێک نەشکێین، بەمە ئێمە سەردەکەوین.
* کاتێک درۆمان بۆ هەڵدەبەستن و هیوامان بە یارمەتی مرۆڤ نامێنێت، بەتوانجەوە قسەیەکمان ئاراستە دەکەن یاخود گوێی تەواو بۆ قسە و پیشنیارمان ناگرن، ئینجا ئێمەش ئەمە بە نەرم و نیانی و سەیرەوە وەرگرین، ئالێرەدا ئێمە سەرکەوتوین.
* کاتێک ئەوەندە باسی گەورەیی و زیرەکی و مەزنی خۆمان ناکەین و زیاتر باسی گەورەیی و زیرەکی و مەزنی بەرامبەرەکەمان و خەڵکی کە دەکەین، ئا لێرەشا ئێمە سەرکەوتووین.

## ٦ نیسان

**لەبەرئەوە ئاوات پێدەکەم ئەی ئیسرائیل، لەبەرئەوەئەمەت پێدەکەم، ئامادەبەبۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی خوداکەت ئەی ئیسرائیل. ( عاموس ٤: ١٢ )**

.................................

گەر کەسێک بیەوێت بڕوات بۆ وولاتێکی نامۆی زۆر دوور وە بیەوێت بە ئێکجاری لەوێ بمێنێتەوە و باقی ژیانی لەوێ بباتەسەر، ماوەیەکی چاکی دەوێت کە خۆی ئامادە بکات بۆ ئەو سەفەرە گرنگە...

بەرێزان ئێمەی مرۆڤیش هەمووومان بەو شێوەیە دەبێت ماوەیەکی چاک خۆمان ئامادە بکەین بۆ رۆیشتنمان لەسەر زەوی کاتێک دەمرین وە چونمان بۆ ئەو وولاتەی کە ئیتر باقی ژیانمانی تێیدا دەمێنینەوە. ئێمە نازانین ئەو سەفەرە یاخود بلێین مردن کەی دێت بۆلامان، بەلاّم زۆر پێویستە کە خۆمان ئامادە بکەین.

پەرتووکی پیرۆز دەڵێت: ئامادەبە بۆ بەیەک گەیشتنت لەگەڵ یەزداندا. گوناهو دڵت بەخوێنی قوربانیەکەی عیسای مەسیح پاک کەرەوە، بەم شێوەیە ئامادە دەبیت بۆ سەفەرەکەت لەهەر کاتێکدا بێت.

## ٧ نیسان

**ئیلیای نێرراوی یەزدان ووتی: ئەی یەزدان ژیانی ئەم کوڕە بگەڕێنەوە. (پاشایانی یەک ١٧: ٢١). عیسای مەسیح ووتی: ئەی کوڕی گەنج بەتۆ دەڵێم هەستە! (لۆقا ٧: ١٤).**

.................

بەڕێزان ئیلیا کە یەکێک بوو لە پیغەمبەران و لە بەشی کۆنی پەرتووکی پیرۆزدا باسی لێدەکرێت، لەماڵی ژنێکی بیوەژن بوو کە تەنها کوڕێکی هەبوو لەپر کوڕەکەی مرد و ئەمیش زۆر دڵگران بوو بەمە. ئیلیا چۆکی دادا بۆ یەزدان و بەگەرمی لە یەزدان پاڕایەوە تاوەک رۆح و ژیان بگەڕێنێتەوە بۆ کوڕی بێوەژنەکە، یەزدان داوا کاریەکەی جێبەجێ کرد و چوو بۆ شاری نایین بینی کەوا هەندێک تەرمی کوڕی بیوەژنێک بەسەر شانیانەوەیە و بێوەژنەکە خۆشی لەگەڵ تەرمەکەیە، بەزەیی بە بێوەژنەکەدا هاتەوە و دەستی لە دارەمەیتەکەدا و ووتی: ئەی کوڕی گەنج بە تۆ دەڵێم هەستە! وەک فرمان فەرمانی کرد کە لەمردن هەستێت و زیندو بێتەوە جیاوازی ئەم دوو رووداوە دادەنێم بۆ خوێنەر خۆی کە پرسیار بکات، باشە ئایا دەبێت دەسەڵاتی عیسای پیرۆز چەند بێت و کێ دەتوانێت بەفەرمانی خۆی مردوو زیندوو بکاتەوە.

# ٨ نیسان

**خۆتان بەرۆحی پیرۆز پڕ بکەن! (ئەفسۆس ٥: ١٨)**

................

کابرایەکی ووتاربێژی مەسیحی دەڵێت: رۆژێک لە ماڵی هاوڕیەکم دانشتبووین لەگەڵ چەند کەسێکدا باسی رۆحی پیرۆزم بۆ دەکردن و باسی ئەوەم دەکرد کە پێویستە مرۆڤ داوای ئەوە بکات کە رۆحی پیرۆز هێزوتوانا دەدات بە مرۆڤ لە ژیانیدا و بەهێزوتوانای دەکات.

لێرەدا یەکێک ووتی من دەمەوێت نوێژ بکەم بۆ ئەوەی رۆحی پیرۆز بێتە لەش و دەرونمەوە ووتم: زۆر باشە بەلاّم پێش ئەوە من دەمەوێت نموونەیەک بهێنمەوە، سەیری ئەم ژوورەکەن کە ئێمەی تێدا دانشتووین، ئێمە حەوت کەسین بەلاّم ئەگەر بمانەوێت جێگەی چەند کەسێکی کە بکەینەوە دەبێت هەندێک لە دۆلاّب و میز و شتی کە لە ژوورەکە فڕێ بدەینە دەرەوە تا وەک چەند کورسیەکی کە بهێنین بۆ دانشتنی ئەوانی کە.

گەر تۆ دەتەوێت رۆحی پیرۆز بێتە لەشتەوە، پێویستە هەندی شتی خۆت فڕێ بدەیتە دەرەوە لەوانەی بەکەڵک نا یەن تاوەک جێگە رۆحی رەوان بکەیتەوە لە لەشتدا.

# ٩ نیسان

**زمان شیرین بن لەگەڵ یەکتری، بەبەزەیی بن، لەیەکتری خۆش بن هەروەک چۆن یەزدان بەهۆی مەسیحەوە لە ئێوە خۆش بووە. (ئەفسۆس ٤: ٣٢).**

..................

بەزەیی نیشانەی هێزە، لێخۆش بوون نیشانەی هێزە. کاتێک بەبەرامبەرەکەت دەڵێیت، بە یارمەتی...، ببورە... لێم خۆش بە... یان هەروەک کوردی کوردستان بەشی رۆژهەڵات دەڵێن: نۆکەرتم، ئەم ووشانە زۆر باشتر و خۆشتر و شیرین ترە لە ووشەی ووشک و گەرم و ناخۆش.

من سەرپشکم لەوەی ووشەی شیرین و باش لە کەسایەتی مرۆڤ بەرزدەکاتەوە چەند کەس لەگەڵ یەکتر زویرو عاجز بوون، یاخود پەیوەندیان پچڕیوە، لەبەر ئەوە ووشەیەک یان ووتەیەکی ناخۆش یان خراپ لە نێوانیاندا ووتراوە؟

با زمانمان شیرین بێت لەگەڵ یەکتری و عیسا بخەینە دڵ مانەوە و رۆحی پیرۆز بێنینە لەشمانەوە تا وەک قسەکردنمان پڕ بێت لە خۆشەویستی و دڵمان پڕ بێت لە بەزەیی ولێبوردن.

# ١٠ نيسان

**ئەو سوێندەی بۆ ئیبراهیمی باوکمانی خوارد، بۆ رزگارکردنمان لەدەستی دوژمنان، تا بەبێ ترس بیپەرستین... (لۆقا ١: ٧٣ ـ٧٤).**

.................

ترس لە ژیاندا گیروگرفتێکی گەورەی مرۆڤە، دەرونی مرۆڤ تێک دەدات. ترس چەکی شەیتانە و شەیتان بەکاری دەهێنێت بەرامبەر بە مرۆڤ.

بەڵام یەزدان پارێزەرە وە دەمان پارێزێت لەو گیروکرفتە.

١. بوونمان لەگەڵ یەزداندا (زەبوری **١٦: ٨ ـــ ٩** پادشایان **١٨: ١٥**) دیسان بینیمان بۆ یەزدان لە هەموو بارودۆخێکا، دەمان پارێزێت لە ترس (پادشایان **٦: ١٥ ـــ ١٧**، زەبوری **٢٣: ٤**).

٢. زانیمان بۆ خواستی یەزدان و توانای ئەو، ئاسودەیمان لە لەش وە لە بارودۆخی خراپ و قورسدا. (زەبوری **٢٧: ١**، **٤٦: ١ ـــ ٢**، **١٠٨: ١**، **٨٥: ٥ ـــ ٧**).

## ١١ نیسان

**قامیشێکی کوتراوە... پلیتەیەکی دوکەڵدارە. (مەتتا ١٢: ٢٠).**

................

قامیش بۆ زۆر شت بەکاردێت، لەوانە بۆ ئامێری موسیقا، بەڵام ئەگەر کوترابێت ئەوا دەنگی موسیقاکە یان دەرنایەت یان نوزەی لێوە دێت. پلیتەش کە دوکەڵی کرد، ئەوا رووناکی کەمە و رووناکی تەواو نادات.

گەر کەسێک زانی دەنگ و گۆرانی و هاواری بۆ لای یەزدان نوزەی لێدێت و کەمە یان کەم بۆتەوە، هەروەها رووناکی یەزدان لەژیانیدا دووکەڵ دەکات و هەر گڕدەگرێت، ئەوا داوا لە یەزدان بکات، یەزدان دەنگ و نوزەی بەرز دەکاتەوە بەشێوەیەکی جوان و راست و رووناکی دەرونی خۆش دەکات بە شێوەیەک کە رووناکیەکەی لەباتی دووکەڵ بدرەوشێتەوە.

## ١٢ نیسان

**لەسەرەتاوە ووشە بوو، ووشەکە لای یەزدان بوو، ووشەکە خۆی یەزدان بوو، ئەو هەر لەسەرەتاوە لای یەزدان بوو. بەو هەموو شتێک دروست بووە، بێ ئەویش هیچ شتێک دروست نەبووە. (یۆحەننا ١: ١).**

.................

لێرەدا خوداوەندی (ووشەمان) بۆ دەردەکەوێت (ووشە) ناوێکی تایبەتیە بە یۆنانی بۆ عیسای مەسیح بەکار هاتووە، لێرەدا ئەم ووشەیە مەبەست لەووشەی قسەکردن یان نووسین نیە ئەوەی مرۆڤ قسەی پێ دەکات یان دەینووسێت. بەڵکو ناوێکە لە ناوەکانی عیسای پیرۆز عیسا وێنەی یەزدانی نەبینراوە، نۆبەرەی هەموو بوونەوەرانە. هەر بەویش هەموو شتێک دروست بووە، ئەوەی لە ئاسمان و لەسەر زەویە، ئەوەی دەبینرێت و نابینرێت. (کۆلۆسی ١: ١٥ ــ ١٦).

# ١٣ نيسان

**بەڵام ئێمە وڵاتمان لە ئاسمانە، لەوێ بە ئارەزووەوە چاوەڕوانی هاتنی رزگارکەر عیسای مەسیحی خوداوەندی تیا دەکەین، ئینجا ئەو لەشی بێ نرخمان دەگۆڕێت بۆ شێوەی لەشی شکۆداری خۆی. (فیلیپی ٣: ٢٠ ـ ٢١).**

.................

کابرایەکی مەسیحی باوەڕدار لە کەوتنەوەی ئاگرێکدا لەش و گیانی زۆر دەسوتێت، بە شێوەیەک کە پێستی لەشی هەمووی لێدەبێتەوە، بۆ پزیشکەکان دەدوێت و ئینجا پزیشکەکە روو دەکاتە کەس و کاری و دەڵێت:

بەراستی لە توانای ئێمە دانیە رزگارکردنی لەوە دەکات نەخۆشەکەتان ماوەیەکی کە بمرێت، نەخۆشەکەش کە هێشتا توانای بیستنی ماوە پزیشکەکە بانگ دەکات و دەڵێت من ئەوەندە ترسم لەمردن نیە، چونکە ماڵ و شوێنی من لە ئاسمانە.

## ١٤ نیسان

**چونکە ترسی خوداوەند لە دڵماندایە، هەوڵ دەدەین خەڵکی باوەڕ بهێنن.. خۆشەویستی مەسیح دەستی بەسەر ئێمەدا گرتووە، لەبەر ئەوەی زانیمان کەوا یەکێک لە جیاتی هەموو خەڵکی مرد... کەواتە ئێمە باڵیۆزی مەسیحین. (کۆرنسۆسی دوو ٥: ١١، ١٤، ٢٠).**

................

نێرراوی خوداوەند کە ناوی پۆلس بوو، بەهۆی رۆحی پیرۆزەوە نامەی کۆرنسۆسی نووسی ئەوەی لە مزگێنی ئینجیلدا دەیخوێنینەوە. بەتایبەتی بەشی پێنجی ئەم نامەیە باسی دوو خاڵ دەکات کەوا پۆلس بۆچی دەیەوێت ووشەی یەزدان رابگەیەنێت و بلاوبێتەوە.

یەکەم: چونکە ترسی یەزدان لە دڵمانایە بۆ تاوانبارکردن بەهۆی سروشتی گوناهباری مرۆڤەوە، ئەوەی سزاکەی مردنی هەتا هەتاییە.

دووهەم: خۆشەویستی مەسیح دەستی بەسەرماندا گرتووە و ئەو خۆشەویستیە بەراستی و بەتەواوەتی هەموو دڵی پۆلسی گرتبووەوە.

هەر بەو شێوەیەی کە دڵی (شاوڵی) گرت و لە دوژمنێکی گەورە بەرامبەر کەسانی مەسیحی، وە بوو بە خزمەتکاری یەزدان و ووشەی یەزدانی بلاودەکردەوە. ووشەی یەزدان دەتوانێت دڵی رەق نەرم بکات و بەدڵی هەست بە خۆشەویستی یەزدان بکات.

## ١٥ نیسان

**چونکە ئێوە بەبەزەیی رزگاربوون، بەهۆی باوەڕەوە، ئەمەش لە ئەنجامی هەوڵدانی خۆتان نەبووە، بەڵکو دیاری یەزدان بوو. (ئەفەسۆس ٢: ٨).**

...............

کەسێک گەر سواری کەشتی گەورە بوو بێت، دەزانێت لە قەراغی کەشتیەکە، کەشتی بچوک هەڵدەواسرێت و جلی تایبەتی و بازنەی پڕ لە هەوا کە لە شێوەی تایەی ئوتومبێلدایە، ئەمە هەمووی بۆ رزگاربوونی مرۆڤ لە خنکاندن.
ئەگەر کەشتیەکە کەوتە گێروگرفتەوە و ئاو هاتە ناو کەشتیەکە، ئەوا مرۆڤ بە باوەڕەوە ئەو جلانە لەبەر دەکات و بازنەکە دەخاتە قەدی و سواری بەلەم یان کەشتیە بچوکەکان دەبێت، بەهیوای رزگاربوونەوە. ئەو کەسەی دەڵێت من باوەڕ بەوە دەکەم کە عیسا رۆڵەی یەزدانە و هیچی تر، لەو کەسە دەکات کەوا باوەڕی هەیە بەو جل و بازنە و بەلەمە بچوکانە کەوا بۆ رزگارکردن دانراوە، بەڵام سەد لە سەد دڵنیانیە لەوە کە رزگاری دەبێت لەگەڵ ئەوەشدا سواری بەلەمەکە دەبێت.
بەرێزان یەزدان باوەڕی ئاوای ناوێت و ئەو رزگاربوونی داناوە بەبەزەیی خۆی و کردویەتە دیاری بۆ مرۆڤ.

# ١٦ نیسان

**عیسا پێی ووت: ئەی شەیتان لێم دوور کەوەرەوە، چونکە نووسراوە: بۆ خوداوەندی یەزدانت کڕنوش بەرە و تەنها هەر ئەو بپەرستە. (مەتتا ٤: ١٠).**

................

شەیتان ئەوەندە چاوقایمە هەوڵیدا کە عیسای پیرۆز لە خشتە بەرێت، بەڵام عیسا بەو وەڵامەی کە لە سەرەوە خوێندمانەوە کاروبیری شەیتانی شکاند، ئەمەش فێری مرۆڤ دەکات کە مرۆڤ چۆن دەبێت وەڵامی شەیتان بداتەوە. خۆ عیسای پیرۆز دەیتوانی پێی بڵێت، ئەی فەقیر ئەو شتانەی تۆ باسی دەکەیت هەمووی هی منن و منم دروستکەریان.

بەڵام شەیتان فرسەت دەهێنێت نەک تەنها بەرامبەر بە مرۆڤی خوداوەندیش، ئەو دەیزانی کە عیسای پیرۆز بۆ چ کارێک جەستەی مرۆڤی وەرگرتووە و هاتۆتە سەر زەوی دەیویست ئەو کارە مەزنە و ئەو قوربانیە مەزنە تێک بدات کە عیسا دەیەویت بیکات.

مرۆڤ دەبێت چاوکراوە بێت بۆ هەموو ئەو هەوڵانەی شەیتان دەیدات لە ژیانیدا بۆئەوەی لە خشتەی بەرێت، بەڵام مرۆڤ دەبێت بە ووتەی یەزدان وەڵامی بداتەوە.

## ١٧ نیسان

**یەهوە، یەزدانی باوکتان، یەزدانی ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب، ناردوومی بۆ لاتان. ئەمە ناومە هەتا هەتایە... (دەرچوون ٣: ١٥).**

................

یەزدان چەند ناوێکی هەیە لەوانە ناوی (یەهوە) مانای (من ئەوم)، لەبەشی کۆنی پەرتووکی پیرۆزدا بەزمانی عیبرانی یەزدان بە (یەهوە) بانگ کراوە دیسان مانای ئەوە دەگەیەنێت (ئەوەی لە خۆیدا هەیە) یەزدان خۆی ئەم ووشەیەی بەکار هێناوە بۆ خۆی کاتێک لەگەڵ موسادا قسەی کرد، وەک ئەوەی لەسەرەوە نووسیمان: (یەهوە یەزدانی باوکتان یەزدانی ئیبراهیم...) (دەرچوون **٣: ١٥**). ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە یەزدان بەناوی یەهوەوە بانگ کراوە.

# ١٨ نیسان

**ئەی یوسف کوڕی داود مەترسە لەوەی مریەم بهێنیت، چونکە ئەوەی ئەو سکی پێی هەیە لە رۆحی پیرۆزە. کوڕێکی دەبێت ناوی دەنێت عیسا، چونکە گەلەکەی رزگار دەکات لە گوناهەکانیان. (مەتتا ١: ٢٠ ـ ٢١).**

................

لە مێژوو دا زۆر ناو باسکراوە و هەندێک لەو ناوانە دەمێنێت، هەتا ئەم جیهانە ماوە. هەندێک ناو هەیە کە زۆر پرشنگدارن و بەرێزەوە باسیان لێدەکرێت:

ناوی عیسای مەسیح یەکێکە لەو ناوانە و لە بەشی تازەی پەرتووکی پیرۆزدا زۆر بە شکۆمەندیەوە باسی لێدەکرێت.

(عیسا) لە (ئیسۆس)ی یۆنانیەوە وەرگیراوە، واتە یەزدان رزگارکەرە.

بەزوبانی عیبری پێی دەوترێت (یەشوع)، (یە) واتە یەزدان، (شوع) واتە رزگارکەرە یان رزگار دەکات. (مەسیح) لە ووشەی (مەسییا)ی عیبرانیەوە وەرگیراوە، بەمانای دەست نیشان کراو، جولەکەکان ئەم ناوەیان بۆ پادشا و پێغەمبەر و کاهینی گەورە دادەنا، ئەم ناوەیان دانا بۆ ئەو وەک رزگار کەرێک لە دەستی رۆمەکان، بەڵام کە عیسای پیرۆز ووتی من هاتووم جارێ رزگارتان بکەم لە گوناهەکانتان، ئیتر جولەکەکان، باوەڕیان پێ نەکردو و دژی راوەستان.

# ١٩ نیسان

**بە هۆی یەکێکەوە گوناە هاتە جیهانەوە، بەهۆی گوناهیشەوە مردن... مردن بۆ هەموو مرۆڤێک هات. (رۆما ٥: ١٢).**

..................

ئادەم بەسەرکێشی خۆی، خۆی گوناهبار کرد. چونکە ئادەم یەکەم مرۆڤ بوو، مرۆڤ ئەو سروشتە گوناهبارییەی وەرگرت و بۆی مایەوە وەک میراتی و بەردەوام بوو لە سەرکێشی کردن و دژایەتی یەزدان و گوێ نەگرتن لە ووشەی یەزدان. لەوانەیە یەکێک بڵێت: باشە وا ئادەم هەڵە و گوناهی کرد، بۆچی ئێمە سزای هەڵەی ئەو وەرگرین؟ ئەم پرسیارە راستە، بەڵام مرۆڤ سزای هەڵەی ئادەم وەرناگرێت، بەڵکو سزای ئەو سروشتە وەردەگرێت کە لە ئادەمەوە وەری گرت و دوای هەڵەی ئادەم ئەوەندەی نەبرد کە مرۆڤ بەو سروشتە خراپەی یەکەم تاوانی کوشتنی کرد، کاتێک قابیل هابیلی برای کوشت، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە مرۆڤ سروشتی گوناهی بەمیراتی بۆ مایەوە و وەری گرتووە. بەڵام لەدوایدا پاش ئەوەی مرۆڤ گوناهی زۆری کرد، عیسای پیرۆز بە رۆحی یەزدان لەدایک بوو و شێوەی مرۆڤی وەرگرت وەک مرۆڤی دووهەم کە لە ئاسمانەوە هات و ویستی هەڵەی مرۆڤی یەکەم چاک بکاتەوە، بۆیە ئەوەی سروشتی عیسای مەسیح و قوربانیەکەی وەرگرێت، لە سروشتی گوناە رزگاری دەبێت. (کۆر. یەکەم ١٥: ٤٧).

# ٢٠ نیسان

**ئەوەی ڕۆڵەی هەبێت، ژیانی هەتا هەتایی دەبێت، ئەوەش کە ڕۆڵەی یەزدانی نەبێت، ئەوا ژیانی نابێت. (یۆحەنانای یەکەم ٥: ١٢).**

.................

ئەوە خۆشەویستی یەزدان بوو کەوا ڕۆڵەی خۆی پێشکەش بە مرۆڤ کرد، هەتا هەموو ئەوانەی کە باوەڕی پێ دەکەن لە ناو نەچێ، بەڵکو ژیانی هەتا هەتایی بەدەست بهێنن. (یۆحەننا ٣: ١٦). یەزدان ڕۆڵە تاقانەکەی خۆی نارد بۆ جیهان تا بەهۆیەوە بژین (یۆحەننای یەکەم ٤: ٩). ڕۆڵەی یەزدان کە لەسەر زەوی بوو خۆی پێشکەش کرد بۆ هەمووان.

لە پەرتووکی پیرۆزدا نووسراوە: مەرسا پێشوازی لە عیسا کرد لە ماڵەکەیدا، لەماڵەوە خۆشکێکی هەبوو بەناوی مریەمەوە. خۆشکەکەی عیسای خستە دڵیەوە و لەبەر پێی عیسا دا کەوت و گویی بۆ قسەکانی ئەو گرت. (لۆقا ١٠: ٣٨ ـــ ٣٩). مریەم بەشی خۆی هەڵبژارد، ئەوەی لێی ناسەنرێتەوە (لۆقا ١٥: ٤٢). لە ئینجیلی یۆحەننا بەشی (٣: ٣٦). دەخۆێنینەوە کە نووسراوە: (ئەوەی باوەڕ بە ڕۆڵە بهێنێت، ژیانی هەتا هەتایی دەبێت).

## ٢١ نیسان

**خەڵکەکە ووتیان: یەحیا نیشانەی سەرسورهێنەری نەکرد (واتە موعجیزە) بەڵام هەموو ئەوەی دەربارەی ئەم پیاوە ووتبووی راستبوو! (واتە ئەوەی دەربارەی عیسا ووتبووی) (یۆحەننا ١٠: ٤١).**

................

لەوانەیە یەکێک بەخۆی بڵێت، من ئەوەنە توانای قسەم نیە یاخود ئەوە ناتوانم بکەن و دەسەڵاتی ئەمەم نیە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە تۆ لەبەر چاوی یەزدان و لای یەزدان مرۆڤێکی کەم توانا و لاوازیت و گرنگ نیت.

عیسای پیرۆز باسی لە یەحیا دەکات و دەڵێت: لەناو ئەوانەی لەژن لەدایک بوون، نیە مەزنتر لە یەحیای خەڵک لە ئاو هەڵکێش. (مەتتا ١١: ١١).

عیسای پیرۆز ئەمەی بەرامبەر بە یەحیا ووت، هەرچەندە یەحیا هیچ کارێکی گەورە و سەرسورهێنەری نەکرد، جگە لەوەی کە بوو بە دەنگ و شایەت بۆ ووشەی یەزدان و بڕوانامەیەک بوو بۆ رووناکی و راستی یەزدان.

واتە هەموو مرۆڤێک لە ئێمە، دەتوانێت مەزن و گرنگ بێت لای یەزدان، بەوەی ووتە و ووشەی یەزدان بەخەڵکی بڵێت و دەریخات و ببێتە نوینەری یەزدان و ووشەی یەزدان.

## ٢٢ نیسان ( ١ بانەمەر )

**نێرراو یەزدان ئیشەعیا دەڵێت: خوداوەند خۆی نیشانەیەکتان پێ دەدات، (ئا ئەوەتا کچێک سکی پڕ دەبێت، کوڕێکی دەبێت، ناوی دەنرێت عەمانۆئیل واتە یەزدان لەگەڵمانە...). (ئیشەعیا ٧: ١٤، مەتتا ٢١: ٢٣).**

...............

بەڕێزان، عیسای پیرۆز چەند ناوێکی لێنراوە لەوانە:
رزگارکەر، ووشەی یەزدان، رۆڵەی یەزدان،
(مەشییا) واتە مەسیح، رۆڵەی داود،
(ئێسوس) واتە عیسا و عیبری (یەشوع)، (عەمانۆئێل).

عەمانۆئێل مانای یەزدان لەگەڵمانایە، ئەم دەربرین و بۆچوونە کە یەزدان نزیک بێتەوە لەگەڵ مرۆڤدا و لەگەڵ مرۆڤدا بێت شتێکی سەیرو بۆ گوێمان قورسە و تێگەیشتنی ئاسان نیە، چونکە ئێمە دەزانین کە یەزدان رۆحە و لەش و جەستەی نیە و مرۆڤ ناتوانێت لە یەزدان نزیک ببێتەوە، لەپەرتووکی پیرۆزدا دەخوێنینەوە کە چۆن یەزدان کاتێک لەگەڵ موسادا دەدوێت، لە شێوەی ئاگردا دەردەکەوێت و پێی دەڵێت:، تۆ ناتوانیت نزیک بکەویتەوە لە من (دەرچوون ٥). بەڵام یەزدان کاتێک بڕیاری دا نزیک ببێتەوە لە مرۆڤ رۆحی هات و جەستەی مرۆڤی وەرگرت لە شێوەی مرۆڤێکدا بەناوی رزگارکەر، رۆڵەی یەزدان، مەسیح، رۆڵەی داود، عیسا و عەمانۆئێل.

# ٢٣ نیسان

**هەر کەسێک بانگەواز بکات بەناوی یەزدانەوە رزگاری دەبێت. (یوئیل ٢: ٣٢).**

...............

باشە بۆچی من بانگەوازی یەزدان بکەم؟ بۆچی دەرۆم بۆ ئەملا و ئەولا و خۆم هیلاک دەکەم بەبێ ئەوەی ئاسودەیی بەدەست بهێنم؟ بۆچی نەچم بۆ لای یەزدانی زیندوو، ئەوەی خۆی لەخاچدا بۆ من و دوایش سەرکەوت بەسەر مردندا و خۆی زیندوو کردەوە و نیشانی داین کەوا زیندوو بوونەوە هەیە؟

بۆچی دەرگەرێم بۆ رزگاری لە لایەکی کەوە، لە کاتێکدا رزگاری لای ئەوە و ناوی رزگاری کەری لێنراوە؟ باشە خۆ هیچ پێویست ناکات بپرسم ئایا دەتوانم بانگی بکەم و داوای لێبکەم، چونکە ئەو خۆی دەڵێت: هەر کەسێک بەناوی منەوە بانگ بکات ئەوا رزگاری دەبێت.

دیسان نووسراوە: جا چۆن دەتوانین هەڵبێین (رزگارمان بێت)، ئەگەر ئەم رزگار بوونە مەزنە پشت گوێ بخەین. (عیبرانیەکان ٢: ٣).

# ٢٤ نیسان

**عیسای پیرۆز دەڵێت: گەر رۆڵە (واتە عیسا) ئازادی کردن، ئەوا بەراستی ئازاد دەبن. (یۆحەننا ٨: ٣٤). دیسان دەڵێت: باوک مردووان هەڵدەستێنیتەوە و زیندوویان دەکاتەوە، هەروەها رۆڵەش بیەوێ، زیندووی دەکاتەوە. (٥: ٢١).**

................

گەر عیسای مەسیح مرۆڤێکی سادە و ساکار بوایە، نەی ئەتوانی بەم شێوەیە بدوێت. لێرەدا دەردەکەوێت بڵێیت کە من و یەزدان یەکین و توانامان یەکە و کارمان یەکە بۆیە دەڵێت: کەس رۆڵە ناناسێت باوک نەبێت، کەسیش باوک ناناسێت تەنها رۆڵە و ئەو کەسانەش کە رۆڵە دەیەوێت (یەزدانیان) بۆ دەربخات. (مەتتا ١١: ٢٧).

رۆژیکیان کابرایەک کە تۆزێک بەتەمەن بوو پێی ووتم: باشە ئەوە راستە دەڵێن مەسیحیەکان سێ خوایان هەیە، باوک و رۆڵە و رۆحی پیرۆزیش؟ منیش لەوەڵامدا ووتم:

تۆ مندالت هەیە؟ ووتی: بەڵێ، ووتم: برا و خۆشکت هەیە منداڵیان هەبێت؟ ووتی: بەڵێ؟

منیش ووتم: کەواتە تۆ باوکیت بۆ مناڵەکانی خۆشکت و مامیشیت بۆ مناڵەکانی براکەت. کەواتە تۆ هەر یەکێکیت و سێ ناوت هەیە، یەزدانیش هەر یەکێکە و تاق و تەنهایە و شەریکی نیە.

## ٢٥ نیسان

**دوای ئەمە بوو بە شەڕە قسەیان لەسەر ئەوەی کامیان مەزنترە لەناویاندا. عیسا پێی ووتن: پادشاکان و ئەوانەی فەرمانڕەوایی میللەتان دەکەن، دەسەڵات دارەکانیش دەیانەوێت خەڵکی بەباش ناویان بەرن. بەڵام ئێوە ئاوا مەبن، با گەورەتان وەک بچوک بێت، گەورەتان وەک خزمەت کار. (لۆقا ٢٤: ٢٦).**

....................

تێڕوانینی خەڵکی و ئەم جیهانە بۆ مەزنی و گەورەیی زۆر جیاوازە لە تێڕوانینی یەزدان بەرامبەر گەورەیی و مەزنی.
خەڵکی مەزنی و گەورەیی کەسێک بە توانا و هێز و دەوڵەمەندیەوە دەبەستنەوە و یەزدانیش مەزنی و گەورەیی کەسێک بە کوێ رایەڵی و مل کەچییەوە دەسبەستێتەوە.
کاتێک خوداوەند خۆی شێوەی مرۆڤی وەرگرت و هاتە سەر رووی زەوی، بەژیانی خۆی و ووتەکانی ویستی خەڵکی فێری گوی ڕایەڵی و مل کەچی بکات.
ئەو نەهات بەجلی جوانەوە و بازن و موستیلەی ئاڵتونەوە و ژیان لە کۆشک و دیوەخانی گەورەدا بباتە سەر، بەڵکو بە سادەیی ژیا و مل کەچیش بوو تا چووە سەر خاچ و بوویە قوربانی و مل کەچ بوو بۆ مردن, تا وەک ئێمە فێر بکات و رزگارمان کات لە مردنی هەتا هەتایی.

# ٢٦ نیسان

**ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی باوەڕ بهێنێت (واتە بە من) ژیانی هەتا هەتایی هەیە. (یۆحەننا ٦: ٤٧).**

...............

عیسای پیرۆز لێرەدا ڕاستەوخۆی بە مرۆڤ دەڵێت: ئەو کەسەی باوەڕ دەهێنێت، گەر پیاو بێت یان ژن، دەوڵەمەند بێت یان هەژار، کورد یاخود هیندی، ڕەش بێت یاخود سپی، ئەوە باوەڕ بهێنێت ژیانی هەتا هەتایی بەدەست دەهێنێت. دیسان دەڵێت من نانی ژیانم و هەر مرۆڤێک لەو نانە بخوات نامرێت، ئەزانن بۆچی؟ چونکە عیسا خۆی لە ڕۆژی دوایدا، هەموو ئەوانەی باوەڕیان هێناوە، زیندوویان دەکاتەوە. (یۆحەننا ٦: ٥٤).

عیسای پیرۆز کاتێک لەسەر ئەم زەویە مرۆڤی لەمردن زیندوو کردەوە بە فەرمانی خۆی لەوانە کوڕی بێوەژنەکەی شاری نایین بوو کە پێ ووت: ئەی کوڕی گەنج بە تۆ دەڵێم هەستە! (لۆقا ٧: ١٤).

# ٢٧ نیسان

**نە بەتوانا و نە بەهێز، بەڵکو بە رۆحی من سەردەکەون... (زەکەریا ٤: ٦).**

................

رۆژێکیان بە بەرزاییەکدا سەر دەکەوتم، بینیم منداڵێک بە سواری پاسکیلێکەوە دەیەوێت سەرکەوێت و بە هەموو هێزی خۆی هەوڵ دەدات و هیلاک بووە و عارەق بەدەموچاویا تکە تکە دێتە خوارەوە.

لەپڕ ئوتومبێلیکی بارهەڵگر بەلایا هات و منالەکە دەستی گرت بە دوای ئوتومبێلەکەوە و وەک پەپولە سەرکەوت بۆ سەرەوەی بەرزاییەکە.

لێرەدا ئەوەم بیرکەوتەوە کە ئێمەی مرۆڤ زۆر جار لە ژیانماندا و لەکارەکانماندا زۆر بە قورسی و ناخۆشی و نارەحەتی ئەرۆین و پێویستمان بە شتێک هەیە و بەتوانایەک هەیە کە دەستمان بگرێت و یارمەتیمان بدات.

بەرێزان عیسای پیرۆز لە تەنیشتی مرۆڤەوە راوستاوە و تەنها ئەوە لەسەر مرۆڤە کە دەست بداتە دەستی ئەو یاخود پەنجەیەکی بداتی، تا وەک ئەو منالەی بە سواری پاسکیلەکەوە بوو، بە ئاسانی سەرکەوێت وبڕوات لە ژیانیدا.

## ٢٨ نیسان

**ئینجا بە یەکتریان ووت: ئێمە شتێکی چاک ناکەین، ئەمڕۆ ڕۆژی مژدەدانە و ئێمە بێ دەنگین. (پاشایانی دووهەم ٧: ٩).**

................

برایانی باوەڕدار، ئەوانەی خۆشی و شیرینی یەزدانیان چێشتووە، با بەبێ دەنگی ڕانەوەستین و باسی باوەڕی خۆمان و مەزنی ڕزگارکەر بکەین بۆ هەموو کەسێک، تا وەک ئەوانیش ڕزگاریان ببێت و خۆشی و شادی بکەوێتە دڵ و دەرونیانەوە و بەپێی ووشەی یەزدان ببنە خۆشک و برا بۆمان.

لە ئینجلی (یۆحەننا بەشی ١: ٤١، ٤٢) نووسراوە: هەر کە ئەندەراوس شەمعونی برای دۆزیەوە، پێی ووت: مەسیحمان دۆزیەوە... ئینجا بردی بۆ لا عیسا.

ئێمەش ئەوانەی عیسای مەسیحمان دۆزیەوەتەوە لەژیانماندا، ئەوا کارێکی پیرۆز دەکەین گەر بێت و ئەو ڕزگارکەرە بە خەڵکی کەش بناسێنیت و باسی ووتە و ووشەکانی بکەین و بە ژیانی خۆمان نیشانی بدەین کە عیسای پیرۆز چەند ژیانی گۆڕیوین.

## ٢٩ نيسان

**ئەوەی باوەڕ بە ڕۆڵە بهێنێت، ژیانی هەتا هەتایی هەیە... (یۆحەننا ٣: ٢٨).**

.................

ووشەی (ڕۆڵە) لێرەدا بۆ عیسای مەسیح بەکار هاتووە، ئەمەش سەرلێکدانێک دروست دەکات، لای ئەوانەی کە دەست بەجێ بیر لە ژن و مێردێک دەکەنەوە کە منالّیان بووبێت، بەلاّم ئەم بیرکردنەویە زۆر جیاوازە لە ڕۆڵە و باوکایەتی نێوان عیسای مەسیح و یەزدانی باوکدا.

ووشەی (ڕۆڵە) بەکاردێت گەر ووشەی باوک هەبێت ڕۆڵەش شەرت نیە هەر بۆ کوڕی کەسێک بەکار بهێنرێت، ئێمە دەڵێین، ڕۆڵەی تەنگانە، ڕۆڵەی نیشتمان، ڕۆڵەی بە جەرگ.

باوک و ڕۆڵە دیارە تەمەنیان ئەبێت جیاوازبێت. بەلاّم لە پەرتووکی پیرۆزدا باوک و ڕۆڵە تەمەنیان وەک یەکەو هەردوو ناوکە لە ئەزەلەوە هەیە و یەزدان لەسێ کوچکەییەکدا دەردەکەوێت بەناوی، باوک و ڕۆڵە و ڕۆحی پیرۆزەوە و یەزدان نەبووە بەسێ یەزدان، چونکە یەزدانی ئەم جیهانە تەنها هەر یەک یەزدانە.

## ۳۰ نیسان

**لە کوێوە هاتویت و بۆ کۆ دەچیت. پەیدابوون١٦: ٨).**

................

پەرتووکی پیرۆز ئەم پرسیارە دەکات و پێویستە هەموو مرۆڤێک ئەم پرسیارە لە خۆی بکات. ئایا من بەرێکەوت دروست بووم؟ بۆچی ئەژیم؟

ئایا توانایەک هەیە کە ئەم جیهانە دێنێت و دەبات.

پەرتووکی پیرۆز وەلامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە و دەڵێت: یەزدان سەرچاوەی هەموو شتێکە. مەبەستی یەزدان لە پێشەوە ئەوەیە کە بیناسین، بەڵام باشە چۆن بیناسین؟ یەزدان خۆی دەرخست بۆ ئێمەی مرۆڤ لە عیسای مەسیحدا و بەهۆی ئەوەوە.

مەسیح بە قوربانیەکەی ریگای بۆ کردینەوە بۆ چوون بۆ لای یەزدان، دوای ئەوەی سروشت گوناهباریەکەمان دادەپۆشێت، چونکە دادپەروەری یەزدان رێگە نادات بەمرۆڤ کە نزیک ببێتەوە لە یەزدانی مەزن، بەڵام ئەوەبوو ئەو هەستا بە لابردنی ئەو دیوارەی لە نێوان یەزدان و مرۆڤدا هەبوو.

# ١ مایس

**خوێنەکە دەبینم و تێدە پەرم بە لاتاندا (دەرچوون ١٢: ١٣).**

..................

لە کۆندا کە جەنگ بووە، هیچ یاسایەکی جەنگی تیدا رەچاونەکراوە و کوشتن و برین بەهەموو جۆرێکیەوە ئازاد بووە. سەرکردەیەک دوای ئەوەی شارێک دەگرێت فرمان بەسەربازەکانی دەدات، دانیشتوانی ئەو شارە هەموو بکوژن. سەربازەکان دەبن بەچەند بەشێکەوە و لە نێوان خۆیاندا بڕیار دەدەن، گەر چوونە هەچ ماڵێک و خەڵکەکەیان کوشت ئەوا کە هاتنە دەرەوە، بەخوێنی کوژراوەکان دەرگای ماڵەکە سوور دەکەن، وەک نیشانەیەک بۆ سەربازەکانی تر تابزانن دانیشتوانی ئەوماڵە هەمووی کوژراون. کوڕێکی گەنج کە بەم رێگە و پلانەی سەربازەکان دەزانێت خێرا رادەکات بۆ ماڵێکی گەورەی شارکە، ئەوەی تیایا خەڵکێکی زۆر لە ژێرخانی ئەو مالەدا خۆیان حەشار داوە، لەوێ مەرێک سەردەبڕێت و بە خوێنی مەڕەکە دەرگاکەی سوور دەکات، بەم شێوەیە ئەم رووداوە ئەوەمان دەهێنیتەوە یاد، کە لە پەرتووکی پیرۆز دا نووسراوە، کاتێک یەزدان نۆبەرەی میسریەکان دەکوژێت، داوا لە باوەڕدارانی دەکات دەرگای ماڵەکانیان، بەخوێن سورکەن تا بەلایانا تێپەرێت بێ ئەوەی زیانیان بەرکەوێت.

## ٢ مايس

**پیاوێک هەبوو لە فریسیەکان ناوی نیقۆدیمۆس بوو، ئەندام بوو لە ئەنجومەنی جوولەکەکان. بەشەو هات بۆ لای عیسا. (یۆحەننا ٣: ١، ٢).**

.................

نیقۆدیمۆس لەپیاوە ئاینیەکانی جولەکەکان بوو، بەڵام دیارە وەک مرۆڤێک پێویستی بەوە هەبوو کە سەرلەنوێ لەدایک ببێتەوە و باوەڕ بهێنیت و وەک لە بەشی نوێی پەرتووکی پیرۆز دا نووسراوە، ببێتە مرۆڤێکی نوێ ودیسان لە ئاسمانەوە لەدایک ببێتەوە. هەرچەندە شەوبوو بەڵام عیسای پیرۆز پێشوازی کردوو گوێی بۆ گرت. ئەمە ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە عیسای مەسیح هەموو مرۆڤێک کە هەست بەوە دەکات گوناهبارە و لەشی سروشتی گوناهی تیایە و پێویستی بەوەیە بێت بۆ لای خوداوەند دەڵێت: (ئەوەی بێت بۆ لای من، دەری ناکەمە دەرەوە). نیقۆدیمۆس لە دڵەوە باوەڕی دەکرد، بەڵام هێشتا سەرلەنوێ لەدایک نەبوو بووەوە. دوای ئەوەی گویی بۆ ووتەکانی عیسا گرت زانی، سەرلەنوێ لەدایک بوونەوە چیە، گەر یۆحەننا بەشی سێهەم بخوێنینەوە ئێمەش دەزانین لەدایک بوونەوە چیە و چۆن دەبێت.

ئایا تۆش یەکێکیت لەوانەی کە حەز دەکەن بزانن لەدایک بوونەوە سەرلەنوێ چۆنە، یان حەز دەکەیت سەرلەنوێ لەدایک ببیتەوە؟

## ٣ مایس

**مەڕەکانم گوێ لە دەنگی من دەگرن، منیش دەیان ناسم و ئەوانیش دوام دەکەون، ژیانی هەتا هەتاییان دەدەمێ و هەرگیز لەناو ناچن. (یۆحەننا ١٠: ٢٧، ٢٨).**

..................

سێ دیاری بەنرخ هەیە بۆ هەموو ئەوانەی باوەڕی راستەقینە بە عیسای مەسیح دەکەن.

١. ژیان: زۆر کەس هەن کە راستی ئەوە نازانن، ئەوەی کە زیندوو بوونەوە هەیە. لەبەشی نوێی پەرتووکی پیرۆزدا نووسراوە کە یەزدان ژیانی هەتا هەتایی دەدات بەوانەی باوەڕیان پێی هەیە، (ئەوەی باوەڕ بە رۆڵەی یەزدان بکات ئەوا ژیانی هەتا هەتایی بەدەست دەهێنێت). (یۆحەننا ٣: ١٦).

٢. ئێمە بە هۆی عیساوە، رووناکی تەواوەتی بەدەست دەهێنین. عیسای پیرۆز ژیانمان ناداتێ و لەتاریکی بەسەرچوو و رووناکی راستەقینە ئیستا پرشنگ دەداتەوە. (یۆحەننای یەک ٢: ٨)، ئەمەش ئەو رووناکیە راستەیە کە رێگا و دەروونمان رووناک دەکاتەوە.

٣. ئازادی. ئەمیش بەدەست دێت بەهەمان شێوەی کەژیان و رووناکی بەهۆی عیساوە بەدەست هات. ئەمەش ئازاد بوونە لە قورسایی گوناهو توڕەیی یەزدان. گەر رۆڵە ئازادی کردن، ئەوا بەراستی ئازاد دەبن. (یۆحەننا ٨: ٣٦).

# ٤ مایس

**ژنێکی سامیری هاتە سەر بیرکە بۆ ئەوەی ئاو بەرێت، عیسا پێی ووت: هەندێ ئاوم بدەرێ! (یۆحەننا ٤: ٧).**

....................

عیسای پیرۆز هاتە سەر بیری ئاوەکە و ئینجا ژنە سامیریەکە هات. هاتنی ئەم ژنە شتێکی رێکەوت یان رێکەوت نەبوو، بەڵکو کاتی ئەوە هاتبوو کە رزگاری بێت.

شتێکی رێکەوت یان رێکەوت نەبوو کەوا کچەکەی فیرعەون چووە سەر رووبارەکە بۆ ئەوەی خۆی بشوات، ئەو رووبارەی کە موسای منداڵی بە سەرەوە بوو، ئەوە لەدوایدا بوو بە نێرراوی یەزدان و گەلەکەی لە ژێردەستی رزگاری کردن. ئەم روداوانە هەمووی بەرێکخستنی یەزدان و فرمانی یەزدان دەبێت، بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی، لەپشتی هەموو ئەم روداوانەوە نهێنیەکی یەزدانی هەیە و نهێنیەکەش بریتیە لە بەزەیی و دروست کردنی رێگە بۆ لێخۆشبوون لە گوناهی مرۆڤ. راوەستانی عیسای پیرۆز لەسەر ئاوی ئەو بیرە، ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو سەرچاوەی روباری ئاوی ژیانە.

خوێنەری بەرێز، ئایا لەئاوی ئەو روبارەت خواردۆتەوە یان دەتەوێت بیخۆیتەوە؟ عیسای پیرۆز هات کە بەزەی و لێخۆشبوون بۆ مرۆڤ دروست بکات، ئایا ئەو بەزەیی و لێخۆشبوونە وەردەگریت؟.

## ٥ مایس

**بانگەوازم بکە لە ڕۆژی تەنگانەدا، ڕزگارت دەکەم ئەوسا ستایشم دەکەیت. (زەبور ٥٠: ١٥).**

....................

١. سەرزەشتی کردن (بانگەوازم بکە).

٢. کات (لە ڕۆژی تەنگانەدا).

٣. ئەنجام (ستایش کردن).

(لە تەنگانەدا بانگەوازی خوداوەندم کرد و هاوارم بۆ یەزدان برد، ئەوسا ئەویش لەشوینی خۆیەوە گوێی لە دەنگ و هاوارم بوو... ڕزگاری کردم لە دوژمنی بەهێز و ئەوانەی ڕقیان لێمە، چونکە ئەوان بەتواناترن لەمن... هێنامیە دەرەوە بۆ جێگەیەکی فراوان، چونکە دڵشاد بوو بەمن... لەبەر ئەوە سوپاس و ستایشت دەکەم ئەی یەزدان لای هەموو گەلان و سروود بۆ ناوت دەڵێم). (زەبوری **١٨: ٦، ١٩، ٤٩**).

# ٦ مايس

**ژیانی هەتاهەتایتان دەدەمێ هەرگیز لەناو ناچن، هیچ کەسێکیش لەدەستم نایانڕفێنێ. (یۆحەننا ١٠: ٢٨).**

....................

خۆشەویستانم... بچوکترین و ساواترین باوەڕدار لە کۆمەڵەی یەزدان، ژیانی هەتا هەتایی مسۆگەرە، چونکە خۆشەویستی عیسا و قوربانیەکەی ئەو بۆ هەموو ئەوانەیە کە باوەڕیان پێکردووە و رازی بوون بە قوربانیەکەی، بەبێ ئەوەی جیاوازی بکات لە نێوانیاندا.

عیسای مەسیح ساواترین باوەڕدار و لاوازترین باوەڕداری کڕیوەتەوە و رزگار کردووە لە مردنی هەتا هەتایی وەک کۆنترین و مەزنترین باوەڕدار بە یەکسانی و بێ جیاوازی.

ئێساش عیسای پیرۆز زامینە بۆ ساواترین باوەڕدار و مەزنترین و گەورەترین باوەڕدار وەکو یەک بە بێ جیاوازی.

ساواترین باوەڕدار لە خێزانی یەزدان و کۆمەڵەی یەزداندا خۆشەویستە بەهەمان شێوە وەک چۆن باوەڕدارێکی گەورە خۆشەویستە، جا لەبەر ئەمانە یەزدان نایەڵێت ساواترین و لاوازترین باوەڕدار لەناو بچێت، بە هەمان شێوەی نەهێشتنی بۆ لەناو چوونی گەورەترین و مەزنترین باوەڕدار.

## ٧ مایس

**دەگەڕێمەوە لاتان لەگەڵ خۆم دەتانبەم، تاکو ئێوەش لەناو شوێنە بن کە منی لێدەبم. (یۆحەننا ١٤: ٣).**

....................

گەر بێت و ئێمە چەند وردە ئاسنێک بهێنین و بیخەینە سنوقێکی سەرکراوەوە، ئینجا لەسەر سنوقەکە پارچەیەک موغناتیس راگرین و وردە وردە موغناتیسەکە لە وردە ئاسنەکان نزیک بکەینەوە، دەبینین وردە ئاسنەکان دەست دەکەن بە جوڵە جوڵ کردن و کاتێک کە موغناتیسەکە زیاتر نزیک بووەوە، ئەوا ئاسنەکان هەموو بەرز دەبنەوە و بەچاو تروکاننێک دەنووسێن بە موغناتیسەکەوە.

باوەڕدارە راستەقینەکان، هەمان شێوەی وردە ئاسنەکەیان هەیە، هەتا وەک عیسای پیرۆز زیاتر لەژیانیان نزیک ببێتەوە زیاتر دەکەونە جموجوڵ و دڵ گەرمی و هەست بەوە دەکەن کە هاتنەوەی عیسای پیرۆز نزیک بۆتەوە.

## ٨ مایس

**هەر یەک لە ئێمە لەبارەی خۆیەوە لێپرسینەوەی هەیە لە بەردەم یەزداندا. (رۆما ١٤: ١٢).**

...................

یەکەم: پاداشت دانەوە بەپێی چۆنیەتی کارکردن، (ئەوەتا من بەپەلە دێم! پاداشتی خۆم پێیە، بۆ ئەوەی پاداشتی هەر کەسێک بەپێی چۆنیەتی کاری بدەمەوە.) (بینین **٢٢: ١٢**).

دووهەم: لەسەر شێوەی قسەکرن، (هەر ووشەیەکی پووچ کە خەڵکی پێی دەدوێت، لە رۆژی لێپرسینەوەدا) (رۆژی دوایی) لێپرسینەوەی خۆی هەیە.) (مەتتا **١٢: ٣٦**).

سێهەم: پاداشت دانەوە، بۆ بیرکردنەوە، (پێش کاتی خۆی حوکم مەدە بەسەر کەسدا، هەتا خوداوەند دەگەڕێتەوە، ئەوەی رووناکی دەخاتە سەر ئەو شتانەی ئێستا لە تاریکدا شاردراوەیە و نیازی دلیش دەردەخات، ئەو کاتە هەر کەسەو لەلایەن یەزدانەوە ستایش دەکرێت.) (کۆرنسۆسی یەکەم **٤: ٥**).

چوارەم: پاداشتی نهێنیەکانی، (کاتێ یەزدان حوکم دەدات بەسەر نهێنی خەڵکدا بەهۆی عیسای مەسیحەوە...). (رۆما **٢: ١٦**).

لە رۆژی لێپرسینەوەدا رادەوەستێت بەرامبەر بە خوداوەند بۆ لێپرسینەوە و خەڵات کردن، لە سەر کردار، قسە، بیرکردنەوە، نهێنیەکان. ئەگەر تا ئێستا باوەڕت بەمە نەهێناوە، باش بزانە کە هێشتا کات ماوە بۆ رزگار بوون.

## ٩ مایس

**کاتێ عیسای دەمی  لەسرکەکەدا ووتی:(تەواوبووا) ئینجا سەری دانەواندو گیان سپارد. (یۆحەننا ١٩: ٣٠).**

....................

ووشەی (تەواوبوو) مەزنترین ووشە و ووتەی عیسای پیرۆزە، ئەمە دەرکەوتن و دەرخستنی مردنی عیسای مەسیحە، ئەو مردنەی کە قوربانی بوو بۆ مرۆڤ.
قوربابینەکەی مەسیح ڕێگەیە بۆ رزگاربوون و تەنها ڕێگەیە چونکە یەزدان خۆی ئەندازیار و دانەری ڕێگەکەیە.
ووتەی (تەواوبوو) بریتیە لەو سەرکەوتنەی عیسا ووتی و دانی پیانا، سەرکەوتنی ئەو کارەی هاتبوو بۆ ئەوەی ئەنجامی بدات، بۆ رزگارکردنی مرۆڤ ئەوەی بەسروشت خراپە و گوناهبارە بەرامبەر بەیەزدان لەسەر خاچ ئەو قوربانیە کرا، کە دادپەروەری یەزدان داوای دەکات بۆ سزای مرۆڤ لەسەر ئەو گوناهەی بەرامبەر یەزدان کراو دەکرێت هەموو ئەو قوربانیانەی بە ئاژەل دەکرا لە کۆندا بۆ ئەوەی یەزدان لەمرۆڤ خۆش بێت، ئەوانەی هەموو نیشانە و رەمز بوون بۆ قوربانیە گەورەکەی عیسای مەسیح، قوربانیەک کە کەم و کورتی تیا نەبێت، وەک لەکۆندا دەوترا، دەبێت ئاژەلەکە کەم کوری تیا نەبێت. عیسای پیرۆز تەنها مرۆڤێکە کەوا کەم و کوری تیا نەبوو.

## ١٠ مایس

**لەگەڵ یەکتری بە بەزەیی بن، لە یەکتری خۆش بن هەروەک چۆن یەزدان بەهۆی مەسیحەوە لە ئێوە خۆش بووە. (ئەفەسۆس ٤: ٣٢).**

.......................

لەناو هەندێک لە گەل و هۆزەکانی ئەفریقیادا، گەر هات و کەسێک خراپەیەک یاخود کارێکی ناڕەوای کرد، سزا دەدرێت بەوەی کەلە لادی وماڵی خۆی دەربکرێت و بڕوات بۆ ماوەی چەند رۆژێک لەناو دارستانێک نزیک بە لادیکەی بژی. دوای چەند رۆژێک دەگەڕێتەوە بۆ لادێکە و بۆ ناو هۆز و خێزانەکەی خۆی، لەدوورەوە رادەوەستێت و منداڵێک هەندێ نان و خورادنی بۆ دەبات و دەیخاتە بەردەمی، ئەمەش وەک نیشایەک بۆ لێخۆش بوون و لێبوردن لە لایەن خەڵکی لادێکەوە، ئیتر دوای ئەوە لێپرسینەوە نابێت لەسەری و نابێت گیروگرفت دروست ببێت لە نێو کاروباری گوناهبارا و خەڵکی لادێکە. ئەگەر بێت و لێخۆش بوون و لێبوردن ئەوەندە گرنگ بێت لە نێوان مرۆڤدا و مرۆڤ بیری لە شێوەیەکی ئاوها کرد بێت بۆ دروست کردنی ئاشتی لەناو هۆزەکەیدا، ئیتر دەبێت لێخۆش بوون و لێبوردن لە نێوان مرۆڤ و یەزداندا چەند قورسایی و گرنگی هەبێت؟.

# ١١ مایس

**لەگەڵ دوو دز لەخاچیاندا... (مەرقۆس ١٥: ٢٧).**

....................

لەهەندێ وولات گەر یەکێک بە دزیەوە بگیرێت، دەستی دەبڕنەوە، بەڵام من دەڵێم، باشە سودی چیە ئەگەر یەکێک دەستی ببڕرێتەوە، بەڵام لەدڵەوە هەر حەز بەدزی بکات و پەشیمان نەبووبێتەوە؟ جا بۆیە گرنگ ئەوەیە کەوا کارێک بکرێت وا لە مرۆڤەکە بکات کە لەدڵ و هەست و دەرونەوە پەشیمان بێتەوە و تۆبەی تەواو بکات. یەکێک لەو کابرا دزانەی لەگەڵ عیسای پیرۆزدا لەخاچ درابوو ووتی: تۆ مەسیحی؟ دەباشە خۆت رزگارکە... بەڵام ئەوەی تریان چوو بەگژیداو ووتی: تۆ لە خوا ناترسیت... سزای ئێمە... لەجیاتی کردارەکانمان وەرمان گرتووە، بەڵام ئەو هیچ خراپەیەکی نەکردووە، ئینجا ووتی: عیسا لەیادم مەکە کاتێ دەچیتە ناو پادشاییەکەت. عیسای پێی ووت:... هەر ئەمڕۆ لەگەڵم دەبیت لە بەهەشت. (لۆقا **٢٣: ٤٣**).

خوێنەری بەرزێم: بزانە ئەو کابرا دزە هەرچەندە هەردوو دەستی مابوو و دەستی نەبڕرابووەوە، بەڵام گرنگ دڵی بوو، چونکە بەدڵ پەشیمان بووەوە لەو کارانەی کردبووی و باوەڕی بە پاکی عیسا هێنا، بۆیە شوێنی ئەو بەهەشت بوو. کە واتە با ئێمەش وەک ئەو کابرا دزە، باوەڕ بە عیسا بهێنین تا وەک شوێنمان لە پادشایەتیەکەی ئەو دابێت.

## ١٢ مايس

**ئیتر یاقوب لەبەر راخیل حەوت ساڵ کاری کرد کەلای ئەو وەک چەند رۆژێکی کەم وابوو، لەبەر خۆشەویستیەکەی بەرامبەر بە ئەو. (پەیدابوون٢٩: ٢٠).**

........................

حەوت ساڵ ماوەیەکی دوور و درێژە، یاقوب چونکە راخیلی خۆش دەویست، ئامادە بوو بۆ ئەوەی حەوت ساڵ ئیش بکات بۆ باوکی راخیل تا وەک راخیلی کچی بداتێ دوای ئەوەی کە حەوت ساڵەکەی تەواوکرد دیسان باوکی راخیل حەوت ساڵی کەشی بۆ خستەسەر یاقوب بەوەش رازی بوو، بزانە ئەو هەموو ساڵە گەر بێت و یەکێک لەبیاباندا بەسەری ببات چەند دوور و درێژ دەخایەنێت... بەڵام کاتێک یاقوب راخیلی گواستەوە و بوو بە خیزانی، هەموو ئەو ناخۆشیانەی بیرچووەوە کە تووشی بوو بوو، چونکە ئەو راخیلی زۆر خۆش دەویست.

رۆحی پیرۆز هەمان شت وەک ئەو خۆشەویستیەی یاقوب وایە، کە دێتە دەرونمانەوە و سەبر و ئاسودەیی دەدات بە دەرونی مرۆڤ بۆ دان بەخۆدا گرتن و چاوەروانی بۆ هاتنی خوداوەند بۆ لامان و چونی ئێمە بۆ ئاسمان، چونکە ئەوەی چاوەڕێی دەکرێت بێت، دوای ماوەیەکی زۆر کورت دێت و دواناکەوێت. (عیبرانیەکان ١٠: ٣٧).

# ١٣ مایس

**لە یەزدان ناترسیت...؟ (لۆقا ٢٣: ٤٠).**

....................

خەڵکی هەن کە ترسیان لە لێپرسینەوەی یەزدان و ئاگری دۆزەخ هەیە، بەڵام بێ ئەوەی رقیان لەگوناهو خراپەکاری هەبێت و خویانی لێ دوورخەنەوە.

بەڵام کاتێک رۆحی پیرۆز (رۆحی رەوان) دێتە دڵ و دەرونەوە و کار دەکات، بەمە لەناو مرۆڤدا هەستی راستی گوناهو خراپە دەردەکەوێت کە چەند بەدو خراپە لای یەزدان.

دوورکەوتنەوە لە دڵەوە و دان نان بەگوناهباری مرۆڤدا و تۆبەکردن، بەرهەمی کاری رۆحی پیرۆزە لە مرۆڤدا، ئەو بەرهەمەش وەک حوکم دانێک وایە کە ئەو مرۆڤە دەیدات بەسەر خۆیدا.

تۆبەکردن بریتیە لە رووخاندنی قەڵای لووت بەرزی و دەرکەوتنی ئەوەی کە مرۆڤ گوناهبارە و دڵ زویرە و رقی لە گوناهە. ئەمەش هەمووی بەهۆی ووشەی یەزدان و کاری رۆحی رەوان لە مرۆڤدا دروست دەبێت و ئەوسا رووودەکرێتە بارەگای یەزدان و خۆشەویستی و لێخۆش بوونەکەی، ئەوەی لەسەر خاچ بۆ مرۆڤی کرد.

## ١٤ مایس

**بەڵام تۆ کە نوێژ دەکەیت دەرگا لەسەر خۆت داخە، نوێژ بکە بۆ باوکی نەبینراوت، ئەو باوکەی هەموو نهێنیەک دەبینێت، ئەو پاداشت دەداتەوە. (مەتتا ٦: ٦).**

....................

مەبەست لەدەرگا داخستن ئەوەیە کە ئەو کەسەی نوێژ دەکات پێویستە بچێتە شوێنێکەوە کەوا ئاسودەیی و تەنهایی بێت کاتێک لەگەڵ یەزداندا و لەبارەگای ئەودا قسە دەکات و دەدوێت.
دەرگا لەسەر خۆت داخە، مانای ئەوەیە کە مرۆڤ کاتێک نوێژ دەکات پێویستە خۆی لە هەموو شتێکی تر لە هەموو ئیشێک دوور بخاتەوە ، مانای ئەوەیە کە ئەو مرۆڤە ئیتر لەگەڵ شتێک هەڵسوکەوت و مامەڵە ناکات کە بەچاو دەبینرێت، بەڵکو لەگەڵ یەزداندا مامەڵە دەکات ئەوە کە بەچاو نا بینرێت. گەر کەسێک توانی باشترە دوور لەخەڵکی، یاخود وەک پەترۆس لەسەربان، یان وەک عیسای پیرۆز لە دەشتاییەک یان لەسەر کردۆڵکەیەک، دوور لە دەنگە دەنگ و هاوار و هاوار کردنەوە نوێژ بکات.
بەمە سەرپشک بە، ئەگەر تۆ دەرگا کەت لەدوای خۆتەوە داخست و بیروفکرت پچری لە دەرەوە و شتی جیهان ئەوا یەزدان دەرگای خویت بۆ دەکاتەوە و دەتوانیت بەباشی لەگەڵی بدوێت.

# ١٥ مايس

**ئەلیاس مرۆڤێک بوو وەک ئێمە بەگەرمی نوێژی کرد... (یاقوب ٥: ١٧).**

................

ئەم سەردەمەی ئێمە تێیدا دەژین، هەروەک ئەو کاتە و ئەو سەردەمە وایە کە ئەلیاسی تێدا دەژیا.

خراپە و خراپەکاری، دوژمنایەتی، خۆخۆیی و ئازار و ناخۆشی... هتد. باشە ئالەم کەش و هەوایەدا مرۆڤی باوەڕدار بەرەو کوێ بڕوات و روو بکاتە کوێ؟

بەردەوام بوون لەسەر نوێژکردن و چاوەروان کردنی هاتنەوەی خوداوەند و بەهێزکردنی دەرون لەگەڵ یەزداندا باشترین رێگەیە بۆ ئاسودەیی دەروون و زانینی مرۆڤ بۆ ئەوەی کە لە دەرونیایەتی و ئەوەی لەدەور و پشتی روو دەدات، نەک هەر ئەمە بەڵکو هێزوتوانا وەردەگرین لە یەزدانەوە تاوەک بەردەوام بین لەسەر رێگەی راستی یەزدان.

ئەلیاس خەفەت و داغ و ئازاری هەبوو، لەوەی کە دەیبینی لە خراپە و خراپەکاری و دوورکەوتنەوەی خەڵکی لەیەزدان، بۆیە بەو شێوە گەرمە دەستی کرد بە نوێژکردن. خوزگە ئێمەش بەو گەرمیەوە نوێژمان دەکرد بۆ یەزدان.

## ١٦ مایس

**کورێکی دەبێت و ناوی دەنێیت عیسا، چونکە گەلەکەی رزگار دەکات لە گوناهەکانیان. (مەتتا ١: ٢١).**

..................

ووشەی عیسا یان ناوی عیسا لە وشەی (ئێسۆسی) یۆنانیەوە وەرگیراوە، بەزمانی عیبرانی (یەشوع) ئەمەش بەمانای (رزگارکەر) دێت.

ناوی عیسای مەسیح خۆشترین و شرین ترین ناوە کە مرۆڤ ووتویەتی و بەگوێ بیستویەتی، چونکە مانای رزگاری و رزگاربوونی تیایە و مانای رزگاریش ئەو کەسانە و ئەو گەلانە چاک دەیزانین کەوا دەست بەسەرن.

مرۆڤیش بەهۆی سروشتی گوناهیەوە لەلایەن شەیتان و بیری خراپیەوە دەست بەسەرە و لەلای یەزدانیشەوە سزای مردنی بەسەردا دراوە. کەواتە لێرەدا دەوری رزگارکەر باش دەزانین کەچەند گرنگە و مەزن و پیرۆزە بۆ مرۆڤ، ناوی رزگارکەر تەنها هەر عیسای پیرۆز نراوە و هەر ئەویشە تاقە رزگارکەری مرۆڤ، چونکە یەزدان و ئاسمان بێجگە لە عیسا کەس کەی نەناردوە و ناوی رزگارکەری لێ بنێت.

(کەواتە ئەو دەتوانێت، هەموو ئەوانەی بەهۆی ئەوەوە دەچنە لای یەزدان، رزگاریان بکات.) (عیبرانیەکان ٧: ٢٥).

# ١٧ مایس

**چونکە یەزدان هەموو کارێک و نهێنیەک دەخاتە بەر لێپرسینەوە، گەر چاک بێت یاخود خراپ. (کۆمکار١٢: ١٤).**

.................

کابرایەکی زۆر دەوڵەمەند رۆژێک لە رۆژان چوو بۆ پیشانگایەک، وێنە و دیمەنی نەخشەیەک زۆر سەرنجی راکێشا، ئەویش وێنەی ئافرەتێکی هەژار بوو بە منداڵێکەوە بەخۆی و شتەکانی ناوماڵیەوە دەرکرا بووە سەر جادە و شەقامی بەرماڵەکە و کابرای ساحێب خانوش بە دەموچاوێکی پڕ لەتوڕەییەوە لەبەر دەرگاکە راوستاوە و دەرگای خانووەکەی قفل داوە. کابرا دەوڵەمەندکە خێرا رابردووی خۆی هاتەوە بیر کە ئەمیش ساڵانێکی زۆر لەمەوبەر هەر بەهەمان شێوە ژن و منداڵێکی لە یەکێک لەخانووەکانی خۆی دەرکردووە، کاتێک ناوی نەخشەکێشەکەی لەخواروی نەخشەکە خوێندوە، دەست بەجێ زانی کە نەخشەکێشەکە کوڕی ئەو ژنەیە کە لە خانووکەی دەری کردبوو بەدەستی بوایە نەخشەکەی پارچە پارچە بکردایە لەوێدا، ئیتر کابرا بەمە زۆر زویر بوو و پەشیمان بووەوە لەوەی لەگەڵ ئەو ژنە کردبووی. بەرێزان ئەوە بزانن کە ئێمەش هەموو رۆژێک لە رۆژان بەو شێوەیە رادەوەستین بۆ ئەوەی وینەکانی کۆنی خۆمان بخرێتەوە بەرچاومان و لەسەری لێپرسینەوەمان لێبکرێت.

# ١٨ مايس

**یۆناتان کوری شاول، هەستاو رۆیشت بۆ ناو دارستانەکە بۆ لای داود و توانای بە یەزدان بە هێزکرد. پێیووت: مەترسە! (سامۆئیلی یەک ٢٣: ١٦).**

......................

گرنگترین کات لە هاوڕێیەتی یوناتان بۆ داود، لەوکاتەدا بوو کە ژیانی داود لەوپەری مەترسیدا بوو، چونکە رایکرد بوو لەدەستی شاول.

ئالەم کەتەدا یۆناتان هات بۆ لای و ویستی ورەی بەرز بکاتەوە و هێز و توانای بداتێ بەهۆی یەزدانەوە، ئەمەش یارمەتیەکی زۆر گەورەیە کاتێک هاوریەکت لە ناخۆشی و نارەحەتیدا دەبێت، هاوڕێی راستەقینە لەکاتی ناخۆشیدا دەردەکەوێت.

عیسای مەسیح گەورەترین هاوڕێ و مەزنترین کەسە کە دەیەوێت لە هەموو کاتێکی ناخۆشیدا لەگەڵمان بێت و دەستمان بگرێت لە رۆیشتماندا بەرێگای ژیاندا، نەک هەر ئەمە بەلکو ئەو گەورەترین و مەزنترین و دڵسوزترین هاوڕێمانە، چونکە ئەو ژیانی خۆی کردە قوربانی بۆ کرینەوەی ژیانی ئێمە و رزگارکردنمان لەمردنی هەتا هەتایی.

# ١٩ مايس

**چاوكراوه بن و ئێشك بگرن. (پەترۆسی یەک ٥: ٨).**

......................

لە سەدەکانی کۆندا، کاتێک گواستنەوە بە عەرەبانە بوو، ئەوەی بە چەند ئەسپێک رادەکێشرا، پادشایەک کە کۆشکەکەی بەبەرزیەوە بوو لە قەدی چیاو رێگەی بۆ ناو شارەکان بەشاخدا دەهاتە خوارەوە و دوڵی بەینی ئەم لاو ئەولای شەقامی کۆشکەکە بەرە و خوارەوە زۆر زۆر قوڵ بوون و ئەگەر کەسێک یان عارەبانەیەک بکەوتایە خوارەوە، هەپروون بە هەپروون دەبوو. پادشاکە ویستی خۆی عەرەبانجیەکی زۆر باش هەڵبژێرێت بۆ عەرەبانە تایبەتیەکەی خۆی.

سێ عەرەبانچی هاتن بۆ لای، لە یەکەمی پرسی: تۆ کە عەرەبانەکەت لێخوڕی چەند دوور لەقەراغی دۆلەکانەوە دەبێت دوور بێت؟ ووتی: هیچ نەبێت نیو مەتر. پرسیاری لە دووهەم کرد، ووتی: دەبێت مەترێک دوور بێت، بەڵام سێ هەم ووتی: گەورەم من دەبێت باش چاو بکەمەوە و چەند بتوانم دوور لەقەراغی دۆلەکانەوە دەرۆم. پادشاکە کابرای سێهەمی هەڵبژارد. ئێمەش باچاومان بکەینەوە و چەند دەتوانین بادوور لە قەراغی دوڵی گوناهو گیروگرفتەوە بەرێگادا بڕۆین، نەوەک بکەوینە خوارەوە و هەپروون بە هەپروون ببین.

## ٢٠ مایس

**راستیت پێ بڵێم، هەر ئەمڕۆ لەگەڵمدا دەبێت لە بەهەشت. (لۆقا ٢٣: ٤٣).**

..................

کاتێک کابرا دزەکەی لەنزیک عیساوە لەگەڵ عیسادا لەخاچ درا دانی بەگوناهی خویدانا باوەڕی بەعیسا کرد کە بێ تاوانە، عیسا بەدەرونی ئەوی زانی و زانی چی لەدڵیدا هەیە بۆیە پێی ووت: هەر ئەمڕۆ لەگەڵ من دەبیت لە بەهەشت.

دزەکە خۆی بەست بە عیسای پیرۆزەوە، چونکە پێیووت: لەیادم مەکە ئەی عیسا. هەروەها عیساش خۆی بەست بە دزەکەوە کاتێک پێیووت: لەگەڵمدا دەبیت لەبەهەشت.

هەر ئەمڕۆ: خێراییەکی سەیرە!!

لەگەڵمدا دەبیت: هاوڕێیەتیەکی سەیرە!!

لەبەهەشت: بەرزبوونەوەیەکی سەیرە!!

خوێنەری بەرێز... ئایا لەدڵەوە بانگی عیسای پیرۆز دەکەیت کەوا لەیادت نەکات؟

بەشەرتێک ئەو بانگە بەباوەڕەوە بێت، تاوەک ئاسودەیی بکەوێتە دەرونتەوە، هەر مرۆڤێک دان بە سروشتی گوناهباری خویدا بنێت و هاوار بۆ عیسا بەرێت وەک ئەم کابرایەی ئێستا، ئەوا مسۆگەر لەگەڵ عیسادا دەبێت لەبەهەشت.

## ٢١ مايس

**عیسای پیرۆز دەڵێت: دوای ئەوەی ڕۆیشتم و شوێنم بۆ ئامادەکردن، دەگەڕێمەوە لاتان و لەگەڵ خۆمدا دەتانبەم... (یۆحەننا ١٤: ٣).**

......................

کاتێک عیسای مەسیح دەگەڕێتەوە، کەسانێکی زۆر زۆر دەبات لەگەڵ خۆیدا بۆ ئەو شوێن و جێگەیەی کە لێیەتی و هەموو ئەوانەی باوەڕیان بەمەسیح هەیە، دەزانن شوێن و جێگای ئەو لە کۆیە.

ئەوانەی بەپێی ووتەی پەرتووکی پیرۆز، سەرلەنوێ لەدایک بوونەتەوە (واتە سروشتی مرۆڤی گوناهباریان فڕێداوە و بوونەتە مرۆڤێکی تازە بە سروشتێکی تازەوە، سروشتێک کە سروشتی باوەڕدارە و سروشتی عیسای پیرۆزە) ئەمانە هەمووی بوونەتە ڕۆڵە و نەوەی یەزدان، بۆیە پێشیان دەوترێت نەوە یان ڕۆڵەی یەزدان، چونکە لەدایک بوونەتەوە سەرلەنوێ.

بەرێزم، ئایا دەتەوێت سەرلەنوێ لەدایک بیتەوە؟ ئایا دەتەوێت لەگەڵ عیسا دا بیت لەو شوێنەی کە ئەوی لێیە؟

## ٢٢ مایس (١ جۆزەردان )

**عیسای مەسیح دەڵێت: داوا بکەن، پێتان دەدرێ. بگەرێن دەدۆزنەو. لەدەرگا بدەن، لێتان دەکرێتەوە. (مەتتا ٧: ٧).**

.......................

خوداوەند سێ شێوازی بەکارهێناوە بۆ نوێژکردن و داواکردن، ئەو دەیەوێت هانمان بدات و بێ هێوایی لەدڵماندا لابەرێت.

باشە جیاوازی چیە لە نێوان، داواکردن و گەڕان و لێدانی دەرگا؟ داواکردن بۆ شتێکە کە یەکێک پێویستی پێیەتی، گەران بۆ شتێکە کە دەتەوێت بیدۆزیتەوە، لێدانی دەرگا دووپات کردنەوەیە بۆ داواکاریەکەت.

خۆشەویستان، کەواتە با داوا بکەین و رانەوەستین لەداواکردنماندا، با بگەڕین و هیلاک نەبین، با لەدەرگا و قاپی و بارەگای یەزدان بدەین و دیسانەوە لێی بدەین، تا لێمان دەکرێتەوە (ئەی ئەوانەی ناوی یەزدان دەبەن، بێ دەنگ مەبن و مەیەڵن ئەویش بێدەنگ بێت.) (ئشەعیا ٦٢: ٦، ٧).

سوپاس بۆ یەزدان لەدڵەوە، چونکە ئەو ئەوەی باشە پێمان دەدات ، ئەو دەزانێت چۆن وەکەی وەڵاممان دەداتەوە و پێمان دەبەخشێت.

## ٢٣ مایس

**کاتێک گەیشتنە ئەو شوێنەی بە کاسەی سەر ناودەبرا... لە خاچیان دا... تاریکی باڵی کیشا بەسەر هەموو زەویدا. (لۆقا ٢٣: ٣٣، ٤٤).**

........................

عیسای پیرۆز بریتیە لە ڕووناکی جیهان، واتە ڕووناکی رۆحی و دەرونی بۆ خەڵکی سەر ڕووی زەوی، خەڵکی ئەو ڕووناکیەیان وەرنەگرت و هەستان بەلەخاچدانی، لـەو کاتەوە تاریکی باڵی کێشاوە بەسەر ڕووی زەویدا و مرۆڤ تاریکی لەدەرونیدایە، زۆر هەن کە رقیان لە ڕووناکی یەزدان دەبێتەوە، بۆیە هەنگاوەکانیان لەژیاندا بەتاریکیدا دەڕوات و دەکەون و توشی گیروگرفت و خەفەت و برینداری دەبن. دیسان عیسای مەسیح، بریتیە لە ڕێگا بۆ لای یەزدان، هەمان شت زۆر کەس هەن کە ئەم ڕێگایەیان پێخۆش نیە و ڕێگای پیچا و پێچ و چەوت دەگرن، بۆیە زۆریان دەکەون و توشی ئازار دەبن. هەروەها عیسای پیرۆز بریتیە لەراستی و زۆر کەس هەن حەزیان لەراستی نیە. سەرەڕای ئەمەش مەسیح بریتیە لەژیان، واتە ئەوەی ژیانی هەتاهەتای دەدات بەمرۆڤ، مرۆڤ هەرچەندە دێت و دەچێت، بەڵام بەرۆح مردووە، تەنها کەسێک کە دەتوانێت ژیانی پێ بداتەوە، عیسای مەسیحە. عیسا دەڵێت: من ڕێگا و راستی و ژیانم. (یۆحەننا ١٤: ٦).

# ٢٤ مايس

**من بەرەو ئامانج هەوڵ دەدەم، بەرەو پاداشتی بانگەوازی بەرزی یەزدان... (فیلیپی ٣: ١٤).**

..................

یاریزان کاتێک کە رادەکات بۆ ئەوەی یاریەکە بباتەوە، نابێت تەنها بیر و هۆشی لای بردنەوەکە بێت، بەڵکو دەبێت بیری لای یاسای یاریەکەش بێت. چاودێر و حەکەمە یۆنانیەکان جاران لەکاتی یاری کردندا زۆر بە تەواوی و بەرێکی سەیری وەرزش و وەرزشکارەکانیان دەکرد و لێپرسینەوەیان. لەسەر هەموو هەڵەیەکی یاسای یاریەکان دەکرد. تەنها هەڵەیەکی بچوک دەبووە هۆی ئەوەی کە یاریزانەکە بێبەش بێت لە بردنەوەی یاریەکە یاخود پێش برکێکە یان راکردنەکە، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نیە کە ئیتر شوناسنامەی وەرزشەوانی لێدەسەنرێتەوە و ناتوانێت جارێکی کە بەشداری بکات. ووشەی یەزدان لە پەرتووکی پیرۆز دا هەمان شت دووپات دەکاتەوە کە مرۆڤ دەبێت لە راکردنی ژیانیدا بۆ بردنەوەی پاداشتی یەزدان، مەرج نیە هەر رابکات، بەڵکو دەبێت ئاگاری یاسای یەزدان بکات لەو راکردنەدا. (یاریزان هەرگیز پاداشتی سەرکەوتن وەرناگرێت گەر پێشبرکێ بە گوێرەی یاسای یاریەکە نەکات.) (تیمۆساوسی دوو ٢: ٥). کە واتە بەرێزان :ئاگاداری یاسای یەزدان بن بۆ بەدەست هێنانی پاداشتی یەزدان.

# ٢٥ مایس

**لە تەنگانەدا بانگی یەزدانم کرد... هاوارم لەبەر دەمیەوە بوو و چووە گوێیەوە. (زەبور ١٨: ٦).**

..................

لە شوێنێک بەرێکەوت چەند کەسێک دانیشتبوون باسی دنیا و گیروگرفتی دنیایان دەکرد، هەریەکە و بە شێوەیەک رای خۆی دەردەبڕی کە دەبێت چی بکرێت بۆ پێشکەوتنی بارودۆخی ژیان. لەنێوانیاندا کابرایەکی بەتەمەن هەبوو تەنها هەر گوێی گرتبوو، یەکێکیان لێی پرسی: ئەی باشە تۆ چی دەڵێت.

کابرایەکە ووتی: بزانە ئێوە من ناناسن، من ماوەی بیست ساڵ لەمەوبەر زۆر دەوڵەمەند بووم و پارەیەکی زۆرم هەبوو، بەڵام شەر و ناخۆشی هات بەسەر ناوچەکەماندا و پارە و ماڵم تیاچوو، خۆشم دەربەدەر بووم. بەڵام لەوکاتەوە خۆشی کەوتۆتە ژیانمەوە، خۆشیەک کە جاران بەو هەموو پارە و سەروەت و سامانەوە نەمئەزانی چیە و دڵم خۆش نەبوو وەک ئێستا، من زۆر باش ئەزانم مرۆڤ چەند پێش بکەوێت و دەوڵەمەند بێت و هەیبێت بەڵام دڵی خۆش نەبێت هیچ سودی ئەوتوی نیە.

بەرێزان کەواتە ئەگەر هەتە یان نیتە، هەوڵ بدە عیسا بناسیت تا وەک شادی بێتە ژیانتەوە.

## ٢٦ مایس

**یەزدان خۆشەویستی خۆی بۆ دەرخستین، بەوەی مەسیح لەپێناوی ئێمەدا مرد، کاتێک هێشتا ئێمە گوناهبار بووین. (ڕۆما ٥: ٨) بەمە خۆشەویستی فێربووین، کە عیسای مەسیح ژیانی خۆی لەپێناوی ئێمەدا بەخشی. (یۆحەننای یەکەم ٣: ١٦).**

....................

ـــــ خۆشەویستی یەزدان ـــــ

**١.** سەرچاوەکەی: لای یەزدانەو لەناوەرۆکی یەزداندایە، ئەو ئێمەی خۆشدەوێت نەک لەبەر ئەوەی ئەمە مافێکی مرۆڤە و مرۆڤ شایانی ئەو خۆشەویستیەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەی یەزدان خۆی بریتیە لە خۆشەویستی. (یۆحەننای یەکەم **٤: ٨، ١٦).**

**٢.** مەبەستەکەی: رزگارکردنی مرۆڤە لەقورسایی گوناه مەبەست من و تۆین و هەموو کەسە، یەزدانی پیرۆز دادپەروەرە و بەهۆی دادپەروەری یەزدانەوە، سزای مردن هات بۆ مرۆڤ چونکە مرۆڤ گوناهی کردوو سروشتی گوناهی وەرگرت، بەڵام بەهۆی قوربانیەکەی عیسای مەسیحەوەو خوێن رشتنی لەسەر خاچ مرۆڤ ڕزگاری بوو.

**٣.** گەورەیی و پانتاییەکەی: چونکە یەزدان بەجۆرێک جیهانی خۆش وویست، تەنانەت تاقە ڕۆڵەی خۆی پێشکەش کرد، هەتا هەموو ئەوانەی باوەڕی پێدەکەن لەناونەچن، بەڵکو ژیانی هەتاهەتایی بەدەست بهێنن. یۆحەننا **٣: ١٦).**

## ٢٧ مایس

**چونكە یەزدان لە ئێوەدا (تیاتاندا) كاردەكات، تا ئارەزووی كاركردنتان پێ ببەخشێت بۆ ڕەزامەندی خۆی. (فیلیپی ٢: ١٣).**

.........................

بەڕێزان یەزدانی پیرۆز كاردەكات لە ناو دڵ و دەرونی مرۆڤدا، ئینجا كاری پێدەكات و بۆ شكۆمەندی و ڕەزامەندی خۆی، مرۆڤەكە بەكاردەهێنێت، گەر ئێمە پەرتووكی پیرۆز بخوێنینەوە، بەروونی ئەم شتەمان بۆ دەردەكەوێت. لە ژیانی موسا و داود و پێغەمبەراندا، دەردەكەوێت كەچۆن یەزدان یەكەم جار كاریكردۆتە سەریان و ئینجا كاری پێكردوون و كەسیشیان چاویان لەوی كەیان نەكردۆتەوە. ئامادەكردنی نێرراوی یەزدان موسا ماوەی چل ساڵی برد، تاوەک هێنایە ئەو شوێنەی كاری پێكرد و ئینجا موسا توانی بەناوی یەزدانەوە قسە بكات و بدوێت. موسا ماوەی چل ساڵ خەریكی لەوەڕاندنی مەڕوئاژەڵ بوو و لەوماوەیەدا یەزدان كاری تێدا دەكرد بۆ ئەوەی ئامادەی بكات. ئەو هێزەی كاردەكات لە ناو مرۆڤدا، بریتیە لە ڕۆحی پاک و پیرۆزی یەزدان، ئەمەش بریتیە لە ووزەی یەزدان، هەر ئەم ڕۆحەش بوو كە لەگەڵ عیسادا بوو. با ئەوەش بزانین كە بەبێ ڕۆحی پیرۆز بەبێ ئەو ووزەیە مرۆڤ خۆی بەتەنها توانای گەیشتنی نیە بە داواكاری یەزدان.

## ٢٨ مايس

**ئێمە جاران بێ مێشک و یاخی و ... بەکینەو چاوپیسی دەژیاین... (تیتۆس ٣: ٣).**

.......................

رۆژێک لە رۆژان کابرایەک لە ئەفریقیای خوارووەوە هات بۆ لای ووتە بێژێکی مەسیحی باوەڕدار کە ناوی (موفات) بوو و پێیووت: بەڕێزم ئایا ئەوانەی بەشی تازەی پەرتووکی پیرۆزیان نووسیوەتەوە کۆمەڵگا و خەڵکی لای ئێمەیان ناسیوە، ئێمە لەلادێکەی خۆماندا باسی ئەم شتەمان کردوو ووتمان: ئەوەی لەم نووسراوەدایە دەڵێی بەتەواوی بۆ خەڵکی لادێکە ئێمە نووسراوە. ئینجا (موفات) لێی پرسی: چۆن وە بەچیدا ئەمە دەڵێیت؟

کابراکە ووتی: ئەو بێ مێشکی و چاوپیسی و خراپە و دژایەتیەی کە باسی لێوە دەکرێت، کەوا لە مرۆڤدایە و ئەوانی کە، هەمووی لەو خەڵکەی ئێمەدا هەیە، بۆیە ئەڵێی بۆ ئێمە نووسراوە.

بەڕێزان، مرۆڤ لەهەموو لایەکی ئەم جیهانە، هەمووی یەک جۆرن لە دەرونیاندا و لە سروشتیاندا و لەبوونی سروشتی گوناە تیایاندا. بۆیە ئێمەی مرۆڤ هەموو پێویستمان بەوە هەیە کەدان بنێن بەمەدا و لەشی خۆمان بمرێنین و دیسان بەپاکی لەگەڵ خوداوەندا لەدایک ببینەوە و بەپاکی بژین و لەشی کۆنمان فرێ بدەین، ئەو لەشەی رۆژێ لە رۆژان بۆگەن دەکات و نامێنێت.

## ٢٩ مایس

**عیسای پیرۆز دەڵێت: من شوانێکی دڵسۆزم، شوانی دڵسۆزیش ژیانی خۆی دەکاتە قوربانی لەپێناوی مێگەلەکەیدا. (یۆحەننا ١٠: ١١).**

.....................

بەراستی شتێکی زۆر گرنگە کە شوان کەسێکی دڵسۆز بێت، چونکە خەڵکی لادێکە هەموو ئاژاڵەکانیان دەدەن بەو شوانە تاوەک ڕۆژانە بیبات بۆ لەوەڕ.

ئاژەل لە لادێکاندا بریتیە لەبەشێک لەو سەروەت و سامانەی کە خەڵکی لادێکە هەیانە جا ئەمەش مانای ئەوەیە کە بەلایانەوە زۆر گرنگە و شتێکی زۆر باشە ئەگەر شوانەکەیان دڵسۆز بێت، کاتێک مێگەلەکە توشی بارودۆخێکی سەخت بوون یان گورگ پەلاماری مێگەلەکەی دا، ئەوا شوانەکە ئەوەندە دڵسۆز بێت کە ئامادەبێت ژیانی خۆی بەخت بکات لە پێناوی میگەلەکەدا. بەڵام ئەم شتە هەرگیز نابێت چونکە شوانێک ئەگەر بەکرێ گیرابێت بۆ لەوەڕاندنی مێگەلێک، نایەوێت ژیانی خۆی بەخت بکات لەپێناوی چەند سەرمەرێک بۆ ئەوەی گورگ نەیبات.

بەڵام عیسای پیرۆز دەڵێت: من شوانێکی دڵسۆزم، واتە ئامادەم ژیانی خۆم بەخت بکەم بۆ مێگەلەکەم. هەرواش بوو، عیسای پیرۆز ئەمەی بەکردار سەلماند، کاتێک لەسەرخاچ خۆی کردە قوربانی بۆ کرینەوەی ژیانی ئێمە و رزگارکردنمان لەو گورگەی کە ناوی مردنی هەتاییە.

## ٣٠ مایس

**بەرەکەتی باوک (واتە یەزدان) بەسەر سەری یوسفەوە بوو... جیاکرایەوە لە براکانی.( پەیدابوون٤٩: ٢٦).**

........................

یوسف بووە قوربانی بۆ یەزدان و بۆ باوکی و براو خیزانەکەی. لەوانەیە زۆر لە ئێمە چیرۆکی یوسف بزانین، ئەوەی براکانی فروشتیان بەو بازرگانانەی بەرەو میسر دەچوون ، هاتنەوە و بە باوکیان ووت یوسف کورگ خواردویەتی، ئەوانەش دەزانن کە چۆن لەدوایدا یوسف بەیارمەتی یەزدان بۆ میسر و چۆن یوسف ناسینیەوە و لەباتی ئەوەی تۆڵەیان لێبکاتەوە سزایان بدات یارمەتیدان... کاتێک یوسف براکانی بینی دەستیکرد بەگریان و دڵی پێیان سوتا و خێرا نان و خواردنی بۆ ئامادەکردن، بەڵام ئەوان جاریٚ بیریان لای پڕکردنی سکیان بوو. بەسەرهاتی یوسف نیشانە بوو بۆ ئەو قوربانیەی عیسای پیرۆز دەیکات و چۆن دوایش لەباتی تۆڵەکردنەوە لەمرۆڤ لەهەموو مرۆڤی سەر رووی زەوی خۆش دەبێت و ژیانی هەتاهەتاییان پێدەبەخشێت. وازیان لە هەموو شتێک هێنا و دوایکەوتن. (لۆقا ٥: ١١). ئەم ووتەیە ئەوە دەردەخات کە ئەو کەسانە وازیان لە هەموو شتێکی جیهانیان هێناوە و کردوویانەتە دیاری و قوربانی بۆ یەزدان و رێگە یەزدان، بەدڵ و دەرون و سەروماڵەوە دوای یەزدان کەوتوون و لەگەڵ یەزداندابوون.

# ٣١ مایس

**لەتەنگانەدا بانگی خوداوەندم کردوو هاوارم بۆ یەزدان برد... (زەبور ١٨: ٦).**

................

دوای چەند ساڵێک لە تەواوبوونی جەنگی جیهانی دووهەم، کابرایەکی فرۆکەوان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: من فڕۆکەوان بووم لەکاتی جەنگی جیهانی دووهەمدا و لەکاتی جەنگدا فرۆکەکەمیان پێکا و ئاگر بەربووە فرۆکەکەم و لەبارودۆخێکی زۆر زۆر سەختدا بووم، نزیک لەمردن. من ئەو کاتە باوەڕم بەیەزدان نەبوو بەڵام لەوێدا هاوارم کرد ئەی خودایە یارمەتیم بدە! پاشماوەیەک نازانم چۆن بوو توانیم خۆم جیا بکەمەوە لە فرۆکەکە و بە پەڕەشوت هاتمەوە سەر زەوی و رزگارم بوو. دوای چەند ساڵێک من ئەو باسەم لەبیرکرد و دیسانەوە ژیانم چۆن بوو وەک پێشین دەژیانم بێئەوەی باوەڕێکی ئەوتۆم هەبێت بەیەزدان، یاخود لەگەڵ یەزداندا بژیم. بەڵام رۆژێک لە رۆژان ئامادەی کۆبوونەوەیەک بووم کە تێدا باسی ووتەی یەزدان دەکرا، لەویدا و لە باسەکەدا ئەو هاوارەی خۆم هاتەوە یاد کە کاتێک بەئاسمانەوە فڕوکەکەم دەسووتا و هاوارم بۆ یەزدان برد. بەمە باوەڕم بەیەزدان هێنا و بووم بە باوەڕدار. زۆر کەس هەن کە هاواریان بۆ یەزدان بردوە و دوایش بیریان چۆتەوە.

# ١ حوزەیران

**ئێمە مزگێنیەکەمان (ئینجیل) بیست وەک ئەوانی کە کەوا بیستیان، بەڵام بۆ ئەوان هیچ سودێکی نەبوو بیستنی مزگێنیەکە، چونکە بە باوەڕەوە نەبوو. (عیبرانیەکان ٤: ٢).**

..........................

ئەو ئافرەتەی لە مزگێنیدا (ئینجیل)، باسی لێدەکرێت کەوا ماوەی دوانزدە ساڵ لەشی خوێنی لێدەهات و چی پارە و پولی هەبوو هەمووی دابوو بۆ چارەسەرکردنی تەواوەتی. ئەم نموونە و باسە لە باسی من و تۆی مرۆڤ دەکات، بەوەی کە ئێمەی مرۆڤ چی بدەین و چی بکەین بەتوانانی خۆمان، ناتوانین رزگارمان بێت لە ئەو گوناهو خراپەیەی لە لەشماندایە, نەخۆشی گوناهو خراپەی ناو لەشی مرۆڤ نەخۆشیەکی کوشندەیە و دەمانبات بەرەو مردن، مردنی هەتاهەتایی.  ئافرەتەکە باوەڕی بەوە هێنا کەوا کەسێک هەیە بەتوانا و بە هێزە و توانای ئەوەی هەیە چاکی بکاتەوە، لەبەر ئەوە ووتی: گەر تەنها دەستم بە چمکی کراسەکەی (عیسا) بکەوێت چاک دەبمەوە. (مەرقۆس ٥: ٢٨). ئافرەتەکە راستی کرد کاتێک دەستی بەر کراسەکەی عیسای مەسیح کەوت چاک بووەوە. ژنەکە رۆیشت بێئەوەی هیچ بڵێت، بەڵام عیسا رایوەستان داوای ئەوەی لێکرد کە باسی نەخۆشیەکەی خۆی بکات، تا وەک ئەوەی روویدا ببێتە نمونەیەک بۆ چاک بوونەوەی هەموو مرۆڤێک.

# ٢ حوزەیران

**وەرن بۆلام ئەی هەمووماندووان وبارگرانەکان، من دەتان حەسێنمەوە (مەتتا ١١: ٢٨).**

................

عیسای مەسیحی خوداوەند، زەردەخەنە دەخاتە سەر لێوتوو سروود دەخاتە دڵتەوە. ئەو ووزە و مانا و خۆشی دەخاتە دڵ و ژیانتەوە.

زانینی ئەوەی کە مەسیح مرد و بوو بە قوربانی بۆ خەڵک، ئەمە بەتەنها بەس نیە و مرۆڤ پێویستە بەوە بزانێت کە ئەو قوربانیە بۆ هەموو تاکە مرۆڤێک کراوە، بۆ من و بۆ تۆش ئەی خوێنەری بەرێزم. پێویستە بەدڵ باوەڕ بەوە بکەین کە ئەو مرد و بوو بەقوربانی لەسەر خاچ، لە پێناوی گوناهی من تۆشدا، بۆ بەدەست هێنانی لێخۆش بوون بۆمان. هاتن بۆ لای مەسیح ئاسودەی دەدات بەدەروون و ئەمەش بریتیە لە حەسانەوە بۆ هەموو مرۆڤێک، لەم ژیانە پڕ لە ناخۆشیدا. عیسای زیندوو، لەبەر دەرگای دڵتا راوەستاوە و چاوەروانە بێتە دڵتەوە. (ئەوەتا من لەبەر دەرگار راوەستام و لەدەرگا دەدەم، گەر یەکێک گوێی لە دەنگم بوو و دەرگاکەی لێ کردمەوە دێمە ژوورەوە...). (بینین ٣: ٢٠). بەرێزم باش بزانە گەر تۆ عیسات وەرگرت لە دڵەوە، ئەوا بەمە ئاسودەیی لەدەرونتدا و ئاشتی لەگەڵ یەزداندا دروست دەکەیت.

# ٣ حوزەیران

**مەسیح خۆی بوو بە مرۆڤ، تا بەشداری سروشتی مرۆڤایەتیمان بکات، بۆ ئەوە بەمردنی خۆی لەناوی ببات ئەوەی دەسەڵاتی مردنی هەیە، واتە شەیتان. بەمەش ئەوانە رزگار بکات کە بە درێژایی ژیانیان ترسیان لەمردنە... (عیبرانیەکان ٢: ١٤، ١٥).**

.................

کابرایەکی زۆر دەوڵەمەند ماڵەکەی نزیک بوو لە گۆرستانی شارەکەیەوە و لە حەوشەی ماڵەکەیەوە رۆژانە کە سەری هەڵدەبڕی، چاوی دەکەوت بە گۆرستانەکە و نارەحەت دەبوو بەمەو ترسی لەمردن هەبوو. کابرا هەستا بەدروست کردنی دیوارێکی بەرز بە شێوەیەک کە ئیتر گۆرستانەکە نەبینێت، بەڵام بەمەش ئاسوودەیی نەکەوتە دەرونیەوە و بیری لەلای گۆرستان و مردن بوو، سەرەرای دروست کردنی دیوارەکەش زۆر جار ئەم کابرایە باسی یەزدان و عیسای مەسیحی بیستبوو، بەڵام دڵ و ژیانی نەدەرۆیشت بەلای هیچیاندا. دوایی کابرا مردوو سەرەرای دروست کردنی دیوارە بەرزەکەی ماڵەوەی برا بۆ گۆرستانەکە. بەڵام ئایا رۆحی ئەو کابرایە ئێستا لەکوێیە؟ ئایا لەگەڵ یەزداندایە، یان دوورە لە یەزدانەوە ؟ کەواتە با ئێمە گەر باوەڕمان بە بوونی مردن هەیە، هەوڵ نەدەین رابکەین لەبیری مردن، بادان بنێن بەوەدا کە ئێمە گوناهبارین و پێویستیمان بەلێخۆش بوون هەیە.

# ٤ حوزەیران

**بەراستی ئەمیش لەگەڵی بوو، چونکە ئەمیش خەڵکی شاری جەلیلە. ئینجا پەترۆس ووتی: کاکە، من نازانم تۆ چی دەڵێیت. هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو، کەڵەشێری بەیانی خوێندی. خوداوەند ئاوڕی دایەوە و سەیری پەترۆسی کرد، لێرەدا پەترۆس هاتەوەیادی ئەوەی عیسا پێی ووتبوو (پێش ئەوەی کەلەشێری بەیانی بخوێنێت تۆ سێ جار نکۆلیم لێدەکەیت.) (لۆقا ٢٢: ٦٠، ٦١).**

....................

ئایا قەت نکۆڵیت لەراستی کردووە لە ژیانتدا؟

ئایا هەستت بە گوناهو ناپاکی کردن کردووە لە ژیانتدا؟ ئایا هەستت بەوەکردووە کە دوور دەکەویتەوە لە یەزدان؟ ئایا قەت گریاویت وەک ئەو گریانەی پەترۆس گریا، کاتێک نکوڵی لە عیسای مەسیح کرد؟ گەر شتێکی ئاوهات کردووە، هەوڵ بدە بگەڕێیتەوە بۆ لای یەزدان، دڵی یەزدانی پڕە لەخۆشەویستی، ئەو دڵ و خۆشەویستیەی کە قەت ناگۆڕێت بەرانبەرت. بەرێزم بە مەزەنەی عەقڵی خۆت پانتای و خۆشەویستی مەسیح سەیرمەکە و مەیپێوە ، چونکە ئەو زۆر گەورەترە لەوەی کە تۆ بیری لێدەکەیتەوە مەیەڵە شەیتان پێت بلێت، جیاوازی زۆرە لە نێوان تۆ و یەزداندا، مەیەڵە شەیتان وات لێبکات شەرم بکەیت یان بترسیت لەیەزدان، ئەو هەموو کاتێک دڵ و باوەشی کراوەیە بۆ تۆ و بۆ هەموو ئەوانەی دەگەرێنەوە بۆ لای.

# ٥ حوزەیران

**ناوی یەزدان قەڵایەکی پارێزراوە، ئەوەی رادەکات بۆی سەرراستە و رزگاری دەبێت. (نمونەکان ١٨: ١٠).**

....................

ئەم شەش شارە کە شوێنی خۆشاردنەوە و خۆ حەشاردانە، نمونە و رەمزە بۆ شوێنی خۆ شاردنەوە و خۆ حەشاردانی راستەقینە کە عیسای مەسیحە. شاری یەکەم: (قادش) واتە (قەداسەت) مانای پاک و پیرۆزی. ئەمەش شوێنی خۆ شاردنەوەیە بۆ گوناهباری ئەوانەی لەشی خۆیان پیس کردووە، تا بەخوێنەکەی خۆیان پاک بکەنەوە. شاری دووهەم: (شەکیم) واتە (شان)، ئەوانەی لاواز و بێبەشن لە خۆشەویستی مەسیح ،ئەوا مەسیح دەیانخاتە سەر شانی خۆی تێیدا. شاری سێ هەم: (حەبرون) واتە (هاوڕێیەتی)، تێیدا مەسیح دەبێتە هاوڕێی ئەوانەی بەتەنها بەرێگا دەڕۆن و هاوڕێیان نیە. شاری چوارەم: (باسر) واتە (قەڵا)، لێرەدا مەسیح دەبێتە قەڵا و پارێزەر بۆ ئەوانەی رادەکەن بۆ لای. شاری پێنجەم: (راموت) واتە (بەرزکردنەوە)، لێرەدا ئەوانەی کەوتوون مەسیح بەرز و بڵندیان دەکاتەوە ، چونکە دەڵێت: بەرزی دەکەمەوە، چونکە ناوی منی زانیوە... شاری شەشەم: (جۆلان) واتە (شادی) لێرەدا مەسیح شوێنی خۆ حەشاردان و قەڵایە بۆ ئەوەی لێو بەبارن و شادیان پێ دەبەخشێت.

# ٦ حوزەیران

**من شوانێکی دلسۆزم، مێگەلەکەم دەناسم، ئەوانیش من دەناسن، هەروەک چۆن باوک من دەناسێت، منیش ئەو دەناسم. ( یۆحەننا ١٠، ١٤- ١٥)**

.....................

کابرایەکی زۆر بەتەمەن لەیەکێ لە نەخۆشخانەکان کەوتبوو بەنەخۆشی و چەند رۆژێکی مابوو کۆچی دوایی بکات، خەڵکێکی زۆر هاتبوون بۆ لای، لەوانە کورەزایەکی بچوکی کە قووتابی سەرەتایی بوو، هەروەها لەگەڵیاندا مامۆستای ئاینی قوتابخانەکەش، لەپر منداڵەکە بە خەڵکی ناو ژورەکەی ووت: هەموو بڕۆنە دەرەوە من ئیشێکم بە بابە گەورەم هەیە! بابە گەورەش ووتی تکایە بەقسەی بکەن، کاتێک هەموو چوونە دەرەوە، منالەکە لە بابەگەورەی نزیک بووەوە و ووتی: بابەگەورە من بیستوومە کە تۆ دەمریت، من دەرسی ئایندا ئەوە فێر بووم کە من کاتێک بمرم دەچم بۆ ئاسمان بۆ لای مەسیح، ئایا تۆ ئەمە دەزانیت؟ کابراکە ووتی: باشە، برۆ مامۆستاکەتم بۆ بانگ بکە، ئیتر منداڵەکەش رویشت و مامۆستاکەی بانگ کرد، کابرا باوەڕی بە عیسای مەسیح هێنا و ئینجا بەکوڕەزاکەی ووت: ئەوا ئیتر باوەڕم بەوە هەیە کە دوایی لەئاسمان یەکتری دەبینینەوە. (تۆبە بکەن و باوەڕ بهێنن بەم مزگێنیە). (مەرقۆس ١: ١٥).

# ٧ حوزەیران

**ئەوەتا من لە بەردەگا ڕاوەستاوم و لەدەرگا دەدەم. (بینین ٣: ٢٠).**

......................

ئایا چەند جار عیسا لەدەرگای دڵی داویت؟

ئەو بەزۆر ڕێگای جیاواز هەڵدەستێت بەم کارە. کاتێ گوێت لەناوی دەبێت، کاتێک ووشەی پەرتووکی پیرۆز دەخوێنیتەوە، یان گوێت لێی دەبێت، کاتێک تووشی گیروگرفت و ناخۆشی دەبێت و هەندێ کاتی کەش لە ژیانتدا. باشە ئایا وەڵامت چی بووە بۆ ئەوە؟ ئەوە بزانە کە عیسای مەسیح وەک دزێک نایەت بۆ لات، بەڵکو لەدەرگای دەرەوە دێت و بەنەرم و نیانی لە دەرگای دڵت دەدات، بێئەوەی هەوڵ بدات بەزۆر و بەهێز دەرگای دڵت بکاتەوە. ئەو خوێنی خۆی ڕشت و کردیە قوربانی بۆ تۆ، ئایا ئەم کردارە کار ناکاتە سەر بیرو هۆش و هەستت. باشە ئایا هەر وازی لێدەهێنیت لەبەر دەرگاکەت ڕاوەستێت بێ ئەوەی دەرگای لێ بکەیتەوە؟ ڕۆژێک تۆش خۆت دەبینیتەوە کە لەدەرەوەی دەرگاکەی ئەو ڕاوەستا بیت و بەهەردوو دەست لەدەرگا بدەیت کە مەسیح دەرگات لێ بکاتەوە و هاوار بکەیت ئەی خوداوەند دەرگام لێ بکەرەوە، بەڵام لەوانەیە کات بەسەر چووبێت. عیسا دەڵێت: ڕاستیتان پێ دەڵێم، من ناتان ناسم... ئێشک بگرن چونکە ڕۆژ و کاتی گەڕانەوەی ڕۆڵەی مرۆڤ نازانن. (مەتتا **٢٥: ١٢، ١٣)**

# ٨ حوزەیران

**هەموو کاتێک لە نوێژکردندا بن بە رۆح... بەردەوام بن لە سەر پاڕانەوەتان... (ئەفەسۆس ٦: ١٨).**

......................

مەرج نیە تەنها لە چەند کاتێکی دیاریکراودا و لە رۆژێکدا نوێژ بکەین، بەڵکو پێویستە رۆحی نوێژکردن لەدڵماندا بە هێز بکەین و رۆژانە بە بەردەوامی نوێژ بکەین، لەکاتی ئیشدا، کاتێک بەرێگادا دەڕۆین، کاتێک نان دەخۆین، کاتێک خەریکی خۆشتن دەبین، کاتێک دەچین بۆ کارێکی گرنگ، کاتێک دەچین بەرەو خەوتن، کاتێک لەخەو هەڵدەستین... هتد. نوێژکردن شەرت نیە هەر لە شوێنێکی دیاریکراودا بێت، مرۆڤ دەتوانێت لەماڵەوە، لەسەر شەقام، لەناو ئۆتومبێلدا، لە سەیران، لە هەموو شوێنێکدا نوێژ بکات. نوێژکردن بەدڵ دەرونی تاریک روون دەکاتەوە، ئەو زنجیرەی دەست و قاچی پێ بەستراوە دەیپچڕێنێت، نەخۆش چاک دەکاتەوە و مرۆڤ دەگەیەنێت بە ئەنجام و ئاواتی دڵی، سەرەڕای ئەمانەش، ملکەچی دەردەخات بەرامبەر بە یەزدانی دروست کەر.

باوەڕت بە توانای یەزدان هەبێت و بەڕۆح نوێژ بکە و قسەی لەگەڵ بکە و لەگەڵی بدوێ، چۆن لەگەڵ هاوڕیەکی زۆر دڵسۆزتدا یان لەگەڵ باوکتدا دەدوێیت، بێ پەردە و شەرم کردن. بەپێی پەرتووکی پیرۆز، تۆ کە باوەڕت بە یەزدان بوو ئەوا تۆ رۆڵەی یەزدانیت.

# ٩ حوزەیران

**کارکردن بە شەریعەت نابێتە هۆی لێخۆش بوون بەهۆی شەریعەتەوە گوناه دەناسرێت. (رۆما ٣: ٢٠).**

......................

کاتێک کە ووتاربێژی ئینگلیز ــــ شارلس ستانلی ــــ باسی ئەم ئایەتەی سەرەوەی دەکرد، کابرایەک هاتە قسە و ووتی: باشە تۆ چۆن دەڵێیت شەریعەتی یەزدان قورس و گرانە؟ باشە چۆن یەزدان یاسا و شەریعەتێک دادەنێت کەوا قورس و گران بێت بۆ مرۆڤ و دوایش لێپرسینەوەی لە سەر دەکات؟ (ستانلی) زانی چی لە مێشک و بیری ئەو کابرایەدایە کە پرسیار دەکات، بۆیە لە وەڵام دانەوەدا ووتی: برام بیهێنەرە بەرچاوی خۆت کەوا کەشتیەکی گەورەی پڕ لەخەڵک لەناوەراستی دەریادایە و خەریکە نوقم دەبێت بەخەڵکەکەوە، ئایا لەوێدا لێپرسراوی کەشتیەکە بیر لە یاسای دروستکردنی کەشتیەکە دەکاتەوە، یان بیر لەوە دەکاتەوە کە چۆن بەهۆی ئەو بەلەمە بچوکانەی بەتەنیشتی کەشتیەکەوەیە کە پێی دەڵێن بەلەمی رزگاربوون، بەم بەلەمانە خەڵکەکە رزگار بکات؟

برای بەرێز هەربەم شێوەیەشی عیسای مەسیح بریتیە لەبەلەمی رزگاربوون بۆ ئەوانەی خەریکە دەخنکێن. لەراستیدا یەزدان بەهۆی شەریعەتەوە دواکاری خۆی دەردەخات و رزگاربوونیشی بەهۆی عیسای مەسیحەوە داناوە.

# ١٠ حوزەیران

**ئەو یەزدانەی مردووان زیندوو دەکاتەوە... (رۆما ٤: ١٧).**

..................

لەبەر ئەوەی لەگەڵ مەسیحدا مردووین، ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە کە لەگەڵ ئەویشدا دەژین. (رۆما ٦: ٨). دانیشتوانی رۆژئاوای ئەفریقیا، پەندێکی پێشینانیان هەیە دەڵێت: (هەر کەسە شوێنی خۆی هەیە.) خۆیان زۆریان بەم بیرو فەلسەفە تایبەتیە، دەیانەوێ بڵێن: (با بخۆین و بخۆینەوە، چونکە بەیانی دەمرین.) (کۆرنسۆسی یەکەم ١٥: ٣٢). بەم شێوەیە خەڵکی هەن کە ژیان دەخەنە پێشەوە و ئینجا مردن. بەڵام لای مەسیحیە باوەڕدارەکان وایەکە دەڵێن: یەکەم مردن ئینجا ژیان (زیندووی کردینەوە لەگەڵ مەسیح، دوای ئەوەی کە مردووین بەهۆی گوناهەکانمانەوە.) (ئەفسۆس ٢: ٥). لێرەدا دەبێت ئەوە بیزانین کە جیاوازیەکی زۆر گەورەش هەیە لەنێوان مردنەکەی عیسا دا و مردنی مرۆڤدا. مردنەکەی عیسا بەرەزامەندی و خواست و پلانی خۆی بوو، تاوەک بێتە قوربانی و دیسان ببێتە نمونە و نیشانە بۆ زیندوو بوونەوەی مرۆڤ، کە بەڵی زیندوو بوونەوە هەیە و ئەوەی قوربانیەکەی من وەرگرێت لەگەڵ مندا زیندوو دەبێتە. بەڵام مردنی مرۆڤ هاتووە لەبەر سروشتە گوناهباریەکەی شتەکە بە ئارەزووی خۆی نیە و دادپەروەری و سزای یەزدانە بەسەریەوە.

# ١١ حوزەیران

**چونکە پاداشتی گوناه مردنە... (ڕۆما ٦: ٢٣).**

....................

وتاربێژیکی مەسیحی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: من زمانم بەوە ڕاهاتبوو کە باسی گوناهم دەکرد، زۆر بە ترسناکی و خراپەکاریەکی زۆر گەورەو مەزن دەرم دەبڕی و نیشانم ئەدا.
ڕۆژێک لە ڕۆژان کابرایەک هاتە لام و ووتی:
بەڕێز تکایە بەڵکو کاتێک باسی گوناه دەکەیت، ئەوەندە بەترسناکی و تووڕەییەوە باسی نەکەیت چونکە لەوانەیە زۆر کەس بەمە هەندێ زویر بن دوورکەونەوە لێت، تۆ کەباسی گوناهت کرد بلێ (هەڵەکردن) یان (خراپە). ووتاربێژەکە ڕۆژێک لە ڕۆژەکان لەماڵەکەی خۆی هەستاو شوشەیەکی هێنا کە ژەهری لەسەری نووسراو بوو، ووتی دەتوانم ووشەی ژەهرەکە لابەرم و لەسەری بنوسم (خراپە) یان خراپە بۆت؟ هەتاوەکو من شێوەی گەرمی قسەم بەرامبەر گوناه خاوبکەمەوە، زیاتر خەڵکی بەمە تەفرە دەخۆن و ئەوەندە بە گرنگی بایەخی پێنادەن و شتەکەیان زیاتر لا سوک و ئاسان دەبێت.
گوناه بریتیە لەگوناه لەبەرچاوی یەزدان، وە سزای گوناهیش وەک بیستمان پاداشتەکەی مردنە، بەڵام دیاری یەزدان بریتیە لە ژیانی هەتاهەتایی، ئەویش بەهۆی قوربانیەکەی مەسیحەوە.

# ١٢ حوزەیران

**عیسا هاتو لە ناوەڕاستیاندا راوەستاو ووتی: (ئاشتی بۆ ئێوە). (یۆحەننا ٢٠، ١٩)**

..................

(ئاشتی بۆ ئێوە) بەکوردی (سەلامون عەلەیکم) بە عەرەبی کە وەرگیراوە لە (شالۆم)ی عیبرانی هەر سێکیان بەواتای داخوازی ئاشتیە بۆ بەرامبەر بەکار دەهێنرێت.
عیساش کاتێک دوای ئەوەی زیندوو بووەوە، هات و لەناوەندی قوتابیەکانیدا و هەندی لەخەڵکیکە راوەستا و بە ووشەی (ئاشتی بۆ ئێوە) (شالۆم) لەگەڵیاندا دوا و کەوتە قسەکردن، ئەو ووتە و قسانەی ئەو بەراستی ئاشتی هێنەرە بۆ مرۆڤ ئەو ئاشتیە لەم ژیانەدا شتێکی زۆر پێویستە، چونکە خراپکار و توندرەوەکان (وەک شەپۆلی ئاوێک وان کە قوڕ و لیتەو پیسی دەهێنێت.) (ئەشعیای ٥٧: ٢٠).
بێجگە لەمەش گیروگرفتی تری ژیان و ژیانی رۆژانە، بۆیە ئێمە هەموو پێویستمان بە ئاشتی هەیە، ئەو ئاشتیەی یەزدانی خوداوەند دەیرونێت لەدڵ و دەرونماندا. عیسای پیرۆز، شوێنی بزمارە گەورەکانی دەست و قاچی پێشاندان، بۆ ئەوەی بڵێن: ئائەوەتا من ئەم کارەم کرد بۆ ئێوەی مرۆڤ تا وەک ئاشتی بڕوێنم لە دەرونتاندا و رزگارتانکەم لە مردن و دۆزەخ.

# ١٣ حوزەیران

**عیسا پێی ووت: والەگەڵت دێم و چاکی دەکەمەوە... ئینجا عیسا ووتی: بڕۆ بەپێی باوەڕت بابۆت ببێ (مەتتا ٨: ٧، ١٣).**

................

لە مزگێنی پیرۆزدا لە ئینجیلدا دەیخوێنینەوە کە هەندێک لە سیاسی و پیاوانی گەورەی سەرباز پەنا بۆ عیسا دەهێنن و هەندێکیان باوەڕ دەهێنن.

بۆ نمونە لە شاری کەفر ناحوم سەرپەلێک هات بۆ لای عیسا و لێی پاڕایەوە کەوا ئیشکەرەکەی، ئەوەی لەپر تووشی ئیفلیجی هاتووە و لە جێگەدا کەوتووە بۆی چاک بکاتەوە، ئیتر ئەویش رویشت لەگەڵی و چاکیکردەوە، ئەم سەرپەلە باوەڕی بەوە هەبوو کە تەنها ووشەیەک لە عیسای پیرۆزەوە بەسە بۆ چاککردنەوەی ئیشکەرەکەی.

دیسان کاتێک عیسای مەسیح لەخاچدرا، سەرپەلەکەی ئاگاداری لەخاچدانەکەی دەکرد، لەدوایدا باوەڕی بەوە هێنا کە مەسیح ئەوەی لەخاچ درا، بەراستی رۆڵەی یەزدان بوو.

هەروەها لە کرداری نێرراواندا (٢٧، ٢٨) دەخوێنینەوە کە یۆلیۆسی سەرپەل ئەوەی لێپرسراوە بەرامبەر رەوانەکردنی نێرراوی عیسا کە ناوی (پۆلس) بوو، ئەم سەرپەلە هەستی بەهێز و توانای ئەو یەزدانە بوو، ئەوەی پۆلس بانگەوازی پێدەخوازێت و بانگەوازی پێدەدات.

# ١٤ حوزەیران

**بەڵام تۆ لە بەر دڵرەقی و تۆبە نەکردنت، تووڕەیی بۆ خۆت کۆدەکەیتەوە بۆ ڕۆژی تووڕەبوون، ئەو ڕۆژەی سزای دادپەروەرانەی یەزدانی تێدا دەردەکەوێت. (ڕۆما ٢: ٥).**

......................

خوێنەری بەرێز، لەوانەیە لە ئێستەوە تۆ بڕیار بدەیت خۆت بگوڕیت یاخوود بڕیار بدەیت لەسەر سەرکێشی خۆت بمێنیتەوە و رزگارکەر و مەسەلەی رزگاربوون پشتگوێ بخەیت، لێرەدا دەبێت ئەوە بزانیت کە ئەمەیان شتێکی ترسناکە بۆ ژیانت و رۆژی دوایی.

براو خۆشکی بەرێزم وەریگرە ئەو رزگاریەی کە تۆ هیچ پارەیەکی پێنادەیت و بەبەلاش پێت دراوە! خۆشەویستی یەزدان بۆت ئەوەیە کە هەموو شتێکی ئامادەکردووە بۆ رزگاربوونت لەگوناهو مردنی هەتا هەتایی.

پەرتووکی پیرۆز دەڵێت: مەسیح لەپێناوی ئەوانەدا مرد کە یەزدان ناناسن (رۆما ٥: ٦).

بەرێزان ئێوە دەتوانن ئاشتبنەوە لەگەڵ یەزداندا بەهۆی باوەڕەوە، بەو کارەی مەسیح کردی لەپێناوی مرۆڤدا،

تەنها ئەوەتان لەسەرە بەو خوێنەی ئەو گوناهەکانتان بشۆنەوە، چونکە نووسراوە: خوێنی عیسا... لە هەموو گوناهێک پاکمان دەکاتەوە. (یۆحەننای یەکەم ١: ٧).

# ١٥ حوزەیران

**کەس خۆشەویستی لەمە مەزنتر نیە: کە ژیانی خۆی بکات بە قوربانی لەجیاتی دۆستەکانی. (یۆحەننا ١٥: ١٣).**

................

کابرایەک لە قودسەوە بۆ ئەریحا دەچوو، کەوتە دەستی چەند دزێکەوە، چی پێبوو لێیان سەند و لێیاندا و برینداریان کرد وە بەنیوە مردوویی لەسەر رێگا کە بەجێیان هێشت و رۆیشتن. بەرێکەوت پیاوێکی ئاینی جوولەکە بەلایدا هات، کاتێک کابراکەی بینی بەو شێوەیە کەوتووە و بریندارە، چووە ئەوبەری رێگاکە و هیچ گوێی پێنەدا و ملی رێگەی حۆی گرت و رۆیشت و بەجێیهێشت. بەهەمان شێوە کابرایەکی (لاوی)، لەوانەی کە خۆیان بە یەزدان ناس دادەنا، ئەمیش بەلای کابراداهات و یارمەتی نەدا. بەڵام کابرایەکی سامیری (لەوانەی کە جولەکە ئاینیەکان بەبێ باوەڕ و کافر دایان دەنان) کاتێک هاتە سەر کابرای بریندار، یارمەتی داو برینەکانی بۆ سارێژکردو و بردیە میوانخانە و مەسرەفی کرد تا چاک بووەوە. (لۆقا ١٠: ٣٠ ـــ ٣٧). بەرێزان ئەو کابرایەی کەوتە نێو دزەکانەوە نمونەیە بۆ مرۆڤ، ئەوەی کەوتۆتە دەستی شەیتانەوە، کابرای جولەکە و کابرای (لاوی) نمونەیە بۆ ئاین کە خۆی بەتەنها لاوازە و توانایەکی ئەو تۆی نیە. بەڵام سامیرە دڵ پڕ لە خۆشەویستیەکە نمونە و نیشانەیە بۆ مەسیح رزگارکەر .

# ١٦ حوزەیران

**چونکە رۆڵەی مرۆڤ (واتە عیسای مەسیح)، هاتووە بۆ دۆزینەوەی وون بووەکان و رزگارکردنیان. (لۆقا ١٩: ١٠).**
**داوای وون بووەکان دەکەم و دەرکراوەکان دەگەڕێنمەوە. (حزقیال ٣٤: ١٦).**

...................... (رایمۆند) یەکێک بوو لەو کەسانەی کەوا دەگەڕێن بۆ دۆزینەوەی تازە لە جیهاندا، سەفەری کرد بۆ غانا لە بەرازیل بۆ ناوچەیەکی دارستان و چۆلەوانی و ئیتر لەپڕ دەنگ و باسی پچرا و نەما بۆ ماوەیەک، بەبێ ئەوەی شوێنەوارێک بەجێ بهێڵێت. بەڵام باوکی کە لەو باوەڕەدا بوو کەوا کوڕەکەی ماوە، هەستاو دەستی کرد بەگەڕان بەشوێن کوڕەکەیدا بۆ ماوەی نۆ ساڵ. لەو ماوەیەدا تۆشی زۆر ناخۆشی و ئازار هات و زۆر جاریش ژیانی دەکەوتە تەنگانەو ترسەوە. کاتێک ئیتر هیچ هیوایەکی نەما گەرایەوە بۆ وولاتەکەی خۆی. خەڵکی دەوروپشتی هاتن و سەرخۆشیان لێکرد و ئاماژەیان کرد بۆ ئەو هیلاکی و ئازایەتیەی نواندوویەتی بۆ دۆزینەوەی کوڕەکەی، بەڵام ئەو ووتی: تکایە دەمەوێت کەمێک بەتەنهایی بم، من کابرایەکم کەوا کوڕەکەم وون بووە و هیچی ترم نیە. چیرۆکی ئەم کابرایە بیرمان دەبات بۆ لای خوداوەند عیسای مەسیح ئەوەی کەهات و دەگەڕێت بۆ مرۆڤی وون بوو بۆ ئەوەی رزگاری بکات.

# ١٧ حوزەیران

**یەزدان بەم شێوەیە دواو ووتی: ئێوە وازتان لە من هێنا، بۆیە منیش لەناو دەستی شەقدا وازم لێهێنان. (دووهەم هەواڵی ڕۆژان١٢: ٥).**

........................

کچێکی قوتابی ئەڵمانی کە دانیشتوی شاری (هامبۆرگ) دەبێت، لەپێش جەنگی جیهانی دووهەمەوە چەند جارێک گوێی لە ووشەی یەزدان دەبێت بەلاّم گوێی پێنادات.
کاتێک جەنگ دەست پێدەکات و شارەکەی دەکەوێتە بەر لێدانی تۆپ و فرۆکە و نیوەی زیاتری شارکە دەسوتێت و دەرمێت، رادەکەن لەشارەکە و لەگەڵ چەند خێزانێکدا لە ناو کلێسەی لادیەکی نزیک شارەکەیانەوە خۆیان دەگرنەوە. کاتێک قەشەی کلێسەکە دێت بۆ ئەوەی یارمەتیان بدات، پێی ووتن، بیستم کە یەکێکتان دەڵێت: باشە بۆچی یەزدان ئاوها وازی لە ئێمە هێناوە؟ بەلاّم من پێتان دەڵێم: ئەمە راست نیە، لەراستیدا ئێمەین کە وازمان لەیەزدان هێناوە و بەجێمان هێشتووە، ئائەم کوشتن وبڕینەش نیشانە و نمونەیە و ئەنجامی ئەوەیە کە مرۆڤ دوور لە یەزدان و دژبەیەزدان کاردەکات.
دوای پەنجا ساڵ ئەو ئافرەتە دەگێرێتەوە و دەڵێت: ئەو قسەیە لەوکاتەدا وەک تیر دای لەدڵم و هەر لەوکاتەدا باوەڕم بە یەزدان هێناو هەر لەوکاتەوە تا ئێستا بەباوەڕ لەگەڵ یەزداندا دەژیم.

## ١٨ حوزەیران

**چونکە ژیانی لەش لەخوێندایە، لەبەر ئەمە پێشکەشم کردن (واتە خوێنەکەم) تا وەک لێخۆش بوونتان بۆ دروست بکەم. (لاویەکان ١٧: ١١).**

.................

حەوت راستی مەزن لە سەر خوێن: یەکەم: خوێن لێخۆش بوون دروست دەکات. (چونکە ژیانی لەش لەخوێندایە، لەبەر ئەمە پێشکەشم کردن تا وەک لێخۆش بوونتان بۆ دروست بکەم. (لاویەکان ١٧: ١١).

دووهەم: خوێن بناغەیە و سەرەکی ترین شتە بۆ بەدەست هێنانی لێخۆشبوون لای یەزدان و داپۆشینی گوناهی مرۆڤ سێهەم: خوێن دەبێتە هۆی رزگاربوون. (بەخوێنی ئەو بێ تاوان بووین... بەهۆی ئەوەوە رزگار دەبین لە توورەیی یەزدان!) (رۆما ٥: ٩).

چوارەم: بەخوێن ئێمەی کرییەوە. پێنجەم: خوێن ویژدان پاک دەکاتەوە. (گەر خوێنی مەر و گوێرەکە... گلاوەکان پیرۆز بکات... ئیتر دەبێت خوێنی مەسیح چەند لەوە زیاتر بێت... ئەوەی ویژدانتان پاک دەکاتەوە لەکردارە مردووەکانتان...). (عیبرانیەکان ٩: ١٣، ١٤).

شەشەم: (بەهۆی خوێنی عیسای مەسیحەوە، دەتوانین برۆینە شوێنی هەرە پیرۆز.) (عیبرانیەکان ١٠: ١٩).

حەوتەم: (خوێنی عیسای رۆڵەی ئەو لە هەموو گوناهێک پاکمان دەکاتەوە). (یۆحەننای یەکەم ١: ٧).

# ١٩ حوزەیران

**چونکە دەزانم باوەڕم بەکێ هەیە، دڵنیام یەزدان دەتوانێت پارێزگاری ئەو شتەم بۆ بکات کەوا بۆی داناوم تا ئەو ڕۆژە. (تیمۆساوسی دوو ١: ١٢).**

..................

لە یەکێک لە دۆلەکانی سکۆتلەندادا پیرێژنێک دەژیا ناوی (نانسی) بوو. تووشی نەخۆشیەک هات و دەیزانی ئەوەندەی نەماوە کۆچی دوایی بکات، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دڵشاد بوو، چونکە دەیزانی بەم زووانە ئەو لەشە پڕ لەئازارەی بەجێدەهێڵێت و دچێتە لای عیسای مەسیحی خوداوەند.

کوڕێکی گەنج کە زۆر حەزی بەقسەکانی نانسی دەکرد، ڕۆژێکیان هات بۆ لای و لەکاتی قسە کردنیاندا کوڕەکە لێی پرسی و ووتی: باشە تۆ ناترسیت ئەگەر هات و کەوتیتە دۆزەخەوە؟ نانسی بە توڕەییەوە وەڵامی دایەوە و ووتی: کوڕم، یەزدان زەرەرێکی زۆر دەکات ئەگەر نانسی بخاتە دۆزەخەوە، چونکە خۆی پەیمانی بە باوەڕدارانی داوە کە دەچنە لای خۆی، ئیتر ئەو چۆن خۆی بەدرۆ دەخاتەوە، حاشا لەوەی کە یەزدان درۆزن بێت، ئەو پەیمانی ژیانی هەتا هەتایی بە ئێمە داوە. (ژیانی هەتا هەتایی، ئەوەی یەزدان لەزووەوە پەیمانی پێداوە.) (تیتۆس ١: ٢).

# ٢٠ حوزەیران

**باوەڕ دڵنیایی تەواوەتیە بەوەی هیوامان پێیەتی بێگومان دێتە دی، هەروەها بێگومانیە لەوەی کە نایبینین هەیە. (عیبرانیەکان ١١: ١).**

.....................

ئەو شتەی نابینرێت، بەباوەڕ دەبێتە شتێک کەوا هەیە و بوونی هەیە. نمونەی نێرراوی یەزدان موسا، ئەوەی بە باوەڕ پێش دەکەوت لە خزمەتی یەزداندا و دەرویشت لەو رێگەیەدا و دەیبینی ئەوەی کە نابینرێت.

لەو سەدانەی کە مەسیحیەکان قورساییان لەسەر بوو و دەچەوسێنرانەوە، کابرایەکی باوەرداری مەسیحی کە عیسای مەسیحی لەژیانی خۆی خۆشتر دەویست، هێنرایە بەردەم ئیپراتۆرێکی دیکتاتۆر و هەڕەشەی لێکرد و ووتی: نەفیت دەکەم و دەتنێرم بۆ چۆلەوانی، گەر سووربیت لەسەر باوەڕی خۆت. باوەڕدارەکەش ووتی: جیهان و زەوی هەمووی شوێن و موڵکی باوکمە، تۆ ناتوانیت دوورم بخەیتەوە. ئینجا ئیمپراتۆر تووڕە بوو و ووتی: دەتکوژم. باوەڕدارە ئازاکە ووتی: ناتوانیت، چونکە ژیانم بەردەوامە لەگەڵ عیسادا و گەنجینە و سەروەرت و سامانم لەئاسمانە.

ئینجا ئیمپراتۆر ووتی: چی هاورێت هەیە، هەمویت لێ دوور دەخەمەوە. ئەویش ووتی: هاوڕیەکم هەیە، کە ناتوانیت لێمی دوور بخەیتەوە، ئەویش عیسایە، لەگەڵمانە زیاتر لە براکەم.

# ٢١ حوزەیران

**دڵشادم بە ووتەکانت وەک یەکێک کە بەدەست هێنانێکی زۆری بەدەست هێنا بێت. (زەبور ١١٩: ١٦٢).**

..................

دەمانەوێ لێرەدا باسی ڕووداوێک بکەین لەژیانی زانای بەناوبانگی ئەڵمانی (دکتۆر جیمس سیمبۆن) ئەوەی مادەی (کلۆرفۆرمی) دۆزیەوە کلۆرفۆرم مادەیەکی شلە کە بۆ بەنج بەکار دێت لە بواری پزیشکیدا.

دکتۆر سیمبۆن پیاوێکی مەسیحی باوەڕدار بوو، لەشاری (ئەدیمبۆرگی) ئەڵمانی زۆری خەڵک دەیزانی کە ئەم پیاوە باوەڕدارە.

ڕۆژێک کە لە کۆبوونەویەکی گەورەدا ویستیان ئاهەنگێکی جوانی بۆ بکەن و دەست خۆشی و ئافەرینی لێبکەن بۆ ئەو کارانەی کەوا کردویەتی و دڵشادی بکەن بۆ مەزنی دۆزرینەوەکەی لەبارەی پزیشکیەوە.

ئەمیش هەستا و سوپاسی کردن و لەکۆتایی ووتەکەیدا ووتی: بەرێزان من دۆزینەوەیەکی ترم دۆزیەوەتەوە کەوا مەزنترە لەم دۆزینەوانەم، ئەویش دۆزینەوەی ڕزگارکەرێکە کە من پێویستم پێیەتی، ئەو ڕزگارکەرەش ناوی عیسای مەسیحە، ئەوەی خوێنەکەی پاکم دەکاتەوە لەگوناهو لێخۆش بوونم بۆ دروست دەکات.

خوێنەری بەرێزم، ئایا تۆش دەتەوێت ئەمە بزانیت و بیدۆزیتەوە، بەهۆی خوێندوەی پەرتووکی پیرۆزەوە.

# ٢٢ حوزەیران (١ پوشپەر)

**هەموو گوناهەکانیان فڕێدەدەیتە قووڵایی دەریاوە. (میخا ٧: ١٩).**

........................

کە یەزدان کەسێک وەردەگرێت لای خۆی، پێویستە گوناهەکانی دوور بخرێتەوە لێی، چونکە مرۆڤ بە گوناهو پیسیەکەوە ناتوانێت بچێتە لای یەزدان و روو بەرووی ببیتەوە. هەر لەبەر ئەمەشە کە نێرراوی یەزدان میخا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە گوناهەکان دوور دەخرێنەوە بۆ شوێن و جێگەیەک کە نابینرێتەوە وەک ووتمان قولایی دەریا. بەڵام گوناهی کێ؟ گوناهی ئەوانەی کە قوربانی خوینەکەی عیسایان وەرگرتووە بۆ خۆیان، ئەوانەی مەسیحیان بەرزگارکەری خۆیان وەرگرتووە. نێرراوی یەزدان لێرەدا ناڵێت، هەندێک لە گوناهەکانیان دەشاردرێتەوە، بەڵکو هەموو گوناهەکانیان دادەپۆشرێت و دەشاردرێتەوە. بەلێ باوەڕدار دەتوانێت بە دڵێکی زۆر ئاسودەوە بڵێت: ئیتر من گوناهەکانم لەسەر لابراوە و گوناهم پێوە نەماوە و یەزدان ئیتر باسی گوناه ناکات لەگەڵم، چونکە لەپەرتووکی پیرۆز دا، دیسان نووسراوە کە یەزدان دەڵێت: (جارێکی کە ئیتر هەرگیز یادی گونەکانیان و هەڵەکانیان ناکەمەوە.) (عیبرانیەکان ١٠: ١٧).

خوێنەری بەرێزم، ئایا ئەمە پەیمانێکی مەزن و دڵشادکەر نیە بۆ من و بۆ تۆش؟

## ٢٣ حوزەیران

**بە گوێرەی مزگێنی من (واتە ئینجیلی من)، ئەوەی لە پێناویدا ئازار دەچێژم کۆت کراوم وەک تاوانبارێک، بەڵام ووشەی یەزدان بەزنجیر نابەسترێتەوە. (تیمۆساوسی دوو ٢: ٩).**

....................

ئافرەتێکی مەسیحی باوەڕدار لە مۆزەنبیق دەگێریتەوە و دەڵێت: من بەهۆی باوەڕمەوە خرامە بەندیخانەوە، بەڵام لەکاتی بەندکردنماندا تاقیکردنەوەی باشی لەلایەن یەزدان و ووشەیەوە فێربووم. کاتی تەنهایم زۆر بەنوێژ دەبردەسەر و لەگەڵ یەزداندا دەدوام.

سەرەرای ئەمەش ئەوەم بۆ دەرکەوت، کە یەزدان بەتایبەتی منی هێناوەتە ناو ئەم بەندیخانەیەوە تاوەک ووشەی ئەو بگەیێنم بە بەندەکان، بۆیە لەماوەی ئەو ساڵەدا کە بەند بووم، **(٢٥)** کەس هاتنە باوەڕ و باوەڕیان بە عیسای مەسیح و قوربانیەکەی هێناو وەریانگرت وەک رزگارکەرێک لە ژیانیاندا. (ووشەی یەزدان... نابەسترێتەوە) (تیمۆساوسی دوو **٢: ٩**). ئێمەی باوەڕدار گەر هات و لەخەڵکی یان لەکۆمەڵەوە، بەنەزان و چاوێکی نزم سەیر بکرێین، دەبێت باش ئەوە بزانین کە ئێمە باڵوێزی یەزدان و ووشەی یەزدانین. یەزدانی پیرۆز تکایە چاومان بکەرەوە تا ببینین بەو شێوەیەی کە تۆ دەیبینیت و لە مەبەستەکانت تێبگەین.

# ٢٤ حوزەیران

**هەر کەسێک کە بە من دەڵێت: خوداوەند، خوداوەند! ناچێتە ناو پادشاهێتی ئاسمانەوە، ئەوانە نەبن کە بەخواستی باوکم دەکەن... (مەتتا ٧: ٢١) بەڵکو لەبەری بکەن خوداوەند عیسای مەسیح (وەک جل یان کراس) (رۆما ١٣: ١٤).**

.......................

کابرایەکی مەسیحی باوەڕدار چووە لای پیاوێکی بەتەمەن و پیاوەکە دڵی خۆی بۆ هەڵرشت و ئەوەی بۆ دەرخست کەوا لەژیانیدا زۆر ناخۆشی و ئازاری چێشتووە. کابرای مەسیحیش ویستی بەهۆی ووشەی یەزدانەوە دڵی بداتەوە و خۆشەویستی یەزدانی بۆ دەربخات، بەڵام کابراکە ئەمەی پێخۆش نەبوو و بۆی گێرایەوە کە ئەو زۆر داخ لەدڵە بەرامبەر بە کابرایەکیکە کە کاروباری ئاینی مەسیحی دەبات بەرێوە و ئاینیە. لێرەدا باوەڕدارە مەسیحیەکەش لێی پرسی و ووتی: باشە ئەگەر من ئێستا ئەو پاڵتۆیەی تۆم دزی و چووم دزیەکم کرد یان کەسێکم کوشت و دوایی پۆلیس پاڵتۆکەی تۆیان دۆزیەوە لە شوێنی تاوانەکە و هاتن تۆیان گرت، باشە تۆ بەرهەڵستی لەخۆت ناکەیت؟ کابرا ووتی: بەڵێ دەیکەم ئینجا باوەڕدارەکەش ووتی: کەواتە لێرەدا ئێمە، بەتایبەتی تۆ نابێت گلەیی لەیەزدان بکەیت، چونکە ئەو کابرا ئاینیە جلێ و پاڵتۆی یەزدانی دزیوە و لەبەریکردووە تاوانی پێوەکردوە و نابێت تۆش لێرەدا ساحێبی جلەکە تاوان باربکەیت.

# ٢٥ حوزەیران

**ئاگادار بن کەس نەتخاتە داوی فەلسەفەی چەواشەی بەخۆڕایی، ئەوەی لەسەر خووڕەوشتی خەڵکی و یاسای سەرەکی ئەم گەردوونە نە وەستاوە نە لەسەر مەسیح. (کۆلۆسی ٢: ٨). هەر بەهۆی ئەویشەوە بوو (واتە مەسیح) کاتێ ووشەی راستیتان بیست واتە مزگێنی رزگاریتان (ئینجیلی رزگاریتان) (ئەفسۆس ١: ١٣).**

........................

ساڵانێکی زۆر لەمەوبەر من گەنم بووم، بێ باوەڕ زۆر خەریکی خوێندوە و نوسراوی فەیلەسوفەکان بووم، رۆژێک لە رۆژان بڕیارم دا پەرتووکی پیرۆز بخوێنمەوە. کاتێک دەستم پێکرد لە پەیدابوونەوە، سەرنجی راکێشام و وای لێکردم بەردەوام بم لە خوێندنەوەیدا هەوڵمدا بەشێوەیەکی تەواو بیخوێنمەوە بۆ ئەوەی وەڵام بدۆزمەوە بۆ ئەو کارە مرۆڤانەیەی کە وەلامەکانیم لە خوێندنەوەکانی پێشودا دەست نەکەوتبوو، نازانم چۆن بوو کە ووشەی یەزدان وردە وردە کاری تێ کردم و باوەڕی تەواوەتیم بەیەزدان هێنا. پەرتووکی پیرۆز راستیە و بناغەیە بۆ ژیانم و هەموو هەڵسوکەوتێکم کە بۆ ماوەی پەنجا ساڵ دەچێت. هەموو رۆژێک باوەڕ و خۆشەویستیم بۆ یەزدان زیاتر دەبێت و دەمەوێت بڵێم هیچ پەرتووکێک نیە کەوا وەڵامی مرۆڤ بداتەوە لە کاری دەرونیدا، بەراستی بێ پێچ وپەنا، وەک پەرتووکی پیرۆز.

# ٢٦ حوزەیران

**لەتەنگانەدا پارێزگاریم دەکەیت. بە سروودی دڵ خۆشکەر دەوروپشتم دەدیێت. (زەبور ٣٢: ٧).**

........................

کاتێک کە گوناهبار لە دوژمنایەتیدایە لەگەڵ یەزداندا هاوڕیەتی و دۆستایەتی هەیە لەگەڵ نەفسی خۆی و شەیتان و بابەتی جیهانیدا.

بەڵام هەر ئەوەندەی لەگەڵ یەزدان ئاشت بووەوە، دژایەتی و جەنگ دەست پێدەکات لەگەڵ نەفسی خۆیدا و شەیتان و ئەو بابەتانەی کە تەنها جیهانین.

ئەمەش وا لە باوەڕدار دەکات کەوا رابکات بۆ ئەوەی خۆی لای یەزدان حەشار بدات، یەزدانیش پارێزگاری دەکات و دەوروپشتی دەگرێت بە سروودی دڵ خۆشکەر.

جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان هەناسەی کەسێک گە گوناهو نەگبەتی و تاوان بەسەر شاتیەوە بێت و کە دڵ شادە و یەزدان بووە بە حەشارگە بۆی و پارێزگاری لێوە دەکات. سوپاس بۆ یەزدان، ئەوەی سەرکەوتنی بە ئێمە بەخشیوە بەهۆی عیسای مەسیحی خوداوەندەوە (کۆرنسۆسی یەکەم **١٥: ٥٧**). سوپاس بۆ یەزدان، ئەوەی هەموو کاتێک بەرەو سەرکەوتنمان دەبات. (کۆرنسۆسی دووەم **٢: ١٤**).

# ٢٧ حوزەیران

**ئێوە دەیزانین بەرەکەتی عیسای مەسیحی خوداوەند چیە، هەرچەندە ئەو دەوڵەمەند بوو، بەڵام لەپێناوی ئێوەدا بوو بە هەژار، تاوەکو ئێوە بە هەژاری ئەو دەوڵەمەند ببن. (کۆرنسۆسی دووهەم ٨: ٩).**

............................

خوداوەند کاتێک جەستەی مرۆڤی وەرگرت، ژیانی بە هەژاری دەست پێکرد. (مریەم کاتی منداڵ بوونی هات. لەبەر ئەوەی شوێنیان دەست نەکەوت، چوونە تەویلەیەک لەو ناوە، ئینجا لەوێدا کورە نۆبەرەکەی بوو.) (لۆقا ٢: ٧).

مریەم قوربانی کرد، قوربانیەک کە هەژارەکان دەیکەن. (جووتێ کوکوختی یان جووتێ بێچووی کۆتر.) (لۆقا ٢٢: ٢٤).

عیسای پیرۆز وەک کورە دارتاشێک و دوایش بە دارتاش ناسرابوو (مەرقۆس ٦: ٣، مەتتا ١٣: ٥٥) کاتێک دەستی کرد بە کاری یەزدانی هیچ جێ و شوێنێکی نەبوو. (عیسای مەسیح ووتی: رێوی کونی هەیە و باڵندەی ئاسمان هێلانە، بەڵام رۆڵەی مرۆڤ (واتە عیسا) تەنانەت جێگایەکی نیە سەری بخاتە سەر.) (لۆقا ٩: ٥٧، ٥٨).

سەرەرای ئەمەش عیسای پیرۆز بێ پارە و پوول بوو هیچ پارەیەکی لەگەڵ خویدا هەڵ نەدەگرت، تەنانەت لە گورێکا نێژرا کە بە خێر پێی درابوو، چونکە لەو رۆژانەدا گۆر دەبوایە بەپارە بکرِرایە.

# ٢٨ حوزەیران

**مار بە ئافرەتەکەی ووت: ئایا راستە یەزدان ووتوویەتی... پەیدابوون٣: ١). چونکە (شەیتان) درۆزنە و باوکی درۆیە! (یۆحەننا ٨: ٤٤).**

......................

شەیتان ئافرەتی هەڵخەڵەتاند و لەوکاتەوە پیشڕەوە بۆ خەڵکی و بردنی بەلای درۆدا و دوور خستنەوەی خەڵک لەیەزدان. بەگەنج دەڵێت: کورەبابە تۆ هێشتا منداڵ و گەنجیت، چیت داوە بەسەر خوداوەند. جاریێ بۆ خۆت رابوێرەو تامی ژیانی خۆت بکە... بەخەڵکی بەتەمەنیش دەڵێت: بابەگیان تازە تۆ ژیانت بەسەرچووە و خۆ ناتوانیت ئەوانەی کردووتە بیانسریتەوە و گوێ مەدەریێ ئەو ماوەیەی ماوتە لەژیانتدا بە کەیف و خۆشی بیبەرە سەر، بەهەشتی چی و رۆژی حسابی چی... بەهەندیێ خەڵکی کەش دەڵێت: کورەبابە تۆ بۆ ئەوەنە فەقیریت، باشە تۆ ژیانێکی خۆش و باشت هەیە، چیت داوە بەسەر خوداو خودناسیەوە و ژیان لەخۆت تێک دەدەیت. بەهەندێکیش دەڵێت: تۆ ئەوەنە پاک و موبارەک نیت تاوەک بیتە رۆڵەی یەزدان و خودا چۆن ئەوەی لەبیر دەچێتەوە کە کردووتە... ئیتر شەیتان لەگەڵ هەر یەکێک بەشێوەی خۆی لەگەڵی دەدوێت، باشە ئایا گوێ بۆ ئەم قسانە بگرین باشترە یان بۆ ووتەی یەزدان؟

# ٢٩ حوزەیران

**خوداوەند هابیل و پێشکەش کراوەکەی (قوربانیەکەی) پەسەند کرد، بەڵام قاین و پێشکەش کراوەکەی (قوربانیەکەی) پەسەند نەکرد.( پەیدابوون٤: ٤، ٥٦).**

.......................

لەوانەیە بە تێروانینی مرۆڤ قوربانیەکەی قاین بەنرختر بێت لە قوربانیەکەی هابیل. قاین لە بەرووبوومی زەوی ئەوەی خۆی بە ئیش و رەنجی شانی خۆی پەیدای کرد بوو کردیە قوربانی و لەوانەشە لە چاکترین و باشترین جۆری بەرووبوومەکەی پێشکەش کرد بێت، کاتێک هابیل لە نۆبەرەی مەڕەکانی پێشکەش بەیەزدان دەکرد و دەیکردە قوربانی. کەواتە شتێکی دادپەروەرانە نیە کە یەزدان قوربانیەکەی هابیل پەسەند بکات و قوربانیەکەی قاین پەسەند نەکات، نەخێر یەزدان هەموو بریارەکانی دادپەروەرانەیە. گەر یەزدان قوربانیەکەی قاین پەسەند بکردایە، واتە یەزدان بەهەموو رێگەیەک رازیە کە مرۆڤ خۆی دایدەنێت بۆ خۆی بۆ ئەوەی نزیک ببێتەوە لەیەزدان. نەخێر ئەوەی کە هەڵە و گوناهو سوکایەتی کرد و دەیکات بەرامبەر بەیەزدان مرۆڤە، مرۆڤیش خۆی لەخۆیەوە بۆی نیە رێگەی نزیک بوونەوە لەیەزدان دابنێت بۆ خۆی. قاین ئەوەی لەبیرکردبوو کە یەزان نەفرەتی لێکرد. قوربانی بۆ نزیک بوونەوە و رەزامەندی یەزدان، یەک قوربانیە کە یەزدان خۆی داینانەوە، ئەویش قوربانیەکەی عیسایە.

# ٣٠ حوزەیران

**ئێمە لە مەسیحدا کڕراینەوە، بە خوێنی ئەو گوناهەکانمان بەخشرا (ئەفسۆس ١: ٧)**

..............

کێ دەڵێت یەزدان لە گوناه خۆش دەبێت، تەنها بە تۆبەکردنێک؟ هەڵەی ئەم بیرۆکەیە لەم گێڕانەوەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت: کابرایەکی باوەڕدار هەواڵی ئەوەی زانی کەوا پیاوێکی دراوسێی خۆی لەسەرەمەرگدایە و خەریکە دەمرێت، خێرا چوو بۆلای و باسی ئەو رزگاریەی بۆکرد کە عیسای مەسیح بەخوێنی خۆی لەسەر خاچ کردوویەتی بۆ مرۆڤ. بەڵام کابرا وایزانی داوای ئەوەی لێدەکات تۆبەبکات! بۆیە ووتی: باشە دوای ئەو هەموو گوناهو خراپانەی من کردوومە چۆن ئێستا خوا لەسەرەمەرگدا بە تۆبەیەک لەمن خۆش دەبێت؟

باوەڕدارەکەش پێی ووت: برام تۆبەکردن لەوانەی کردووتە، هیچ کاتێک گوناهت لانابات و نایسڕێتەوە، بەڵام باوەڕهێنان بە خوێنی عیسای مەسیح، ئەوەی قوربانیەکی تایبەتە بۆ لابردن و لێخۆشبوون و سڕینەوەی گوناهی مرۆڤ، ئەمە تەنها ڕێگەیە بۆ ڕزگاربوونت لە قورسایی گوناه.

# ١ تەمووز

**باوەڕ بهێنە بەعیسای خوداوەند... رزگارت دەبێت. (کرداری نێرراوان١٦: ٣١).**

........................

بەرێزان بەدەست هێنانی رزگاری شتێکی ئاسانە گەر خۆت وویستت!!

شتێکی ئالۆز و نەهامەتیە گەر پشتت تێکرد!! تۆ خۆت ئازادیت بڕیار بۆ کامیان دەدەیت، شتێکی سەرسورهێنەر نیە ئەگەر بڕیاری ئەوە بدەیت کە لایەنی رزگار بوون بگریت، بەڵام شتێکی زۆر سەرسورهێنەرە ئەگەر پشتی تێبکەیت.

باشە ئەگەر نەخۆش بیت، ناتەوێت چاک ببیتەوە؟ ئەگەر دیل بیت ناتەوێت ئازاد ببیت؟ ئەگەر قەرزار بیت ناتەوێت قەرزەکەت بدەیتەوە؟ئەگەر بکەویتە بیرێکەوە ناتەوێت بێیتە دەرەوە؟ لەمانەش هەموو سەیرتر و خراپتر ئەوەیە کە ئەگەر بێت و مرۆڤێک نزیک بێت لە سزای مردنی هەتا هەتایی و نەیەوێت رزگاری ببێت!!!

کلیلی رزگار بوون و شادی دەروون ئەوەتا لەدەستی خۆتدا دەتوانیت بیکەیتەوە و دەشتوانیت دایبەخەیت لەسەر خۆت.

## ٢ تەمووز

**ئەی مرۆڤ یەزدان بۆی روونکردوویتەوە ئەوەی باشە... (میخا ٦: ٨).**

..................

لەقوتابخانە مامۆستایەکی هەندەسەمان هەبوو کەسێکی بەتەمەن بوو. قوتابیەکانی لەکاتی تاقیکردنەوەی هەندەسەدا بەشێکیان لەدوایەوە پەرتووکی هەندەسەکەیان دەکردەوە و چی نووسرا بوو دەیانخستە سەر وەرەقەی تاقیکردنەوەکە، کاتێک مامۆستاکە بەمەیزانی لەباتی ئەوەی سزای قوتابیەکان بدات کە غەش و ساختەیان لێکردووە، هات و ووتی: من ئەمرۆ تاقیکردنەوەی تازەتان بۆ ئەکەمەوە، بەڵام لەدوو وانەدا یەکەم وانەی هەندەسەیە و دووهەم وانەی راست و دروستی. تکاتان لێدەکەم هەوڵ بدەن لەهەردوو وانەکەدا دەربچن، بەڵام ئەگەر یەکێکتان هەرکەوت با لەوانەی هەندەسەکەدا بکەوێت، چونکە دوایی لە ژیانیدا بەهۆی کۆششەوە هەر فێر دەبێت، بەڵام گەر هات و یەکێک لەوانەی زیانی هەیە بۆ هەموو ژیانی و هەڵسوکەوتی ژیانی. دوای ئەم قسانە قوتابیەکان ئیتر بەمە تێگەیشتن و زۆریان وازیان لەو کارە هێنا بەرێزان مامۆستاکەمان لەسەر راستی بوو چونکە رێژەی راست و دروستی زۆر گرنگترە لە رێژەی هەندەسە و هەموو وانەکانی کە بۆ مرۆڤ و ژیانی مرۆڤ، بۆیە.

# ٣ تەمووز

**بەڵێ دەرکەوت کە ئێوە نامەی مەسیحن... (کۆرنسۆسی دوو ٣: ٣).**

....................

گەر هات و کەسێکی باوەڕداری مەسیحی ویستی باسی مەسیح بکات بۆ خەڵکی، پێویستە ببێتە نامەیەکی راست و دروست بۆ مەسیح و ووتەکانی بە ئەمانەتێکی زۆر تەواوەوە دەربڕێت، سەرەڕای ئەمەش دەبێت ئەو کەسە، وێنەیەکی راست و تەواو بێت بۆ مەسیح.

گەر هات و ئەمە بەو شێوەیە بوو کە باسمان کرد، ئەوا یەزدان یارمەتی دەدات بەهۆی رۆحی پیرۆزەوە بۆ ئەوەی بچێتە دڵی خەڵکەوە.

دەمەوێت لێرەدا بەسەرهاتێک بگێرمەوە، دوای گەرانەوەی مەسیح بۆ ئاسمان، هەندێک لەقوتابیەکانی و باوەڕداران چوون بۆ شار و وولاتانی کە، ئەوانەی هێشتا هەواڵی یەزدانیان نەدەزانی و زۆریان بت پەرست بوون.

لەشارێکدا کە هەندێک لە خەڵکەکەی ببوون بە باوەڕدار، رۆژێک کابرایەکی مەسیحی هات و دەستی کرد بە قسەکردن لەسەر یەزدان و باسی عیسای مەسیحی کرد، لەپڕ یەکێک لە دانیشتوان هەستا و ووتی: ئەو کابرایەی کە تۆ باسی لێوە دەکەیت دوێنی لەگەڵمدا بوو: تومەس ئەمە باسی کابرایەکی مەسیحی باوەڕدار ئەکات کەوا کەسایەتی و هەڵسوکەوتی وەک مەسیح بووە.

# ٤ تەمووز

**ڕۆڵەی مرۆڤ (واتە عیسا)، هاتووە بۆ دۆزینەوەی وون بووەکان و ڕزگارکردنیان. (لۆقا ١٩: ١٠)**

..................

خوێنەری بەڕێزم ئایا تۆ لەوانەی کە وون بویت یا لەوانەی کە ڕزگارت بووە؟

جیاوازیەکی گەورە هەیە لە نێوان ئەو دوو بارودۆخەدا، بەتایبەتی لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا. ئەوەی دەبێت بیزانین ئەوەیە کە شتێکی کە نیە لەو دووانە زیاتر، یان وون بوون یاخود ڕزگاری، ئەمەش بەپێی ووتەی یەزدان لە پەرتووکی پیرۆزدا. وە ئەوەی ئەو ڕزگاریەکەش دروست دەکات عیسای مەسیحە، ئەوەی کە هات بۆ دۆزینەوەی وون بووەکان و ڕزگارکردنیان. باوەر بە مەسیح و قوربانیەکەی گەرەنیتە بۆ ڕزگاربوون لە سروشتی گوناهباری و خوێنی قوربانیەکەی ئەو گوناهی هەموو مرۆڤێک دادەپۆشێت، بەشێوەیەک ڕووی ئەوەمان هەبێت وەک منداڵ و ڕۆڵەی یەزدان، لەگەڵ یەزداندا قسە بکەین وبدوێین و نوێژ بکەین.

بەڵام بێ باوەڕی، گەرەنتیە بۆ مرۆڤ کەوا وون بوون و لە ناوچوونی هەتاهەتایی بەدەست دەهێنێت. باشە تۆ کامەیان هەڵدەبژێریت؟

بەڕێزم خۆت هەڵ مەخەڵەتینە و ئەو پرسیارە لە خۆت دوور مەخەوە (ئەمڕۆ گەر گوێتان لە دەنگی یەزدان بوو دڵتان ڕەق مەکەن.) (عیبرانیەکان ٤: ٧).

## ٥ تەمووز

**یەزدان بە ئیبراهیمی باوکی هەموو گەلانی ووت: کوڕەکەت، تاقانەکەت کە خۆشت دەویێت... بیبە و بڕۆ بۆ زەوی مۆریا. لەوێ بیکەرە قوربانی. ( پەیدابوون٢٢: ٢)**

.........................

ئایا ئەبێت هەستی ئیبراهیم چۆن بووبێت کاتێک یەزدان داوای لێکرد تاقە کوڕەکەی بکات بە قوربانی، سەرەڕای ئەوەی کە یەزدان ئەیزانی بەوەی کە ئیبراهیم کوڕەکەی زۆر خۆش دەویێت، سەرەڕای ئەوەی کە یەزدان لەو تەمەنە پیریەی دا وەک کارێکی زۆر سەرسورهێنەر ئەو کوڕەی پێ بەخشی، کەچی ئەوەتا یەزدان ئێستا داوای ئەوەی لێدەکات کوڕەکەی بکاتە قوربانی بۆ ئەو.

ئایا یەزدان ئەو تاقە کوڕەکەی لەو تەمەنە بەساڵا چووەدا دایە تاوەک دوایی بۆی بکات بە قوربانی؟ زۆر ئالەم پرسیارانە دەهات و دەچوو بەبیری ئیبراهیمدا، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە، ئەو بڕیاریدا داواکاریەکەی یەزدان جێبەجێ بکات و متمانە و باوەڕی بەیەزدان هەبوو.

(بە باوەڕ ئیبراهیم ئیسحاقی کوڕی پێشکەش کرد وەک قوربانی... ئیبراهیم باوەڕی بەوە هەبوو کە یەزدان توانای ئەوەی هەیە مردووان زیندوو بکاتەوە...) (عیبرانیەکان ١١: ١٧، ١٩). بەرێزان با باوەڕ بە یەزدان بهێنین کەوا ئەو توانای زیندووکردنەوەی هەیە.

## ٦ تەمووز

**سەر بەکۆمەڵ بەئێشە و دڵ بەگشتی نەخۆشە. لە بنی پێوە تا تەپلی سەر شوێنی ساغی تێدانیە. هەمووی بریندارە... (ئەیشەعیا ١: ٥، ٦)**

کاتێک نەخۆشێک دێتە لای پزیشک، پێش ئەوەی دەرمانی بۆ بنووسێت، سەیری لەشی دەکات و زۆر جار دەست لە لەشیەوە دەدات، کاتێک دەستی لەشوێنی ئازارەکەوە دا، نەخۆشەکە خێرا هاوار دەکات و دەڵێت: ئا ئەوەتا شوێنی ئازارەکەم، خێرا دەستت لابە لەسەری ئازارم هەیە!

لە ژیانیشدا هەر بەم شێوەیەیە، کاتێک دەگەڕێین بە شوێن گیروگرفتەکاندا و باسی خراپە و خراپەکاری دەکەین و باسیوویژدانی مرۆڤ دەکەین و سودی بوونی یەزدان، تائیرە شتەکە بە باشی دەڕوات، بەڵام هەر کە هاتینە سەر باسی گوناهو گەرانەوەی مرۆڤ و تۆبەکردن و ژیان بەو شێوەیەی یەزدان داوای دەکات، ئالێرەدا هاوار بەرز دەبێتەوە وەک هاواری نەخۆشێک کە دەست دەخرێتە سەر شوێنی نەخۆشیەکەی و برینەکەی.

ئێمە وەک باوەڕدارێک لەدایک نابین، بەڵکو باوەڕدار ئەوەیە کە کاتێک بیر بکاتەوە و دان بە سروشتی گوناهباری مرۆڤدا بهێنێت و بڕیار بدات کە لەگەڵ یەزداندا ئاشتی ببێتەوە بەهۆی ئەو قوربانیەی عیسای مەسیح کردی بۆ رزگاربوونی مرۆڤ، پەرتووکی پیرۆز دەڵێت: چونکە هەموومان گوناهمان کرد. (رۆما ٣: ٢٣).

# ٧ تەمووز

**من ئەوەم کە گوناهەکانت دەکوژێنمەوە لەبەر خاتری خۆم، ئیتر گوناهەکانت باس ناکەم (ئیشەعیا ٤٣: ٢٥) جارێکی تر هەرگیز یادی گوناهەکانیان و هەڵەکانیان ناکەمەوە (عیبرانیەکان ١٠: ١٧) خوێنی رۆڵەی ئەو لە هەموو گوناهێک پاکمان دەکاتەوە. (یۆحەننا ١: ٧).**

........................

کاتێک مرۆڤ کە لەماڵەوە سەیری وێنەی کۆنی خۆی و خێزانەکەی دەکات، دیارە بەخۆشیەوە سەیری دەکات، چونکە وێنە بەگشتی گشت کات لەو کاتانەدا دەگیرێت کە پیاو لە شادی و خۆشیدایە و دەیگرێت بۆ ئەوەی دوایی یادی بکاتەوە. بەڵام وێنەی ناخۆشی و کارەسات بەشادی و خۆشیەوە سەیر ناکرێت، وە سەیرکردنی مرۆڤ توشی ئازاری دەروون دەکات و کەس نیە بیەوێت کەوا یادی ناخۆشی بکەوێتەوە و بێتەوە بەرچاوی و شانازی پێوە بکات. هیچ مرۆڤێک نایەوێت وێنەی ئەو خراپ و گوناهەی کەکردویەتی بهێنرێتەوە بەرچاوی، بەڵام با ئەوە باش بزانین کە یەزدان وێنەی هەموو کردارێکی ئێمەی لایە و بە نهێنی هەموو بیرکردنەوەکانمان دەزانێت، بەڵام ئەو ئامادەیە کە ئیتر باسی نەکات و نەیداتەوە بەروومان‌دا و یادی نەکاتەوە، گەر هات و ئێمە بەخوێنی قوربانیەکەی ئەو بەخوێنی رۆڵەکەی ئەو شتمان و پاکمان کردەوە.

## ٨ تەمووز

**ئەوەش کەوا کارناکات، بەڵام باوەڕی هەیە بەوەی کەیەزدان خوانەناسی بێ تاوان دەکات (واتە گوناهی لەسەر لادەبات یان گوناهی دادەپۆشێت)، ئەوا بەهۆی (واتە بەکەسێکی گوناه داپۆشراو یان کەسێک کە گوناهی لەسەر لابراوە) (رۆما ٤: ٥).**

..........................

بێ باوەڕ رەزامەندی یەزدان بەدەست ناهێنێت، چونکە ئەوەی بیەوێت لە یەزدان نزیک ببێتەوە، دەبێت باوەڕی بەبوونی ئەو هەبێت. هەروەها باوەڕی بەوە هەبێت کە یەزدان پاداشتی ئەوانە دەداتەوە کە بەدوایدا دەگەڕێن. (عیبرانیەکان ١١: ٦، ٧) ئەو سەرپەلەی کە هات بۆ لای عیسای مەسیح، دەسەڵاتی گەورەی هەبوو، بەسەربازی دەوت بڕۆن دەرویشتن، دەیوت وەرن دەهاتن، ئەوە بکەن دەیانکرد، ئەمەش لەسەر زمانی خۆیەوە. ئەم سەرپەلە ئیشکەرێکی هەبوو ئیفلیج بوو بوو وە لەناو جێگەدا کەوتبوو و ئازاری هەبوو. (مەتتا ٨: ٥، ١٠). بەڵام سەرەرای ئەو دەسەڵاتەی کە هەیبوو، هاتبوو بۆ لای عیسای پیرۆز و داوای لێدەکرد پیاوەکەی بۆ چاک بکاتەوە، کاتێک عیسا پێی ووت لەگەڵت دێم و چاکی دەکەمەوە، سەرپەلەکە ووتی: گەورەم من شایانی ئەوەنیم کە خۆت بێیت بۆ ماڵەکەم، بەڵکو تەنها ووشەیەک بڵێ ئیشکەرەکەم چاک دەبێتەوە.) (مەتتا ٨: ٨)

# ٩ تەمووز

**وازتان لە بت پەرستی هێناوە و رووتان کردۆتە یەزدان، واتە پەرستنی یەزدانی راست و زیندوو.... (تەسالۆنیکی یەکەم ١: ٩)**

.......................

(منغ تاساو) ئافرەتێکی مەغولی بوو، لەباوک و باپیرانیەوە پەیکەرێکی بۆ مابووە، ئەم پەیکەرە بۆ مەبەستی پەرستن و کاری رۆحی لەماڵەوە بەکاری دەهێنا. پەیکەرەکە بە بەرزایی مرۆڤێک دەبوو، ورگێکی گەورە و قەڵەوی هەبوو. ئەم ئافرەتە لە گوندێکدا دەژیا و ئەم گوندە زۆرجار لەلایەن کۆمەڵێک جەردەوە ڕووت دەکرایەوە و بە زۆری زۆرداری شتیان لێدەسەندن، (منغ تاساو) هەر کاتێک جەردەکان بهاتنایە شتە بەنرخەکانی و پارچە ئاڵتوتەکانی دەخستە ناو ورگی بتەکەوە و داوای لێدەکرد ئاگاداری بێت و ئیتر خۆی ماڵەکەی بەجێ دەهێشت. جارێکیان کە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، سەیری کرد بتەکە کە لەگەچ دروست کرابوو، پارچە پارچە کراوە و شتەکانی و ئاڵتونەکەی هەموو دزراوە. ئیتر ئەمیش لێرەدا زۆر تۆرە بوو بە پێلاوەکانیەوە چووە سەرپارچەی بتەکە و ووتی: تۆ خوای چیت؟ تەنانەت نەت توانیوە بەرهەڵستی لەخۆشت بکەیت. (منج تاساو) دوای ئەمە بە ماوەیەک بیستی کەلە گوندێکی نزیک گوندەکەی خۆیان کۆمەڵێک کۆدەبنەوە بۆ فێربوونی ئینجیلی پیرۆز، منغ هەڵسا چوو بۆ ئەوێ، لێرەدا سەری سوڕما لەوەی کەخودایەکی نەبینراو هەیەو هەموو مرۆڤی خۆش دەوێت. ئەم ووشەیە زۆر کاری تێکرد و هەر لەوێدا باوەڕی بە عیسای مەسیح هێناو بە ڕزگارکەری خۆی دانا.

# ١٠ تەمووز

**پیاوێک ناوی یایرۆس بوو، سەرۆکی کەنیشت بوو (هی جولەکەکان)، هات و لەبەر پێی عیسادا کەوت و لێی پاڕایەوە تا لەگەڵی بڕوات بۆ ماڵەکەی، چونکە تاقە کچەکەی کە تەمەنی دووانزە ساڵ بوو لە سەرە مەرگدا بوو. (لۆقا ٨: ٤١، ٤٢)**

..............................

یایرۆس لەناو جوولەکاندا پلەیەکی ئاینی بەرزی هەبوو، شتێکی ئاسان نەبوو و بۆ ئەو کە بێتە لای عیسای مەسیح و داوای یارمەتی لێ بکات، ئەم کارە لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی لە ئیشەکەی دەربکرێت و ئیتر جوولەکەکان باوەڕی پێ نەکەن. بەڵام کاتێک کچەکەی زۆر نەخۆش بوو وە کەوتە سەرە مەرگەوە هیچ چارەیەکی نەماو هەستا چوو بۆ لای عیسا و لێی پاڕایەوە وە عیسای لەگەڵ خۆی هێنا، یایرۆس کاتێک لە ڕێگەیان بەرەو ماڵەوە دەچوون، یەکێک لەماڵی یایرۆسەوە هات و ووتی: (کچەکەت مرد، ئیتر ئەرک مەخەرە سەر مامۆستا) یایرۆس پشتی شکا و زۆر خەفەت بار بوو، بەڵام عیسای پیرۆز لێرەدا ووتی: مەترسە تەنها باوەڕت هەبێت کچەکەت چاک دەبێتەوە...! عیسای پیرۆز لێرەدا دەیەوێت مردووەکە زیندوو بکاتەوە و دڵ نەوایی باوکەکەش دەکات، نەک هەر ئەمە بەڵکو ئەو دەیەوێت بەیایرۆس و بە ئێمەش بڵێت کە ئەو لەبەردەم یەکێکدانیە کەمردوو زیندوو دەکاتەوە بەڵکو لەبەردەم خوداوەندێک دایەو دەسەڵاتی یەزدانی هەیە.

## ١١ تەمووز

**جا چۆن موسا مارەکەی لە بیاباندا بەدارەوە هەڵواسی، بەهەمان شێوە ڕۆڵەی مرۆڤیش دەبێت هەڵبواسرێت، تاوەکو هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت ژیانی هەتاهەتایی دەست بکەوێت. (یۆحەننا ٣: ١٤، ١٥)**

........................

موسا کاتێک ئیسرائیلیەکانی لەمیسر رزگار کرد و هاتن بۆ ناوچەی ئەدومە، گەل تورەبوون لە موسا و لەیەزدانیش ووتیان: بۆچی ئێمەت لەمیسر دەرکرد، بۆ ئەوەی لەم بیابانەدا بمرین، لێرەدا نەنانت هەیە نە ئاو؟ رۆحمان دەرچوو لەو خواردنە هیچ و چووچەی لێرە هەیە.

یەزدان لەبەر ئەم سەرکێشیەی ئیسرائیلیەکان، ماری ژەهرداری بڵاوکردەوە و بەخەڵکەکەیەوە ئەدا و دەمردن، بەم شێوەیە زۆریان لێ مردن. ئیتر ئەوەی مابوونەوە، هاتن بۆ لای موسا و ووتیان ئێمە هەڵەمان کرد بەرامبەر بەیەزدان و بەتۆش، داوا بکە لەیەزدان تا رزگارمان بکات لەم مارانە... یەزدان فەرمانی دا بە موسا کەوا مارێک لەئاسن دروست بکات و ئەوەی بەباوەڕەوە سەیری ئەو مارە بکات ئەوا رزگاری دەبێت. (ژمارە **٢١: ٥ ــــ ٩**)

بەرێزان ئەمە لەبەشی کۆندا نمونە و نیشانە بوو بۆ لەخاچدان و هەڵواسین و قوربانیەکەی عیسای مەسیح بۆیە هەر کەسێک کە بە باوەڕەوە سەیری خاچ و هەڵواسینەکەی عیسای مەسیح بکات رزگاری دەبێت. هەر کەسێک سەیری بەرخی قوربانی یەزدان بکات بەباوەڕەوە رزگاری دەبێت و ژیانی جاویدانی بەدەست دەهێنێت.

## ١٢ تەمووز

**چاوەکانی یەزدان لە هەموو شوێنێکدا چاودێری خراپ کاران و پیاوچاکان دەکات (نمونەکان ١٥: ٣)، چونکە دادپەروەری یەزدان بەرامبەر بەخراپە بەخێرایی جێبەجێ ناکرێت، بۆیە دڵی خەڵکی پڕ دەبێت لە خراپەکاری. (کۆمکار ٨: ١١)**

.......................

نەعامە خوویەکی هەیە، کاتێک تووشی شتێکی ترسناک دەبێت، سەری دەخاتە ناو لم و خۆڵەوە و سەری دەشارێتەوە تاوەک چاوی لە شتەکە و بارودۆخەکە نەبێت، ئەو وا دەزانێت، کە بەمە گیروگرفت و شتە ترسناکەکەی لێ دوور دەکەوێتەوە.

هەر بەم شێوەیەش مرۆڤ هەن کە سەریان دەکەن بەژێر لم و خۆڵەوە و نایەنەوێت شتە راستیەکان ببینن و ڕادەکەن لە یەزدان، والەخۆیان دەکەن کە نابینن یاخود بەوە وادەزانن کە یەزدان نایانبینێت، بەهەمان باوەڕەوە کە نەعامە هەیەتی. سەرەڕای ئەمەش هەردوو گوێیان دەگرن تاوەک گوێیان لە ووتەی یەزدان نەبێت و نایانەوێت یەزدان لەگەڵ وویژدان و هەستیاندا بدوێت.

باباش بزانین کە یەزدان لێکۆلینەوە و حساب لەگەڵ هەموو مرۆڤێکدا دەکات، دوا رۆژی مرۆڤ ئەوەیە جارێک بمرێت، دوایی رۆژی لێپرسینەوەش دێت. (عیبرانیەکان ١٩: ٢٧)، کەواتە با سەرمان لەژێر لم و خۆڵ دەربهێنین و بزانین کە ئەم شتانە سودی نیە، چونکە یەزدان دەمانبینیت بەگوناهەکانمانەوە. تەنها ڕێگەمان ئاشت بوونەوەیە لەگەڵ یەزدان بەهۆی قوربانیەکەی مەسیحەوە.

# ١٣ تەمووز

**ئەوەی بیەوێت ژیانی رزگار بکات، ژیان دەدۆڕێنێت، بەڵام ئەوەی ژیانی خۆی بدۆڕێنێت لە پێناوی مندا، ژیانی رزگار دەکات. چونکە چی بەکەڵکی مرۆڤ دێت گەر هەموو جیهان بەرێتەوە بەڵام خۆی بدۆڕێنێت؟ یان مرۆڤ بۆ کرینەوەی ژیانی خۆی چی پێشکەش دەکات. (مەتتا ١٦: ٢٥، ٢٦)**

..........................

کارگە و کۆمەڵی تەئمینی زۆر هەن کە ژیان و ماڵ و خانووبەرە تەئمین دەکەن لەخراپ بوون و لەناوچوون و لە کاتی مردنیشدا بڕێک پارەی دیاریکراو دەدەن بەکەس و کاری مردوەکە.

زۆر لەو کارگانەش لەسەدا حەفتا یاخود هەشتای نرخی شت و خانووبەرە دەدەنەوە کاتێک زیانی پێدەگات.

پارەی تەئمینی ژیان دوای مردن دەدرێت بەکەس و کاری مردووەکە و دیارە کەس و کاری مردووەکە و منداڵەکانی سوودی لێوەردەگرن، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا کەسەکە خۆی واتە کەسی مردوو هیچی لێوەردەگرێت؟ نەخێر!

بەرێزان دەبێت ئەوە بزانین کە ترسناکترین شت ئەوەی پێویستە مرۆڤ تەئمینی بکات ژیانی دوای مردنە، ئایا ئێمە بیرمان لەوە کردۆتەوە کە ژیانی دوای مردنمان تەئمین بکەین؟ لەکاتێکدا ئەم تەئمینە هیچ پارەیەکی ناوێ و بە خۆڕاییە. وەرگرتنی خوێن و قوربانیەکەی عیسای مەسیح بریتیە لە تەئمینی تەواوەتی ژیان و وەرگرتنی ئەو ژیانە لەسەدا حەفتا و هەشتا نییە، بەڵکو لەسەداسەدە.

# ١٤ تەمووز

**تا لە سەردەمی داهاتوودا، دەوڵەمەندی بەرەکەتی بێ سنوری خۆی، بە نەرم و نیانی لەگەڵماندا دەربکەویت، ئەویش بەهۆی عیسای مەسیحەوە. (ئەفسۆس ٢: ٧)**

......................

کابرایەک لە ئەمریکا پارچەیەک زەوی فراوانی هەبوو، هەندێ مەڕی تێدا ئەلەوەڕاندا وەک شوانێک کاری دەکرد، وە بەهۆیەوە دەژیا و ئەوەندەی دەست دەکەوت کە ماڵ و منداڵەکەی پێ بژێنێت.

رۆژێک لە رۆژان کارگەیەکی تایبەتی بە نەوتەوە هاتن و داوایان لێکرد کە رێگەیان بدات بۆ ئەوەی لە زەویەکەیدا بگەرێن بۆ نەوت.

پاش ئەوەی بیریان لێدا، نەوتێکی یەجگار زۆریان لە ژێر زەویەکەیدا دۆزیەوە، کابرا بەمە زۆر دەوڵەمەند بوو. ئەم کابرایە هەر لەوکاتەوە دەوڵەمەند بوو کە زەویەکەی کڕی یاخود بۆی مابووەوە، بەڵام ئەو خۆی بەوەی نەدەزانی کەوا نەوت لە زەویەکەیدایە و زۆر دەوڵەمەندە.

حاڵی مرۆڤیش هەر بەم شێوەیەیە ، مرۆڤ دەوڵەمەندی بەرەکەتی یەزدانی هەیە و کەچی بەخۆی نازانیت، مرۆڤ ووشەی یەزدانی لایە و بەتەنیشتیەوەیەتی کەچی ناگەرێت تا بیدۆزێتەوە و پێی دەوڵەمەند بێت. یەزدان دەڵێت ووشەی من و پەرتووکی من، (ژیانی هەتاهەتایی تێدایە) (یۆحەننا **٥: ٣٩**).

بەرێزان پەرتووکی پیرۆز گەورەترین سەروەتە بۆ ژیانی مرۆڤ.

# ١٥ تەمووز

**یەزدان عیسای ناسیری بەرۆحی پیرۆز و بە هێز دەست نیشان کرد، لە شوێنێکەوە دەچوو بۆ شوێنێکی کەو کاری چاکەی دەکرد... (کرداری نێرراوان ١٠: ٣٨)**

..........................

ـ ئەو زۆر مەزن بوو، بەڵام بەسادەیی خۆی دەرخست.
ـ ئەو زۆر دەوڵەمەند بوو، لەبەر ئێمە خۆی هەژار کرد.
ـ ئەو دروستکەری هەموو دروستکراوان بوو، بەڵام شێوەی خزمەتکاری وەرگرت.
ـ فریشتەکان هەموو شتایشیان دەکرد، بەڵام مرۆڤ هیچی پێنەبەخشی لە تەویلەی وولاخ و خاچێک نەبێت.
ـ ئەو هات بۆ لای مرۆڤ بەڵام مرۆڤ رازی نەبوو پێی.
ـ ئەو خۆشەویستی پیشاندا، بەڵام خەڵکی رق و کینەی خویان پێبەخشی.
ـ ئەو ئازاری مرۆڤی کەم دەکردەوە، بەڵام خۆی زۆر ئازاری چێشت.
ـ ئەو لەباتی ئەوەی تۆڵە بکاتەوە، لەخەڵکی و گوناهیان خۆش دەبوو، تەنانەت لە سەر خاچەکە داوای لێخۆشبوونی دەکرد بۆ ئەوانەی لەخاچیاندا، ئەیووت ئەوانە نازانن چی دەکەن.
ـ ئەو پاک و بێگوناه بوو، بەڵام ئازاری چێشت لە پێناوی گوناهباراندا (نامەی یەکەمی پەترۆس ٣: ١٨). (تەنها هەر یەک یەزدان و یەک پەیوەندی رێکخەر هەیە لە نێوان یەزدان و مرۆڤدا، ئەویش عیسایە، ئەوەی خۆی بەخت کرد وەک کەفارەت بۆ هەمووان.) (تیمۆساوسی یەکەم ٢: ٥، ٦).

## ١٦ تەمووز

**یەزدان لەپێشەوە دەڕوات. (ووتەکان ٣١: ٨)**

..................

ئەم ووتەیە (لەپێشەوە) یان (لەبەردەمتەوە) (١٧٢٥) جار لە پەرتووکی پیرۆزدا دووبارە دەبێتەوە، ئەمە نیشانەیە بۆ سەرکردایەتی یەزدان لە ژیانی مرۆڤدا وە بەڕێوەبردنی مرۆڤ. یەزدان شایانی ئەوەیە ببێتە سەرکردە و ڕێنیشاندەر لە ژیاندا، چونکە بەتەنها هەر ئەو کۆتایی دەست پێکردن دەزانێت (ئەشعیا ٤٦: ١٠)، ڕێگاکە دەزانێت و چی دێتە پێشمان لەو ڕێگایەدا.

سەرکردە ئەو کەسەیە کە سەرپەرشتی کارەکە دەکات و پێویستیەکان دەڵێت و ئەوەی پێویستە ئامادەی دەکات.

یەزدان لەپێشەوە زەوی و هەموو بابەتەکانی ژیانی لەسەر زەوی دروستکرد ئینجا مرۆڤی دروستکرد و هێنایە ناوی.

هەر بەم شێوەیەش قوربانیەکەی عیسا دانرا و ئێمە هێشتا تاوانبار و گوناهبار بووین (ڕۆما ٥: ٨) هەروەها یەزدان غەمی داهاتووی خواردوین و جێگە و ماڵی هەتاهەتایی و ژیانی هەتاهەتایی بۆ داناوین، ئایا تۆ یەکێکیت لەوانەی کە دەچیتە ناو پادشایەتیەکەی یەزدانەوە؟ باوەڕی پێ بکە ڕزگارت دەبێت. (کرداری نێرراوان ١٦: ٣١) یەزدان لە پێشەوە هەموو شتێکی سەفەری زەویمان بەرەو ئاسمان ئامادەکردووە.

## ١٧ تەمووز

**ڕۆحی خوداوەندم لەسەرە،... تا دیل کراوان... ئازاد بکەم... (لۆقا ٤: ١٨)**

..........................

ئێمەش ئەوە دەزانین کە یەزدان دیل ئازاد دەکات ئەمەش نووسراوە لە (زەبوری ١٤٦: ٧) (یەزدان دیلەکان ئازاد دەکات).
لە خوێندنەوەی سەر گوشتەی یوسف، لە پەرتووکی پیرۆزدا (پەیدابوون ٣٧: ٤١) ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بەڵێ یەزدان دیل ئازاد دەکات، بەڵام نەک دیل یەزدان ئازاد دەکات، بەڵام نەک دیل بەمانای حەرفی و ووشەکە، بەڵکو بەمانای ڕۆحی و دیلەکان ئەوانەی بەڕۆح دیلن.
بەڕێزان: خوداوەند عیسای مەسیح و قوربانی و خوێنەکەی، مرۆڤ ڕزگار دەکەن لە ئارەزووی خراپ وشەیتانی، وەهەروەها لە کۆت و زنجیری ئالوودەیی و کرداری خراپ، ئەوەی مرۆڤ خوی پێوە دەگرێت، هەروەها لەکۆیلەیی مرۆڤ بۆ زۆر شتی جیهانی و خراپ و درۆودەلەسە و دەم پیسی و کاری ناپاکانە، ئەو مرۆڤ ڕزگار دەکات، لە کویلەییەک کە خراپترە لە زیندان بوونی بەندینخانە. عیسای پیرۆز دەڵێت: ڕاستیتان پێدەڵێم، هەر کەسێک گوناە بکات دەبێت بە کویلەی گوناە... بەڵام گەر ڕۆڵە (واتە عیسا خۆی) ئازادی کردن، ئەوا بەراستی ئازاد دەبن. (یۆحەننا ٨: ٣٤ ــ ٣٦) ئازیزان لە مەسیحدا هیوا هەیە بۆ ڕزگاربوون لە هەموو شتێک کە بیری خراپە و شەیتان مرۆڤی پێوە بەندکردبێت، گەر زنجیرەکەش یەجگار بەهێز بێت و بە خەیاڵی مرۆڤدا نەیەت بچرێت.

## ١٨ تەمووز

**عیسای پیرۆز دەڵێت: ئێوە بەهەڵەدا چوون، چونکە نە کتێب (واتە پەرتووکی پیرۆز) تێدەگەن، نە هێزی یەزدان. (یۆحەننا ٢٢: ٢٩)**

........................

کابرایەکی خوێندەواری زانا دەکەوێتە نەخۆشخانە و بۆی دەردەکەوێت تووشی نەخۆشیەکی خراپ بووە، وردە وردە بەرەو مردن دەڕوات. کابرا دوای ئەم هەواڵە دەستیکرد بە بیرکردنەوە لەبارەی یەزدانەوە، ئایا هەبێت یا خود نا ؟ باشە ئایا ژیان و زیندوو بوونەوە هەیە دوای مردن؟

ئا بەم شێوەیە پرسیاری لەخۆی دەکرد، ئینجا ناردی بەشوێن هاوڕێیەکیدا کە باوەڕدار بوو و ووتی: تکایە بەڵکو پەرتووکێکم بۆ پەیدا بکەیت کەوا راستی و دروستی یەزدان و پەرتووکی تەورات و ئینجیل دەردەخات.

پیاوە باوەڕدارەکەش ووتی: پەرتووکی پیرۆز خۆی بخوێنەرەوە، ئەم دیسانەوە پێیووت: نەخێر من داوای پەرتووکێک دەکەم کەوا پشتگیری لە ئینجیل و تەورات بکاتەوە.پیاوە باوەڕدارەکە دیسانەوە پێیووت: پەرتووکی پیرۆز خۆی بخوێنەرەوە، کابراکەش بە ئامۆژگاری هاوڕیکەی کردو دەستیکرد بە خوێندنەوەی پەرتووکی پیرۆز، هێشتا تازە بەشی پەیدابوون و چوار بەشەکەی دوای ئەوی لە پەرتووکی موسا تەواو نەکردبوو، کابرا باوەڕی تەواوەتی بەیەزدان هێنا. بەڵێ باشترین ڕێگە بۆ تێگەشتنی پەرتووکی پیرۆز ئەوەیە کە پەرتووکی پیرۆز خۆی بخوێنینەوە، بەرۆحی نوێژکردنەوە و پشت بەستن بەوەی رۆحی پیرۆز پێمان دەڵێت.

## ١٩ تەمووز

**کە عیسا گەیشتە ئەو شوێنە، چاوی هەڵبڕی و زەکای بینی، پێی ووت: زەکا خێرا وەرە خوارەوە، چونکە ئەمڕۆ من میوانی تۆم. (لۆقا ١٩: ٥)**

..............................

عیسای پیرۆز چووە ماڵی زەکا و زۆر بەخۆشیەوە پێشوازی لێکرد. خۆشی یەکێکە لە کلیلەکانی ئینجیلی لۆقا، بۆیە ئەم ووشەیە و ئەوەی پێوەی بەستراوە، زیاتر لە بیستویەک جار دەخوێنینەوە لە ئینجیلدا. زۆر ئاشکرایە کە خۆشی دەرون لە ئەنجامی باوەڕهێنانەوە دێت، باوەڕدار دڵشادە لە دەرونیەوە بەناسینی عیسای مەسیح و رزگاربوونی، بەدەست هێنانی ژیانی هەتاهەتایی. کاتێک مەسیح هاتە ماڵی زەکا، مەسیح خۆی بوو بەگەورەی ماڵ و زەکاش بوو بە خزمەتکار بۆی وە ئامادەبوو چی پێویستە بیکات تاوەک پێشانی خەڵکەکەی بدات کە ئەو رێگەی راستی دۆزیوەتەوە. بەڵام خەڵکی لەدڵی خراپیانەوە، هەستان بە رەخنەگرتن لە عیسای کەوا ئەو چۆتە ماڵی کابرایەکی باجگر (لەوسەردەمەدا باجگر بەچاوێکی خراپ و سوک سەیر دەکرا)، ئەمەش لەو پرسیارەدا دەردەکەوێت کە مامۆستایانی شەریعەت و فەریسیەکان لە قوتابیەکانی عیسای دەکەن، کەوا بۆچی لەگەڵ باجگرەکاندا دەخۆن و دەخۆنەوە، عیساش وەڵام دەداتەوە و دەڵێت: (مرۆڤی لەش ساغ پێویستی بە پزیشک نیە، بەلکو نەخۆش).

بەرێزان ئێمە نازانین رۆژەکەمان بەچی کۆتایی پێ دێت، بەڵام زەکای باجگر رۆژەکەی بەخۆشی کۆتایی پێهات، چونکە بوو بە مرۆڤیکی تازە و سەر لەنوێ لەدایک بووەوە.

# ٢٠ تەمووز

**ئەوەندە خەمی بەیانی مەخۆن، چونکە خەمی خۆی دەخوات و هەر ڕۆژێک بەشی خۆی گیروگرفتی هەیە. (مەتتا ٦: ٣٤)**

............................

لە جەنگی جیهانی دووهەمدا، پادشای ئینگلتەرا فەرمان دەدات کەوا مندالآنی ناوچەی شاری لەندەن کە خانووەکانیان سوتاوە هەموو کۆبکەنەوە و بە شەمەندەفەر بیانبەن بۆ شوێنکی کە.
دوو منداڵ کە براوخوشک دەبن، خوشکەکە بەگریانەوە بە براکەی دەڵێت: من زۆر دەترسم، نازانم بۆ کوێمان دەبەن؟ براکەی کە ئەویش هێشتا منداڵە، باوەش بە خوشکەکەیدا دەکات و دەڵێت: منیش هەروەک تۆ دەترسم و نازانم بۆ کوێمان دەبەن، بەڵام پاشامان دەزانێت بۆ کوێ دەچین، کەواتە هیچ خەم مەخۆ! بەڕێزان زۆرمان هەیە کە هەمان شت نازانین بۆ کوێ دەچین و چی ڕوو دەدات! بەڵام پادشامان و یەزدانمان دەزانێت، کەواتە با خەم نەخۆین.
(باوکتان دەزانێت پێویستیتان بەچیە... هەموو گیروگرفتەکانتان بخەنە سەر ئەو.)(مەتتا ٦: ٨) ( پەترۆسی یەکەم ٥: ٧)

# ٢١ تەمووز

**کوڕێکت دەبێت، ناوی دەنێیت عیسا، چونکە گەلەکەی رزگار دەکات لە گوناهەکانیان. (مەتتا ١: ٢١)**

..........................

بەڕێزان ناوی عیسا لە (ئیسوس)ی یۆنانیەوە وەرگیراوە و بە زمانی عیبری پێی دەوترێت (یەشوع) بەمانای (رزگارکەر). عیسا تەنها رزگارکەرە کە رزگارکردنی مرۆڤی پێیە و هیچ کەسێکی کە ئەم کارە ناکات تەنها ئەو نەبێت.
(لەژێر ئاسماندا ناوێکی کە نیە کە یەزدان وەک رزگارکەرێک پێشکەشی کردبێت بە مرۆڤ) (کرداری نێرراوان ٤: ١٢)، هەر لەبەر ئەمەشە کە یەزدانی باوک رۆحی رەوان یاخود رۆحی پیرۆزی ناردووە تا بێتە ناو دەرون و رۆحمانەوە، وە ئەم شتەمان بەتەواوەتی تێدا بچەسپێنێت و باوەڕی تەواوەتی پێ بکەین. (بەڵام رۆحی پیرۆز ئەوەی باوک بە ناوی منەوە دەینێرێت، ئەو هەموو شتێکتان فێردەکات.) (یۆحەننا ١١: ٢٦). کەواتە بەهۆی ناوی عیسای رزگارکەرەوە نزیک دەبینەوە لە پادشایەتی یەزدان. (هەرچیەک بە ناوی منەوە داوا بکەن بۆتانی دەکەم، هەتا باوک لە رۆڵەدا شکۆداربێت. گەر شتێکتان بەناوی منەوە داواکرد، من بۆتانی دەکەم.) (یۆحەننا ١٤: ١٣، ١٤). دیسان بەهۆی ناوی عیسای مەسیحەوە هەموو باوەڕدارەکان بەیەکەوە کۆدەبنەوە لەهەر جێگە و شوێن و وولاتێک بێت. (هەر شتێک دەڵێن و دەیکەن با بەناوی عیسای خوداوەندەوە بێت...) (کۆلۆس ٣: ١٧).

## ٢٢ تەمووز ( گەلاویژ )

**ئێوەش ئەی ژنەکان گوێڕایەڵی مێردەکانتان بن، ئەگەر هات و هەندێکیان گوێڕایەڵی ووشەی یەزدانیش نەبوون، ئەوا ژنەکانیان دەتوانن بیانبهێنن بۆ باوەڕکردن، تەنها بە ڕەوشتیان و بەبێ قسەکردن. (پەترۆسی یەکەم ٣: ١)**

..........................

ژنێک لەووڵاتی هیندستان باوەڕ دەهێنێت بە عیسای مەسیح وەک قوربانی و ڕزگارکەر بۆ ژیانی. تووشی چەوسانەوەیەکی زۆر دەبێت لە لایەن مێردەکەیەوە کە ئاینێکی کەی هەیە، بەڵام ژنەکە زۆر بەسەبر و بەخۆشەویستیەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ مێردەکەیدا دەکات تا ڕۆژێک لە ڕۆژان مێردەکەی باوەڕ بە عیسای مەسیح دەهێنێت و دەبێتە مەسیحیەکی باوەڕدار. دوای ئەمە یەکێک لە ژنەکە دەپرسێت: باشە تۆ پێم ناڵێیت مێردەکەت، ئەوەی ئەو هەموو بۆڵە بۆڵ و شەڕەی لەگەڵ دەکردیت، لەبەر ئەوەی کە تۆ بویت بەمەسیحی، ئەوەتا ئێستا ئەویش باسی عیسای مەسیح دەکات، چۆن ڕات گۆڕی؟

ژنەکە لە وەڵامدا ووتی: هەر ڕۆژێک بۆڵە بۆڵی بکردایە، خۆشترین خورادنم بۆ دروست دەکرد، هەر ڕۆژێک شەڕی لەگەڵم بکردایە من زیاتر ماڵەکەم پاک دەکردەوە و ڕێک و پێکم دەکرد، هەر کاتێک بە تۆرەبوونەوە قسەی لەگەڵم بکردایە، من زیاتر بە نەرم و نیانیەوە وەڵامم دەدایەوە، لەراستیدا تەنها هەر ئەمەیە نهێنی ئەوەی کە مێردەکەم باوەڕی هێناوە.

## ٢٣ تەمووز

**بەڵام داود خۆی بەست بەخوداوەندی یەزدانەوە... (ساموئیلی یەکەم ٣٠: ٦)**

.........................

ئەگەر لەو کەسانەیت کە هیوا بڕاویت، ئەگەر دەتەوێت رابکەیت لە هەوری رەشی نائومێدی و کونجی نائومێدی بگریت، ئەگەر هەست بەوە دەکەیت کە تەنهایت و خەڵکی لێت تێناگەن، تۆ خەڵکەکە بە چاوی ئەوەوە دەبینێت کە گوێ بە شت نادەن وە دوژمنایەتیت دەکەن، ئەگەر قێزت لە خۆت دەبێتەوە و رۆژەکانت تەنها بەکات سەرف کردن سەیر دەکەیت و لەوانەیە بیری کۆتایی هێنان بەو رۆژانە بکەیت، ئەگەر توانای هاوارت نیە بۆ ئەوەی رزگار بکرێیت، من لێرەدا شتم هەیە بۆ بەهێزکردنی دەرونت.

ئایا تۆ پێویستت بە جێگەیەک هەیە کە بتپارێزێت و پارێزگاریت بکات؟ ئەو شوێن و جێگەیە هەیە. ئایا تۆ پێویستت بەکەسێ هەیە گوێت بۆ بگرێت و لێت تێ بگات؟ ئەو کەسە هەیە و زۆر نزیکە لێتەوە. ئەوکەسە بریتیە لە عیسای مەسیح، ئەو کاتێک یەکێکی ببینیایەکە باوەڕی هەیە رزگاری دەکرد لەو گیروگرفتەی کە تیایەتی و هەیەتی و وورەی بەرز دەکردەوە وەک ئیفلیجەکەی کەوا چاکی کردەوە و پێیووت: وورەت بەرزبێت کوڕم. (مەتتا ٩: ٢) کەواتە هاوارکە بۆ لای عیسای مەسیح، ئەو وورەت دەداتێ و دەرونت بەهێز دەکات چونکە تۆی خۆش دەوێت.

# ٢٤ تەمووز

**ئایا نازانن کە هەویرترشێکی بچووک هەموو هەویرەکە هەڵدەهێنێت؟ (کۆرنسۆسی یەکەم ٥: ٦)**

............................

هەویرترش لە پەرتووکی پیرۆزدا نمونەیە بۆ خراپە و گوناه، گەر خراپەی هەڵسوکەوت بێت یاخود خراپی و هەڵەی فێرکردن بێت، هەردووکیشیان زۆر زیان بەخشن بۆ ژیانی رۆحی مرۆڤ.
لەبەر ئەمە پێویستە هەر لەیەکەم جارەوە ووشەی روون و تەواوی یەزدان فێربین و خۆمان نەبەستین بەشتێکەوە کە لە دروستکردنی مرۆڤ بێت و بەدرۆ و دەلەسە دروست کرابێت.
خوداوەندی مەسیح بە قوتابیەکانی فەرمووی: چاو بکەنەوە و ئاگادار بن لە هەویترشی (واتە فێرکردنی) فەریسیەکان و سەدوقیەکان! ئەمانەش ئەوانەبوون کە خۆیان بەدیندار و خواناس دادەنا.
پێویستە هەڵسوکەوتی باوەڕدار دووربێت لە پەیوەندی تەواوەتی لەگەڵ خراپە و خراپەکاران، چونکە خراپە وەک هەویرترش وایە بۆ لەشی مرۆڤ و وەک نەخۆشی وایە کە بەلەشی مرۆڤدا بڵاودەبێتەوە.
هەروەک چۆن مرۆڤێکی تەندروستی باش یان مرۆڤێک کە ناساغە و نەخۆشیەکی خراپی هەیە و ئەو نەخۆشیەی دەروات لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی کە.
(هەڵ مەخەڵەتێن، چونکە پەیوەندی خراپ رەوشتی جوان تێک دەدات.) (کۆرنسی یەکەم ١٥: ٣٣)

## ٢٥ تەمووز

**پیاوەکانی ئەفرایم تورە بوون لە جەدعون و پێیان ووت: بۆچی وات کرد لەگەڵمان؟ بۆچی کاتێک رۆیشتیت بۆ جەنگ لەگەڵ میدیانیەکان ئێمەت بانگ نەکرد؟ (دادگا ٨: ١)**

.......................

دوای ئەوەی کە جەدعون لە هەوڵدانی دووهەمدا بۆ ئەوەی مێدیانیەکان تێک بشکێنێت سەرنەکەوت، داوای لە پیاوەکانی ئەفرایم کرد یارمەتی بدەن ، پیاوەکانی ئەفرایم زۆر لە جەدعون تۆڕەبوون و ووتیان: باشە تۆ بۆچی لەجاری یەکەمدا ئێمەت بانگ نەکرد، واتە ئەگەر ئێمەت بانگ بکردایە هەموو میدیانیەکانمان دەکوشت. دوای ئەمە ویستیان ئاگر لەگیانی جەدعون بەردەن و بیکوژن.

بەرێزان ئەوەتا ماوەی سێ هەزار ساڵ بەسەر ئەم رووداوەدا تێپەڕیوە، بەڵام سروشتی مرۆڤ هەمان سروشتی کوشتن و بڕین و تۆڵەسەندنەوە و سەربڕین و رووت کردنەوەی تیایە!

لوت بەرزی و خۆ بە گەورەزانین و خۆ بە بەهێز زانین و بیرکرنەوە بۆ لەناوبردنی خەڵکی کە و میللەتانی کە، ئەمانە هەمووی زەرەر و زیانن نەک بۆ یەک گەل و کۆمەڵ بەڵکو کۆمەڵ و گەلانی کەشی پیوە دەگلێتەوە و باوەڕدارانیش تێدا هەروەک ئەو رۆژانەی جەدعون تێدا دەچن، با نوێژ بکەین و بە خۆماندا بچینەوە بگەڕێینەوە و داوا بکەین کە دووربین لە کەسایەتیەکی وەک ئەفرایم.

## ٢٦ تەمووز

**ئێمە خۆشەویستیمان تێدایە، چونکە ئەو پێشتر خۆشی ویستووین. (یۆحەننای یەکەم ٤: ١٩)**

..........................

لەراستیدا ئاسوودەیی و دڵخۆشیە گەر خەڵکی بێن بۆ لای مەسیح و رزگاریان ببێت و ببنە خۆشک و برای ئێمە، هەرچەندە ئەمە کە خۆشیە و دڵمان خۆش دەکات، بەڵام خۆشی و دڵ خۆشیمان لەگەڵ مەسیح خۆیدا زۆر مەزنە و شتێکی تایبەتی و جیاوازە.

ئەو خۆشەویستیەی تیاماندا دروست بووە، خۆشەویستی مەسیحە، ئەو خۆشەویستیەی پێی داوین، ئەو خۆشەویستیە دوو شتی زۆر گرنگمان فێر دەکات.

یەکەم: خۆشەویستی ئەو وامان لێدەکات کە فێربین و بزانین خۆشەویستی یەزدان چۆنە و چیە، هەروەها خۆشەویستی یەزدانی باوکیش بەرامبەر بەئێمە چۆنە و چیە.

دووهەم: خۆشەویستیمان بەرامبەر بەخەڵکی ئەوەی بەرامبەرمانە لە خزم و دراوسێ و کەسانی دەوروپشتمان، نەک بەبینی ئەوەی کە خزم و دراوسێمان، نەک بە بینی ئەوەی کە ئەوانیش مرۆڤن و یەزدان دروستی کردوون و دەبێت بە رووناکی یەزدانەوە سەیریان بکەین، ئەوسا لێرەدا نهێنی و هێزی رۆح دەردەکەوێت و پلەی خۆشەویستیمان بۆ عیسای مەسیح و رێژەی نوێژمان بۆ بارەگای بەرزی یەزدان ئەمەش یەزدان خۆی دەست نیشان دەکات.

## ٢٧ تەمووز

**دڵشادم بە ووتەکانت، دڵشادبوونی کەسێک کە دەسکەوتێکی گەورەی دۆزیبێتەوە. (زەبور ١١٩: ١٦٢)**

........................

شتێکی دڵشادکەرە هەموو کاتێک کە پەرتووکی پیرۆز دەکەینەوە بۆ خوێنندەوەی، هەست بەوە دەکەین ئەم ووتانە ووتەی یەزدانن، دیسان داوکاریەکان هەمووی داوای یەزدانن و یاساکان هەمووی یاسای یەزدانن و هەموو لە پێناوی خۆشەویستی مرۆڤدا نووسراوە.

سەیر دەکەین چۆن یەزدان تاقە رۆڵەی خۆی، ئەوەی کە لە ئەزەلەوە هەبوو و یەک بوون لەگەڵ یەزدان و رۆحی پیرۆزدا، ئەو رۆڵەیە هات و بوو بە مرۆڤ تاوەک لەگەڵ مرۆڤدا بدوێت، وە بۆیان دەربخات کە هەموو مرۆڤێک بەسروشت گوناهبارە و دادپەروەری یەزدان ئەوەیە کە مردنی بۆداناوە وەک ئەنجامێک بۆ گوناهباریەکەی.

بەڵام چەند دڵشاد دەبین کاتێک بنوارین کەوا عیسای مەسیح لەبەر مرۆڤ و رزگارکردنی بوو بەو قوربانیەی کە پێویستە بکرێت تا وەک مرۆڤ رزگاری بێت لە سزای مردن و مردنی هەتاهەتایی، ئایا تۆش دەتەوێت ئەو قوربانیە بەبەلاش وەرگریت و ژیانی جاویدانی و هەتاهەتایی بەدەست بهێنێت؟ وەرە و ژیانت بدەرە دەستی یەزدان.

# ٢٨ تەمووز

**بەڵام عیسا تەنانەت بە ووشەیەکیش وەڵامی نەدایەوە. (مەتتا ٢٧: ١٤)**

............................

کاتێک سەرۆک کاهینەکان و پیرانی ئاینی لە جوولەکەکان عیسای پیرۆزیان بە گێرەشێوێن تاوانبارکرد و ویستیان بەهۆی پیلاتۆسی داگیرکەری وڵاتەکەیانەوە تووشی ئازار و ئەشکەنجە و کوشتنی بکەن، عیسای مەسیح هیچ وەڵامی پیاوە ئاینیەکانی جوولەکەی نەدایەوە، تەنانەت کاتێکیش کە پیلاتۆس پێی ووت: ئایا گوێت لێ نییە کەوا شایەتی لە دژت دەدەن؟ عیسای پیرۆز هیچ وەڵامێکی نەدایەوە، چونکە ئەو بەشایەتی درۆ نەهاتبوو وە بەدرۆ ناوی خۆی نەنابوو (پادشا) وە ووشەی پادشا کە بۆ عیسا بەکاردرێت ووشەیەکی مرۆڤ، بەڵکو پادشای رۆحی، ئەگینا ئەگەر پادشایەکی مرۆڤی بووایە، دەبوو وەک هەموو پادشاکان جل و بەرگ و تەختی تایبەتی هەبوایە.

بۆیە کە پیلاتۆس لێی پرسی ئایا تۆ خۆت بەپادشا دەزانیت؟ لێرەدا عیسا نەیتوانی وەڵام نەداتەوە و بەتەنها ووتەیەک بێدەنگی خۆی بڕی و ووتی: (خۆت ووتت) (مەتتا ٢٧: ١٢). بەرێزان عیسای مەسیح هەرچەندە کە هەموو دەسەڵاتێکی هەبوو، (خۆی نزم کردەوە و مل کەچ بوو تا مردن) (فیلیپی ٢: ٨) ئەمەش لەپێناوی ئەوەی ئەو پلانە بێنیتە دی کە قوربانیە بۆ هەموو مرۆڤ.

## ٢٩ تەمووز

**ئێوە ناتوانن لە یەک کاتدا ملکەچی یەزدان و پارەش بن. (لۆقا ١٦: ١٣)**

........................

ڕۆژێک لە ڕۆژان دراوسیەکمان هات و ووتی: وەرە سەیری ئۆتۆمبێلەکەت بکە پەنچەرەی دەرگایەکی شکێنراوە.

کاتێک چووم سەیری ناو ئۆتۆمبیلەکەم کرد سەیرمکرد دوو شتی تیانەماوە، جزدانی پارەکەم لەگەڵ پەرتووکێکی پیرۆزدا کە هی خۆم بوو و تیاما دەخوێندەوە، هەردووکیان لەیەک زەرفدا دامنابوون.

بەڵام پاش چەند ڕۆژێک کابرایەک هاتوو لەدەرگای ماڵەکەمانی داو ووتی ئەم پەرتووکە پەرتووکی تۆیە؟ منیش کاتێ پەرتووکەکەم بینی ناسیمەوە و ووتم بەلێ.

ووتی: ناونیشان و ناوت لەسەر پەرتووکەکە بوو فڕێ درابوو لەسەر ئەو جادەیەی ئەو دیوتانەوە، منیش حەزم کرد بۆتانی بهێنمەوە.

بەرێزان کابرای دز کاتێ سەیری ناو زەرفەکەی کردووە، سەیری دەکات دووشتی تیایە جزدانی پارە و ووشەی یەزدان، بەڵام دیارە کابرا بڕیاری داوە بۆ بردنی پارەکە و فڕێدانی ووشەی یەزدان.

ئەم جۆرە شێوەی هەڵبژاردنە لە نێوان پارە و ووشەی یەزداندا، نەک هەر ئەو دزە دەیکات، بەڵکو زۆر کەسی کەش دەیکەن و پارەکە هەڵدەگرن و ووشەی یەزدان فڕێ دەدەن وەک دزەکە، بەڵام هیوادارم تۆ لەوانە نەبیت.

## ٣٠ تەمووز

**بەبێ باوەڕ، ڕەزامەندی یەزدان بەدەست نایەت. (عیبرانیەکان ١١: ٦)**

.........................

لەوانەیە کەسێک ژیانێکی زۆر باش و پڕ لەڕێز و سەرکەوتووی هەبێت و خەڵکی هەموو زێدی لێبگرن و لەوانەشە خۆشیان بوێت.

بەڵام پەرتووکی پیرۆز دەڵێت: بەبێ باوەڕ، ڕەزامەندی یەزدان بەدەست ناهێنرێت. لەوانەیە کەسێک زۆر یارمەتی خەڵکی دابێت و دەستی خەڵکی گرتبێت و چاکەی کردبێت، بەڵام بەبێ باوەڕ، ڕەزامەندی یەزدان بەدەست ناهێنێت.

لەوانەیە کەسێک پشتگیری زۆری کردبێت لە مافی مرۆڤ و دادپەروەری تەواوەتی بنوێنێت بەرامبەر بەپێویستی مرۆڤ و دژی خراپە و خراپەکاری بێت، بەڵام بەبێ باوەڕ، ناتوانێت ڕەزامەندی یەزدان بەدەست بهێنێت.

لەوانەیە کەسێک بەهۆی ئەو پلە و پایەیەی کە هەیەتی، کاری مەزن بکات، بەڵام بەبێ باوەڕ، ناتوانێت ڕەزامەندی یەزدان بەدەست بهێنێت.

باوەڕ بەیەزدان بهێنە تا وەک یەزدان هەموو کارێکت پیرۆز بکات و هەروەها ژیانت لەژیان و لەکارتدا، پەرتووکی پیرۆز بخوێنەرەوە تا بزانیت چۆن ڕەزامەندی یەزدان بەدەست دەهێنێت.

## ٣١ تەمووز

**ئەی گەنج دڵی خۆت خۆشکە لەکاتی لاویتا و دڵت شادکە رۆژانی گەنجیت و دوای ئارەزوەکانی دڵت بکەوە، لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی چاوت پێی دەکەوێت. بەڵام ئەوە بزانە کە بەهۆی ئەم کارانە هەموویەوە، یەزدان دەتهێنێت بۆ لێپرسینەوە. (کۆمکار ١١: ٩)**

...........................

پێش چەند ساڵێک لەمەوبەر ئێوارەیەک شەش گەنج کە تەمەنیان لە نێوان شانزە و هەژدە ساڵ دەبوو، ئۆتۆمبیلەکەیان وەرگەرا و چواریان مردن و دوانیشیان بریندار بوون.

ئەم لاوانە خواردبوویانەوە و خەریکی بەزم و رەزمی خۆیان بوون، وە کاتی خۆیان نەمابوو، دیارە ئەمەش یەکەم جاریان نەبوو کەوا بەو شێوەیە هەڵسوکەوت بکەن.

هۆی ئەم کارە دڵ تەزێنە، خواردنەوە بوو، بێهۆشی لەزەتی خێرا لێخورینی ئۆتۆمبیل و پشتگوێ خستنی یاسای بەرێگا چوون و لێخۆرینی ئۆتۆمبێل و پشتگوێ خستنی زۆر شتی کە.

راستە دڵی مرۆڤ پێویستی بەخۆشی و شادی و پێکەنین هەیە، بەڵام خۆشی راستی و خۆشەویستی راستی لەلای یەزدانەوەیە، وە گوێ رایەڵی بۆ یاسای یەزدان دروست دەبێت، وە ئارامی و شادی مرۆڤ لەکاتێکدایە کە بزانێت یەزدان پشتگیری دەکات و ئاگاداری دەبێت لە ژیانیدا.

# ١  ئاب

**یەزدان خۆشەویستیە. (یۆحەننای یەکەم ٤: ٨)**

..................

تەنها خۆشەویستی، ئەوەی بەبێ بەرژەوەندیە و درۆ و دەلەسەی تیانیە، بەهۆی خزمایەتی و هیچ مەستێکی کەوە نیە، خۆشەویستی یەزدانە و یەزدان بریتیە لە خۆشەویستی. لەراستیدا سروشتی مرۆڤ خۆ خۆی و ئەنانیەتی زۆر تێدایە، تەنانەت جاری واهەیە رۆلە لەگەڵ باوکیدا کچ لەگەڵ دایکیدا برا لەگەڵ برای خۆیدا، هاوڕی لەگەڵ هاوڕیی دڵسۆزی خۆیدا دەکەونە مل ملانێوە و ئەو خۆشەویستیەی لە نێوانیاندا هەبووە نامێنێت و دەپوکێتەوە و رق و کینە شوێنەکەی دەگرێت.

لە پەرتووکی پیرۆزدا نووسراوە: خەڵکی خۆیان خۆش دەوێت، پارەیان خۆش دەوێت، لووت بەرزن، شانازی بەخۆیانەوە دەکەن، جنێودەدەن... بێ بەزەین بەرامبەر بەیەکتر، لەیەکتری خۆش نابن... (تیمۆساوسی دوو ٣: ٢ـ ٤)، بەراستی مرۆڤ ئابەم بیر و سروشتەوە شایانی خۆشەویستی نیە، بەڵام لەبەر ئەوەی یەزدان خۆی بریتیە لە خۆشەویستی، هەموو کەسێک و هەموو مرۆڤێک خۆی چۆنە هەر بەو شێوەیەی خۆیەوە وەری دەگرێت، گەر هات و ئەو مرۆڤە دانی بەگوناهو هەڵەی خویدانا و رازی بوو بەو قوربانیەی لە پێناویدا عیسای مەسیح ئەنجامی دا لەسەر خاچ، ئیتر گوناهەکانی لەلایەن یەزدانەوە دادەپۆشرێت باس ناکرێت، ئا ئەمەیە لێخۆش بوون و حۆشەویستی راستەقینە.

## ٢ ئاب

**گەر یەکێک سەر بەمەسیح بێت، ئەوا دەبێتە دروست بوویەکی تازە، شتەکۆنەکان نەمان و بەسەرچوون، ئەوەتا هەموو شتێک نویٚ بۆتەوە. (کۆرنسۆسی دوو ٥: ١٧)**

........................

کابرایەکی بەتەمەن خانوویەکی کۆنی هەبوو، رۆژێک کابرایەکی دەوڵەمەند هات و پارەیەکی زۆر باشی دایە بۆ ئەوەی خانوویەکەی لێبکرێت، کابراکەش بەمە رازی بوو.

پێش ئەوەی خانووەکەی بداتە دەست، کابرای بەتەمەن هەستا و چی دەرگای خراپ و پەنجەرەی شکاو هەبوو لەماڵەکەدا چاکی کرد بۆ کابرا دەوڵەمەندەکە چونکە پارەیەکی یەجگار زۆری دابوویە بۆ خانووەکەی.

بەلاّم کابرای دەوڵەمەند هەر کە خانووکەی وەرگرت دەستی کرد بەرووخاندنی و لە شوێنیٚ خانووە کۆنەکە خانوویەکی تازەی دروست کرد.

بەرێزان یەزدانیش هەمان شت دەکات وەک کابرای دەوڵەمەند، ئیتر هیچ پێویست ناکات ئێمە خۆمان هەوڵ بدەین، وردە وردە شتی کۆن هەمووی دەرۆخیٚ و لادەبرێت و مرۆڤێکی تازە دروست دەبێت، عیسای مەسیح مرد تاوەک هەموو گوناهە وخراپەی رابووردوومان بسرێتەوە، هەموو ئەو شتانە ببرێتەوە کە شەرم دەکەین باسی بکەین. ئێمە هیچ پێویست ناکات هەوڵ بدەین ئەو شتانە و سوچ و پەناکانی چاک بکەین و خۆمان بەپاک لەبەردەم یەزداندا دەربخەین، با خۆمان بدەینە دەست یەزدان، وەک خۆمان.

## ٣ ئاب

**ئەوەی گویٚ لە ووشەی یەزدان بگریٚت و کاری پیٚ نەکات، وەک یەکیٚک وایە سەیری روخساری خۆی بکات لە ئاویٚنەدا، ئینجا دەڕوات و دەست بەجیٚ لەبیری دەچیٚتەوە چۆن بووە. (واتە ویٚنەی خۆی). ( یاقوب ١: ٢٣، ٢٤).**

..............................

پەرتووکی پیرۆز ئەوەی ووشەی یەزدانە، لە شیٚوەی ئاویٚنەدایە، پیٚویستە سەیری خۆمان بکەین تیایدا. جیاوازی لە نیٚوان ئەم ئاویٚنەیە و ئاویٚنەی ساکار و سروشتی ئەوەیە کە ئەم ئاویٚنەیە نەک هەر دیمەنی دەرەوەمان نیشان دەدات، بەڵکو دیمەنی ناوەوەی مرۆڤیش پیشان دەدات، هەروەک چۆن ئاویٚنەیەکی ساکار و سروشتی بەتەواوەتی، هەمان شت ئاویٚنەکەی یەزدانیش خۆت نیشان دەدات بەتەواوەتی کە تۆ چۆنیت و ناوەوەت چی تیایە و چۆنە.

ویٚنەی ناوەوەی مرۆڤ کاتیٚک کە بەتەواوەتی سەیری بکات یەکسەر بۆ دەردەکەویٚت کەوا پیٚویستی بە گۆڕینی تەواوەتی دەرون و ویٚنەیەکی پاک و بیٚگەرد و پیرۆز دا بنیٚت لەویٚنەی عیسای مەسیحی پاک و پیرۆزدا، ئەو مەسیحەی لەسەر خاچ خۆی کردە قوربانی لە پیٚناوی پاک کردنەوەی ناوەرۆکی مرۆڤدا و رزگارکردنی لەو دیمەنە ناشرین و گوناهبارەی کە لە ناویدا هەیە و رزگاری بکات لەسزای مردنی هەتاهەتایی.

## ٤ ئاب

**گەر ئێوە لەگەڵ مەسیحدا هەستاونەتەوە، ئەوا هەوڵ بدەن بۆ کاروباری ئاسمانی،... بایەخ بەکاروباری ئاسمانی بدەن، نەک بەکاروباری سەر زەوی... (کۆلۆسی ٣: ١، ٢).**

........................

جۆرێک لە جاڵجاڵۆکە هەیە کە ماڵەکەی و هێلانەکەی لە ژێر ئاودا دروست دەکات، ئەویش بەهۆی روەکی ناو ئاو لە شێوەیەکدا کە ئاو نەچێتە ناو ماڵ و هێلانەکەیەوە. کاتێک ئەم هێلانەیە دروست دەکات وردە وردە هەوا و ئۆکسجین دەهێنێت بۆ ناو هێلانەکەی چونکە ئەم جاڵجاڵۆکەیە بەهەواو ئۆکسجین دەژی وەک مرۆڤ چۆن پێویستی بە هەوا و ئۆکسجین هەیە. یەک لە دوای یەک دەچێتە سەر ئاوەکە و دەرەوەی ئاوکە، هەواو ئۆکسجین بەهۆی مووی سنگەیەوە دەهێنێت بۆ ناو هێلانەکەی بە شێوەیەک کە هەوا و ئۆکسجینێکی وای تیابێت کە بتوانێت خۆی و بێچووەکانی لە ناو هێلانەکەدا هەناسە بدەن و بژین.

بەرێزانم با ئێمە لەو زیندەوەرە فێر بین کەوا بۆ خۆمان و ماڵ ومنداڵمان، کاروباری ئاسمانی بهێنینە ناو ماڵەکەمانەوە، ئەو کاروبارە ئاسمانیە کەوەک هەوا و ئۆکسجین وایە بۆ ژیانمان، چونکە کاروباری سەرزەوی و هەوای سەرزەوی هەموو پڕە لە پیسی و خراپە و گوناهو هەوای تێدا نەماوە، با زوو برۆینە بەرزایی ئاسمان و لە وێووە هەوای پاک بهێنین بۆ ژیانمان، ئەمەش کاتێک دەبێت ئێمە بەبەرداوامی خەریکی خوێندنەوەی ووشەی یەزدان بین و بەبەردەوامی نوێژ بکەین.

## ٥ ئاب

**یەزدان بەبەرەکەتی خۆی و بەهۆی باوەڕتانەوە رزگاری کردن، ئەمەش لە ئەنجامی هەوڵدانی خۆتان نەبووە، بەڵکو دیاری یەزدان بوو. هەروەها بەهۆی کردارەوە یان کردارتانەوە نەبوو، تا یەکێک بتوانێت شانازی پێوە بکات. (ئەفەسۆس ٢: ٨، ٩).**

.........................................

(کۆلبێر) کابرایەکی گەورە و مەزن بوو لە دەوڵەتی فەرەنسادا کاتی حوکم رانی (لویسی چواردەهەم) پادشای فەرەنسا. سەرەڕای ئەو کارانەی (کۆلبێر) کردبووی بۆ پادشا و بۆ وولاتەکەی پادشا لەسەر کارەکەی لای برد. کاتێک (کۆلبێر) لەسەر جێگەی مردن بوو، پێیان ووت: پادشا چەند جارێک هەواڵی پرسیوت، ئەویش ووتی: نامەوێت کەس باسی ئەو کابرایەم بۆ بکات، ئەوەی بۆ ئەوم کرد، ئەگەر بۆ خودام بکردایە، ئەوا بەبێ شک رزگار دەبووم و دەچوومە بەهەشتەوە. کۆلبێر لەسەر جێگەی وەک زۆر کەسی کە بیری لەوە کردەوە کەوا مرۆڤ پێویستی بە رزگاربوون و لێخۆش بوون هەیە لەلایەن یەزدانەوە تا بچێتە بارەگای یەزدان و بەهەشتەوە. بەلام نەک وەک ئەوەی کە ئەو بیری لێکردەوە بە ئیش و کاری باشی لە ژیاندا، بەڵکو بەهۆی باوەڕەوە، ئەمەش بە هەوڵدان و کردار و ئیشی چاکە نابێت، بەڵکو ئەمە بە بەرەکەتی یەزدانەوە و یەزدان وەک دیاریەک پێشکەشی کردوە بە مرۆڤ، ئەویش خوێن و قوربانیەکەی عیسای مەسیحە.

# ٦ ئاب

**خەڵکی خۆیان خۆشی دەوێت... لووت بەرز دەبن، شانازی بە خۆیانەوە دەکەن. (تیمۆساوسی دوو ٣: ٢) خەڵکی بەدوای کاروباری تایبەتی خۆیاندا دەگەڕێن، نەک هی مەسیح. (فیلیپی ٢: ٢١)**

.................................

ووشەی (من) لای مرۆڤ نەخۆشیەکی گەورەیە و زۆر دەکەوێت لەسەر مرۆڤ و توشی خراپە و گوناهی دەکات.

تەنها ئەو (منە) سێ شتی تیایە لووت بەرزی خۆ بە زل زانین یا خۆ بە گەورە زانین و خۆ خۆی کردن. لەژیانی رۆژانەدا، زۆر بە ئاسانی، کاری ووشەی (من) و نەخۆشی (من) لە ژیانی خەڵکیدا دەردەکەوێت، هەروەها لە ژیانی من و تۆشدا ئەی خوێنەری بەرێز. نێرراوی یەزدان پۆلس لە ئینجیلدا دەڵێت: لە رۆژانی دواییدا، خەڵکی خۆیان خۆش دەوێت، پارەیان خۆش دەوێت، لووت بەرز دەبن، شانازی بەخۆیانەوە دەکەن، جنێودەدەن، گوێ ڕایەڵی دایک و باوک نابن، هیچیان لەبەرچاو نابێت، گلاون، بێ بەزەیی دەبن، لەیەکتری خۆش نابن، قسە دروست دەکەن بۆ یەکتری، بەرەڵا دەبن، دڕندەن... (تیمۆساوسی دوو ٣: ٢ ـ ٧).

لەم ئایەتەدا یەکەم شت پۆلس باسی دەکات، ئەوەیە کە خەڵکی خۆیان خۆش دەوێت و خۆ خۆی دەکەن. بەراستی گەر یەکێک بنوارێتە ووشەی یەزدان، ئەو نەخۆشیەی چارەسەرکردووە بەوەی کە دەڵێت، چاوەڕیی خەڵکی مەکە کە.

# ٧ ئاب

**ئێمە کرداری (دەستی) یەزدانین ئەو دروستی کردین لە عیسای مەسیحدا بۆ کاری چاک، ئەوەی یەزدان لە پێشدا ئامادەی کردووە بۆمان تا لە سەری بڕۆین. (ئەفسۆس ٢: ١٠)**

.........................

لای کوتاڵ فرۆش و قوماش فرۆشەکان مەترێک قوماشی سپی لە هەموو کات و زەمانێکدا بە پارەیەکی کەم، هەموو کەسێک دەتوانێت بیکڕێت. (ڤان کۆخ) نەخشەکار و رەسامێکی ناودارە، پێش دەیان ساڵ لەمەوبەر مەترێک قوماشی سپی دەکرێت و نەخشەو وێنەیەکی لەسەر دەکێشێت و لە ساڵی (١٩٩٠) ئەو مەترە قوماشەی نەخشەی دەستی (ڤان کۆخ)ی لەسەرە دەفرۆشرێت بە (٢،٨٢) هەشتا و دوو ملیۆن و نیو دۆلار ئەو هەموو پارەیە بۆ مەترێک قوماشی کە هەندێک بۆیەی رەنگا و رەنگی بەسەرەوەیە، بەڵام بەدەستی (ڤان کۆخ) کراوە و بە سەلیقە و بیری ئەو خەت و نەخشەی وێنەکە دانراوە، بۆیە ئەوەندە گران بەهایە. باشە ئایا یەزدانی هونەرمەند و نەخشەکێش دەبێت چەند لە (ڤان کۆخ) مەزنتر بێت لە دانانی رەنگی جیهان و نەخشەکردنی مرۆڤ و رێگەی مرۆڤدا، مرۆڤێک کە رۆحی تیایە و فکری هەیە و قسە دەکات و گویی لەقسە دەبێت و هاتوو چۆ دەکات و کار دەکات، زیاترە لە وێنە و نەخشەیەک، بەڵام کاتێک ئەو مرۆڤە کاری چاکی کرد، ئەوەی یەزدان دایناوە لە سەری برۆین، خۆ ئەگەر ئەمە نەکەین ئەوا مرۆڤ بە خراپە و گوناهیەوە دەمێنێتەوە .

## ٨ ئاب

**یەزدان بە بەرەکەتی خۆی بەهۆی باوەڕتانەوە رزگاری کردن، بەڵکو لە ئەنجامی هەوڵدانی خۆتان نەبووە، بەڵکو دیاری یەزدان بوو، هەروەها بەهۆی کرداری (خۆتانەوە) نەبووە، تا یەکێک بتوانێت شانازی پێوە بکات. (ئەفەسۆسی ٢: ٨، ٩)**

........................

بەرەکەتی یەزدان و رێگەی یەزدان بناغەیە بۆ رزگار بوونی مرۆڤ، بەرەکەتی یەزدان شتێک نیە کە ماف و حەقی خۆمان بێت و بە ئازایەتی خۆمان بەدەستی بهێنین. هەموو ئەو شتانەی دەمانگەڕێنیتەوە بۆ لای یەزدان، دیارە لە یەزدانەوە پێتان بەخشراوە، بۆیە نووسراوە (لە ئەنجامی هەوڵدانی خۆتان نەبووە) هەروەها (بەهۆی کرداری خۆتانەوە نەبووە). (رزگار بوون) وە رزگارکردن بریتیە لە کاری یەزدان و دیاری و بەرەکەتی ئەو. دیسان بەوەی کە دەڵێت: (تایەکێک بتوانێت) یان تا یەکێک نەتوانێت بێت و شانازی بکات بە کارێکەوە کە کردوویەتی رزگاربوون، ئا لێرەدا بەتەواوەتی دەریدەخات و روونی دەکاتەوە، ئەوەی کە مرۆڤ بە هەوڵدانی خۆ رزگاری دروست ناکات، وە رزگاری تەنها بەرەکەتی یەزدانە و ئەو پێشکەشی مرۆڤی کردوە.

مزگێنی واتە (ئینجیل) بریتیە لەو هەواڵە خۆشە و لەو مزگێنیەی کە یەزدان دەیدات بە مرۆڤ بۆ رزگاربوونی و ئینجیل بەرەکەتی یەزدانە. هەچ تێکەڵ کردنێکی کاری مرۆڤ لەگەڵ بەرەکەتی یەزداندا، بریتیە لە غەش و ساختەکردن لەگەڵ ووشەی یەزدان و سوکایەتیە بە کرداری یەزدان.

## ٩ ئاب

**کوڕێکی دەبێت ناوی دەنێیت عیسا، چونکە گەلەکەی ڕزگار دەکات لە گوناهەکانیان. (مەتتا ١: ٢١)**

......................

عیسای مەسیح هات بۆ جیهان بۆ ڕزگارکردن، لە ڕۆژی لەدایک بوونیدا، شوانەکان لەلایەن فریشتەی یەزدانەوە، ئا بەم شێوەیە هەواڵی لەدایک بوونی عیسایان پێ درا: (ئەمڕۆ لە شاری داود ڕزگارکەرێک بۆ ئێوە لەدایک بوو، ئەویش مەسیحی خوداوەندە.) (لۆقا ٢: ١١)

کاتێک عیسای پیرۆز خۆی لەسەر ئەو زەویە بوو کەسانێکی زۆر وەک ڕزگارکەرێک باوەڕیان پێ هێنا. (خەڵکەکە بە ژنەکەیان ووت: لە ئێستا بەدواوە ئیتر ئێمە بەهۆی قسەی تۆوە باوەڕ ناکەین، بەڵکو باوەڕ دەکەین چونکە خۆمان گوێمان لێی بوو "واتە لە عیسا"، زانیمان و بۆمان دەرکەوت کەوا ئەو پیاوە بەڕاستی ڕزگارکەری جیهانە.) (یۆحەننا ١٢: ٤٧).

بەڕێزان، مەسیحی خوداوەند لە ئاسمانەوە هات تاوەک من و تۆ ڕزگار بکاتو ئەو لەسەر خاچ خوێنی خۆی کردە قوربانی و گوناهی من و تۆی خستە سەر شانی خۆی و ئازاری چێشت تاوەک ڕزگاری دروست بکات بۆمان (بیجگە لە عیسا بەکەسێکی کە ڕزگاربوون نیە، چونکە جگە لەو وەک ڕزگارکەرێک.) (کرداری نێرراوان ٤: ١٢). خوێنەری بەڕێزم هیوادارم کەوا دڵت بکەیتەوە و نویژ بکەیت و بەدڵ عیسا وەک ڕزگارکەر وەرگریت.

# ئاب ١٠

**بنیم هەموو ئەو شتانەی لەژێر رووناکی رۆژدا دروست کراوە، هەمووی پوچە و وەک ئەوەیە هەوا بگریت (یان راکەیت بەدوای با و هەوا دا.) (کۆمکار ١: ١٤)**

.................................

تا خۆشی و دڵشادی راستەقینەبێت و بەردەوام بێت، پێویستە لەسەر بناغەیەکی بەهێزو بەتوانا دروست بکرێت.

ئەگەر مرۆڤ خۆی هەر بە خۆشی و شادیەوە خەریک بکات، وەک ئەوە وایە کەوا کۆشکێک لەهەوادا دروست بکەیت، ئەم خۆشیە ئارەزو دڵشادی تیایە و خەڵکی و جیهان بە سەرکەوتنی دادەنێن، بەڵام هەموو کاژێریک و رۆژێک کە لە ژیان دەروات، ئەوە دەردەخات کە ژیان بەرەو کۆتایی و تەواوبوون دەروات، پیاو کە مرد هەموو شتێک لەدوای خۆی بەجێدەهێڵێت و خۆشیەکان کۆتایان پێدێت.

سلێمان پاشا ئەوەی کە هەموو شتێکی هەبوو لە تەندروشتی و دەوڵەمەندی و توانا ئەوەی خەڵکی هەوڵی بۆ دەدات، ئەم پاشایە ئەوەی زۆر بە تەواوی بۆ دەرکەوت لەژیانیدا، ئەوەی باسمان کرد لەپێشەوە. خۆشی و شادی ئەوەیە کە هیچ باوبۆرانێک و هیچ شتێک نەیگۆرێت و تێکی نەدات، ئەو خۆشی و شادیەش تەنها هەر لەگەڵ یەزدانا بەدەست دێت و دوای مردنیش بەردەوام دەبێت، چونکە لە رۆڵەکانی یەزدان، دەخەنە پادشاهێتی یەزدانەوە.

# ١١ ئاب

**روی گوێتان بکەنە من و وەرن بۆ لام، گوێ بگرن ئەوسا دەورنتان دەژی. (ئیشەعیا ٥٥: ٣)**

..........................

ئایا تۆ هیلاکیت؟ وەرە بۆ لای ئەوەی کە هیلاک نابێت! (هێز دەدات بەوەی بێ هێزە.) (ئیشەعیا **٤٠: ٢٩**) ئایا تۆ بێ هیواو دڵ تەنگیت؟ وەرە بۆلای ئەو یەزدانەی هیوا دەبەخشێت! ئەوەی دڵت پڕ دەکات لە (هەموو خۆشی و ئاشتییەک ). (رۆما **١٥: ١٣**)

ئایا تۆ بەتەنها ماویتەتەوە؟ وەرە بۆ لای ئەو یەزدانەی کە (باوکی هەتیوانە و دادوەری بێوەژنانە و... لانە بەخشە بۆیان) (زەبوری **٦٨: ٥، ٦**). ئایا تۆ لە تاریکیدایت؟ وەرە بۆ لای ئەوەی کە ووتی: (من روناکی جیهانم، ئەوەی دوام بکەوێت بەتاریکیدا ناڕوات...) (یۆحەننا **٨: ١٢**).

ئایا بیر لە مردن دەکەیتەوە؟ وەرە بۆ لای ئەوەی کە ژیان دەبەخشێت و ئاگاداریت دەکات، ئەو دەڵێت: من شوانێکی دڵسۆزم شوانی دڵسۆزیش ژیانی خۆی دەکاتە قوربانی لە پێناوی مێگەلەکەیدا (یۆحەننا **١٥: ١١**).

خوێنەری بەرێزم یەزدان تۆی خۆش دەوێت و تاقە رۆلەی خۆی نارد و ئەو بوو بەقوربانی لە پێناوی ئەوەدا کە مرۆڤ خۆشی و ژیان بەدەست بهێنێت.

بەرێزان مەسیحی خوداوەند مرد لە پێناوی مرۆڤدا و هەستایەوە و سەرکەوت بەسەر مردندا و بوویە نموونە و رەمز بۆ زیندووبوونەوەی.

## ١٢ ئاب

**چونکە (ئێوە) دەزانن بەرەکەتی عیسای مەسیحی خوداوەند چییە، هەرچەندە ئەو دەوڵەمەند بوو بەڵام لە پێناوی ئێوەدا بوو بە هەژار، تاوەکو ئێوە بە هەژاری ئەو دەوڵەمەند ببن. (کۆرنسۆسی دوو ٨: ٩)**

........................

خۆشەویستی مرۆڤێک بۆ مرۆڤێکی کە، بریتیە لە سۆز و هەستی دەرون.

خۆشەویستی مرۆڤ بۆ یەزدان، بریتیە لە پەرستن و مل کەچی... بەڵام خۆشەویستی یەزدان بەرامبەر بە مرۆڤ بریتیە لە بەرەکەت.

یەزدان بە مرۆڤ دەڵێت: وەرگەرێ بۆ لای من و رووم تێ بکە، رزگارت دەبێت، بە باوەرداریش دەڵێت: بە من خۆت تێرکە.

چۆک دادان و شکاندنەوەی لوت بەرزی و تواندنەوەی دەرون و دڵ بەرامبەر بەیەزدان و کرنوش بردن بۆی، ئەمانە هەمووی دڵی یەزدان و خۆشەویستیەکەی، ئەوە دەردەخات کە ئەو مرۆڤە بەراستی سوپاسی یەزدان دەکات بۆ ئەوەی کە خوداوەند خۆی هەژار کرد و چووە سەر خاچ و خوێنی خۆی رشت لە پێناوی رزگار بوونی مرۆڤدا و ئێمەی مرۆڤیش بەو خۆ هەژارکردنەی یەزدان و بەو خوێنی قوربانیە رزگارمان دەبێت و دەوڵەمەند دەبین.

# ١٣ ئاب

**ئامادەبە بۆ بەیەک گەیشتن لەگەڵ یەزدانت. (عاموس ٤: ١٢)**

.......................

کاتێک دوو کوڕی گەنج ئۆتۆمبیلی لاشە مردوو گواستنەوە بەلایاندا تێدەپەڕێت بە پێکەنینەوە لە شوفێری ئۆتۆمبیلەکە دەپرسن: ئەتوانیت سەرمان بخەیت؟ شوفێرەکە لە وەڵامدا دەڵێت: هیچ خەم مەخۆن سەرەتان دێت شتەکە بەگالتە مەگرن، من ئێستا یەکێکم گواستەوە کە لە ئێوە گەنج تر بوو.

بەرێزان مردن وەک ئەو میوانە وایە کە لەپر دێت و خۆی دەکات بەماڵدا، بۆ ئەوەی خەریکی کار و کاسبیە، بۆ پیر و گەنج بۆ ژن بۆ پیاو، لێرەدا پرسیار ئەوەیە: ئایا تۆ خۆت ئامادەکردووە؟ نێرراوی یەزدان (عامۆس) پێمان دەڵێت:

(ئامادە بە بۆ بەیەک گەیشتن لەگەڵ یەزدانت).

دوو رێگە هەیە لێرەدا، یەکەمیان مردنێکە بێ خۆ ئامادەکردن و مردن لەگەڵ گوناهدا.

دووهەم، مردن بەشێوەیەک کە مرۆڤە کە دانی بەوەدا نابێت گوناهبارە و قوربانیەکەی یەزدانی وەرگرتبێت، ئەوەی تێیدا مەسیح بوو بە مەڕی قوربانی بۆ دروست کردنی لێخۆش بوون لەلای یەزدان. وە بەمجۆرە ژیانی هەتاهەتایی پێدەدرێت.

## ١٤ ئاب

**مەسیح ئاشتی ئێمەیە... (ئەفسۆس ٢: ١٤)**
**مەسیح هات و مزگێنی ئاشتی بۆتان هێنا، ئێوەی کە دوورن، هەروەها بۆ ئەوانەی نزیکن. (ئەفسۆس ٢: ١٧).**

.........................

لە نێو گەلاندا ئاشتی شتێکی خەیاڵیە و بەردەوام نیە، بەڵام ئاشتی بەردەوام و راست ئەوەیە کە لەگەڵ یەزدانە و یەزدان هەیەتی و بەتەواوەتی و بە بەردەوامی دەبێت کاتێک عیسای مەسیح حوکمی زەوی دەکات و مەسیح خۆی بریتیە لە سەرۆکی ئاشتی. ئەو ئاشتیە بە دەسەلات و توانای خۆی دەسەپێنێت.

ئەوسا بەمە ئاشتی راستی و تەواوەتی و بەردەوام دروست دەبێت لەسەر زەوی، ئەو ئاشتیەی نەمان بووە لەو کاتەوە کە ئادەم تاوانی بەرامبەر یەزدان کرد.

مرۆڤ ناتوانێت مانای ئاشتی بزانێت و ئاشتی دروست بکات لەدڵ و دەرونیدا، ئەگەر هەڵنەسێت بەدروستکردنی ئاشتی لەگەڵ یەزداندا.

ئێمەی مرۆڤ بەسروشتی ئادەم، هەموو سەرکێشین و تاوەک ئاشتی مەسیح نەخەینە دڵمانەوە، دڵ و بیرمان ئاسودەیی و ئاشتی نابینێت، ئاشتی مەسیح ئەوەی دروستی کرد لەسەر خاچ.

کەسی باوەڕدار ئاشتی هەیە لەگەڵ یەزداندا و زەمیری هیچ ئازاری نادات بەوەی کە ئەو گوناهبارە، بەلکو هەست بەوە دەکات کەوا خوێنی قوربانی عیسا، گوناهەکەی داپۆشیوە..

## ١٥ ئاب

**لەگەڵ دوو دز لەخاچیاندا، یەکێ لەدەستی راستیەوە، ئەوی کەش لەدەستی چەپیەوە، بەمەش نووسراوی کتێب هاتەدی کە دەڵێت: لەریزی تاوانباران دانرا. (مەرقۆس ١٥: ٢٧، ٢٨).**

.........................

پیرۆزە ناوت ئەی خوداوەندمان، لە لەدایک بوندا ئاژەڵت لەدەور بوو لە مردنتدا دوو تاوانبار. تۆ ئەو رزگارکەرەیت، کە وێنەت نیە لە سادە و سارکاریتا، سادەوساکاریت دەرخست لە لەدایک بوونتا و بە رزگاریە مەزنەکەت لە مردنتا.

نێرراوانی یەزدان ئەوانەی کە بە رۆحی پیرۆز مزگێنی (واتە ئینجیلیان) نووسیوە، هەواڵی ئەوەمان پێدەدەن کەوا ئەو دوو دزەی لەتەنیشت مەسیحەوە لەخاچ درابوون، لەپیشەوە توانجیان لێدا، بەڵام دوایی یەکێکیان رۆحی یەزدان دڵی گرت و ئیتر بەمە ژیانی گۆررا و دوای چەند کاژێرێک (واتە دوای مردنیان) ئەو دووانە جیابوونەوە لەیەکتری. عیسای پیرۆز بەوەی ووت کە باوەڕی پێهێنا (راستیت پێ دەڵێم، هەر ئەمڕۆ لەگەڵم دەبیت لە بەهەشتا.) (مەتتا ٢٧: ٤٤، مەقۆس ١٥: ٣٢، لۆقا ٢٣: ٤٣).

# ١٦ ئاب

**هەموو باوردۆخێکم تاقیکردۆتەوە، لە تێری و برسێتیدا، توانام هەیە هەموو شتێک بەهۆی مەسیحەوە بکەم، ئەوەی بە هێزم دەکات. (فیلیپی ٤: ١٢، ١٣). راستە، خواپەرستن گەر بە قەناعەتەوە بێت قازانجێکی گەورەیە. (تیمۆساوسی یەکەم ٦: ٦).**

......................

ئەم نەوەیەی ئێستا هەرچەندە بارودۆخی ژیانیان بەگشتی ئاسانترە لە بارودۆخی ژیانی باو و باپیران، بەڵام زۆریان رازی نین بەژیانی خۆیان گەر بێت و کەم و کوریشیان نەبێت. دڵی مرۆڤ پڕ نابێت و تێر نابێت بەهیچ شێوەیەک تا یەزدان نەیەتە ناویەوە و تێری بکات و ئاسودەی بکات. گەر یەکێک یەزدان هاتە دڵیەوە، تێری دەدات بەدڵی بە شێوەیەک کە خەڵکی کە نایزانن و ناتوانن بزانن چۆنە.

هەموو شتێک لەو مرۆڤە دا دەگۆڕێت و ئەو مرۆڤە لە خۆشیدا بێت یان ناخۆشی ئەوەندە بایەخی پێ نادات، چونکە دەزانێت ژیانی بێ مەبەست نیە. (ئێمە دەزانین یەزدان وا دەکات کە هەموو شتێک بەیەکەوە کار بکات، لەپێناوی خێر و خۆشی ئەو کەسانەی خۆشی دەوێن). (رۆما ٨: ٢٨). ئەو کەسەی باوەڕی بە مەسیحە، خۆشی و ئاشتیەکی هەیە کە وای لێدەکات کەوا بەردەوام دڵخۆشی بێت. ئەم جیهانە وەک بیر و جاڵێک وایە کە درزی تیابێت و ئاوی تێدا رانەوەستێت. (یەرمیا ٢: ١٣) ئەی ئەوانەی تینووی خۆشی بەردەوامن، وەرن بۆ لای یەزدان، خۆشی بەردەوامی بەدەست دەهێنن.

## ١٧ ئاب

**هەموو رۆژێک وورەی یەکتری بەرز بکەنەوە،... تا کەستان بە تاریکی گوناه (هەڵخەڵەتاندن و ساختەی گوناه) دڵی رەق نەبێت. (عیبرانیەکان ٣: ١٣).**

....................

ژەهری مار گەر بێت و بەمیکرۆسکۆب سەیر بکرێت، پرە لە رەنگی جوان جوان و سەرسورهێنەر و زۆر دڵگیر.
گوناهیش هەمان شێوەی جوان و سەرسورهێنەر و دڵگیری هەیە، هەر جارە و بەشێوەیەک دەردەکەوێت، هەر جارە و دیمەنێکی جوانی جیاوازی هەیە جوانتر لە جاری یەکەم، لەوێنەیدا دیدارێکی خۆش و شیرین دەردەکەوێت، چاو تێر نابێت لە سەیر کردنی.
بەڵام با ئەوە بزانین کە گوناه وەک ئەو رەنگە جوان جونانەی ژەهری مار وایە، ئەوەی دەبێتە هۆی کوشتنی مرۆڤ، کاتێک مار پێوەی دەدات، ئەو ژەهرە جوانە دەچێتە لەشیەوە.
ئێمە بەهۆی ئادەمی باوکە گەورەمانەوە سروشتی لەشمان بەو ژەهرە رەنگ بووە، بەڵام یەزدان دەرمانی رزگاربوونی لەو ژەهرە بۆ دۆزیوینەتەوە، ئەو دەرمانەش قوربانیەکەی عیسای مەسیحە، ئەو قوربانیەی کە دەرمانە بۆ ئەوەی ژەهرەکە نەتوانێت کارمان تێبکات و بمانکوژێت.

# ١٨ ئاب

**باوەڕ بهێنە بە عیسای خوداوەند، خۆت و خێزانەکەت ڕزگارتان دەبێت. (کرداری نێرراوان ١٦: ٣١).**

..................

دوو ڕێگە: ڕێگەیەکیان بەرەو خوارەوەیە و ئەویکەیان بەرەو سەرەیەوە، بەرەو خوارەوە ئاسانە و بەرەو سەرەوە قورسە و گرانە، ڕێگەیەکیان فراوانە و ئەویکەیان تەنگ و تەسکە، یەکێکیان زۆری خەڵک پیا دەڕوات و ئەویکە کەم کەسی پیوەیە. تۆ بەکام ڕێگەیاندا دەڕۆیت؟

دوو گەورە و سەرکردە: یەکێکیان دژ بە یەزدانە و ئەویکەیان ڕۆلەی یەزدانە، یەکێکیان ساختەچیە و ئەویکەیان سەرراست و ڕاستیە، یەکێکیان دەژی تەنها بۆ ئەوەی بکوژێت و ببڕێت، ئەویکەیان خۆی کرد بە قوربانی تا خەڵکی ڕزگار بکات. ئایا تۆ دوای کامیان دەکەوێت و خزمەتی کامیان دەکەیت؟

دوو جۆرە خەڵک هەن: مردوو و لەناو چوو لەگەڵ ڕزگار بووەکان، کۆمەڵێک کە پشتیان کردۆتە یەزدان و مەسیحیان ناوێت لەگەڵ کۆمەڵێک کە یەزدان دەناسن و مەسیحیان کردۆتە ڕزگارکەری خۆیان. ئایا تۆ لەگەڵ کامیانیت.؟

# ١٩ ئاب

**یەزدان بە جۆرێک جیهانی خۆش ویست، تەنانەت تاقە رۆڵەی خۆی پێشکەش کرد، هەتا هەموو ئەوانەی باوەڕی پێدەکەن لەناو نەچن، بەڵکو ژیانی هەتاهەتایی بەدەست بهێنن. (یۆحەننا ٣: ١٦).**

......................

هەموو مرۆڤێک هەر لەمنداڵیەوە تاوەک کوچی دوایی دەکات، پێوستی بە خۆشەویستی هەیە.

تۆش هەست بەوە دەکەیت، کاتێک کەسێک خۆشەویستیەک دەردەخات بۆت یان خۆشەویستیەکت بۆ دەردەبڕێت، پێی دڵشاد دەبیت، یان جاری وا هەیە پێویستت بەیەکێکە، بەهاوڕییەکە، بە ژنەکەت یاخوت بە مێردەکەت، بەبرایەکت بە خوشکێک یان خزمێکت تاوەک دڵی خۆتی بۆ دەربریت و چاوەروانی یارمەتی و دڵدانەوە و خۆشەویستی لێوە دەکەیت یان دەتەوێت تەنها دەرونی خۆت هەڵڕێژیت و پێویستت بەوەەیە یەکێک گوێت بۆ بگرێت تاوەکو قسەی بۆ بکەیت یاخود نهێنیەکی خۆتی بۆ دەربریت.

بەرێزان، باشە بزانن کە یەزدان مرۆڤی خۆش دەوێت و جێگەی هاوڕێ و باوک وبرا دەگرێتەوە بۆ هەموو کەسێک کەوا پەنای بۆ بەرێت، بەنوێژکردن لەگەلی بدوێت و قسەی لەگەڵ بکەیت.

# ٢٠ ئاب

**ئێمە دەزانین کەوا بت بوونی نییە، هەروەها جگە لە یەزدانی تاک و تەنها هیچ یەزدانێکی تر نییە. (کۆرنسۆسی یەکەم ٨: ٤).**

.....................

لە یەکێک لە شارەکانی هیندستان قوتابخانەیەک هەبوو بۆ منالآنی مەسیحی و هیندۆسی شارەکە، قوتابیەکانی زۆری لە خێزانە مەسیحەکان بوون، رۆژێکیان (فۆم کارا) کە سەر بە خێزانێکی هیندۆس بوو دەهات بەرەو قوتابخانە، بەهۆی ئەوەی شەوێک لەوەو پێش باران و لافاوێکی یەجگار زۆر بوو بوو، هەندێک مالْ روخابوون و شتی ناومالْەکانیان کەوتبوونە قورِ و ئاوەوە (تۆم کارا) سەیری کرد چەند کەسێک گورسیان خستۆتە ملی پەیکەرێکی گەورەوە و خەریکن لەناو قور و ئاوەکەدا رای بکێشن و دەری بهێنن و رزگاری بکەن، ئەم پەیکەرەش یەکێک بوو لەو بتانەی کە هیندۆسیەکان لەمالْەوە هەیانە بۆ پەرستن.

ئەم دیمەنە کاری کردە سەر (تۆم کارا) بە شێوەیەک کاتێک گەیشتە قوتابخانە لەلای چەند قوتابیەکی مەسیحی هاورِی باسەکەی گێرایەوە، یەکێک لە قوتابیەکان کە باوەرِدار بوو ووتی: بەراستی ئەو بتەی کە خەلْکی دەیپەرستن زۆر لاواز و بێ دەسەلآتە، چونکە ناتوانێت خۆی رزگار بکات لەو قور و ئاوەی تێی کەوتووە، بەلآم یەزدانی ئێمە زۆر بەتوانایە، تەنانەت مردوشی زیندووکردەوە (تۆم کارا) پرسی ئەو یەزدانەی ئێوە ناوی چیە؟ قوتابیەکەش ووتی: مەسیحی رِزگارکەر.

## ٢١ ئاب

**تۆ باوەڕت بەوە هەیە کە یەک یەزدان هەیە، شتێکی چاک دەکەیت، رۆحە پیسەکانیش باوەڕیان بەمە هەیە... (یاقوب ٢: ١٩)**

..................

زۆر لە خەڵکی دان بەوەدا دەنێن کە لەوانەیە شتێکیکە هەبێت دوای ئەم ژیانە، بەڵام زۆریشیان ترسیان نیە لە دوا رۆژ.

تەنها باوەڕکردن بە بوونی یەزدان، ئایا ئەمە بەس نیە؟ یەزدان بە بەزەییە و چاو دەپۆشێت لەگوناە. لەلایەن خوێندنەوەی ووتە و ووشەی یەزدانەوە، خەڵکی کاتی نیە بۆ ئەوەی بیخوێنیتەوە و خۆی پێوە خەریک بکات.

لە راستیدا تەنانەت شەیتانیش دان بەوەدا دەنێت کەوا یەزدانێک هەیە دوا رۆژ هەیە و دەلەرزێت کاتێک بیری ئەمە دەکاتەوە، چونکە دەزانێت لێخۆشبوون بۆ ئەو نیە. بەڵام یەزدان لەگەڵ مرۆڤدا دوا، ئەو مرۆڤەی خۆشدەوێت و دەیەوێت رزگاری بکات لەو بریار و سزایەی کە دایناوە سزای مردن لەبری گوناهی مرۆڤ.

خوێنەری بەرێزم گەر ووتە و ووشەی یەزدان بخوێنیتەوە دەزانیت کە عیسای مەسیح بوو بە قوربانی بۆ رزگارکردنی مرۆڤ و بەدەست هێنانی ژیانی جاویدانی بۆ هەموو ئەوانەی باوەڕی پێدەکەن. (ئەوانەی باوەڕی پێدەکەن لەناوناچن، بەڵکو ژیانی هەتاهەتایی بەدەست دەهێنن). (یۆحەننا ٣: ١٦).

## ٢٢ ئاب ( ١ خەرمانان )

**رۆلەکانم... تەنها بە ووشە و زمان خۆشەوستی مەکەن، بەڵکو بەکردەوە و بەراستی. (یۆحەننای یەکەم ٣: ١٨).**

.....................

برایەتی راستی لە مەسیحیەتدا شتێکی ئاسان نیە، بەڵکو کار و کرداری تەواو و ئەرکی دەوێت تا بگەیتە ئەو برایەتیە، ئەو برایەتیە بریتیە لەخۆشەویستی تەواوەتی و خۆشەویستیەکی راست و قوولّ، خۆشەویستیەک کە ئامادەیە و دڵشادە بۆ هەموو یارمەتیەک و خۆبەخت کردنێک بۆ بەرامبەرەکەی. هیچ مەسیحیەک شایانی ئەوە نیە کە بەبرا بانگەواز بکرێت، ئەگەر بەکردار و بە پارە و ماڵیەوە ئامادە نەبێت بۆ ئەوەی یارمەتی بەرامبەرەکەی بدات، مەسیحیەک کە ئەمە نەکات شایانی ئەوە نیە بەبرا ناوی ببرێت. (ئەوەی ماڵی دونیای پێدرابێت و براکەی خۆی بەنەداری (نەبوونی) ببینێت و دڵی خۆی رەق بکات، ئایا ئیتر چۆن خۆشەویستی یەزدانی تێدا جێگیر دەبێت). (رۆڵەکانم... تەنها بە ووشە و زمان خۆشەویستی مەکەن، بەڵکو بەکردەوە و بەراستی). (یۆحەننا یەکەم ٣: ١٧، ١٨).

بەرێزان: عیسای مەسیح ژیانی خۆی لە پێناوی ئێمەدا بەخشی، پێویستە ئێمەش ژیانی خۆمان لەپێناوی برایاندا ببەخشین. (یۆحەننای یەکەم ٣: ١٦). ئەم خۆشەویستیە، زیاتر لە تەنها سۆز و هەستی دەروون، مرۆڤ دەبێت بەدەست و گیرفان و ماڵەوە ئامادەبێت بۆ یارمەتی براکەی، زانابێت گەر براکەی نەزان بوو،شاد بێت بۆی کاتێک شادی هەبوو، گەر ئەمەت نەکرد، ناتوانێت بڵێیت من یەزدانم خۆشدەوێت.

## ٢٣ ئاب

**ئا بەم شێوەیە دەبێت ووشەکانم، ئەوەی لەمنەوە دەردەچێت، بە بەتاڵی ناگەرێتەوە، بەڵکو کار دەکات بۆ ئەوەی کە دڵشادم پێی و سەردەکەوێت بۆ ئەو مەبەستەی کە ووشەکانم ناردووە بۆی... (ئیشەعیا ٥٥: ١١).**

..................

ووتار بێژیکی مەسیحی بەناوی (سەبرجۆن) لە هوڵی بلور لەلەندەن بانگ دەکرێت بۆ ئەوەی باسی یەزدان بکات. (سەبرجۆن) پێش خوێنەوەی ووتارەکەی بەماوەیەک لەگەڵ هاوریەکیدا چووە ناو هوڵە بەتاڵەکە و بەهاوریێکەی ووت بەیارمەتی لە دوا کورسی دابنیشە و منیش دەچمە سەر شانۆ ئەم ئایەتەی خوێندنەوە: پۆلس دەڵێت، (بێگومان ئەم قسەیە راستە و شایانی قبووڵ کردنە، عیسای مەسیح هاتووە بۆ جیهان بۆ رزگارکردنی گوناهباران، کە من یەکەمیانم.) (تیمۆساوسی یەکەم ١: ١٥) ئینجا ئەم ووتەیەی دووبارە کردەوە و هاوریکەشی ووتی: زۆر باشە بەتەواوی دەنگت دەگاتە من. پاشماوەی (٢٥) ساڵ (سەبرجۆن) کابرایەکی مەسیحی باوەرداری بینی و لەقسەکردندا لێی پرسی ووتی: باشە تۆ چۆن بویت بە مەسیحیەکی باوەڕدار؟ ئەویش ووتی: پێش (٢٥) ساڵ ئیشی کارەباجێتیم دەکرد لە ژێر شانۆی هۆڵی بلور لە لەندەن گوێم لە پرۆڤەی ووتار بێژێکی مەسیحی بوو کە دوو جار ووتی: (عیسای مەسیح هاتووە بۆ جیهان بۆ رزگارکردنی گوناهباران) ئەم ووتانە وەک لەئاسمانەوە بێت، هاتە ناو دڵمەوە و لەو رۆژەوە باوەڕم هێنا بە عیسای رزگارکەر.

## ٢٤ ئاب

**چونکە یەزدان بوو ووتی: با لە تاریکی رووناکی هەڵبێت، هەر ئەو بوو دڵمانی رووناک کردەوە، لە رووی مەسیحدا. (کۆرنسۆسی دوو ٤: ٦).**

..................

مرۆڤ زیندەوەرێکە وا دروست کراوە کە بە رۆح هەتاهەتایە دەمێنێت، گەر هات و لەشیی لەکار کەوت و نەما. مرۆڤ رۆژ بە رۆژی ژیانی نزیک دەبێتەوە لە دوو دەرگا، دەرگای پادشاهێتی ئاسمان و بەهەشت، یان دەرگای لەناو چوون و نەهامەتی و دۆزەخ. بەدەست هێنانی ژیانی هەاهەتایی و رۆیشتنە ژورەوە لە دەرگای یەکەمەوە، دەبێت لە ژیانماندا چاک بیری لێ بکەینەوە و پشت گوێی نەخەین. هەڵەیەکی گەورەیە، گەر باوەڕ بەوە بکەین کەوا ئەگەر کاری باشمان کرد و هەندێ شتی خۆمان گۆڕی ئەوا رزگارمان دەبێت، نەخێر لێرەدا پێوستە باش بنوارینە ئەوەی دروستی کردوین و ووتەی یەزدان کەچ رێگایەکی بۆ داناوین بۆ رزگار بوون و بەپێی داخوازی ئەو هەڵسوکەوت بکەین.

تاوەک مرۆڤ باش خۆی بناسێت، دەبێت نمونەیەکی هەبێت کە خۆی بەراورد بکات لەگەلیدا، نمونەیەکی خراپ نا بەڵکو نمونەی کابرایەکی تەواو (پێرفێکت)، جا لەبەر ئەوەی کەس نیە کە تەواو یان (کامل) بێت جگە لە عیسای مەسیح، ئێمە دەبێت ئەو بکەینە نمونە و خۆمان بەراورد بکەین لەگەڵیدا و هەوڵ بدەین بە ووتەکانی بکەین و وەک ئەو هەڵسوکەوت بکەین.

## ئاب ٢٥

**عیسای مەسیح دەڵێت: منم ڕێگا و ڕاستی و ژیان... (یۆحەننا ١٤: ٦)**

......................

منداڵێک کە تەمەنی دەوری شەش ساڵێک دەبوو، ریگەی ماڵەوەی لێ تێک چوو بوو، کابرایەکی پۆلیس هەوڵی دەدا یارمەتی بدات بۆ ئەوەی بگەرێتەوە بۆ ماڵەوە. بەلام لەم کاتەدا ئافرەتێکی دراوسێیان هات و دەستی منالەکەی گرت و بردیەوە بۆ ماڵەوە. کابرای پۆلیس هەولێدا رێگەکە بدۆزێتەوە بۆ منداڵەکە بەلام ئافرەتەکە رێگەکەی دەزانی و بوو بە رێگە بۆ منداڵەکە تا بگاتە ماڵەوە.

بەرێزان بەهەمان شێوە، مەسیح بریتیە لەو رێگەیەی دەمانگەیێنێت بۆ شێوین و جێگە و ماڵی خۆمان، بۆ لای یەزدان، ئەو نەک هەر رێگەکەمان پیشان دەدات، بەڵکو خۆی لەگەڵمان دەڕوات بە رێگەکەدا، بەهەمان شێوەی کە ئافرەتەکە کردی.

عیسای مەسیح دڵسۆزە و ئەوەی کە ئێمە توانامان نیە بیکەین، ئەو بۆمان دەکات و مەزنترین شتیش ئەوەیە کە مرۆڤ خۆی توانای ئەوەی نیە بە کار و چاکەی خۆی خۆی رزگار بکات بەلام ئەو ئەم شتە لەباتی ئێمە کرد، ئەویش خوێن رشتن و قوربانیەکەی بوو.

باوەڕدار خۆی بەتەنها بێ توانایە وەک منداڵەکە، بەلام دەست دەگرێت بەدەستی عیسای مەسیحەوە، ئەوەی هەموو توانایەکی هەیە و لەگەڵ ئەودا تا کۆتایی رێگەی ژیان دەڕوات.

# ٢٦ ئاب

**لە یەزدان دەپاڕینەوە... بەخواستی خۆی ڕێکی بخات، بێم بۆ لاتان... زۆر جار هەوڵم داوە بێم بۆ لاتان... بەڵام تا ئێستا ڕێک نەکەوتووە. (ڕۆما ١: ١٠، ١٣)**

..................

ئایا نوێژ و داوات کردووە لە یەزدان بۆ ئەوەی کارێک یان سەفەرێکت بۆ ساز بکات؟ دوایش نەکارەکە جێبەجێ بووە و نە سەفەرەکەت.

بەرێزان، گەر کارێک یان ئیشکمان بۆ بەدی بێت و بکرێت یان سەفەرێکمان سەر بگرێت، ئەوا شادین و گلەیمان نیە، بەڵام گەر شتێکمان بۆ نەبێت و کارێکمان سەرنەگرێت و سەفەرێکمان بۆ نەبێت، ئەوا زویر دەبین هەڵدەچین، ئەوانەش کە بەشداربوون لە کارەکەدا، تاوانباریان دەکەین لە بیر و دڵماندا و پرسیاریش دەکەین ئایا پلانی راستمان بۆ دانابوو؟ ئایا نوێژ و دۆعای تەواومان کرد بوو بۆ کارەکە؟ تۆ بڵێی شەیتان مەسەلەی لە ئێمە تێک دابێت؟ ئایا تۆ بڵێیت یەزدان خۆی نەیوستوە کار و ئیشەکە ببێت و وای بەچاک دەزانێت؟

بەرێزان لێرەدا دوو شت هەیە: یەکەم: کاتێک شتەکمان سەرناگرێت، پێوستە لەسەرمان نوێژ بکەین و بە ووردی بەسەریا بچینەوە، لەوانەیە یەزدان ڕێگەیەکی کەی هەبێت باشتر و سوود بەخشت تر.

دووهەم: لەوانەیە ئەو ڕێگە و پلانەی خۆمان دامان ناوە دوور بێت لە پیرۆزی، ڕێگەیەک بێت، کە دوایی ببێتە هۆی ناخۆشی و زەرەر و زیان بۆمان.

# ٢٧ ئاب

**هەروەک منداڵی ساوای تازە لەدایک بوو حەزتان لە شیری رۆحی پاک و بێگەر بێت، چونکە بەمە گەورە دەبن. (نەشونما دەکەن) (پەترۆسی یەکەم ٢: ٢)**

..........................

منداڵی تازە لە دایک بوو پێوستی بە شیر هەیە بۆ ئەوەی گەورە ببێت و نەشونما بکات، ئەمەش پێوست بەوە ناکات کەکەس هەواڵی ئەمەی بداتێ، چونکە هەر کە لەدایک بوو خۆی دەگری و دەکروزێتەوە بۆ شیر، دایکەکەش ئەمە دەزانێت. هەر بەم شێوەیە مرۆڤێک کە دەبێت بە مەسیحیەکی باوەڕدار و لەدایک دەبێتەوە، پێوستی بە شیر خواردن و خۆراک هەیە تا گەورە بێت و نەشونما بکات، ئەمەش پێوست بەوە ناکات کەس پێی بڵێت، خۆی لەخۆیەوە دەست دەداتە خوێندنەوەی ووشەی یەزدان و وەک خۆراک و شیر وەریدەگرێت و هەوڵ دەدات کەوا بکەوێتە پرسیار و راوێژکردن لەگەڵ ئەو مەسیحیە باوەڕدارانەی شارەزاییان هەیە لە رێگەی باوەڕدا، هەروەک منداڵێک دووای شیر خواردن دەست دەکات بە گاگۆڵکێ و ئینجا پێ دەگرێت و دەکەوێتە سەرپێ، ئەمەش شتێکی راستە و بەدڵی یەزدانە. بەڵام کاتێک توشی کەوتن و گیروگرفت و ناخۆشی دەبێت، بەهۆی لاوازی لەش و باوەریەوە، ئا لێرەدا مرۆڤ پێوستی بە رۆحی پیرۆز هەیە بۆ ئەوەی دەست بە باڵیەوە بگرێت بۆ ئەوەی هەستێتەوە سەرپێ، بۆ ئەوانەی دەکەون، نێرراوی یەزدان پەترۆس پێیان دەڵێت: بیر لە تامی خۆشی شیرەکە بکەنەوە و داوا لە یەزدان بکەن شەوق و زەوقتان تازە بکاتەوە بۆ ووشەکانی.

## ٢٨ ئاب

**کابرایەک کە رۆحی پیسی تێدا بوو و شێت بوو بوو بە عیسای ووت: چیت لەمن دەوێت، ئەی عیسای رۆڵەی خوای گەورە؟ (مەرقۆس ٥: ٧)**

....................

هەر لەم رۆژەی ئێمەشدا زۆر کەس هەن کەوا دەڵێن: چیت لەمن دەوێت، ئەی عیسا؟ ئەم پرسیارە لەدەمی ئەوانە دێتە دەرەوە، ئەوانەی بە زیندوویی گۆریان هەڵبژاردووە تاوەک تێیدا بژین، گەر لە کۆشکیدا بن.
خوێنەری بەرێزم لە کاتێکدا کە تۆ ئەم پرسیارە دەخوێنێتەوە، وە لە کاتێکدا کەوا مەسیح خۆی کردووە بە قوربانی لەپێناوی یارمەتی تۆدا، ئایا تۆش لەدڵی خۆتا دەڵێت: چیت لەمن دەوێت ئەی عیسا؟ لە راستیدا عیسای مەسیح کارێکی زۆر مەزنی کردووە بۆت، هەموو مرۆڤێک، قەرزاری ئەوە، پێوست ناکات لێی بترسیت یاخود رابکەیت لێی، چونکە ئەو تۆ و هەموو مرۆڤێکی خۆشدەوێت و دەیەوێت مرۆڤ رزگار بکات لەو گۆرەی کەتێدا دانیشتووە. بەرێزان بیر و هۆشی داوە بە مرۆڤ، تاوەک رێگەی راست و باش هەڵبژێرێت و بە رێگەی خراپدا نەروات و بریاری راست بدات. یەزدان لە پەرتووکی پیرۆزدا دەڵێت: (رێگەی ژیان و مردنم لە بەردەمتانا داناوە، پیرۆزی و لەعنەت، کەواتە هەڵبژێرن رێگەی ژیان، تاوەک ئێوە و نەوەتان بژی). (ووتەکان ٣٠: ١٩) ئایا ژیانت دەوێت بەهاتنت بۆلای یەزدان بەهۆی قوربانیەکەی مەسیحەوە؟ ئەو چاوەروانتە، تاوەک ئاشتی بدات بەدڵت و شادی و خۆشەوستیت پێ ببەخشێت

.

# ٢٩ ئاب

**بەڵام یەزدان خۆشەویستی خۆی بۆ دەرخستین، بەوەی کە مەسیح لە پێناوی ئێمەدا مرد، کاتێ هێشتا ئێمە گوناهبار بووین. ( ڕۆما ٥: ٨)**

....................

کاتێک بەناوشاردا دەگەرام، نووسراوەیەکم، بەرچاوکەوت کە نووسرا بوو (خۆشەویستی نیە، بەڵام سەلماندنی خۆشەویستی هەیە!) واتە خۆشەویستی لەکاتێکدا هەیە و راستە، ئەگەر تۆ شتێک بکەیت کەوا بیسەلمێنیت و دەریبخەیت کەوا تۆ بەراستی ئەو خۆشەویستیەت تێدایە.
ئەم رستەیە خەیاڵی بردم بەلای ئەو کاتەدا کە لەدانیشگا قوربانی بووم، تێروانینێکی خەفەت بارم هەبوو بەرامبەر جیهان و سەیرم دەکرد کە ئەم جیهانە تەنها مل ملانێیە و هەریەکە بۆ سود و قازانجی خۆی و بەرژەوەندی خۆی هەوڵ دەدات و یەزدانیش هیچ ئەم جیهانەی خۆشناوێت و بەرەڵای کردەوە. دوای ئەمە کاتێک ژیانی عیسای مەسیحم خوێندەوە، سەیرم کرد کەوا چۆن یەزدان بە رۆح خۆی هاتۆتە سەر ئەم زەویە و جەستەی مرۆڤی وەرگرتووە، بوو بە مرۆڤێک وەک ئێمە و قسەی لەگەڵ کردووین و ئینجا خۆی کردووە بە قوربانی و وەک رەمز و نمونە هەستاوەتەوە تا وەک بۆمان دەربخات کە زیندوو بوونەوە هەیە و بە قوربانیە کەشی دەیەوێت گوناهی مرۆڤ داپۆشیت. ئا ئەمە مێژووی دەست پێ کردنی باوەڕم و بوونم بە مەسیحیەکی باوەڕدار، کەواتە ئەوەی کە یەزدان کردی بۆ ئێمە بەراستی سەلماندنە بۆ ئەوەی کە یەزدان.

## ٣٠ ئاب

**یەزدان رزگارم دەکات. (ئیشەعیا ٣٨: ٢٠)**

...................

مۆسیقاری ئەڵمانی (ولیەم هێرشڵ) لە ئینگلتەرا دەژیا، ئەم کابرایە بەکاری فەلەک و ئەستێرەکانەوە سەرقاڵ بوو. تەلیسکۆپێکی زۆر بەهێز و توانای دروست کرد و ئەستێرەی (ئەورانۆسی) ئاشکراکرد. جۆرجی سێهەم پادشای ئینگلتەرا بانگەوازی کرد بە خۆی و تەلیسکۆپەکەیەوە بۆ کۆشکەکەی خۆی (وندسور)، چونکە جۆرجی سێهەم بایەخی دەدا بە بواری فەلەک و فەلەک ناسین. ولیەم هێرشڵ بەخۆی تەلیسکۆپەکەیەوە چوو بۆ لای پادشا. هێرشڵ پێش **٣٠** ساڵ لەمەوبەر تاوانێکی کرد بوو بەرامبەر پاسەوانی پادشا و وایدەزانی کەس بەو هەڵەو تاوانەی ئەو نا زانێت. کاتێک چووە بەردەم پادشا و سڵاوی لێکردوو ویستی تەلیسکۆپەکەی بداتێ وباسی ئەو دۆزینەوەیە بکات کە کردویەتی، پادشا جورجی سیهەم، نامەیەکی دایە دەست کە مۆری مەملەکەتی ئینگلتەرای پێوەبوو پێی ووت: پێش هەموو شتێک گیروگرفتێک هەیە دەبێت چارەسەری بکەین، ئینجا کاتێک هێرشڵ نامەکەی خوێندەوە سەیری کرد بەدەستی پادشا خۆی نووسراوە. من زانیم بە گوناهت و لێت خۆش بووم.

بەرێزان، پادشای گەورەمان یەزدانی پیرۆزیش، هەمان هەڵسوکەوت دەکات لەگەڵ مرۆڤدا و نامەی لێخۆشبوونی دەداتە دەست، بەمەرجێ مرۆڤ خوێنەکەی عیسا ئەوەی رژا بۆ لێخۆشبوونی ئێمەی وەرگرت.

# ٣١ ئاب

**چونکە ووشەی خاچ لای ئەوانەی لەناو دەچن نەزانینە، بەڵام لای ئێمە کە رزگارمان بووە، هێزی یەزدان. (کۆرنسۆسی یەکەم ١: ١٨).**

......................

بۆچی مەسیحی خوداوەند رازی بوو بە لەخاچدان و سوکایەتی؟ ئایا نەدەبوو بە رێگەیەکی کەی پڕ لە رێزەوە ئەمەی بکرایە؟ لام وایە مرۆڤ رزگارکەرێک بەباش دەزانێت کە بەهێز و تواناوە خۆی دەرخات و خەڵکی هەموو چەپڵەی بۆ لێبدەن، رزگارکەرێک کە بەزەبروزەنگ بێت. ئەوەی شایانی باسە جوولەکەکانیش چاوەروانی کەسێکی ئاوهایان دەکرد، بەڵام عیسای مەسیح گوێی نەدا بەهیچ لەمانە و وەک رۆڵەی یەزدان رازی نەبوو بە وەرگرتنی رێز لە مرۆڤەوە، مرۆڤی دوژمنی یەزدان.

بۆچی لەخاچدان؟ چونکە بەم شێوەیە دیسان دەردەکەوێت کە مرۆڤ یەزدانی ناوێت و دەست بە رووی رۆڵەکەشیەوە دەنێت و رەزالەت و سوکایەتیشی پێدەکات. بۆچی لەخاچدان؟ تا خۆشەویستی تەواوەتی مەسیح خۆی دەرکەوێت بۆ مرۆڤ، ئەو مرۆڤەی کە ئازار و ئەشکەنجەی داو سوکایەتی یەزدانی لێوە دەرکەوت بۆ رزگارکردنی مرۆڤ، ئەو مرۆڤەی باوەڕی پێدەهێنێ. بۆچی لەخاچدان؟ خاچ نمونەی سوکایەتی بوو بە عیسای مەسیح، ئەو مرۆڤەی وەک مەسیح رازی بێت بەو سوکایەتیە و لە تەنیشت خاچەکەی مەسیحەوە خۆی و لەشی خۆی لە خاچ بدات و بمرێت و سەرلەنوێ لەدایک ببێتەوە، ئەوا رزگاری دەبێت.

# ١ ئەیلول

**جا چۆن دەتوانین هەڵبێین (راکەین یاخود خۆمان رزگار کەین)، گەر ئەم رزگار بوونە مەزنە پشت گوێ بخەین؟ ئەوەی خوداوەند (مەسیح) یەکەم جار بڵاوی کردەوە، دوایش سەلمێنرا لەلایەن ئەوانەی گوێیان لێی بوو بوو. (عیبرانیەکان ٢: ٣)**

........................

هەندێک جار گەر مرۆڤێک شتێکی لەبیر بچێت، ئەوەندە گرنگ نیە و هەندێ جاری کەش زۆر زۆر گرنگە ئەگەر یەکێک شتێکی لەبیر بچێت یاخود پشت گوێی بخات، ئەمەش بەپێی بارودۆخ و گرنگی ئەو شتەیە.

بۆ نمونە نەخۆشێک کە نەخۆشیەکەی ئەوەندە ترسناک نیە، گەر هات و بیری چوو جارێک دەرمانەکەی وەرگرێت یان بیخوات، ئەوا ئەوەندە گرنگ نیە و هیچی وای بەسەر نایەت کە مەترسی هەبێت بۆ ژیانی. بەڵام نەخۆشێک کە نەخۆشیەکەی قورس و گران و کوشندەیە و ژیانی بەستراوە بە وەرگرتنی دەرمانەکەیەوە، ئەگەر دەرمانەکەی لە بیرکرد یان پشت گوێی خست ئەوا ئەم کارە دەبێتە هۆی مردنی. لەم ئایەتەی ئەمرۆدا، ئەوەی لەسەرەوە باسمانکرد، باس لەوانەیە کە دەرمانی یەزدان و رێگە و چارەسەری یەزدان پشت گوێ دەخەن، لەوانەشە هەندێک دوای بخەن و بڵێن جاری کاتمان ماوە و تا رادەیەک باوەڕیان هەبێت.

بەرێزان پێوستە لێرەدا بیر بکەینەوە و هەنگاومان بۆ لای یەزدان دوا نەخەین، چونکە ئێمە نازانین ژمارەی هەنگاومان لەژیاندا چەندە، گەر تۆ یەکێکیت لەوانەی ئەمەت پشت گوێ خستووە ئەوا باش وە بەجوانی بیر لە ئەنجامەکەی بکەرەوە.

# ٢ ئەیلول

**دەتپارێزێت لە هەموو خراپەکاریەک و نەفست دەپارێزێت، یەزدان ڕۆیشتن و هاتنت دەیپارێزێت هەر لە ئێستاوە تا هەتاهەتایە. (زەبور ١٢١: ٧، ٨)**

....................

زۆر جار ئەم ووتەیە لە خەڵکی دەبیسین کە دەڵێن: کاتمان نیە و وەختم نیە، لەوانەشە تۆ یەکێک بیت لەوانەی کەوا زۆر جار ئەم ووتەیەت بەکار هێنابێت، بەڵام لای عیسای مەسیح ئەم ووتەیە نیە و هەموو کاتێک ئامادەیە و کاتی هەیە بۆ هەموو مرۆڤێک، ئەو گوێ لە هەموو ئەوانە دەگرێت کە داوای دەکەن، ڕۆژ بێت یا خود شەو. لێرەدا باسی چوار کاتی جیاواز دەکەین، تیایدا مەسیح دەریدەخات کەوا ئەو گشت کات ئامادەیە.

لەشەودا: (نیقۆدیمۆس) یەکێک بوو لە فەریسیەکان، ئەندام بوو لە ئەنجوومەنی جوولەکەکان. بەشەو هات بۆ لای عیسا، عیساش پێشوازی لێکردوو وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە. (یۆحەننا **٣: ٢**)

بەیانی زوو (کاتی بەرەبەیانی عیسا لەسەر دەریاچەکە وەستا... عیسا لێی پرسین...) (یۆحەننا **٢١: ٤**).

ئێواران: (کاتی ڕۆژ ئاوابوون عیسای پیرۆز لەسەر خوان دانیشت و لەگەڵ قوتابیەکانی دوا) (لۆقا **٢٤: ٢٩، ٣٠**).

هەموو ڕۆژێک عیسای مەسیح دوای ئەوەی لەخاچ دراو زیندوو بووە وە هاتە لای قوتابیەکانی و پێی ووتن: (ئەوەتا هەموو ڕۆژێک لەگەڵتانم، هەتا کۆتایی زەمانە) (مەتتا **٢٨: ٢٠**).

## ٣ ئەیلول

**لە تەنگانەدا رزگارت کردم. (زەبوری ٤: ١)**

................

لەنیوە دورگەی عەرەبی، خەڵکی بەردی قورس و گران دەخەنە سەر لوتکەی دار خورماکانیان، تا وەک نەیەڵن زۆر بەرز ببێتەوە.

ئەو کارە چەند سودێکی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە دار خورماکە قەدەکەی زیاتر گەورە و پان دەبێت و بەهێز دەبێت، دیسان دار خوارماکە زۆر بەرز نابێتەوە، بەمە زیاتر بەرگەی با و رەشەبا دەگرێت و لەکاتی بەردانیشا، ئەوەندە تووشی ئەرک و عەزێت نابن بۆ لێکردنەوەی خۆرمای بەری دار خورماکە.

ئێمە لە تاقیکردنەوەی ژیاندا دەزانین کەوا قورسایی و گیروگرفتی قورسایی ژیان، مرۆڤ فێری زۆر شت دەکات و بەهێزی دەکات بۆ بەرەنگاری لە زۆر گیروگرفتی ژیان و فێری سەبر گرتنی دەکات. قورسایی ژیان زیاتر فێری ئەوەمان دەکات کە نوێژی زیاتر بکەین و زیاتر کاتمان هەبێت بۆ یەزدان و لەگەڵیدا بدوێین.

گەورە پیاوانی یەزدان، باشترین نمونەن بۆ ئەو قورساییەی لەسەر ژیانیان هەبوو وە چۆن بەهۆی ئەو قورساییەوە زیاتر لە یەزدان نزیک بوونتەوە. هیوادارم کە قورسایی ژیانت نەبێت، ئەگەر هەشمان بێت ئەوا زیاتر ورەمان بەرز بکاتەوە و زیاتر پەیوەندیمان لەگەڵ یەزدان بە هێز تر بکات.

## ٤ ئەیلول

**لە بەرزایی لەناوچووندا، بەرزی کردمەوە... پێکانی دانام لەسەر تاشە بەردێک. (زەبور ٤٠: ٢).**

......................

بیهێنەرە بەرچاوی خۆت روبارێک کەوا زۆر زۆر بەخێرایی ئاوەکەی دەڕوات و هەر کەسێک بکەوێتە ناو ئاوەکەوە ناتوانێت بە هیچ جۆرێک خۆی رزگار بکات دەخنکێت وە کۆتایی بەژیانی دێت. بەڵام ئەگەر لە ناوەراستی ئەو ئاوە بەخوڕەدا، تاشە بەردێکی گەورە هەبێت و کەسێک لەسەر ئەو تاشە بەردە راوەستێت، دیارە مەترسی نیە بۆ ژیانی و رزگاری دەبێت لە خنکان و مردن. ئەم تاشە بەردە، عیسای مەسیحم بەبیر دەهێنیتەوە و ووتەکانیم دەخاتەوە یاد کە دەڵێت:

ئەوەی گوێی لەم ووتانەم دەبێت و هەڵسوکەوتی پێدەکات، وەک پیاوێکی دانا وایە کە بناغەی خانووکەی لەسەر بەرد (تاشە بەرد) دروست کرد بێت. (مەتتا ٧: ٢٤).

بەرێزان بەرد و تاشە بەردەکە، بریتیە لە مەسیحی پیرۆز، لەوانەیە یەکێک بیەوێت بناغەی ژیانی لەسەر شتی هیچ و پوچ و لەسەر لم دروست بکات، بەڵام با باش ئەوە بزانین کاتێک باران باری بەخۆڕ و لافاو هات، ئەوا ژیان و خانووەکەی دەروخێن. کەواتە ژیانی خۆت لەسەر بناغەیەکی بەهێز دروست بکە، لەسەر تاشەبەرد، بەهۆی عیسای مەسیحەوە.

## ٥ ئەیلول

**عیسا لێی پرسی: ئەی ئێوە دەڵێن من کێم؟ پەترۆس وەڵامی دایەوە: تۆ مەسیحیت ڕۆڵەی یەزدانی زیندوویت. (مەتتا ١٦: ١٥، ١٦)**

.................

نهێنی باوەڕی مەسیحیەت ئەوەیە کە نەک هەر لەسەر شەریعەت ڕاوەستاوە، بەڵکو ڕاوەستاوە لەسەر کەسێک کە بە ڕۆڵەی یەزدان ناو دەبرێت و خوداوەندێکی زیندوە و هەموو تونایایەکی هەیە کە یەزدان هەیەتی، بەڵکو یەزدانە و جەستەی مرۆڤی وەرگرت تاوەکو خۆی لەگەڵ مرۆڤ بدوێت.
ئەوەی باسمان کرد مەسیحیەت جیا دەکاتەوە لەزۆر ئاینەکانی تر، باوەری مەسیحی تەنها باسی ئازاربوون و رزگاربوون ناکات، بەلکو باسی رزگارکەرێک دەکات. جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نیوان ئەوەی کە مرۆڤ ملکەچی شەریعەت و یاسا ببێت، یاخود ملکەچی رزگارکەرێک ببێت کە رزگاری کردووە یان رزگاری دەکات.
کەواتە با لێرەدا باش بزانین کەوا گەنج و سەروەت و سامان و ماڵمان وە بیر و هۆش و ژیانمان، هەموو پەیوەندی هەیە بە کەسێکەوە کە لە ئەزەلەوە هەیە و خوداوەندێکی زیندووە، بەهۆی پەرتووکی پیرۆزەوە زیاتر دەزانین ئەو کێیە و چۆن ئەو هەموو کاتێک زیندووە لەژیانماندا، عیسای پیرۆز خۆی دەڵێت: ئەوەتا هەموو رۆژێک لەگەڵتانم، هەتا کۆتایی زەمانە. (مەتتا ٢٨: ٢٠) ئەو ئەم پەیمانەی داوە و پەیمانەکەی دەباتە سەر.

## ٦ ئەیلول

**عیسای پیرۆز دەڵێت: ئاشتیان بۆ بەجێدەهێڵم، ئاشتی خۆمتان دەدەمێ. بەڵام بەو شێوە نا کە جیهان دەتانداتێ. (یۆحەننا ١٤: ٢٧).**

................................

ئەو ئاشتیەی لە جیهاندا لە نێو دوو دەوڵەتدا، یان لە نیوان دوو گەل و هۆزدا دەبەسترێت، تەنها بۆ ماوەیەکە و زۆر جار دووای سالأنێک ئاشتیەکە بووە بە جەنگێکی سوتێنەرو و بەسەدان و هەزاران کەسی تیا کوژراوە و بە سەدان و هەزاران خێزان ماڵ و منداڵ سەرگەردان بووە. مەسیحی خوداوەند بایەخ بەوە دەدات کەوا جیاوازی هەیە لە نێوان ئاشتی جیهاندا و ئەو ئاشتیەی کە ئەو باسی دەکات.

مرۆڤ بە سەرکێشی خۆی و سروشتی گوناهباری خۆی، پەیوەندی لەگەڵ یەزدان نەما، وە مرۆڤ ناتوانێت بە توانای خۆی پەیوەندیەکە چاک بکاتەوە، چونکە مرۆڤ پاک نیە. بۆیە پێوست بوو کە یەزدان خۆی هەستێت بە دروستکردنی رێگایەک بۆ دروستکردنی ئاشتی تەواوەتی لە نێوان خۆی و مرۆڤدا، رێگاکەش هاتنی مەسیحی پیرۆز بوو، بۆ ئەوەی خوێنی بڕژێت و ببێتە قوربانی بۆ ئەو رێگەی ئاشتیە. مزگێنی واتە (ئینجیل) ئەوەمان پێدەڵێت کە بەخوێنی مەسیح ئاشتی و ئاشت بوونەوە لەگەڵ یەزدان دروست بوو. ئەوەی لە سەر ئێمەیە، وەرگرتنی ئەو خوێن و قوربانیەیە بۆ ئاشت بوونەوەی یەزدان لەگەڵمان.

## ٧ ئەیلول

**ئەوەی لەو باوەڕەدایە کەوا خۆی راگرتووە، با ئاگای لە خۆی بێت نەکەوێت. (کۆرنسۆسی یەکەم ١٠: ١٢).**

......................

گەر باوەڕدارێک بیر لە رابووردووی بکاتەوە کەوا ماوەیەکی باش بە ئاشتی لەگەڵ یەزداندا ژیاوە و ئیتر هیچی بەسەردا نایەت، ئەوا بیر و بۆچوونەکەی راست نیە.

ووشەی یەزدان و مێژووی مرۆڤ، ئەوەمان بۆ دەردەخات کەوا لە هەموو تەمەنێکدا مرۆڤ گیروگرفتی خۆی هەیە.

نوح پێغەمبەر هەڵەی کرد و کەوت، پاش ئەوەی سالانێکی زۆر بەئاشتی لەگەڵ یەزداندا بوو. نێرراوی یەزدان موسا، سامۆئێل پێغەمبەری یەزدان کە بە نوێژکردنەکانی بەناوبانگە، حەزرەتی سولەیمان ئەوەی بە دادپەروەری بەناوبانگە، هەروەها عوزیا دوای حوکم رانیەکی پیرۆز، چۆن دژ بە راسپاردەی یەزدان وەستا و کۆتایی ژیانی بە گەڕوگولی بەسەر برد.

کەواتە با ئاگاداربین! چونکە بۆ هەموو پلەیەک لە تەمەنی مرۆڤدا، لاوی، گەنجی، پیاوی تەواو، کەوتنە تەمەنەوە و پیری، لە هەموویدا تاقیکردنەوە و ترسی خۆی هەیە، بەلاّم خۆ پاراستن لای یەزدانە و بەهۆی یەزدانەوە دەبێت.

# ٨ ئەیلول

**بێدەنگ بە! هێمن بە! ئیتر دەست بەجێ ڕەشە باکە بێ دەنگ بوو و ئارامی یەکی تەواو باڵی بەسەر دەریاچەکەدا کێشا. (مەرقۆس ٤: ٣٩)**

.................

لە هۆڵی پیشانگایەک لە ئیتالیا دوو تابلۆی گەورە بەتەنیشت یەکەوە دانراون، تابلۆیەکیان وێنەی دەریایەکی هەڵچوی شەپۆلاویە، ڕەشەبایەکی بەهێز شەپۆلەکان دەهێنێت و دەبات و بەرزیان دەکاتەوە بۆ ئاسمان، ئاسمانیش بە پەڵە هەوری ڕەش داگیر بووە و تروسکەی روناکی تێدا نیە.

تابلۆی دووهەمیش، هەر بەهەمان شێوەیە، بەڵام لە ناوەراستی دەریاچەکەدا، لەناوەراستی ئەو شەپۆل و با و بۆران و ڕەشە بایەدا تاشە بەردێک هەیە و هێلانەیەکی تیایە و کۆترێکی سپی بە ئارامی لەسەر هێلانەکەی کەوتووە، بێ ئەوەی ئەو شتانەی دەوروپشتی کاریان کرد بێتە سەری.

ئەم دوو تابلۆیە باسی ژیانی مرۆڤ دەکەن لەم جیهانەدا، یەکەمیان ژیانێکە بەبێ عیسای مەسیح، بێ بەشی لە ئاشتی و بەرەکەتی ئەو، ژیانێک کەوا ڕەشەبا و باو باران و تۆفان کاری دەکاتە سەر و شوێنێکی تیا نیە بۆ دانیشتن و ئاسودەی و ئارامی. دووهەمیان لەو هێلانەیە دەکات کەوا مەسیح دەیدات بە مرۆڤ لەناو ئەو هەموو و ناخۆشی ژیانەدا. تاشە بەردوو هێلانەکە بریتین لە عیسای مەسیح، ئەوەی ئاسودەیی و ئارام دەبەخشێت بە مرۆڤ.

## ٩ ئەیلول

**وەرن بۆ لام ئەی هەموو ماندووان و بارگرانەکان، من دەتان حەسێنمەوە. (مەتتا ١١: ٢٨)**

..................

جارێک کابرایەک بە مەسیحیەکی باوەڕداری هاوڕێی ووت: داروسێیەکم هەیە بێ مێشکترین کەسە لەم شارەدا.

مەسیحیەکەشی ووتی بۆچی؟

کابرا ووتی: هەرچەندە نەخۆشیەکی زۆر قورس و گرانی هەیە، بەڵام نایەوێت بڕوات بۆ لای پزیشک. مەسیحیەکەش ووتی: ئەوەی من بزانم، هەر ئەو دراوسێیەی ئێوە بێ مێشکە نیە لەم شارەدا، ئەو کەسەش ئەوەیە کە دەزانێت گوناهبارە و نایەوێت باوەڕ بکات بە یەزدان و ووتەکانی کەوا عیسای مەسیح بوو بە قوربانی بۆ رزگارکردنی مرۆڤ لەمردنی هەتاهەتایی.

یەزدان رۆڵەی خۆی نارد بۆ جیهان، نەک لەبەر ئەوەی تاوانباریان بکات، بەڵکو بۆ ئەوەی جیهان رزگار بکات، ئایا تۆ یەکێکیت لەو کەسانەی باوەر بەمە ناکەیت و پشت گوێت خستووە؟ ئەم پرسیارە بەتەواوەتی ژیانی کابرای گۆری، ئەوەی دراوسێکەی خۆی بەبێ میشک دادەنا، لەبەر ئەوەی کە نەخۆشە و ناچێت بۆ لای پزیشک پاشماوەیەک ئەم کابرایە بوو بە مەسیحیەکی باوەڕدار.

خوێنەری بەرێزم هیوادارم تۆش داوا کاریەکەی عیسا پشت گوێ نەخەیت کە دەڵێت: (وەرن بۆ لام).

# ١٠ ئەیلول

**گەر یەکێک سەر بە مەسیح بێت (باوەڕ بە عیسای مەسیح بهێنێت) ئەوا دەبێتە دروست بوویەکی تازە... (کۆنسۆسی دوو ٥: ١٧).**

..................

شەریعەت داواکاریەکانی یەزدانی پیرۆزی ئاشکراکرد، بەڵام شەریعەت ناتوانێت هێز و توانای تەواوەتی بدات بە مرۆڤ بۆ جێبەجێ کردنی و مل کەچی بۆی. مرۆڤی بە سروشت گوناهبار پێوستی بەدڵێکی تازەی بەهێز هەیە بۆ ئەم کارە.

ئەوەی عیسای مەسیح لەسەر خاچ کردی و خۆی کردە قوربانی، ئەمە بە تەواوەتی ئەو کاری لێخۆش بوون و پەیدابوون ئەو لێخۆشبوونەیە کە مرۆڤ پێوستی پێیەتی، تاوەکو مرۆڤ گوناهەکەی لەسەر لاببرێت و ببێت بە مرۆڤێکی کە نەک ئەوەی کە بە منداڵی لەدایک بووە و دڵێکی تازە وەرگرێت و بەلەشێکی بێ گوناهەوە، بتوانێت لەبەردەم یەزداندا راوەستیت و قسەی لەگەڵ بکات و نوێژی بۆ بکات، ئەویش لەبەر ئەوەی کە بەهۆی قوربانیەکەی عیساوە مرۆڤەکە سروشتێکی تازەی یەزدانی وەرگرتووە. دووپاتکردنەوەی ئەمەش زۆر بەروونی و ئاشکرا لە (نامەی پەترۆسی دووهەم بەشی یەکەم باسکراوە). مرۆڤ بە سروشتی خۆی خراپە و سەرکێشە، بەڵام کاتێک سەرلەنوێ لەدایک دەبێتەوە و سروشتی یەزدانی وەردەگرێت. بەتەواوەتی دەگۆڕێت و مرۆڤێکی تازەی لێ دروست دەبێت. ئەمەش زۆر بەروون و ئاشکرا لە (نامەی تیتۆس، لە ژمارە ٣: ٣ ـــ ٧) دا دیارە.

## ١١ ئەیلول

**عیسا وێنەی یەزدانی نەبینراوە. (کۆلۆسی ١: ١٥)**

..................

لەم سەردەمەی ئێمەدا زۆر کەس هەن کە باوەڕ بە بوونی یەزدانێک ناکەن لەم جیهانەدا، یان باوەڕ بە شتێک ناکەن کە بەچاو نەبینرێت، هەرچەندە زۆر شتی کەش هەیە کە بەچاو نابینرێت بەڵام بوونی هەیە.

بەڕێزان یەزدان بریتیە لە رۆح لە شێوەی ئەو رۆحەی کە لەناو لەشی مرۆڤدایە و پێی دەژی، دیارە کەسیش ناتوانێت رۆح ببینێت. پەرتووکی پیرۆزیش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە یەزدان رۆحەو رۆحێکی بێ سنوور و لەناو روناکیەکدایە کەکەس توانای ئەوەی نیە لێی نزیک ببێتەوە، سەرەرای ئەمەش نزیکە لە هەموو یەکێک لە ئێمە (کرداری نێرراوان ١٧: ٢٧). تایبەتمەندی ئەو بریتیە لە پیرۆزی، بەرزی، بەتوانایی، پاکی، رزگارکەر، (یەهوە) واتە ئەوەی هەبووە و هەیە، ئەو ناگۆڕرێت، دیسان ناودەبرێ بە باوک، باوکی خوداوەند عیسای مەسیح. مەزنترین دەرخستنی یەزدان، ئەوە بوو کە عیسای مەسیح لە رۆحی دروست بوو و بوو بە (وێنەی یەزدانی نەبینراو) بەمانای وێنەی رۆحی و ئەدەبی یەزدان.

بەڕێزان لە عیسای مەسیحدا، هەموو تایبەتمەندیەکانی یەزدان دەبینین، بەزەیی، پاکی و بێ گوناهی، پیرۆزی داد و لێخۆشبوون، خۆشەویستی بێ سنوور، عیساس پیرۆز ئەمانەی تەنها بە ووشە نەووت، بەڵکو بەکردار دەریخست.

## ١٢ ئەیلول

**هەمووومان لە (تێر و پری مەسیح)، بەرەکەتمان لەدوای بەرەکەت وەرگرت. (یۆحەننا ١: ١٦)**

........................

مزگێنی (واتە ئینجیل) هاندەرێکی گەورەیە بۆ مرۆڤ و نمونەی نیە، نەک هەر تەنها لەکاتی پشوو و خۆشیدا، بەڵکو لەکاتی ناخۆشی و تاقیکردنەوەشدا.

مەسیحی خوداوەند، بەو کەسانە دەڵێت کە تینوون بۆ هەموو شتێک: (ئەوەی لەو ئاوە بخواتەوە کە من دەیدەمێ، هەرگیز تینووی نابێت...) (یۆحەننا **٤: ١٤**) دیسان بەوکەسانە دەڵێت کە برسین بۆ راستی و دروستی: (من نانی ژیانم، ئەوەی بێت بۆ لای من برسی نابێت) (یۆحەننا ٦: **٣٥**) لەوانەشی کە رێگا نازانن، دەڵێت: (من رووناکی جیهانم، ئەوەی دوام بکەوێت بەتاریکیدا ناڕوات.) (یۆحەننا ٨: ١٢).

هەروەها بەوانەی کە هەست بە ئاسایشی تەواوەتی ناکەن و ترسیان هەیە، دەڵێت: (ژیانی هەتاهەتایتان دەدەمێ و هەرگیز لەناو ناچن... کەسیش لەدەستم نایانڕفێنێ.) (یۆحەننای **١٠: ٢٨**) بەوانەش دەڵێت کە بۆ رێگای ژیان دەگەرێن: (منم رێگا و راستی و ژیان.) (یۆحەننا **١٤**: ٦).

هەروەها بەوانەی ترسیان لە مردن هەیە و بۆ مردوانیان دەگرین، دەڵێت: (منم زیندووبوونەوە و ژیان، هەر کەسێ باوەڕم پێ بهێنێت، ئەگەر مردیش زیندوو دەبێتەوە.) (یۆحەننا ١١: ٢٥).

# ١٣ ئەیلول

**هەر کەسێک بێتە لای من، هەرگیز دەری ناکەمە دەرەوە. (یۆحەننا ٦: ٣٧)**

.......................

ئەم ووتەیەی عیسای مەسیح ئەوە دەگەیەنێت کە هەموو کەسێک بێ جیاوازی بۆی هەیە بێت بۆ لای، ئەو باوەشی کرایەوە بۆ هەموو مرۆڤێک و هەچ مرۆڤێک بێت بۆ لای نەک تەنها هەر رزگاری دەبێت لە تاوان و سزای گوناە، بەڵکو رزگاریشی دەبێت لە دەسەڵاتی گوناە بەسەر ئەو مرۆڤەدا و ئیتر ئەو کەسە ترسی نیە لەگوناهو نیشتەجێبوونی گوناە لە جەستەو لەشیدا و ترسی نیە لەو ئەنجامە خراپانەی گوناە بەسەریدا دەهێنێت.

ئەوەی لەگەڵ عیسای مەسیحدا بژی، مردن دەکات بەزیندوو بوونەوە و سەرکەوتن، غەمباری دەکات بە شادی.

خوێنەری بەرێزم ئەی ئەو کەسەی بەسروشت گوناهت تیایە، رامەوەستە دەستەوسان، بەرامبەر ئەو یارمەتیە مەزنەی مەسیح بۆتی دەکات و دەست مەنێ بەرووی مەسیحەوە و پشت گویی مەخە ئەو بەرەکەتە مەزنەی پێشکەش کراوە بۆت.

ئەمرۆ رۆژی رزگاربوونتە لە سروشتی ئەو گوناهەی تیاتایە و ئەمرۆ بکە بە رۆژێکی شادی و خۆش لە ژیانتدا و دڵت بکەرە لانەی خۆشەویستی بۆ ئەو مەسیحەی خۆی کردە قوربانی بۆ رزگارکردنی تۆ لە سروشتی گوناهو سزای گوناە، خۆی کردە قوربانی تاوەک تۆ بژیت، ژیانی هەتاهەتایی بەدەست بهێنیت.

# ١٤ ئەیلول

**با کەسێک لەنێوانتان نەبێت کە هەڵسوکەوت بکات لەگەڵ ئەوانەی دەست دەگرنەوە، ئەوانەی... فاڵ دەگرنەوە وسیحر دەکەن... (ووتەکان ١٨: ١٠)**

.....................

کابرایەکی باوەڕداری مەسیحی کە لە یەکێک لە گەڕەکەکانی دەوروپشتی شاری پاریس دادەنیشت، شوێنی ڕێزی دراوسێکانی بوو و دراوسێکانی دەیانزانی کەوا ئەم کابرایە باوەڕدارە و بەخۆشیەوە باسی یەزدان و عیسای مەسیحی ڕزگارکەر و ووتەی یەزدان دەکات لەگەڵ خەڵکیدا.

ڕۆژێک لەڕۆژان دراوسیەکی هات بۆ لای و ووتی: ئەزانیت دوێنێ شەو لەگەڵ چەند کەسێکدا کەدەیان ناسیت، شەوێکی زۆر خۆشی سەیرمان بردەسەر. هەندێک لەوانە دەست دەگرنەوە و فاڵ دەکەن و داهاتوو دەخوێننەوە، وە زۆر جاریش ئەوەی دەیڵێن ڕاست دەردەچێ، من دەزانم کە تۆ باوەڕت بەو شتانە نیە و حەزی پێ ناکەیت بەڵام تەنها ویستم بۆت بگێڕمەوە. کابڕا باوەڕدارەکەش ووتی: جا کێ دەڵێت من باوەڕ بەو شتانە ناکەم، ئەو شتانە هەمووی کاری شەیتانی و خراپن و پەرتووکی پیرۆز دەڵێت کەوا لێی دوور بکەوینەوە.

خوێنەری بەڕێزم، تۆ بڵێت ووتەی ئەو کابرا باوەڕدارە کاری کردبێتە سەر ئەو دراوسێیەی یان کار بکاتە سەر تۆ، ئەگەر لە ژیانتدا شتێکی ئاوا هات تووشی بوو پشت گوێی بخەیت و بەووتەی پەرتووکی پیرۆز بکەیت.

# ١٥ ئەیلول

**ئایا نەهامەتیەک روودەدات لە شارێکدا گەر خوداوەند نەیناردبێت؟ خوداوەند شتێک ناکات بێ ئەوەی نهێنیەکەی بۆ نیرراوانی نەدرکێنێت. (عاموس ٣: ٦)**

..................

لە مانگی پێنجی ساڵی **١٩٨٥** دا بە هەزاران کەس لەوانەی حەز بەسەیری یاری تۆپی پێ دەکەن سەفەریان کرد و هاتن بۆ شاری بروکسل، بۆ بینینی دوا یاری پاڵەوانێتی ئەوروپا لە نیوان ئینگلتەرا و ئیتالیادا. لەم یاریەدا (٨٣) کەس گیانیان لەدەست داو مردن، بەهۆی هەندێ ئاژاوە نێرەوەوە.

کێ باوەڕی دەکرد کاتێک لەماڵەوە خۆی گۆڕی و هاتە دەرەوە بچێت بۆ سەیری یاری لەوێ بمرێت؟ بەتایبەتی باسی ئەوانە دەکەم کە تیاچوون. بەڵام یەزدان ئەمە دەزانێت و ئەمەش ئاگاداریکردنەوەیەکە بۆ هەموو ئەوانەی کە دەیانەوێت خۆشی و شادی بەدەست بهێنن لە ئاژاوەنانەوە و گێرە شێوێنی و ئازاری خەڵک، بێ ئەوەی بیر لە یەزدان و ووتەی یەزدان و ئەو خۆشەویستیە بکەنەوە کە یەزدان داوای دەکات لە مرۆڤ، لەو خۆشەویستیەی یەزدان نواندی بۆ گۆڕین و رزگارکردنی مرۆڤ لە گوناهو خراپەکاری، ئەوەی لە سروشتی مرۆڤدایە. ووشەی یەزدان بە دووپات کردنەوە دەڵێت:

مردن یەک جار دانراوە بۆ مرۆڤ و دوای ئەوەش لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە. (دوارۆژی مرۆڤ ئەوەیە جارێک بمرێت).

# ١٦ ئەيلول

**کە (عیسا) گەڕایەوە بۆ شارەکەی خۆی چووە کەنیشت و (شوێنی کۆبوونەوەی جوولەکەکان) دەستیکرد بە فێرکردنیان، سەرسام بوون و پرسیان: ئەم هەموو دانایی و کارە سەرسوڕهێنەرانەی لەکوێ بوو؟ ئایا ئەمە کوڕی دارتاشەکە نیە؟ (مەتتا ١٣: ٥٤، ٥٥).**

..........................

لەم ئایەتەدا سێ تایبەتمەندی عیسای مەسیح دەردەکەوێت:

یەکەم: ئەو دانایە و زانایە وبە بیری یەزدان دەزانێت.

دووهەم: ئەو تواناداره، ئەو کارە سەرسوڕهێنەرانەی کرد. سەرەرای ئەمەش بەبەزەییە بەرامبەر بە مرۆڤ و بایەخیان پێدەدات.

سێهەم: لەکاتێکدا ئەو کە رۆڵەی یەزدان بوو و خوداوەند بوو، بوو بەوەی بە کوڕی دارتاش بانگ بکرێ و بەمە بەتەواوەتی نزیک بووەوە لە مرۆڤ سەررووی زەوی.

ئایا تۆ لەو باوەڕەدایت کەوا عیسای مەسیح دوای ئەوەی گەڕایەوە بۆ ئاسمان، گۆڕبێت و تایبەتمەندیەکانی بگۆڕێت؟

نەخێر، دانایی وتوانا و خۆشەویستی و یەزدانێتی ئەو، کە لە ئینجیلدا لەسەری دەخوێنینەوە هەروەک خۆی وایە و نە گۆڕراوە.

من و تۆ و هەموو مرۆڤێک، دەتوانێت پشتی پێ ببەستێت. ئەی مەسیحی خوداوەند، وێنەت نیە، چونکە تەنها تۆ راستیت.

# ١٧ ئەيلول

**یاقوبی نێرراوی یەزدان دەڵێت: تۆ خۆت فەرمووت، باش دەبم لەگەڵت و نەوەکەت وەک لمی دەریا لێدەکەم، کەلە ژماردن نەیەت...( پەیدابوون٣٢: ١٢).**

............................

یاقوب کاتێک ئەمەی ووت کە ژیانی لەمەترسیدا بوو و دەترسا بکوژرێت لە لایەن عیسۆی برایەوە، کاتێک عیسو بە (٤٠٠) پیاوی چەکدارەوە بەرەو لای یاقوب دەهات.

دەبینین کەوا یاقوب بەگەرمی داوای پاراستن دەکات لەلایەن یەزدانەوە و بەیەزدان دەڵێت، تۆ ئاوهات ووتووە کە تۆ باش دەبیت لەگەڵما و پارێزگاری ژیانم دەکەیت.

بەرێزان یەزدان پەیمانەکەی وەک پەیمان و قسەی مرۆڤ نیە کە لە پێناوی بەرژەوەندیدا بێت ، یان تەنها هەر قسە بێت و دووای ماوەیەک لەبیری بچێتەوە چی ووتووە.

ئایا یەزدان شتێک دەڵێت و دوایی نەیکات؟ (نەخێر، یەزدان هەمیشە راستگۆیە و مرۆڤ هەمووی درۆ دەکات) (رۆما ٣: ٤). هەموو ووشەیەک کە یەزدان ووتوویەتی، پێوستە ببێت و بێتەدی تەواو ببێت. یەزدان بەهیچ شێوەیەک ووتە و پەیمانی خۆی بیرناچێتەوە و هیچیان بەکەم و کور دانانێت و بە گاڵتەوە نایڵێت. سەرەرای ئەمە هەر قسە و پەیمانێکی یەزدان کات و ساتی خۆی بۆ دانراوە و کاتەکەی نەپێش دەکەوێت و نە دوا دەکەوێت. (هەموو ئەو ووتە باشانەی یەزدان... هەمووی جێبەجێ بوو بێ ئەوەی یەک ووشەی لێ بکەوێت. (یەشوع ٢٣: ١٤).

## ١٨ ئەیلول

**ئامادە بە بۆ بەیەک گەیشتنت لەگەڵ یەزدانتا. (عاموس ٤: ١٢).**

......................

ووتار بێژی مەسیحی بەناوبانگ (جەدسۆن) باسی شێوەی باوەڕهێنانی دەکات و دەڵێت: لە دانیشگا کوڕێک بۆ ماوەیەک بوو بوو بە هاوڕێم، ئەم کوڕە باوەڕی بە بوونی یەزدان نەبوو و گاڵتەی بە ئینجیل و پەرتووکی پیرۆز (ئینجیل و تەورات) دەکرد. دوای ئەوەی دانیشگام تەواو کرد بەماوەیەک، رۆژێک سەفەرم هەبوو، لە ئوتێلێک لەیەکێک لە لادێکان مامەوە بۆ شەوێک، شەو زانیم کە بە ژورەکەی تەنیشتمەوە کابرایەکی لێیە کە زۆر نەخۆشە. هەر ئەو شەوە خۆم گوێم لە گریان وناڵەی کابراکە بوو بۆ ماوەیەک نەک بەهۆی ئازارەوە، بەڵکو لەترسی مردن، وەک بۆم دەرکەوت. دوایی لەپڕ دەنگەکە نەما و منیش نوستم. کاتێک بەیانی بە دەنگە دەنگ خەبەرم بووەوە، زانیم کابرا نەخۆشەکەی تەنیشت ژورەکەم مردووە، منیش چووم تا بزانم کێیە و کێ نیە، سەیرم کرد ئەمە ئەو هاوڕێیەمە کە لە دانیشگا بەیەکەوە بووین. ئەم رووداوە بوو بە هۆی ئەوەی (جەدسۆن) باوەڕ بە یەزدان بهێنێت، نەک هەر باوەڕ بەڵکو دوایی ژیانی خۆی دانا بۆ خزمەتی ووشەی یەزدان، زۆر لەوانەی کە باوەڕیان بەیەزدان نەبوو، پێش ئەوەی رووبەرووی مردن ببنەوە بەهۆی (جەدسۆن)وە باوەڕیان هێنا و ترسیان نەبوو لەمردن.

# ١٩ ئەیلول

**چونکە منداڵێکمان بۆ لەدایک دەبێت و کوڕێکمان پێ دەدرێت کەوا دەسەڵات لەسەر شانێتی (واتە دەسەڵات دارە)، ناوی دەنرێت بە ناوێکی سەر سورهێنەر و ناسراو، یەزدانێکی رێزدارە و باوکێکی هەتاهەتاییە و سەرۆکی ئاشتیە. (ئیشەعیا ٩: ٦)**

.......................

پێش زیاتر لە دوو هەزار ساڵ، منداڵێک بە شێوەیەکی زۆر سەرسورهێنەر لەدایک بوو، رۆحی پیرۆز کچێک سکی پڕ بوو کوڕێک لەدایک بوو. پێش ئەمە، هەموو پێغەمبەران و نێرراوانی یەزدان هەواڵی ئەم لەدایک بوونەیان دا، لەگەڵ ئەمەشدا خەڵکی هیچی بۆ ئامادە نەکردبوو. هەرچەندە لە نەوەی داودی پادشا بوو، بەڵام لە خێزانێکی هەژار لە دایک بوو. هەر تەنها بەلەدایک بوونی، ترسی خستە دڵی هیرۆدسی پادشا، کاتێک دوانزەساڵان بوو، دانایان زانایان سەرسام بوون لە زانایی و زانایی ئەو منداڵە. کاتێک گەورە بوو و پێگەیشت، دەسەڵاتی تەواوەتی خۆی دەرخست بەسەر هەموو شتێکدا، تەنانەت بەسەر سروشتیشدا و بەسەر مردنیشدا. چەند ناوێکی هەبوو وەک مەسیح (مەشیا)، رۆڵەی یەزدان، ووشەی یەزدان، عیسای پیرۆز، رزگارکەر. هەرچەندە ئەو نە پارەی هەبوو نە سەروەت و سامان، بەڵام توانی لە پێنج نان و دوو ماسی، پێنج هەزار کەس تێر بکات. ئەو دەوڵەمەند نەبوو، بەڵام زۆر کەسی دەوڵەمەند کردو دەیکات.

# ٢٠ ئەیلول

**هەر کەسێک بانگەوازی ناوی یەزدان بکات رزگاری دەبێت. (یوئیل ٢: ٣٢)**

....................

باشە بۆچی ناوی یەزدان نەهێنم؟ بۆچی ئەملا و ئەولا دەکەم، لە کاتێکدا کە یەزدان نزیکە و گوێی لە داوا کاریم هەیە؟ بۆچی دڵم پڕ بێت لە بیرکردنەوەی خۆڕایی؟ بۆچی خۆم و قورسایی سەرشانم نەخەمە لای یەزدان و سەرشانی یەزدان؟
سوودی نیە گەر داوای رزگاری بکەم لەسەر چاوەیەکی کەوە، رزگاری تەواوەتی لای ئەو هەیە بێگومان پێوست بەوە ناکات پرسیار بکەم، ئایا من هەقی ئەوەم هەیە بانگی ناوی یەزدان بکەم یان نا، چونکە هەموو کەسێک بۆی هەیە بانگی یەزدان بکات، ئەمەش بەپێی ووتەی یەزدان خۆی. کەواتە بەپێی پەیمانی یەزدان، با بانگی یەزدان و ناوی یەزدان بکەم.
ئەگەر بارودۆخەکەم زۆر ئاڵۆز بوو و نەمزانی چی بکەم و چۆن رزگارم بێت، ئەمە کاری یەزدانە و بەپێی پەیمانی خۆی، پێوستە یارمەتی بە دەست بهێنم، نەک بەو شێوەیەی خۆم بیری لێدەکەمەوە، بەڵکو بەو شێوەیەی کە یەزدان بەباشی دەزانێت بۆ ژیانم و من بۆم نیە کە بە یەزدان بڵێم چی بکات و چی نەکات، من دەبێت ببمە خزمەتکاری یەزدان، نەک رێ پێشاندەر بۆ یەزدان، من پێوستە بانگی ناوی یەزدان بکەم.

# ٢١ ئەیلول

**عیسای پیرۆز بە کابرایەکی نەخۆشی ووت: کوڕم، گوناهەکانت بەخشران. (مەرقۆس ٢: ٥).**

.....................

خوێنەری بەڕێزم ڕێگام بدە پرسیارێکت ئاراستە بکەم، ئایا شتێکی دڵخۆشکەر نیە، کەوا بزانیت گوناهت بەتەواوەتی بەخشراون؟

باشە ئەو پیاوە نەخۆشەی کە ئیفلیج بوو بوو وە بە چوار کەس هەڵیانگرتبوو لەسەر بانەوە شۆریان کردە خوارەوە بۆ بەردەم عیسای پیرۆز، چی کردبوو تاوەک عیسا لەگوناهی خۆش بێت؟

ئەو کابرا نەخۆشە هیچی نەکرد بوو، زیاتر لەوەی بە دڵ و دەروون باوەڕی تەواوەتی بە عیسای پیرۆز هێنا بوو.

با ئەوە بزانین، کە ئێمەی مرۆڤ بەهۆی ئەو سروشتی گوناهەوە کە تیاماندایە، هەمووومان وەک ئەو کابرایە ئیفلیجین و نەخۆشین و پێوستمان بە چاک بوونەوە و پاک بوونەوە هەیە.

عیسای مەسیح توانای ئەوەی هەیە کەوا لەگوناهی هەموو کەسێک خۆشبێت، لەسەر بناغەی باوەڕهێنان، چونکە هەموو مرۆڤێک گوناهبارە و سورشتی گوناهی تێدایە، بەڵام یەزدان بەبەرەکەتی خۆی، بەهۆی خوێن و قوربانیەکەی عیساوە، ئامادەیە گوناهمان داپۆشێت و لێمان خۆش بێت. (ڕۆما **٢٢: ٢٣**). (خوێنی عیسای ڕۆڵەی ئەو لە هەموو گوناهێک پاکمان دەکاتەوە). (نامەی یۆحەننای یەکەم ١: ٧).

## ٢٢ ئەیلول (١ ڕەزبەر)

**هەموو گوناهەکانیان فڕێدەدرێتە ناو قوڵایی دەریایەوە. (میخا ٧: ١٩)**

................

کاتێک مەسیح گوناهبارێک وەردەگرێت بۆ لای خۆی، گوناهەکانی لێ دووردەخاتەوە و ووتەی نێرراوی یەزدان میخا دێتەدی کە دەڵێت:

هەموو گوناهەکانیان فڕێدەدرێتە ناو قوڵایی دەریاوە.

بەڵام گوناهی کێ؟ گوناهی هەموو ئەوانەی باوەڕ بە عیسای مەسیح دەکەن، مانای قوڵایی دەریا ئەوەیە، کەوا ئەو گوناهانە دوور دەخرێتەوە لەو کەسە و بە شێوەیەک دادەپۆشرێت کەوا نەبینرێت و نەدۆزرێتەوە.

کاتێک تۆ شتێک فڕی دەدیتە ناو قوڵایی دەریاوە، مانای ئەوەیە کە ئیتر ناتەوێ جارێکی کە بیبینیتەوە. بەم کارەی باسمان کرد، یەزدان و مرۆڤ هەردوکیان ئاسودە و شاد دەبن و هەتاهەتاییە جارێکی کە سەیری ناکەن و نای بیننەوە، لێرەدا دەبێت بنوارینە ووشەی (هەموو گوناهەکان)، واتە گوناهەکان هەمووی بەگشتی دادەپوشرێت و ئەمەش پێوستە ببیتە مایەی شادی بۆ مرۆڤی بە سروشت گوناهبار. سەرەڕای ئەمە یەزدانی پیرۆز دەڵێت: (جارێکی تر هەرگیز یادی (یان باسی) گوناهەکانیان و هەڵەکانیان ناکەمەوە.) (عیبرانیەکان ١٠: ١٧).

## ٢٣ ئەیلول

**بەڵام ئێمە... لە سەرکەوتووەکان مەزنترین، (یاخود شتێک بەدەست دەهێنین بەرزتر لە سەرکەوتن) بەهۆی ئەوەی کە ئێمەی خۆش دەوێت. (ڕۆما ٨: ٣٧).**

........................

لە کاتێکدا یەشوع لەگەڵ عەمالیقەکان جەنگی دەکرد، موسا و هارون و حور چوونە سەر گردێک لەو کاتەدا کە یەشوع بیری لەچۆنیەتی شەرکردن و بەڕێوەبردنی جەنگەکە دەکردوە، هەزاران بیرکردنەوە بە مێشکیدا دەهات، موسا دەستەکانی بەرزکرد بووەوە بۆ ئاسمان و دۆعای دەکرد بۆ سەرکەوتنی یەشوع بەسەر عەمالیقەکاندا، بەم شێوەیە یەشوع سەرکەوت. (دەرچوون ١٧: ٨ ـــ ١٣).

ئێمە نابێت نرخ بۆ شەیتانی دوژمنان دانەنێین و بەهیچی نەزانین، بەڵکو دەبێت ئەوە بزانین کە سەرکەوتنی مرۆڤ، بەهۆی خوداوەند یەزدانەوەیە، سەرکەوتنێک کە سەرکەوتنی جەنگ و تاقیکردنەوەی قوتابخانە و سەرکەوتنی ئیشوکار گرنگتر بێت، ئەو سەرکەوتنەش سەرکەوتنە بە سەر شەیتان و گوناهەکانی.

بەڵام دەبێت ئەوە باش بزانین کەوا ئەگەر جارێک سەرکەوتین، ئەمە مانای ئەوە نیە کەوا ئیتر پشتی لێ بکەینەوە، ڕاستە هەرچەندە یەزدانمان لەگەڵە بەڵام هێشتا کۆتایی بە جەنگ لەگەڵ شەیتان نەهاتووە.

# ٢٤ ئەیلول

**بەڵام یەزدان پێی ووتم: بەرەکەتی منت بەسە. (کۆرنسۆسی دوو ١٢: ٩)**

................

ئێوارەیەک گەرامەوە بۆ ماڵەوە و زۆر هیلاک بووم و بێ تاقەت و بێ ئارەزوو، لە پڕ ئەم ووتەیەی یەزدانم هاتەوە یاد:
(بەرەکەتی منت بەسە).

منیش ووتم: بەڵێ یەزدان، سوپاسی بەرەکەتی تۆم بەسە، بەمە وزە کەوتە لەش و دەرونمەوە. بەراستی کەم باوەڕی شتێکی زۆر ساویلکە و نەفامی و بێ بیرکردنەوەیە، هەروەک چۆن گەر ماسیەکی بچووک بڵێت: من ئاوی ئەم روبارە ناخۆمەوە، چونکە دەترسم ئاوەکەی وشک بکەم.

یان کابرایەک لە دەشتێکدا راوەستێت و بڵێت: من نامەوێ هەناسە بەم، چونکە دەترسم گەر هەناسەم دا ئوکسجین لە هەوا ببڕم و ئیتر ئوکسجین لەهەوادا نەمێنێت، ئەمەش لەکاتێکدا کە روبارەکە خۆی بە ماسیەکە دەڵێت: ئەی ماسی وەرە ئاو وەرگرە و ئوکسجین وەرگرە بۆ هەناسە و ژیانت، من ئوکسجینم زۆرە، مەترسە.

بەرێزانم باوەڕتان مەزن و بەهێز بێت، باوەڕێکی کەم دەتانگەینتە ئاسمان، بەڵام باوەڕی مەزن و بەهێز ئاسمان دەهێنێتە ناو دەرونتانەوە.

## ٢٥ ئەيلول

**خەڵکەکە زۆر سەرسام بوون، بە شێوەیەک دەیان ووت: هەموو کردەوەکانی (کارەکانی) بەباشی ئەنجامدا! تەنانەت وا لە کەڕ دەکات ببیسێت و لاڵیش قسە بکات. (مەرقۆس ٧: ٣٧)**

..................

ئێمە شایەتی و سەلماندنی زۆرمان هەیە بۆ ئەوەی کە عیسای مەسیحی خوداوەند خۆی بریتیە لە یەزدان و هات و شێوەی مرۆڤی وەرگرت، بۆ یارمەتی مرۆڤ.

ئەم شایەتی و سەلماندنە تەنها هەر لە پیاوانی یەزدان و پێغەمبەرانەوە نەبووە، بەڵکو تەنانەت ئەوانەش کە دژایەتیان کردەوە شایەتیان بۆ دراوە، وەک پاسەوانەکان کاتێ گەرانەوە باسی عیسای مەسیحیان کردووە و ووتیان:

هەرگیز کەس وەک ئەو (واتە عیسا) قسەی نەکردوە. (یۆحەننا ٧: ٤٦).

دیسان نووسراوە: (ئەمە کێیە "واتە عیسا" تەنانەت بەڕەشەبا و شەپۆڵەکان فەرمان دەدات و گوێڕایەڵن بۆی). (لۆقا ٨: ٢٥)

هەروەها دوای ئەوەی چاوی پیاوە کوێرەکەی چاک کردەوە مرۆڤێکی بە زکماک کوێری چاک کردبێتەوە! گەر ئەو لە یەزدان نەبووایە، نەیدەتوانی هیچ (لەم کارانە) بکات. (یۆحەننا ٩: ٣٢، ٣٣). هەستانەوە و زیندوو بوونەوەی عیسا، ئەوەی زیاتر لە (٥٠٠) کەس شایەتیان بۆدا، سەلماندنە بۆ خوداوەندی و یەزدانێتی ئەو.

عیسای مەسیح دەڵێت: (منم زیندوو بوونەوە و ژیان).

## ٢٦ ئەیلول

**چونکە من لەگەڵیانا دووام کەچی گوێیان لێ نەگرتم، بانگم کردن، کەچی وەڵامیان نەدایەوە. (ئیرمیا ٣٥: ١٧)... بەڵام با خۆزگە بەوانە بخوازرێت کە گوێ لە ووشەی یەزدان دەگرن و کاری پێدەکەن. (لۆقا ١١: ٢٨).**

....................

کوڕێک ناوی (ئەلێکس) بوو، تەمەنی نزیکەی دەساڵ دەبوو. ئەم کوڕە هەموو ڕۆژێک بەدیار سەیری تەلەفزیۆنی ماڵەوە دادەنیشت، چەند کاژێرێک بێ ئەوەی لە شوێنی خۆی بجوڵێتەوە و کار و ئیشی قوتابخانەی پشت گوێ دەخست. باوکی کوڕە بەمە تۆڕە بوو و بە کوڕەکەی ووت:

باشە تۆ زەمیرت نیە و گوێ لە دەنگی زەمیرت ناگریت بزانیت چی دەڵێت؟

کوڕەکەش لە وەڵامدا ووتی: باشە ئەوە لە چ قەناتێک دێت، نەم بینیووە.

بەڕێزان دەنگێگی کە هەیە و قەناتێکی کە هەیە کەوا مرۆڤ گوێی بۆ بگرێت و سەیری بکات، ئەویش دەنگی یەزدانە و قەناتی یەزدانە. دەنگی یەزدان پیاو دەتوانێت لە پەرتووکی پیرۆز دا (تەورات و ئینجیل) گوێی لێبگرێت و لەوێدا دەریدەخات کە مرۆڤ گوناهبارە. بەڵام هەر لەویشدا ڕێگەی ئەوەمان نیشان دەدات کەوا مرۆڤ چۆن ڕزگاری دەبێت لەگوناهو سزای گوناە، ئەویش بەهۆی ڕزگار کەرمانەوە عیسای مەسیح، ئەوەی سزای ئێمەی خستە سەر خۆی و بوو بە قوربانی بۆ ڕزگارکردنی ئێمە.

## ٢٧ ئەیلول

**ئا بەمە خۆشەویستی فێربووین، کە عیسای مەسیح ژیانی خۆی لە پێناوی ئێمە دا بەخشی. (یۆحەننای یەکەم ٣: ١٦).**

........................

ئەوەی ژیانی مەسیحی باوەڕدار جیا دەکاتەوە لەژیانی کەسێکی کەو ئەوانەی هەر بەناو مەسیحین، ئەوەیە کە مەسیحی باوەڕدار ناژی بۆ خۆی و خۆی بە گرنگترین شت دانانێت لە ژیاندا، بەڵکو ئەو دەژی بۆ عیسای مەسیح، بێ ئەوەی هەستی ئەوەی هەبێت کە ئەمە فرمانێکە بەسەریەوەیە، یاخود هەست بە تاوانباری بکات.
بە پێچەوانەوە ئەو کەسە هەست بە خۆشەویستی دەکات بەرامبەر بەمەسیح وە خۆشەویستی هاندەرێکی تەواوە بۆ هەڵسوکەوتی ئەو کەسە، بێئەوەی هەست بەوە بکات کە ئەم کارە پێوستە کەوا بەسەریەوەیەتی یان بەسەریا سەپێنراوە.
باشە لێرەدا پرسیار ئەوەیە کەوا چۆن بگەین بەو خۆشەویستیە؟ بە خوێندنەوەی پەرتووکی پیرۆز (بەشی کۆن و بەشی تازە) واتە (تەورات و ئینجیل)، رۆحی پیرۆز لێرەدا هەڵدەستێت بەکاری خۆی و خۆشەویستی یەزدان دەرژێنیتە ناو دڵمانەوە لە کاتێکدا دەخوێنینەوە کەوا چۆن عیسای مەسیح هاتە سەرزەوی و جەستەی مرۆڤی وەرگرت و چۆن خۆشەویستی خۆی دەرخست بۆ مرۆڤ و دوایش خۆی کردە قوربانی، بۆ ئەوەی لێخۆش بوونی گوناە بۆ ئێمەی مرۆڤ دروست بکات و مرۆڤ لەباتی ئەوەی بەهۆی گوناهیەوە، سزای مردن هەتاهەتایی ببێت.

# ٢٨ ئەیلول

**یەزدان دەڵێت: وەک قوڕ کە بەدەستی کۆزە دروستکەرەوەیە، ئێوەش ئاوهان بەدەستمەوەن. (یەرمیا ١٨: ٦).**

..................

کاتێک مرۆڤ دەبێت بە مەسیحیەکی باوەڕدار، یەزدان بۆی دەبێتە کۆزە دروستکەر و ئەمیش دەبێت بە قوڕ بۆ یەزدان، ئیتر یەزدان ژیانی ئەو کەسە بە شێوەیەک دروست دەکات کە نزیک بێت لە شێوەی ژیانی عیسای مەسیحەوە و نزیک بێت لە ووشەکانیەوە ئەوەی عیسای مەسیح دای بە ئێمە و دووپاتی شەریعەتی خۆی پێکردەوە.

ئێمە گەر قوڕبین لە بەر دەستی یەزداندا، هەروا بە ئاسانی شێوەی تەواوەتی ئەو گۆزەیە وەرناگرین کە شێوەی عیسای هەبوو بەڵکو پێوستمان بە ئیش و ئەرک هەیە و توشی ئێش و ئازاریش دەبین لەژیانداو توشی قورسایی و بریندار بوون و درزتێبوون دەبین، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە لە ناو گۆزەکەدایە، ئەوەی بریتیە لە هەوا و بیرو خۆشەویستی و رۆحیەتی عیسای مەسیح، ئەوەی دەمانپارێزێت.

نێرراوی یەزدانیش پۆڵس، ئەم قورسایی و بریندار بوونەی چێشت، بەڵام بەهەواو خۆشەویستی وە عیسا ورەی بەرز بوو لەو قورسایی و بریندار بوونەدا، عیسای مەسیحی وەک گەنجینەیەک دۆزیەوە، ئەو مەسیحەی زانیاری یەزدان لە روویدا دەرکەوت. (کۆرنسۆسی دووهەم ٤: ٦، ٧).

## ٢٩ ئەیلول

**راوەستە با نامەی یەزدانت بۆ بخوێنمەوە. (سامۆئیلی یەکەم ٩: ٢)**
**ئێستایە رۆژی رزگاری. (کۆرنسۆسی دوو ٦: ٢)**

......................

دوو بەرواری زۆر گرنگ هەیە لە ژیانی مرۆڤدا، یەکەم بەرواری لەدایک بوون دووهەم بەرواری مردن. یەکەم بەروار رۆژی شادی و خۆشیە بۆ دایک و باوک و کەس و کار، دووهەم رۆژێکی ناخۆشە بۆ خزم و کەس و کار. لەم دوو بەروارەدا هیچ مرۆڤێک خۆی بەشداری ناکات، نەلەخۆشیەکەدا، چونکە منالە و هەستی پێناکات. دووهەمیش تەعزێکەیە کە ئەو کەسە ئیتر مردووە و بەشداری ناکات تیایدا. بەلام لەژیانی باوەڕدارانی مەسیحدا بەروارێکی کە هەیە کە زۆر گرنگە، ئەویش رۆژی لەدایک بوونیەتی لەگەڵ عیسای مەسیحدا، واتە ئەو رۆژەی باوەڕدەهێنێت. ئەم بەروارە لە هەردوو بەروارەکەی کە گرنگ ترە، چونکە خۆی بەشداری تێدا دەکات لەگەڵ باوەڕدارانی تردا، کەسی وا هەیە کە هەمووساڵێک لەو رۆژەدا، یادی لەدایک بوونەوەی ئەو گۆرانە گرنگە دەکات لە ژیانیدا لەباتی یادی لەدایک بوونی یەکەمی.

ئەم گۆڕانە زۆر گرنگە، چونکە ژیانی مرۆڤ بە تەواوەتی دەگۆرێت و دەبێت بە مرۆڤێکی تازە، وەک ئینجیل بۆمانی باس دەکات، سەرەرای ئەمەشی رزگاری دەبێت لەمردن و لە مردن ناترسێت و بیر لە بەرواری مردنی ناکاتەوە، چونکە باوەڕی بەو پەیمانەیە کە یەزدان داویەتی بە مرۆڤ، کە ئەویش بەدەست هێنانی ژیانی هەتاهەتاییە.

## ٣٠ ئەيلول

**من یەزدانم ناگۆڕێم... (مەلاخی ٣: ٦)**

....................

زانایەک ووتی: ئەوەی دیار و ئاشکرایە لەسەر رووی زەوی، گۆڕان و گۆڕینە. ئەم گۆڕان و گۆڕینەش وا مان لێدەکات کە نەزانین داهاتوومان چۆنە و چی روودەدات، ئەمەش وا لە مرۆڤ دەکات کەوا دڵەڕاوکێ و ترسی هەبێت لە ژیانیدا وە ترسی هەبێت لەوەی کە داهاتوو لەگەڵ خۆی دەیهێنێت.
ئایا ئەمە پەیوەندیمان دەگۆڕێت لەگەڵ یەزدان؟ ئەوە راستە کە ئێمە نازانین لە داهاتوودا چی دەبێت و چی روودەدات، بەڵام ئەوە دەزانین کەوا یەزدان گۆڕانی نیە و ناگۆڕێت، وەک نێرراوی یەزدان یاقوب لەبارەی یەزدانەوە دەڵێت: (ئەو گۆڕانی بۆ نیە) (یاقوب ١: ١٧). هەروەها لە مزگێنیدا (ئینجیل) دەخوێنینەوە نووسراوە: (عیسای مەسیح وەک خۆیەتی، دوێنێ و ئەمرۆ و هەتاهەتایە.) (عیبرانیەکان ١٣: ٨). کاتێک گۆڕانکاری ئەم جیهانە ژیان و داهاتووی ژیان تاریک دەکات، پێوستە لەسەر ئەوانەی کەوا یەزدان دەناسن، بیر لە یەزدان و نەگۆڕانی یەزدان بکەنەوە و بیر لە ناوی یەزدان بکەنەوە و ورەیان بەرز ببێتەوە وە ورەی یەکتری بەرز بکەنەوە، ئینجا یەزدان گوێی لە ووتەکانیان دەبێت و گوێیان بۆ دەگرێت. (مەلاخی ٣: ١٦).ئیتر ئێمە ناگۆڕین لەبەر چاوی و دەبینە موڵکی یەزدان. (مەلاخی ٣: ١٧).

## ١ تشرینی یەکەم

**فریشتەکە بە دوو ئافرەتەکەی ووت: مەترسن، من دەزانم ئێوە بە دوای عیسای لە خاچدراو دا دەگەڕێن. ئەو لێرە نیە و هەستاوەتەوە (زیندوو بۆتەوە)، هەروەک خۆی ووتی... (مەتتا ٢٨: ٥، ٦).**

...............

خەڵکی دەترسن لەوەی دوای دۆزینەوەکانی نوکیاری و بەدەست هێنانی یۆرانیوم و بابەتی تەکنۆلوجیای تازە روودەدات و دەترسن لەوەی هەڵەیەک رووبدات و بەتیشکی ئەو ماددانە لە ناوبچن و ژیانیان تێک بچێت، وەک ئەو روداوەی لە وولاتی سۆڤیەت لە جەرنۆبیل ساڵانێک لەمەو بەر روویدا. گومان نیە کە زانیاری و تەکنۆلۆجیا خزمەتی مرۆڤی کردووە، بەڵام زیانی زۆریشی بەسەر هێناوە، نمونەی تەقینەوە و چەکی کیمیاوی قومبەلەی زەری. خەڵکی دەترسن لەوەی کەوا بکوژی و خراپە کاری زیاتر بێت و لە راستیدا بەرەو زیاد بوون دەچێت، سەرەرای پێشکەوتنی مرۆڤ لە بواری بیرکردنەو و تەکنۆلوجیاوە.

بەڵام پەرتووکی پیرۆز دەڵێت: باشە مرۆڤ بەرەو کوێ دەڕوات. بەرەو لێپرسینەوە و رۆژی حساب و لێکۆلینەوە، پێوستە مرۆڤ ترسی ئەمەی لەدڵدا بێت، زیاتر لە هەموو ترسێکی کە و گوناهبار دەبێت بیری لای ئەو رۆژە بێت، رۆژی لێپرسینەوە.بەڵام پێش هاتنی ئەو رۆژە. یەزدان رێگایەکی داناوە بۆ رزگاربوونی مرۆڤ، ئەویش گەرانەوەی مرۆڤە و سەرلەنوێ لەدایک بوونەوە و وەرگرتنی قوربانی و خوێنەکەی مەسیحە.

# ٢ تشرینی یەکەم

**ئەم شتانە هەمووی بە زبڵ (واتە بەشێکی بێ نرخ) دادە نێم، بۆ ئەوەی مەسیح بەدەست بهێنم. (فلیپی ٣: ٨).**

................

مەسیحی باوەڕدار زۆر شت لە ژیانیدا بە شتێکی هیچ و بێ نرخ دادەنێت، کاتێک بەراوردی دەکات لەگەڵ مەزنی ناسینی عیسای مەسیح. نرخی شت لەوەدایە کە چەند خەڵکی دڵی پێوەیە و خەڵکی حەزی لێدەکات، هەتا زیاتر حەزی لێبکات نرخی زیاتر بەرز دەبێتەوە و بە پێچەوانەشەوە هەتا پشت گوێ بخرێت و داوای نەکرێت، نرخەکەی نزم دەبێتەوە. زۆر شت هەیە لە ژیانی سەرزەویدا، خەڵکی زۆر حەزی پێدەکەن و دڵیان پێوەتی، بەڵام باوەڕدار پشت گوێی دەخات و قورسایی دڵی و خۆشەویستی من ناسینی مەسیحە و هێزی هەستانەوەیەتی... ئەوەی لە پێشمەوەیە، من بەرەو ئامانج هەوڵ دەدەم، بەرەو پاداشتی بانگەوازی بەرزی یەزدان کە لە عیسای مەسیحدایە. (فلیپی ٣: ١٠، ١٣، ١٤).

# ٣ تشرینی یەکەم

**پشت بە یەزدان دەبەستم هەتاهەتایە... (ئیشەعیا ٢٦: ٤)**

..................

یەزدان بە رۆژ شەو هانمان دەدات تا وەک پشتی پێ ببەستین، دەدوێت لەگەڵماندا لە بچوکترین شتەوە تا گەورەترین شت:

(بۆ خەمی "جل" و بەرگتانە؟ سەیری گوڵی کێڵگە بکەن، گەر بێت و یەزدان گیای دەشت ئاوها بپۆشێت، ئایا ئێوە لەوان زیاتر نین تا پۆشتەتان بکات؟ (مەتتا ٦: ٢٨ ـــ ٣٠) ئینجا یەزدان باسی شتێکی مەزن و گەورەتر دەکات:

(ئەو "یەزدان") دەستی بە رۆڵەکەی خۆیەوە نەگرت، بەڵکو لە پێناوی هەمووماندا پێشکەشی کرد، ئیتر چۆن لەگەڵ ئەودا هەموو شتێکمان ناداتێ؟

دیسان ووشەی یەزدان، باسی کۆن و باسی ئێستاش دەکات و دەڵێت: (ئەو یەزدانەی کە باسی ئێستاش دەکات و دەڵێت: (ئەو یەزدانەی لە دەستی شێر رزگاری کردم... هەر ئەو رزگارم دەکات) (سامۆئیلی یەکەم ١٧: ٣٧).

هەروەها ووشەی یەزدان، باسی داهاتوش دەکات: (ئەو بوو لەو مردنە رزگاری کردین... هیوامان لە ئەوەدایە کە هێشتا هەر "دوایش" رزگارمان دەکات.) (کۆرنسۆسی دوو ١: ١٠).

ووتەی یەزدان، هانمان دەدات کەوا نەترسین: (مەترسە ئەی مێگەلی بچووک، چونکە باوکتان دڵشادە پاشایتان بداتێ). (لۆقا ١٢: ٣٢)

# ٤ تشرینی یەکەم

**بەڵام گەر دانمان بەگوناهەکانماندانا، ئەوا ئەو سەرراست و دادپەروەرە، لەگوناهەکانمان خۆش دەبێت و لە خراپە پاکمان دەکاتەوە. (یۆحەننای یەکەم ١: ٩).**

..................

یەزدان چاوەڕوانی ئەوەیە کە مرۆڤی بەهەڵەداچوو، دان بنێت بە گوناهەکانیدا، ئیتر بەمە یەزدان لۆمە و گلەیی ناکات لە گوناهبار، بەڵکو لێی دەبورێت و مرۆڤەکە لێخۆش بوونێکی تەواوەتی بە دەست دەهێنێت.

بەهۆی لە خاچدان و قوربانیەکەی عیسای مەسیحەوە، لێخۆشبوون بۆ مرۆڤ دروست بوو، بۆیە هەموو گوناهبارێک دەتوانێت بێت بۆ لای یەزدان، ئەو یەزدانەی دەوڵەمەندە لە بەزەیی و لێبورندا.

دیسان پێوستە لەسەر باوەڕداران، کاتێک هەڵەیەک دەکەن، هەڵەکە دانەپۆشن و پشت گوێی بخەن، چونکە ئەمە وەک ئەوە وایە کە مرۆڤێک برینێکی لە لەشدا بێت و نەچێتە لای پزیشک بۆ ئەوەی برینەکەی بۆ لابەرێت و چاکی بکاتەوە.

پێوستە بەو برینەوە بێتە لای پزیشکی مەزنمان عیسای مەسیح و دان بەهەڵە کەیدا بنێت و داوای لێخۆشبوون بکات. عیسای مەسیح دەڵێت: (جارێکی تر هەرگیز یادی "باسی" گوناهەکان و هەڵەکانیان ناکەمەوە.) (عیبرانیەکان ١٠: ١٧) دیسان نووسراوە: (ئەوانە بێ تاوان دەکات "لێیان خۆشدەبێت" کە باوەڕیان بە عیسا هەیە (ڕۆما ٣: ٢٦).

## ٥ تشرینی یەکەم

**چاکم بکەرەوە ئەی خوداوەند چاک دەبمەوە، رزگارم بکە جا رزگارم دەبێت، چونکە تۆی بارەگای ستایشکردنی من. (یەرمیا ١٧: ١٤)**

...................

پزیشک بایەخ دەدات بەو نەخۆشی و برینداریانەی تۆشی لەش و ناولەشمان دەبێت.
بەڵام لایەنێکی کە هەیە، لایەنی رۆحی پزیشکی لایەنی رۆحی، بریتیە لە یەزدان. با بزانین پەرتووکی پیرۆز چی دەڵێت؟
ووتەی یەزدان دەڵێت: تەنها یەک نەخۆشی هەیە لەلەش و بیری مرۆڤدا، ئەویش نەخۆشی گوناهەیە بەهەموو شێوەکانیەوە، مرۆڤ هەڵس و کەوت ناکات بەو شێوەیەی یەزدان دەیەوێت و بۆی داناوە.
ئا لێرەوە تێکەڵ و پێکەڵی ژیان و ناخۆشی و شەر و کوشتن و برین دەست پێدەکات. باشە چارەسەرکردنی چیە؟
گەرانەوە بۆلای یەزدان و گوێی گرتن لە ووتەکانی، باوەڕهێنان بەو قوربانیەی عیسای مەسیح کردی بۆ پاککردنەوە و لابردنی گوناهی مرۆڤ. بەمە ئەنجامەکەی بریتی دەبێت لە رزگاربوون بەهۆی مەسیحی رزگارکەرەوە و مرۆڤ نەخۆشیەکەی هەرچیەک بێت چاک دەبێتەوە (یۆحەننا ٥: ٤) دیسان مردنی بۆ دەبێت بە ژیان.

# ٦ تشرینی یەکەم

**ئەی قودس، ئەی بکوژی پێغەمبەران و بەرد بارنکەری ئەوانەی بۆت نێردران، چەند جار ویستم منداڵەکانت بەیەکەوە کۆبکەمەوە، هەروەک چۆن مریشک جوجەڵەکانی لەژێر باڵیدا کۆدەکاتەوە، بەڵام نەتان ویست. (لۆقا ١٣: ٣٤).**

..................

مزگێنی (ئینجیل) زۆر ووتەی مەسیحی تێدایە و هەموو ووتەکانی پیرۆزن و مانای خویان هەیە. لێرەدا عیسای مەسیح دەیەوێت وێنەی مریشکمان نیشان بدات، کاتێک بێچوەکانی تۆشی بارودۆخێکی ترسناک دەبن، چۆن ئەو باڵندەیە خێرا بێچووەکانی بانگ دەکات و لەژێر هەردوو باڵیدا دەیانشارێتەوە. لەوانەیە بێچووەکان خۆیان شێوە و کانگای ترسناکیەکە نەزانن چیە و لەکوێوەیە، بەڵام دایکەکە دەزانێت و خێرا بەهەموو خۆشەویستیەکەوە دەیانشارێتەوە و دیانپارێزێت لــە گیروگرفت.

بەرێزانم مەسیح لێرەدا خۆی دەردەخات لە شێوەیەکدا کە نزیکە لە شێوەی دایکی ئەو جوجەلانەوە. ئەو جوجەلانەی خێرا دەچنە ژێر باڵی دایکەکەوە  و رزگاریان دەبێت لە گیروگرفت، بەڵام ئەوانەی گوێ نادەن بە بانگەوازی دایکەکەوە ژیانیان لە مەترسیدایە و تیا دەچن.

کەواتە باگوێ بگرین بۆ بانگەوازەکەی مەسیح،  لەکاتی ترس و ناخۆشیدا راکەینە ژێر باڵەکانیەوە.

# ٧ تشرینی یەکەم

**هەموو شتێک دروستە، بەڵام هەموو شتێک سوودبەخش نییە... هەموو شتێک دروستە، بەڵام هەموو شتێک بنیادنەر نییە. (کۆرنسۆسی یەکەم ١٠: ٢٣)**

......................

زۆر جار کەسی تازەی باوەڕدار دەپرسێت ئایا ئەمە حەڵاڵە و دەبێت یان ئەمە حەرامە و نابێت؟ لە وەڵامدا دەڵێین:

یاریزانێک کە رادەکات لە خێرایی و پێش بڕکێی راکردن، ئەگەر هاتوو خۆی دووسیٚ پارچە ئاسنی قورسی خستە گیرفانەکانیەوە لە کاتی راکردن و پێش بڕکێدا، یاسای یاری راکردن رێگەی ئەوەی لیٚ ناگرێت و کەسیش دەستی ناگرێت لەو ئیشە کە خۆی بە ئارەزووی خۆی دەیکات. ئەمە شتێکی ئاشکرایە بۆ هەموومان کەوا ئەم کارە یارمەتی سەرکەوتنی یاریزانەکە نادات بۆ بردنەوەی یاری پێش بڕکێکە.

کەواتە بە هەمان شێوە، با ئەوانەی تازە باوەڕیان هێناوە و زۆر شارەزاییان نیە لەوەی کامە دەبێت بکرێت و کامەش نابێت بکرێت، سەیر بکەن کەوا هەر شتێک دەبێتە قورسایی لەسەریان بۆ کردنیان لە رێگەی یەزداندا و لەرێگەی باوەڕیاندا، ئەو شتە نەکەن و هەڵینەگرن لە گەڵ خویاندا فڕیی بدەن

با پرسیار نەکەن ئەمە حەڵاڵە یان حەرامە؟ بەڵکو پرسیاری ئەوە بکەن، ئایا ئەما یاریدەرە بۆ رێگەی یەزدان.

# ٨ تشرینی یەکەم

**رۆڵەکانی (یەزدان) لە گۆشت و خوێندا هاوبەشن، لەبەر ئەوە مەسیح خۆی بوو بە مرۆڤ، تا بەشداری سورشتی مرۆڤایەتیمان بکات، تا بە مردنی خۆی لە ناوی ببات ئەوەی دەسەڵاتی مردنی هەیە، واتە شەیتان. (عیبرانیەکان ٢: ١٤).**

......................

بۆ روونکردنەوەی رستەی کۆتایی ئایەتەکە دەڵێن:
مەسیح هات و جەستەی مرۆڤی وەرگرت، تاوەک بتوانێت بمرێت و دوای مردنیش زیندوو ببێتەوە، ئا بەم مردن و زیندوو بوونەوەیەش دەسەڵاتی مردنی لەناو برد و زیندوو بوونەوەی هەتاهەتایی دروستکردوو خۆی بوو بە نۆبەرە و نمونە. دیسان مەبەستێکی دوو لایەنەش هەیە لە وەی کە عیسای مەسیح جەستەی مرۆڤی وەرگرت.
یەکەم: تا وەک ببیتە قوربانی بەوەی کە بەلەش بمرێت و خوێنی بڕرژێت ، ئەویش بۆ دروست کردنی لێخۆش بوون و ئاشت بوونەوە لەگەڵ یەزدان.
دووهەم: تا وەک لە شێوە و جەستەی مرۆڤێکدا وەک مرۆڤ ئازار بکێشێت و جەستەکە بەرێکی و تەواوەتی هەست بە هەموو ئەو ئازار و ئەشکەنجەیە بکات، نمونەش بۆ هەستی جەستەی ئەو ئەوەیە کە مەسیح هەستی بە برسێتی و تینوێتی کرد، بەمە ئێمە نا بێت ئەوە لەیاد بکەین کەوا قوربانیەکەی رۆڵەی یەزدان، قوربانیەکی تەواوەتی بوو بەلەش.

## ٩ تشرینی یەکەم

**بەم دیاردەی کە لەپێش خۆمەوە دەینێرم، ئاشتی دەکەمەوە، دوای ئەمە رووبەرووی دەبمەوە بەڵکو لێم رازی بێت. (پەیدابوون٣٢: ٢٠)**

....................

ئەمە ووتەی یاقوبە، کاتێک بە رێگەوەیە بۆ بینینی عیسۆی برای، دوای ساڵانێکی زۆر لە جیابوونەوەیان. یاقوب خراپە و ساختەی لەگەڵ براکەی کردبوو و هەروەها خراپە بەرامبەر بەرەکەتی باوکی.

ئەم خراپە و گوناهەی کەوا کرد بووی، ئازاری بیر و هەست و زەمیری دەدا و دەترسا کە عیسۆی برای هەقی خۆی لێبکاتەوە. لەبەر ئەمە یاقوب ژمارەیەکی زۆری لە مەڕ و مانگا و وشتر و گوێدرێژی نارد بەدیاری بۆ براکەی تاوەک رەزامەندی بەدەست بهێنێت و بەزەیی پیا بێتەوە.

ئێستا زۆر کەس لەم جیهانەدا، لەوانەی هەست بە کەموکوڕی خویان دەکەن بەرامبەر بە یەزدان، هەڵدەستن بە ئیشی خێر و چاکە، وە پارە دەدەن بە فەقیر، تا وەک رەزامەندی یەزدان بەدەست بهێنن. بەڵام یەزدان هیچ شتێک لە گوناهبار وەرناگرێت. تەنها یەک رێگە هەیە بۆ ئاشت بوونەوە لەگەڵ یەزدان، ئەویش ئەو رێگەیەیە کە خۆی دایناوە، لە رێگەی قوربانیەکەی عیسای مەسیحەوە رێگەی لێخۆشبوون لەگوناە، گوناهی مرۆڤی گوناهبار.

# ١٠ تشرینی یەکەم

**با ووشەی مەسیح بەدەوڵەمەندی لە دڵتاندا جیگیر بێت... بەردەوام بن لە سەر نوێژکردن... بە ژیرانە هەڵسوکەوت بکەن. (کۆلۆسی ٣: ١٦، ٤، ٢، ٥).**

.................

مرۆڤ دەبێتە مەسیحیەکی باوەڕدار کاتێک باوەڕ بە مەسیح دەهێنێت و بەو کارەی ئەنجامی دا لە سەر خاچ. بەڵام بۆ ئەوەی کەوەک باوەڕدارێک بمێنێتەوە، پێوستی بە راهێنان هەیە، ئەمەش بە کورتی بریتیە لە چوار خاڵ:

یەکەم: خوێندنەوەی پەرتووکی پیرۆز، لە پەرتووکەدا یەزدان لەگەڵ مرۆڤ دەدوێت و پیشانی دەدات کە چۆن بژی، هەروەها هانمان دەدات و زۆر جار ئاگادارمان دەکاتەوە لە زۆر شتی زیان بەخش. ئێمە ناتوانین یەزدان بپەرستین بێ ئەوەی بزانین کە چی دەڵێت.

دووهەم: نوێژکردن، ئەمەش بریتیە لە قسەکردن، بریتیە لەمانەوەی پەیوەندی لەگەڵ یەزدانی باوکماندا لە رێگەی مەسیحەوە.

سێهەم: پەیوەندیمان لەگەڵ باوەڕداران، باوەڕداران دەبێت وەک کۆمەڵێک خەڵوز وابن کە بەیەکەوە دەسوتێن، خۆ ئەگەر پارچەیەک خەڵوز لە ئاگرەکە هێنرایە دەرەوە، ئەوا بەتەنها دەکوژێتەوە و تینی نامێنێت..

چوارەم: بڕوانامە دان، واتە مەسیحی باوەڕدار دەبێت بڕوانامەی خۆی بدات. بۆ ئەوانەی نزیکین.

# ١١ تشرینی یەکەم

**بێگومان ئەم قسەیە راستە و شایانی قبووڵ کردنە: عیسای مەسیح هاتووە بۆ جیهان تا گوناهباران رزگار بکات. (تیمۆساوسی یەکەم ١: ١٥).**

.....................

باوەڕدارێکی مەسیحی دەگێڕێتەوە کە چۆن باوەڕی هێناوە و دەڵێت: من گەنج بووم دایکم زۆر نوێژی بۆ دەکردم کەوا باوەڕ بهێنم و ببم بە باوەڕدار، بۆ ئەم مەبەستەش پەرتووکی پیرۆزی قەراخ ئاڵتونی بۆ کڕیم و ناوی خۆمی لەسەر نووسی و پێشکەشی کردم. منیش پاشماوەیەک پێوستم بە پارە بوو فرۆشتم و ووشەی یەزدانم پشت گوێ خست و چی خوا پێی ناخۆش بوو کردم دوای ئەوەی چوومە دانشگا و بووم بە پزیشک، بەردەوام بووم لەسەر رێگەی خراپ، کاتێک کە هاورێکانم تۆزێ رێزیان لێ بگرتمانە، لەبەر ئەوە بوو کە من پزیشک بووم.

رۆژێک کابرایەکی وەستای خانوو دروست کردنیان هینا بۆ نەخۆشخانە و دوای ماوەیەکی کورت کۆچی دوایی کرد، کاتێک کەل و پەلەکانی ئەوەی لە ژوورەکەیدا بوو هێنایان تا وەکو دایبنێن بۆ ئەوەی بیدەن بە کەسوکاری، سەیرم کرد لەناو شتەکانیدا پەرتووکێکی پیرۆزی تێدایە، کە کردمەوە ناوەکەی خۆمم بینی کە لەسەر لاپەرەی یەکەم نووسرا بوو، دیار بوو کابراکە زۆر خوێندبوویەوە و هەندێ شوێنی قەڵەمی سوری بە ژێردا هینابوو.

## ١٢ تشرینی یەکەم

**مەسیح ئازادی کردین تا بە ئازادی بژین. (غەلاتیە ٥: ١)**

..................

(برنار بالیس) کە لەسەدەی گەشەکردندا لە فەرەنسا، گۆزە دروست کەرێکی بەناوبانگ بوو، خرایە زیندانەوە لەبەر ئەوەی بوو بوو بە مەسیحیەکی باوەڕداری تازە لە دایک بووەوە.
هێنری سێهەم پادشای فەرەنسا حەزی بە زیندان کردنی ئەو گۆزە دروستکەرە نەدەکردوو خوازیان ئەوە بوو کەوا ئەو ئیشی بۆ بکات. هەڕەشەکردن و ترساندن هیچ کارێکی نەکردە سەر (برنار بالیس)، بۆیە پادشا خۆی هەستا و چووە بەندیخانە بۆ لای و پێی ووت: ئەگەر پەشیمان نەبێتەوە، مەجبوور دەبم بڕیاری کوشتنت مۆر بکەم. ئینجا (برنار بالیسی) ووتی: ئەمە راستە کە دەیبیستم، پادشای فەرەنسا دەڵێت، مەجبوور دەبم؟ بزانە من کابرایەکی بچوکی هەژارم لەمەملەکەتی جەنابتاندا، بەڵام هیچ هێزێک نیە مەجبوورم بکات واز لە باوەڕم بهێنم. تۆ یەکێکیت لەمەزنترین سەرکردە لەم جیهانەدا، کەچی دەڵێیت مەجبوورم! بزانە کاممان شازاد و سەربەست ترین لەوی کەمان (لێرەدا پێوستە ئەو بڵێن کە پاشا گەر فرمانی کوشتنی بۆ (برنار بالیس) دەربکردایە، دەیکرد تەنها بەهۆی قورسایی لەلایەنی کلێسەی رەسمیەوە، چونکە کلیسە دژی باوەڕدارانی ئینجیلی رادەوەستا).بەرێزان گەر مەسیح یەکێکی ئازاد کرد ئەوا بەتەواوەتی ئازادی دەکات.

## ١٣ تشرینی یەکەم

**ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی باوەڕ بهێنێت، ژیانی هەتاهەتایی هەیە. (یۆحەننا ٦: ٤٧)**

......................

لێرەدا ڕاستیەکی تەواوەتی هەیە لە ووشەی یەزداندا، ڕاستە و ڕاست دەڵێت، لێرەدا یەزدان دووپاتی دەکاتەوە، بۆیە دەڵێت: (ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم) ڕاستیەکە چیە؟

ڕاستیەکە ئەوەیە کە مرۆڤ باوەڕ بهێنیت. مەبەست لێرەدا باوەڕ بە مەسیح و ووتەکانی مەسیح بهێنێت.

ووتەی پەرتووکی پیرۆز دەڵێت: کەس نیە بتوانێت یەزدان ببینێت، تەنها ئەوە نەبێت کە لە یەزدان خۆیەوەیە یان یەکسەری لە یەزدانەوەیە (یۆحەننا ٦: ٤٦).

مەبەست لێرەدا عیسای مەسیحە و باوەڕ بە عیسای مەسیح، واتە باوەڕهێنانە بە یەزدان، یەزدان و عیسایی مەسیح یەکن، عیسای مەسیح رۆحی یەزدانە و شێوەی مرۆڤ و جەستەی مرۆڤی وەرگرت.

عیسای پیرۆز دەڵێت: من ئەو نانە زیندووەم کە لە ئاسمانەوە هاتۆتە خوارەوە، ئەوەی لەم نانە بخوات هەتاهەتایە دەژی. (یۆحەننا ٦: ٥١)

دیسانەوە دەڵێت: هەر کەسێک رۆڵە ببینێت و باوەڕی پێ بهێنێت، ژیانی هەتاهەتایی دەبێت. (یۆحننا ٦: ٤٠).

# ١٤ تشرینی یەکەم

**گەر یەکێ سەر بەمەسیح بێت، ئەوا دەبێتە دروست بوویەکی تازە، شتە کۆنەکان نەمان و بەسەرچوون، ئەوەتا هەمووشت نوێ بۆتەوە. (کۆرنسۆسی دوو ٥: ١٧).**

................

من لە خێزانێکی بەناو مەسیحی لەدایک بووم، کاتێک گەیشتمە تەمەنێک کەوا بیر بکەمەوە، باوەڕم بە بوونی یەزدان هەبوو دیسان بە بوونی مەسیح، بەڵام من تەنها بۆ خۆم و خۆشی خۆم دەژیام و دوای خۆشی دنیا کەوتبووم.

کاتێک تەمەنم گەیشتە بیست ساڵ ئامادەی هەندێک کۆبوونەوەی خوێندنەوەی پەرتووکی پیرۆز بووم لە گەڵ ئەو گەنجانەدا کە باوەڕدار بوون.

ئا لەو کۆبوونەوەدا ووشەکانی مەسیح و خۆشەویستی مەسیح زۆر کاریگەر بوو بۆ ژیانم و بۆ دەرونم. دانم نابە سەرکێشی خۆمدا بەرامبەر بە یەزدان و خۆشەویستی ئەو بۆ من، بە تایبەتی کە دەڵێت: من خۆم کردە قوربانی بۆ تۆ، وەرە دوام کەوە.

دەرگای دڵم کردەوە بۆ یەزدان و یەزدان بەروناکیە مەزنەکەیەوە هاتە ناو دڵمەوە و دڵی تاریکمی روناک کردەوە، ئەو قورساییەی بەهۆی گوناهەوە لەسەر شانم بوو، نەما و ئاشتی ئاسودەیی کەوتە لەش و دەرونمەوە ئێستاش ئەوە ماوەی بیست ساڵە من باوەڕدارم و هەرچەندە تاقیکردنەوەی سەخت و قورسی زۆر لە ژیانمدا هەبووە، بەڵام یەزدان لەگەڵمدا بووە و یەزدانم خۆش دەوێت، چونکە ئەو لە پێشمەوە دەڕوات.

## ١٥ تشرینی یەکەم

**دەرونم تینویەتی... بۆ یەزدانی زیندوو. (زەبور ٤٢: ٢)**

...................

چوار کەسی گەرۆک بە ئوتۆمبێل دەگەران بە کەناری دەریای سوردا، کاتی گەرانەوەیان، نازانین بە چ هویەک لە شەقامی گشتی لا دەدەن و دەکەونە چۆڵەوانیەکی لماویدا و لەوێدا ئوتۆمبێلەکەیان دەچەقێت و ماوەیەکی زۆر بەبێ ئاو دەمێننەوە و هەر چواریان بە هۆی تینوێتیەوە دەمرن.

کاتێک تەرمەکانیان دەدۆزرێتەوە لە لایەن خەڵکەوە، سەیر دەکەن کانی و ئاوێک هەیە کە ماوەی دوو سەد مەتر دوورە لە شوێنی تەرمەکانیانەوە و دیارە نەگەیشتونەتە ئاوەکە تا رزگاریان بێت.

بەرێزان زۆر لە ئێمە، پێوستیان بەوە هەیە تەنها بەلۆعەی ئاوی ماڵەوە بکاتەوە، بۆ ئەوەی ئاو بخواتەوە، یان بچێتە کانی و ئاوی نزیک ماڵەکەی تا وەک ئاو بخواتەوە.

بەڵام با ئەوە بزانین کە جۆرێکی کە لە تینوێتی هەیە لە ژیاندا، ئەوەی بە ئاوی بەلۆعە و کانی تینوێتی ناشکێت، ئەویش تینوێتی دەرونە.

کاتێک مرۆڤ زۆر تینوی ئەبێت و پێوستی بە ئاو خواردنەوەیە، ئەمە نمونەیە کە یەزدان بۆ لەشی مرۆڤی داناوە، بۆ زانینی تینوێتی دەرون، زۆر کەس هەن کە ئەڵێن، تینوێتی لە برسێتی خراپترە.

بەرێزان دڵی مرۆڤ گشت کات تینویەتی و هیچ شتێک و ئاوێک تینوێتی ناشکێنێت یەزدان نەبێت .

# ١٦ تشرینی یەکەم

**تۆبە بکەن و باوەڕ بهێنن بەم مزگێنیە، واتە بە (ئینجیل) (مەرقۆس ١: ١٥)**

.......................

ئەو ڕێگەیەی مرۆڤ دەبات بۆ لای یەزدان، بە پەشیمانی و تۆبەکردندا دەڕوات، مەسیحی خوداوەند لە نمونەی کوڕی وون بوودا، ئەم تۆبە و پەشیمانیەمان بۆ دەردەخات.

کوڕیک داوای بەشی خۆی دەکات لە سەروەت و سامانی باوکی و باوک و خێزانی بەجێدەهێڵێت و دەڕوات بۆ وولاتێکی کە، پاش ئەوەی توشی نەهامەتی و نەبوون دەبێت، پرسیار لە خۆی دەکات: بۆچی نەگەڕێمەوە بۆ لای باوکم و پێی بڵێم: بابە من بەرامبەر بە ئاسمان و بەرامبەر بە تۆ هەڵەم کرد... کاتێک گەرایەوە باوکەکە ووتی: بڕۆن خێرا باشترین جل و بەرگ بهێنن و لەبەری بکەن... بڕۆن گوێرەکە دابەستەکەش سەربڕن، تا بیخۆین و دڵخۆش بین. (لۆقا ١٥). تۆبەکردن و پەشیمان بوونەوە، ئەوەیە کەوا بگەڕێنەوە بۆ ڕاستی و دادپەروەری، دوای هەڵە و گوناە، گەرانەوە بۆ لای یەزدانی باوک، بەو هەستەوە کە یەزدان بەبەزەیی و بە رەحمە.

بەداخەوە زۆر کەس هەن، دەیانەوێت بەهۆی کاری چاکەوە یان تێرکردنی دوو فەقیر و هەژار، خۆیان رازی بکەن بەوەی ئیتر خراپە و گوناهو هەڵەیان لەسەر نامێنیت. تۆبەی راستی ئەوەیە کە مرۆڤ خۆی لە ریشەوە بگۆرێت و لە دەرونەوە پەشیمان بێتەوە و بەخوێنی مەسیح باوەڕ بهێنێت.

# ١٧ تشرینی یەکەم

**شەریعەت بەهۆی موساوە درا، بەڵام بەرەکەت و راستی بە هۆی عیسای مەسیحەوە هاتن. (یۆحەننا ١: ١٧).**

.................

* شەریعەت پەیوەندی بە موساوە بوو باسی کردار و هەڵسوکەوت دەکات، بەڵام بەرەکەت و راستی بەهۆی مەسیحەوە دران.

* شەریعەت داوای پاک بوونەوە و چاک بوونە دەکات لە مرۆڤ، بەڵام بەرەکەت و راستی پاک بوونەوە دەبەخشێت بە مرۆڤ.

* شەریعەت مرۆڤی چاک پیرۆز دەکات، بەڵام بەرەکەت و راستی مرۆڤی خراپ رزگار دەکات.

* شەریعەت داوای کار دەکات بۆ بەدەست هێنانی بەرەکەت، بەڵام بەرەکەت و راستی، دراون بە مرۆڤ بەبێ بەرامبەر.

* شەریعەت مرۆڤ تاوانبار دەکات، بەڵام بەرەکەت و راستی مرۆڤ پیرۆز دەکات.

* شەریعەت ترس دەخاتە دڵی مرۆڤەوە، بەڵام بەرەکەت و راستی، مرۆڤ دڵشاد دەکەن.

* شەریعەت دەڵێت: ئاوا کار بکە دەژیت، بەڵام بەرەکەت و راستی دەڵێن: بژی ئینجا کار بکە.

* شەریعەت دەڵێت: گەر بەباشی هەڵسوکەوتت کرد، پیرۆزت دەکەم، بەڵام بەرەکەت و راستی دەڵێن: پیرۆزمان کردیت، جا هەڵسوکەوت بکە بەو شێوەیەی کە باشترە.

# ١٨ تشرینی یەکەم

**پێویستە چیبکەم تا رزگارم بێت؟ (کرداری نێرراوان ١٦: ٣٠)**

.......................

کورێکی گەنج هەرچەندە لە خێزانێکی مەسیحی لەدایک بوو بوو، بەڵام یەزدان و پەرتووکی پیرۆز و عیسای مەسیحی خستبووە پشت گوێی و ژیانێکی بەرەڵایی و خراپی دەبردە سەر.
رۆژێک بۆ یەکەم جار کەوتە بارودۆخێکەوە کەوا ئەنجامی ژیانی خراپی و کردەوەکانی، لەروناکی بارەگای یەزداندا ببینێت و زانی کەوا ئەنجامی خراپە و گوناهـ دەیبات بەرەو دۆزەخ.
کورەکە هەستا و چووە لای ووتە بێژێکی مەسیحی باوەڕدار کە لە تەمەندابوو، پێی ووت: لەبەر دەمتا کەسێک راوەستاوە کە ژیانێکی پر لە گوناهو خراپی بەسەر بردووە، چیبکەم تا رزگارم بێت لە گوناهەکانم؟ لە وەڵامدا باوەڕدارەکە پێی ووت:
قورسایی و سزای ئەو گوناهانەت، هەمووی عیسای مەسیح خستیە سەرشانی خۆی و ئەو خۆی کرد بە قوربانی لەسەر خاچ لە پێناوی داپۆشینی گوناهی من و تۆدا، ئێستاش تۆ دەتوانیت قوربانیەکەی مەسیح وەرگریت و قورسایی خراپە و گوناهت بخەیتە سەرشانی ئەو، بەمە رزگارت دەبێت لە لێپرسینەوەی دوارۆژ و ژیانی ئێستاش دەگۆڕرێت و ئاشتی و ئاسودەیی دەکەوێتە ژیانتەوە.

# ١٩ تشرینی یەکەم

**دڵشادبوون بە ئارام بوونەوەی، ئینجا ئەوانی بردە شوێنی ڕاوەستانی کەشتی، ئەوەی خۆیان دەیانویست. (زەبوری ١٠٧: ٣٠).**

..................

کاتێک بەدیار ئافرەتێکی باوەڕدارەوە بووین کە خەریک بوو کۆچی دوایی دەکرد و ئەم جیهانەی بەجێدەهێشت.
ئافرەتەکە هێزی دایە خۆی بۆ ئەوەی هەندێک قسە بکات و ووتی: داواتان لێدەکەم کاتێک مردم زویر مەبن و فرمێسکم بۆ مە ڕیژن، من سوپاسی مەسیحی خوداوەند دەکەم، کەوا لەسەر زەویەوە دوای زیندوو بوونەوەی بە بەرچاوی قوتابیەکانی و خەڵکی کەوە گەرایەوە بۆ بارەگای خۆی لە ئاسمان، بەمە پێشانی هەموو مرۆڤێکی دا کەوا زیندوو بوونەوە هەیە و ئینجا چوون هەیە بۆ ئاسمان و ئەو شوێنەی کەوا کەشتی ژیانی تێدا رادەوەستێت، دوا شوێن و لانە و وولاتی مرۆڤ، ئەو شوێنەی کەوا ئازار و خەفەت و دەرد و نەخۆشی تیانیە و ئیتر مرۆڤ مردن نابینتێتەوە و ژیانی جاوێدانی دەبێت، نێرراوی یەزدان پۆڵس دەڵێت: حەز دەکەم ئەم ژیانە بەجێبهێڵم تا بچمە لای مەسیح. (فیلیپی ١: ٢٣)
بەڕێزم ئێمەی مرۆڤ کەشتی ژیانمان زۆر جار توشی ڕەشەبا و باوبۆران دەبێت و شەپۆل دەیبات و دەهێنێت، بەڵام شوێنێکی ئارام هەیە بۆ ڕاوەستانی کەشتیەکەمان، ئەویش بارەگای یەزدانە لە ئاسمان، با مەبەستمان گەیشتن بێت بەو شوێنە ئارامە.

## ٢٠ تشرینی یەکەم

**کاتێ عیسا لەسەر خاچ ڕۆحی سپارد ئەوسا دەستبەجێ پەردەی پەرستگا لەسەرەوە تا خوارەوە دڕا و بوو بە دوو بەشەوە... (مەتتا ٢٧: ٥١)**

......................

ئەم پەرستگایەی لێرەدا باسی لێوە دەکەین، بریتیە لەو پەرستگایەی حەزرەتی سلێمان لە ساڵی **٩٦٨** پێش زاینی واتە پێش لە دایک بوونی عیسا بە فرمانی یەزدان دروستی کرد، تا وەک قوربانی تیا بکرێت لە لایەن مرۆڤەوە، مرۆڤ خۆی بۆ نەبوو بچێتە ناو پەرستگاکەوە بوو بوو بە دەرگایەک لە نێوان مرۆڤ و یەزداندا، بەڵام کاتێک مەسیحی خوداوەند خۆی هات و جەستەی مرۆڤی وەرگرت و لە سەر خاچ بوو بە قوربانی، دەستبەجێ پەردەی پەرستگاکە دڕا و کاریگەری نەما. ئەو پەرستگایەی خۆی جێگەی گرتەوە و خۆی بوو بەتەنها ڕێگای زیندوو یەکسەری بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ یەزداندا.

(بەم شێوەیە... ئێستا بەتەواوەتی باوەڕمان بەوە هەیە، بەهۆی خوێنی عیسای مەسیحەوە، دەتوانین بڕۆینە شوێنی هەرە پیرۆز، بەو ڕێگا زیندوو تازەیەدا، ئەوەی بەدڕاندنی پەردەی پەرستگاکە کرایەوە...) (عیبرانیەکان **١٠: ١٩، ٢٠**).

ئەمە ئەوە دەردەخات کە ئیتر هیچ دەرگایەک و بەرگریەک نەما لە نێوان مرۆڤ و یەزداندا، مرۆڤ دەتوانێت بەهۆی وەرگرتنی خوێنی قوربانی عیسای مەسیحەوە بچێتە لای یەزدان و ببێتە ڕۆڵەی ئەو.

# ٢١ تشرینی یەکەم

**بەباوەڕ دەزانین هەموو جیهان بەهۆی ووشەی یەزدانەوە دروست بووە. (عیبرانیەکان ١١: ٣) ئەوەی چاو نەیبینیوە و گوێ نەیبیستووە و بە مێشکی هیچ مرۆڤێکدا نەهاتووە، یەزدان ئامادەیکردووە بۆ ئەوانەی خۆشیان دەوێت. یەزدان ئەمەی بە هۆی رۆحی خۆیەوە بۆ دەرخست. (کۆرنسۆسی یەکەم ٢: ٩، ١٠).**

.......................

ئایا ئەو یەزدانەی هەموو توانایەکی هەیە و هیچ سنورێک نیە بۆ توانای ئەو، جەستەی مرۆڤی وەرگرت و وەک منداڵێک لەدایک بوو؟ ئایا رازی بوو بەوەی گوناهی هەموو مرۆڤ بخاتە سەر شانی خۆی و چووە سەر خاچ تا ببێتە قوربانی بۆ ئەوەی لێخۆشبوون دروست بکات بۆ مرۆڤ؟ ئایا لەمردن هەڵسایەوە و سەرکەوت بەسەر مردندا؟ ئایا بە باوەڕ کردن بەو، دیسان بە وەرگرتنی ئەو قوربانیەی ئەو کردی لێخۆشبوون لەلای یەزدان بەدەست دەهێنم.

بەلێ، ئەو ئایەتانەی باسمان کرد و ووشەی یەزدان لە پەرتووکی پیرۆزدا، هەمووی ئەوە دەردەخات و ئەمە دەسەلمێنێت.

رێگە و پلانی یەزدان بۆ مرۆڤ، هەمووی پەیوەندی هەیە بەوەوە کە عیسای مەسیح کردی لە پێناوی مرۆڤدا. بۆیە پێوستە ئێمەی مرۆڤ بەتەواوی باوەڕ بەو رێگە و پلانە بهێنین.

# ٢٢ تشرینی یەکەم ( ١ خەزەلوەر )

**ئەی خوداوەند بەزەیت پێماندا بێتەوە، دەرونم ساڕێژکە چونکە من هەڵەم کرد بەرامبەرت. (زەبور ٤١: ٤) خۆزگە بەوەی لە گوناهی خۆشبوون و هەڵەی داپۆشراوە (زەبور ٣٢: ١).**

..................

زانای سروشت (ئەوبنهایمەر) ئەوەی بەشداریکرد لە دروستکردنی قومبەلەی زەڕەدا لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پێش لە مردنی ئاشکرای کرد و ووتی: کەس هەست بەو قورساییە زۆر و خراپە ناکات، وەک ئەوانەی بەشداری دەکەن لەدروستکردنی ووزی زەڕەدا بۆ بەکارهێنانی لە بواری سەربازی و جەنگدا.

کەس لەوانە ناتوانن ئەو دیمەنە دڵ تەزێنەرانەی دوای بەکارهێنانی ئەو چەکە دەردەکەوێت، لەیاد بکەن، زاناکان لە دوایدا بە تەواوەتی دەرونیان ئازاریان دەدات و هەست بە گوناه دەکەن، ئێمە هەموو بووینە گوناهبار بەرامبەر بە یەزدان و خەڵکی، پێوستە دان بە گوناهەکەماندا بنێن لە رووی یەزداندا. عیسای مەسیح مرد لە پێناوی هەموو مرۆڤێک و هەموو گوناهێکدا تەنها هەر بەهۆی خوێنی قوربانیەکەی ئەوەوە ئێمە دەتوانین ئاشتی لە دەرونماندا بەدەست بهێنین.

## ٢٣ تشرینی یەکەم

**ئەی مرۆڤ، یەزدان پێی ڕاگەیاندویت ئەوەی چاکە و باشە، ئەوە یەزدان لە تۆی داوا دەکات، ڕاست و ڕەوان و دادپەروەر بیت و حەز بە بەزەیی بکەیت و بە مل کەچیەوە ڕێ بکەیت لەگەڵ یەزدانت. (میخا ٦: ٨).**

......................

یەزدان هەڵسوکەوت لەگەڵ مرۆڤ دەکات و داد بەسەر مرۆڤدا دەدات، بەپێی بارودۆخی دەرونی مرۆڤەکە. نێرراوی یەزدان میخا ئاماژە بۆ سێ خاڵ دەکات.

یەکەم: ڕاست و ڕەوان و دادپەروەر، پێوستە لەسەرمان ڕاستگۆ بین لە قسەماندا و لە هەڵسوکەوتماندا و پەیوەندیماندا لەگەڵ خەڵکی ئەم زەمینەی کە پڕە لە درۆ و دەلەسە و هەڵخەڵەتاندن.

دووهەم: بەزەیی، بەزەیی وامان لێدەکات کەوا خێر و خۆشی بخوازین بۆ ئەوانەی لە دەورووپشتمانن بۆ خەڵکی کە. هەروەها یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی یارمەتی ڕۆحی و دەرونی و مادی بەرامبەرەکەمان بدەین و دەست بنێین بەماڵی خۆمانەوە، بێئەوەی کەسانێک پشت گوێ بخەین کە پێوستمان بە یارمەتیمان هەیە.

سێهەم: بەڕێگە چوون لەگەڵ یەزداندا، ئەم خاڵە زۆر گرنگە و پەیوەندی بە باوەڕی دەرونی و هەڵسوکەوتمان هەیە بەرامبەر بەو یەزدانەی ڕزگاری کردوین لە مردنی هەتاهەتایی.

## ٢٤ تشرینی یەکەم

**ئەوەی گوێ لە ووشەم بگرێت و باوەڕ بهێنێت بەوەی ناردوومی، ژیانی هەتاهەتایی دەبێت، لە ڕۆژی دوایدا حوکم نادرێت بەسەریدا. (یۆحەننا ٥: ٢٤).**

....................

باوەڕدارێکی مەسیحی باسی خۆی دەکات کە چۆن باوەڕی هێناوە و دەڵێت:

پێش چەند ساڵێک کە قوتابی بووم لە دانشگا، ڕۆژێکیان لە ئوتۆمبێلیکی پاسدا لەگەڵ قوتابیاندا سەفەرمان دەکرد، قوتابیەکی هاوڕێمان کە مەسیحی بوو ئینجیلی بەدەستەوە بوو دەیخوێنەوە، منیش بەمەبەستی گاڵتەکردن لەگەڵیدا، چوومە لایەوە و ووتم: باشە ئەتوانیت پێم بڵێیت، بەهەشت چەند دوورە لێمانەوە و کەی دەچین بۆ ئەوێ. ئەویش زۆر بەهێمنی و خۆشەویستیەوە ووتی: گوێ بگرە با بۆت بخوێنمەوە مەسیح لەو باریەوە چی دەڵێت: ئەوەی گوێ لە ووشەم بگرێت و باوەڕ بهێنێت بەوەی ناردوومی، ژیانی هەتاهەتایی دەبێت و لە ڕۆژی دوایدا حوکم نادرێت بەسەریدا.

بەڕاستی دوایی ئەمە بۆ ماوەیەک ئەم ووشانە کاریان کردە سەرم و باوەڕم هێنا و شێوەی ژیانم گوڕا و ئەوا ماوەی ساڵانێکی زۆرە بە شادیەوە لەگەڵ عیسای مەسیحدا دەژیم و ووتەکانی سەرچاوەن بۆ ژیانم.

## ٢٥ تشرینی یەکەم

**ڕەشەبایەکی زۆر بەهێز هەڵی کرد، شەپۆلی ئاو بەتوندی دەیدا بەم لاو ئەولای بەلەمەکەدا، بەشێوەیەک خەریک بوو پڕ بێت لە ئاو... بە عیسای ووت: مامۆستا ئەوا ئێمە لەناو دەچین... عیسا هەستا و هەڕەشەی لە ڕەشەباکە کرد و بەدەریاچەکەی ووت: بێدەنگ بە! هێمن بەرەوە! ئیتر دەستبەجێ ڕەشەباکە بێدەنگ بوو و ئارامییەکی تەواو باڵی بەسەر دەریاچەکەدا کێشا. (مەرقۆس ٤: ٣٧، ٣٩).**

...........................

با و باران و رەشەبا، ترس و ئالۆزی و ململانێ لەگەڵ ژیان، پێوستە بۆ مرۆڤ وەک تاقیکردنەوە، پێش ئەوەی هەست بە پێوستی ئامادەبوونی یەزدانی رزگارکەر بکات لە ژیانیا. لەوانەشە زۆر جار لێمان نزیک ببێتەوە، بێئەوەی بیناسین و بیرمان بەلای شتیکەدا بڕوات، بەڵام کاتێک کە زیاتر لێمان نزیک دەبێتەوە، لەوانەیە بەهۆی ووتەکانیەوە لە پەرتووکی پیرۆزدا یان بەهۆی بارودۆخێکی تایبەتیەوە، ئالە و کاتەدا گوێمان لە دەنگی دەبێت کە دەڵێت: (ورەتان بەرزبێت... مەترسن... من ئەوم، خوداوەندی رزگارکەرتان) کاتێک گوێمان بۆ راگرت، ئەوا با و باران و ترس و رەشەبا، رادەوەستێت و نامێنێت.

# ٢٦ تشرینی یەکەم

**ناوی دروستکەرت بهێنە لە رۆژانی لاویتدا پێش ئەوەی رۆژانی خراپ بێت، یان سالآنێک کە بڵێیت: هیچ خۆشی تێدا نیە... ئامادەبە بۆ بەیەک گەیشتنت لەگەڵ یەزدانت. (کۆمکار ١٢: ١) (عاموس ٤: ١٢).**

......................

کابرایەک کە بەکاری سیاسەتەوە سەرقاڵ بوو، بەگاڵتەجارەیەوە باسی مردن و بەهەشت و دۆزەخی کردوو ووتی: لام وایە من هاورێی زیاترم هەیە لە جەهەنەمدا وەک لە بەهەشتدا.
بەلآم پاشماوەیەک بۆی رەخسا کەوا گوێی لە ووتەی ئینجیل ببێت و بزانێت چی تێدایە. رۆژێک لەپر بەلادا کەوت و کوچی دوایی کرد. ئیتر من نازانم، ئایا ئەو کابرایە باوەڕی بە ووتەی یەزدان هێنا بوو یان نا؟
لێرەدا بەوانە دەڵێم، ئەوانەی ئەم نووسراوە دەخوێننەوە، ئایا ئێوە ئامادەن بۆ بەیەکگەیشتن لەگەڵ یەزداندا؟ مردن سزای سەرکێشی مرۆڤ بوو ئەوەی خۆی بۆ خۆی هێنا، بەلآم ئەوەتا مەسیح خۆی کرد بە قوربانی بۆ ئەوەی مردنی هەتاهەتایی لە سەر مرۆڤ لابەرێت و ژیانی جاوێدانی بهێنێت بۆ مرۆڤ، ئەوەی باوەڕی پێ بهێنێت لەناو ناچێت و ژیانی هەتاهەتایی دەبێت.

# ٢٧ تشرینی یەکەم

**چیتە خەوت لێکەوتووە؟ هەستەو هاوار بۆ یەزدانت بکە! (یۆنا ١: ٦)**

.......................

کابرایەک راوەستا بوو لەسەر کەناری دەریایەک و دەیبینی لە دوورەوە کەوا کەشتیەک بەهۆی شەپۆلی بەرزی دەریاکەوە دێ و دەچێت و لە باروودۆخێکی خراپدایە، دیسان بینی کەوا بەلەمێکی تایبەتی رزگارکردن لەکەناری دەریاکە راوستاوە و چاوەروان دەکات، ئەمیش خۆی نەگرت و چوو بۆ لای بەلەمەکە و پرسی: باشە تۆ بەلەمی رزگارکردن نیت؟ لێخۆری بەلەمەکە ووتی: بەلێ. ئینجا کابرا ووتی: باشە بۆچی ناڕۆیت بۆ لای کەشتیەکە و چەند کەسێک رزگار بکەیت؟ ئەویش لەوەلامدا ووتی: من چاوەڕوانی ئیشارەت و بانگەوازێک دەکەم لە کەشتیەکەوە، هەر کە بانگی کردم، خێرا دەرۆم بۆ لای.

بەرێزانم، ئا ئەم رووداوە بهێنە بەرچاوی خۆت و بیخەرە سەر ژیانی خۆت و بنوارە مەسیحی رزگارکەر وەک ئەو بەلەمی رزگارکردنە، مەسیح چاوەڕێی ئیشارەتێکی تۆیە.

## ٢٨ تشرینی یەکەم

**یەزدان بە ئیبراهیمی ووت: کوڕەکەت، تاقانەکەت ئیسحاق، ئەوەی کە خۆشت دەوێت، بیبە و بڕۆ بۆ زەوی مۆریا، لەوێ بیکە بە قوربانی... (پەیدابوون٢٢: ٢)**

**بەم شێوەیە خۆشەویستی یەزدان لە نێوانماندا راگەێنرا، بەوەی کە رۆڵە تاقانەکەی خۆی ناردە جیهان تا بە هۆی ئەوەوە بژین. (یۆحەننای یەکەم ٤: ٩).**

.....................

شتێکی سادە و سوک و ئاسان نیە کەوا باوکێک هەستێت بە سەربڕینی کوڕیکی تاقانەی حۆی، لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆری خۆش بوێت.

بەڵام حەزرەتی ئیبراهیم، ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ داوا کاریەکەی یەزدان و کوڕەکەی برد بۆ زەوی مۆریا تاوەک بیکا بە قوربانی بۆ یەزدان.

بەڵام یەزدان لەکاتی خۆیدا، بەماوەیەکی کورت پێش ئەوەی هەستێت بە سەربڕینی کوڕەکەی پێی ووت: دەستت بۆ کوڕەکەت مەبە و هیچی لێ مەکە،... زانیم تۆ لە یەزدان دەترسیت... چونکە لە پێناوی مندا دەستت بە کورە تاقانەکەتەوە نەگرت. (پەیدابوون٢٢: ١٢).

ئەو رووداوە نزیکەی (٤٠٠٠) ساڵ لەمەوبەر روویداوە، وەک نموونە و نیشانەیەک بۆ قوربانیە گەورەکەی یەزدان ئەوەی تاقانەکەی خۆیکرد بە قوربانی بۆ ئێمەی مرۆڤ، بەراستی ئەمە خۆشەویستیەکی بێ سنوورە، هیوادارم ئاورێک لەم خۆشەویستیە بدەیتەوە و قوربانی یەزدان.

## ٢٩ تشرینی یەکەم

**کاتێ ووشەی یەزدانتان لە ئێمە بیست، ئەوەی پێمان ڕاگەیاندن، وەرتانگرت لێمان نەوەک ووشەیەک کە لە مرۆڤەوە بێت، بەڵکو وەک ئەوەی لە ڕاستیدا ووشەی یەزدان بێت، (ئەوسا) کار لەنێو ئێوەی باوەڕداردا دەکات. (تەسالۆنیکی یەکەم ٢: ١٣). پیرۆزیان بکە چونکە ووشەی تۆ ڕاستیە (یۆحەننا ١٧: ١٧).**

......................

بەڕێزان هەندێک هەن کە بە ناوی مەسیح و مەسیحیەتەوە دەدوێن، بەڵام لەڕاستیدا یان لە مەسیح نەگەیشتوون یان مەبەستێکیکەیان هەیە، یاخود کار و کلتوڕە و هیچ پەیوەندی بە باوەڕ و خوێن و قوربانیەکەی مەسیحەوە نیە. ئەوەش بزانە، تەنها کەسێک مەسیحیە گەر بێت و سەرلەنوێ لەدایک بووبێتەوە. ئەمەش بەپێی ووتەی پەرتووکی پیرۆز.

کابرایەک کە خۆی ڕەخنە لە ووتەکانی دەگرێت. یەکێکی کەش کە بەردەوام گوێ لە ڕەخنەکانی دەگرێت، ڕۆژێک دێت بۆلای و پەرتووکێکی پیرۆزی بەدەستەوە بووە کە چەندین لاپەڕەی لێکرا بووەوە وە بەکابراکەی ووت: فەرموو ئا ئەمە پەرتووکی پیرۆزی تۆیە هەموو ئەوانەی ڕەخنەت لە سەریەتی لێم کردۆتەوە.

بەڕێزان ووتەی یەزدان هەر یەکە و پەرتووکی پیرۆزیش هەر یەکە.

## ۳۰ تشرینی یەکەم

**ئەو یەزدانەی بانگتان دەکات راستگۆیە و بەڵێنی خۆی دەباتە سەر. (تەسالۆنیکی یەکەم ٥: ٢٤).**

.....................

هەموو ئەو لاوازیانەی لەباوەڕی مرۆڤدا هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ کەمی باوەڕ، رزگار بوون و سەرکەوتنیش تەنها هەر بەهۆی بەهێزی باوەڕەوە بەدەست دێت، باوەڕ بەوەی کە یەزدان راستگۆیە و بەڵێنی خۆی دەباتە سەر.

ئەوەی باوەڕی هەبێت نالەرزێت و ئامادەیە بۆ هەموو روداوێک کە لە پڕ دێت.

دیسان ئەوەی باوەڕی تەواوی هەبێت، مل کەچە بۆ ووتەکانی یەزدان و داواکاریەکانی، ئەگەر هاتوو بەتەواویش نەیزانی بۆچی ئەبێت وابێت.

حەرزەتی ئیبراهیم باوەڕی تەواوی بە یەزدان هەبوو بۆیە رۆڵە تاقانەکەی برد تا بیکاتە قوربانی، باوەڕی بەتوانای یەزدان هەبوو کەوا یەزدان توانای ئەوەی هەیە کوڕەکەی و هەموو مردوویەک زیندوو بکاتەوە. (عیبرانیەکان ۱۱: ۱۹).

بەباوەڕ بوو موسا کەوا بەملوێن کەسی لەگەڵی خۆی رزگار کرد لە مردن. هەروەها نێرراوانی مەسیح بەباوەڕ بوو کەوا ترسیان لە هەڕەشەی خەڵکی و هەندێ لە جوولەکان نەبوو. نموونەی تر زۆرە بۆ تان بهێنمەوە... (عیبرانیەکان ۱۱: ۳۳).

# ٣١ تشرینی یەکەم

**فریشتەکە پێی ووتن: مەترسن، ئەوا من مژدەیەکی خۆش و مەزنتان پێدەدەم... ئەمڕۆ لە شاری داود رزگارکەرێک بۆ ئێوە لەدایک بوو ئەویش مەسیحی خوداوەندە. (لۆقا ٢: ١٠، ١١).**

.....................

باوەڕدارێک کە پایە و پلەیەکی بەرزی هەیە لە کار و کۆمەڵدا دەڵێت: هەرچەند من پایە و پلەم بەرزە بەڵام ئەم پایە و پلەیە هیچ نیە لەبەرامبەر پایە و پلەی ئەو منداڵەدا کە لە ئاخوڕیکدا لەدایک بوو و جێگە و شوێن و ماڵی نەبوو، ئازار و ئەشکەنجە و سوکایەتی پێکرا و دوایش بەخاچدا هەڵواسرا و لەخاچدرا.

یەزدان بە خواستی خۆی جەستەی مرۆڤی وەرگرت و دوایش لەخاچدرا بۆ من و تۆ، بەمە هێزی خۆشەویستی خۆی بە مرۆڤ نیشاندا.

ئەو هات بۆ لای فەقیر و هەژاران، بۆ لای دەوڵەمەند و پایە بەرزەکان، بۆ لای هەموو مرۆڤ، تاوەکو رزگاریان بکات لە سزای مردن، ئەوەی بەسەر هەموو مرۆڤێکەوەیە، ئەو مەسیحەی لە هیچ شوێنێک ماڵ و جێگە و شوێنی نەبوو، ئایا لە دڵی تۆدا لەماڵتدا جێگە و شوێنی بۆ دەکەیتەوە؟

## ١ تشرینی دووهەم

**یەزدان بانگی کردن بۆ بەشداری بوون لەگەڵ رۆڵەکەی کە عیسای مەسیحی خوداوەندمانە. (کۆرنسۆسی یەک ١: ٩).**

...................

ووشەی یەزدان لە پەرتووکی پیرۆزدا ئەوەمان بۆ دەردەخات کەوا مرۆڤ بە سروشت خراپە و گوناهبارە و ئەوەی دوورە پەرێز راوەستێت لە یەزدان بێ کەڵک و بێ سودە. (رۆما **٣: ١٢**). تەنانەت ئەو مرۆڤەش کەوا سەرکەوتووە لە ئیشوکاریدا و شوێنی رێزگرتنی هەیە لەلای خەڵکەوە، ئەویش گوناهبارە و سروشتی خراپەی تێدایە.

یەزدان دەیەوێت هەموو مرۆڤێک بانگ بکات بۆ بەشدار بوون لەو رێگەی رزگاریەدا کە خۆی بۆ مرۆڤی داناوە و دەرون و ژیانی مرۆڤ بگۆرێت. داواکاری یەزدان ئەوەیە کە تۆ مەسیح بناسیت و بزانیت کەوا ئەو هاتووە بۆ رزگار کردنی تۆ لە سزای گوناهو خراپە و بیری خراپ و دوایش لەمردن، ئەو سزایەی کە یەزدان دای بەسەر مرۆڤدا بە هۆی گوناهەوە. گەر مرۆڤێک تەنها ئەوە بکات کە خۆی دەیەوێت، بەبێ گەرانەوە بۆ ووشەی یەزدان، ئەوا ژیانی ئەمرۆ و دوا رۆژیش دەدەۆرێنێت.

کاتێک کەسێک بەتەواوەتی دەزانێت کەوا یەزدان چی کردووە لە پێناوی رزگارکردنی مرۆڤدا، ئەوسا دەژی بۆ رەزامەندی یەزدان نەک تەنها هەر بۆ ژیانی خۆی.

## ٢ تشرینی دووهەم

**یەزدان لەسەر بناغەی باوەڕ، گوناهی لەسەر لابردین، بەهۆی عیسای مەسیحی خوداوەند، لەگەڵ یەزداندا ئاشتبوونەوە... بە خوێنی ئەو گوناهمان لەسەر لاچوو (رۆما ٥: ١، ٩). بە خوێن رشتنی ئەو لە سەر خاچ، ئاشت بوونەوە هاتەدی. (کۆلۆسی ١: ٢٠).**

..................

تەنها ڕێگە و بناغەی ئاشتبوونەوە لەگەڵ یەزداندا، عیسای مەسیح و خوێن رشتنەکەیەتی، مردن و زیندوو بوونەوە کەیەتی، ئەوەی وەریگرێت و باوەڕی پێ بهێنێت، گوناهی لەسەر لادەبرێت و لەگەڵ یەزدان ئاشت دەبێتەوە، بەمانای تەواوەتی یەزدان لەگەڵی ئاشت دەبێتەوە و ئاشتی لە دەرونیدا دروست دەبێت. لە (رۆما **٤: ٢٥**) نووسراوە:
(یەزدان ئەوی "واتە مەسیحی" دایە دەست مردن لە پێناوی گوناهەکانماندا، ئینجا هەڵیساندەوە لە پێناوی بەدەست هێنانی لێخۆشبوون بۆ ئێمە).
زیندوو بوونەوەی عیسا نیشانەیە بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارە و دووپات کردنەوەیە بۆ ئەوەی گوناهی مرۆڤ بە خوێنی ئەو دادەپۆشێت و لادەبرێت. ئەگەر مەسیح لە پێناوی گوناهی مرۆڤدا مردبێت، ئەوا زیندوو نابێتەوە تا کارەکە جێبەجێ نەبێت و هەستانەوە و زیندوو بوونەوەی ئەو دەردەخات کەوا کارەکەی جێبەجێ کردووە.

# ٣ تشرینی دووهەم

**ووشەی خاچ لای ئەوانەی لەناودەچن نەزانینە، بەڵام لای ئێمە کە رزگارمان بووە (واتە باوەڕداران) هێزی یەزدانە. (کۆرنسۆسی یەک ١: ١٨).**

.....................

ووشەی خاچ دژی هەموو بیرکردنەوەیەکی مرۆڤانەیە، لەگەڵ ئەمەشدا، رزگارکەرە بۆ هەموو ئەوانەی باوەڕی پێ دەهێنن و دەبینە رۆڵە و نەوەی یەزدان. خاچ و ئەوەی لەسەر خاچ روویدا، نامەی یەزدانە بۆ هەموو مرۆڤێک.
ئەوەی لەسەر خاچ روویدا، بۆمان دەردەخات کەوا مرۆڤ لەناو دەچێت و هیچ چاری نیە و پەیوەندی بچراوە لەگەڵ یەزداندا، هاتن و مردن و بەقوربانی بوونەکەی عیسا لەسەر خاچ، رێگەی پەیوەندی یەکسەر لە نێوان مرۆڤ و یەزداندا دروست بوو. عیسای مەسیح خۆی بوو بە رێگاکە.
خوێنەری بەرێز لەوانەیە لای تۆش هەتا ئێستا ووشەی خاچ مانای نەبوو بێت، بەڵام ئێستا دەزانیت کەوا خاچ چیە و بۆچی مەسیح هات و شێوەی مرۆڤی وەرگرت و بوو بە قوربانی، کەواتە تا وەک پەیوەندی یەکسەریت هەبێت لەگەڵ یەزداندا و ببیتە رۆڵەی یەزدان پێویستت بەوەیە کە قوربانیەکەی یەزدان وەرگریت.

## ٤ تشرینی دووهەم

**پێویستە لە ئاسمانەوە لەدایک ببنەوە. (یۆحەننا ٣: ٧).**

....................

گۆڕان جیایە لەگەڵ (لەدایک بوونەوە) یاخود (سەر لەنوێ لەدایک بوونەوە).

لەدایک بوونەوە مانای خۆی بەخۆیەوەیە، هەوڵی گۆڕانی مرۆڤ بۆ خۆی و هەڵسوکەوتی و سروشتی، بەهیچ شێوەیەک ناگاتە ئاستی (سەر لەنوێ لەدایک بوونەوە)، چونکە ئەو مرۆڤەی سەرلەنوێ لەگەڵ مەسیحدا لەدایک دەبێتەوە، مرۆڤێکی تازەیە و مرۆڤە کۆنەکە ئەوەی کە بە سروشت گوناهبارە دەمرێت. پۆڵس نێرراوی عیسای مەسیح دەڵێت: گەر یەکێک سەر بە مەسیح بێت، ئەوا دەبێتە بوونەوەرێکی یان (دروست بوویەکی) تازە شتە کۆنەکان نەمان یان (نامێنن) و بەسەردەچن، ئەوەتا هەموو شت نوێ بۆتەوە. (کۆنسۆسی دوو ٥: ١٧).

بەرێزان، سروشتی خراپ و گوناهباری مرۆڤ، ناتوانێت خۆی بگۆڕێت بەتەواوەتی، چار تەنها هەر ئەوەیە کە مرۆڤ ئەو سروشت و کەسایەتی ناوەوەی خۆی بمرێنێت و خۆی بداتە دەستی یەزدان و لەدایک ببێتەوە سەر لە نوێ لەگەڵ مەسیحدا و زیندوو بوونەوەی مەسیح بکات بە نمونە بۆ زیندوو بووەنەوەی خۆی و تەنها سەیری مرۆڤە تازە لەدایک بووەکە بکات..

## ٥ تشرینی دووهەم

**داوا بکەن پێتان دەدرێت... (مەتتا ٧: ٧).**

.....................

کاتێک لەشکری ناپلیۆن خەریکی هێرش کردن بوو بۆ ناوچەیەک تا وەک خەڵکەکەی هەموو لەناوبەرێت، ژنێکی بیوەژنی باوەڕدار بەخۆی و چەند منداڵێکیەوە لە خانووەکەی خۆیدا لەگەڵ منداڵەکانیدا لەماڵەوە خۆیان حەشار دەدەن و ماڵ و خانوکەیان بە تەنها دەبێت لە دەشتێکی چۆڵدا.

کات کاتی زستانە و شەوە، ژنەکە منداڵەکانی کۆدەکاتەوە و بەچاوی گریانەوە نوێژ دەکات بۆ یەزدان و لەگەڵ یەزدان دەدوێت و بە ساویلکەییەوە بە یەزدان دەڵێت: یەزدانی مەزن و پیرۆز، تکات لێدەکەم، داوات لێدەکەم، بەڵکو ئەو شەو دیوارێک دروست بکەیت بە دەوری خانووەکەماندا، تا وەک کاتێک سوپاکەی ناپلیۆن بێرەدا تێدەپەرن، خانووەکەمان نەبینن و بێن بمانکوژن.

منداڵەکان ئەمە بەشتێکی زۆر سەیر دەزانن و باوەڕ بەوە ناکەن کە تا بەیانی دیوارێکی ئاوا پان و گەورە و بەرز بەدەوری خانووەکەیاندا دروست بێت، شەو هەموو بەترسەوە دەخەون بەڵام بەیانی کە خەبەریان دەبێتەوە سەیر دەکەن بەفرێکی زۆر زۆر باریوە، ئەوەندە باریوە کەوا دەروپشتی خانووەکە و خانووکە هەمووی داپۆشراوە. ئەمەیە ئەو خودایە ئەگەر لەدڵەوە باوەڕت هەبێت پێی، ئەوا لە هەموو کاتێکدا لەلاتە وەدەتپارێزێت.

## ٦ تشرینی دووهەم

**وەرن بۆ ئاو هەموو ئەوانەی تینووتانە... گوێ بەن بەلامەوە و وەرن بۆ لام، گوێ بگرن ئەوساکە دەژین... (ئیشەعیا ٥٥: ١، ٣) ئەوەی لەو ئاوە بخواتەوە کە من دەیدەمێ، هەرگیز تینووی نابێ. (یۆحەننا ٤: ١٤).**

..................

لە سەر چیایەک خاچێکی گەورە دروست کرابوو لە تەختە بە شێوەیەک کەوا خەڵکێکی زۆر لەدورەوە دەیان بینی و خەڵکێکی زۆریش دەچوون بۆ سەردانی. هەندێک درز و قیلش کەوتبووە تەختەی خاچەکە و گەر بەوردی سەیرت بکردایە دەتبینی کەوا هەندێ کەس پارەیان هاویشتۆتە ناو کون و دەرزەکانی تەختەی خاچەکەوە.

بەراستی زۆر سەیرە نازانم ئەو کەسانە بە چ نیازێکەوە هەستاون بەم کارە، من لەو باوەڕەدام ئەو کەسانەی ئەمەیان کردەوە مانای خاچ و مانای خۆ لەخاچدانی عیسا نازانن چییە، نازانن کە خاچ نیشانە و رەمزە بۆ قوربانیەکەی مەسیح بۆ مرۆڤ و رزگاری دەبەخشێت بە مرۆڤ، ئەو رزگاریەی یەزدان بە بەلاش و بێ پارەیە و یەزدان دڵشادە بەوەی دایناوە و کردوویەتی لەو رێگایەدا، یەزدان ئاوی زیندوو دەدات بەهەموو ئەوانەی تینوون (یۆحەننای ٤: ١٠). بۆ ژیانێکی تازە، ئەوەی دەستی پێدەکات کاتێک باوەڕ بە ڕۆڵە لەخاچداراوەکەی دەهێنێت.

# ٧ تشرینی دووهەم

**ئێستاش ئەی منداڵەکان، بچەسپێن تیایدا. (واتە لەناو یەزداندا و لەگەڵیدا). (یۆحەننای یەکەم ٢: ٢٨).**

......................

ئایا بیر لە پێوستیەکانی باوەڕ دەکەیتەوە؟ پێوستی باوەڕ ئاسانە و داوای ئەوە ناکات کەوا باوەڕدار دەبێت زیرەک بێت و هەموو ئیشوکارێک بزانێت و مامۆستا و زانا و دانا بێت. گەر بێت و باوەڕهێنان پێوستی بەمانە بێت یان داوای ئەمانە بکات، ئەوا شتێکی سوک و ئاسان نابێت بۆ مرۆڤ و هەموو کەسێک نابێت بە باوەڕدار.

ووشەی یەزدان داوای ئەوە دەکات لە مرۆڤی باوەڕدار کەوا لەگەڵ یەزدان و لەناو یەزداندا لە مەسیحدا بمێنێتەوە و بچەسپێت تیایدا و ببێت بە رۆڵەی یەزدان، بۆیە ووشەی یەزدان باوەڕداران بە ناوی منداڵەکانیەوە بانگ دەکات.

مانەوە و چەسپاندن لەگەڵ یەزداندا، هەموو کەسێک زانا و دانا و مرۆڤی سادە و ساکاریش دەتوانێت بیکات و توانای بەسەریا دەشکێت، گەر ئەوەی گوێتان لێی بوو تیاتاندا بچەسپێت، ئەوا لە رۆڵە و باوکی ئاسمانیدا دەچەسپێت. (یۆحەننای یەکەم ٢: ٢٤).

## ٨ تشرینی دووهەم

**با ئەم بیروڕایەتان تێدابێت، ئەوەی لە عیسای مەسیحدایە، ئەوەی لەشێوەی یەزداندا بوو... شێوەی کۆیلەی وەرگرت... خۆی نزم کردەوە و ملکەچ بوو تا مردن، مردن لە سەر خاچ. (فلیپی ٢: ٥ ــ ٨).**

......................

چارەسەری یەزدان چیە بۆ نەخۆشی خۆ بە گەورە زانین و لوت بەرزی و نەخۆشی ووشەی (من) لە خویندنەوەی مزگێنیدا (ئینجیل) بەرزترین وێنەی ملکەچی و کوێرایەڵیمان بۆ دەرکەوێت، کاتێک مەسیح بەو هەموو هێز و توانا و دەسەڵاتەوە، دەچێتە سەر خاچ بۆ ئەوەی ببێتە قوربانی بۆ مرۆڤ.

عیسای مەسیح ئەوەی شێوە و جەستەی مرۆڤی وەرگرت، ئەوەی هەموو جیهانی پێ دروست بوو، ئەوەی مردووی زیندوو کردەوە، بوو بە کویلە و رازی بوو بە سوکایەتی پێکردن، بەڵام رانەوەستا و لای نەدا لەو رێگە و پلانە کە دانرا بوو بۆ رزگارکردنی مرۆڤ.

رۆحی پیرۆز یارمەتیمان دەدات کەوا عیسای مەسیح ببینین و لەگەڵی بدوێین و گوێمان لە ووتەی بێت، ئەو بەمە دەیەوێت بمانگۆرێت بۆ سەر وێنەی خۆی. (کۆرنسۆسی دوو ٣: ١٨).

## ٩ تشرینی دووهەم

**مەترسە ئەبرام (ئیبراهیم)، من سپەرم بۆت، پاداشتت زۆر گەورەیە.( پەیدابوون ١٥: ١)**

.................

گەر منداڵێک خەوتبێت، لەپڕ با و ڕەشەبا بێت و منداڵەکە خەبەر بکاتەوە و منداڵەکە بترسێت لە دەنگ و جووڵەی رەشەباکە و خەوکەی لێ بزرێت، کاتێک باوکی منداڵەکە بێت و بیخاتە باوەشیەوە و هێور و هێمنی بکاتەوە، دیارە منداڵەکە ئیتر ترسی نامێنێت و ئەگەر گوێشی لە با و ڕەشەباکە بێت، دیسانەوە خەوی لێدەکەوێتەوە، چونکە هەست بە ئاسودەیی دەکات لە باوەشی باوکیدا. تەنها ئەو باوەش و ئاسودەییە بەسە بۆ ئەوەی منداڵەکە ترسی نەمێنێت و بە ئاسودەیی بخەوێتەوە.

بەرێزان بۆ ئێمەی مرۆڤیش، ئەو ئاسودەییە لە ژیانماندا زۆر گرنگە، کەوا بێ ترس و بە ئاسودەیی بژین. بۆ ئەمەش پێوستە کەوا بەتەواوی متمانە و باوەڕمان بە یەزدان هەبێت ، دڵمانی بۆ بکەینەوە بە هەموو دڵسۆزیەکەوە، ئا ئەمەش وامان لێدەکات کەوا ئاسودەبین و ترسمان نەبێت. خۆشەویستی تەواو، ترس دەردەکاتە دەرەوە. (یۆحەننای یەک ٤: ١٨).

## ١٠ تشرینی دووهەم

**مێگەلەکەش گوێ لەدەنگی دەگرن، بانگی مێگەلە تایبەتیەکەی خۆی دەکات هەر یەکە بەناوی خۆیەوە.(یۆحەننا ١٠: ٣)**

.....................

کابرایەکی باوەڕدار لە هەنگاریا لە کارگەیەک کاری دەکرد کەوا ئیشی داربرینەوەی دەکرد. ئەم باوەڕدارە لەگەڵ چەند هاوڕیەکیدا رۆژانە کە کاری دەکرد، بەدەم کارەکەیەوە سرودی بۆ یەزدان و بۆ خاچ دەوت بەدڵێکی خۆشەوە و زۆر بەگەرمی و بە پاکی ئیشی خۆی دەکرد، سەرۆکی کارەکە رقی لە کابرای باوەڕدار هەڵگرت و ووتی: ئەگەر جارێکی کە گوێم لەم سرودانە بێت، ئەوا تۆش و هاورێکانت هەموو لەکارەکە دەردەکەم.
دوای ماوەی چەند رۆژێک هاتە سەر کارەکە و دیسانەوە گوێی لە کابرا و هاورێکانی بوو کەوا سرود دەڵێن، کابرای ئیشکەر لە پڕ بینی کەوا سەرۆکی کارەکە بەسەریانەوە راوەستاوە، ترس لەوە هەبوو کە خۆی و هاوڕێکانی لە کارەکە دەرکرێن و بێکار بمێننەوە، بەڵام سەیر ئەوە بوو کە سەرۆکی کارەکە لەگەڵیاندا دەستیکرد بە ووتنەوەی سرودەکەیان و ووتی: بەراستی سرودەکانتان کارتان کردە سەر دڵم و یەزدان دڵمی بۆ لای خۆی برد، بەمە کابرای سەرەک کار باوەڕی هێنا.

# ١١ تشرینی دووهەم

**ئەی باوکمان لەئاسمان  با ناوت پیرۆز بێت، با پادشاهێتیەکەت بێت، نانی ڕۆژانەمان هەموو ڕۆژێک بدەرێ. لەگوناهمان خۆش بە، چونکە ئێمەش لە گوناهی ئەوانە خۆش دەبین، کە هەڵەمان بەرامبەر دەکەن، مەمان خەرە تاقیکردنەوە.( لۆقا  ١١ :٢- ٤)**

....................

کاتێک رۆڵەی یەزدان شێوەی مرۆڤی وەرگرت و بوو بە مرۆڤ بەلەش و جەستە، دەوری مرۆڤی بینی بە پشت بەستن بە یەزدان، بۆیە دەبینین عیسا نوێژ دەکات وەک هەموو مرۆڤێک. نوێژەکانی عیسای مەسیح: کاتێک لە ئاو هەڵکێشرا و رۆحی پیرۆز هاتە لەش و جەستیەوە. (لۆقا ٣: ٢١).

بۆ یەکەم جار کە دەنگ و باسی بە تەواوی بڵاو بوویەوە. (مەرقۆس ١: ٢١).  پێش ئەوەی نێرراوانی خۆی هەڵبژێرێت. (لۆقا ٦: ١٢).  دوای ئەوەی کە پێنج هەزار کەسەکەی تێرکرد. (مەتتا ١٤: ٢٣).  کاتێک یۆحەننای خەڵک لە ئاو هەڵکێش سەربڕا. (لۆقا ٩: ١٨). کاتی دەرکەوتنی موسا و ئەلیاس. (لۆقا ٩: ٢٩).  کاتێک لەعازری لە مردن هەستانەوە و زیندوویکردەوە. (یۆحەننا ١١: ٤١).  کاتێ بیر لە مردنی خۆی دەکاتەوە (یۆحەننا ١٢: ٢٧). نوێژکردن بۆ پەترۆس. (لۆقا ١٢: ٣١).  نوێژە بەناوبانگەکەی کە بە ووتەی (ئەی باوک) دەست پێدەکات. (یۆحەننا ١٧: ١).  نوێژکردنی لە باخی جەسیمانی. (مەتتا ٢٦: ٣٦). نوێژکردنی بۆ ئەوانەی لە خاچیاندا. (لۆقا ٢٣: ٣٤).  کاتی مردنی کە رۆحی سپارد (لۆقا ٢٣: ٣٤).  نوێژ لە کاتی نادیاری کراودا (لۆقا ١١: ١).

# ١٢ تشرینی دووهەم

**ئەو (واتە مەسیح) لە پێناوی هەمووواندا مرد، هەتا زیندووان ئیتر بۆ خۆیان نەژین، بەڵکو بۆ ئەوەی لە پێناویاندا مرد و هەستایەوە... کەواتە ئێمە باڵوێزی مەسیحین، یەزدان بەهۆی ئێمەوە ووتار دەدات، لەبەر ئەمە لە جیاتی مەسیح داواتان لێدەکەین لەگەڵ یەزدان ئاشت ببنەوە. (کۆرنسۆسی دوو ٥: ١٥، ٢٠).**

..................

ووشەی (ئازادی) بیرو دەرونی هەموو مرۆڤێک دەجولێنێت، ئازادی هەقێکی تەواو و مافێکی تەواوی ئەوانەیە کە ژێر دەستن و چەوساوەن، بێجگە لە مانەشی ئازادی پێوستە بۆ ئەوانەی کویلەی خراپە و گوناهن.

مرۆڤ نابێت سەیری ئازادی بکات بە شێوەیەک کەوا، خۆی چی بوێت ئەوە بکات، دڵ و لەشی ئارەزوی چی کرد، ئەوە بکات. گەر هات و مرۆڤ بەم شێوەیە هەڵسوکەوتی کرد، ئەوا دەبێتە کویلەی ئەو ئارەزووە و خراپانەی کە لە مرۆڤدایە، چونکە مرۆڤ لەگەڵ ئەوەی ئارەزوی شتی باشی هەیە، ئارەزوی زۆر شتی خراپیشی تێدایە.

مرۆڤ بە سروشت پێویستی لەش و دەرونی زۆری هەیە، کاتێک خۆی بەئازاد زانی و سنورێک نەبوو بۆی، ئەوا هەڵە و گوناهی زۆر دەکات، جا بۆیە زۆر پێوستە کەوا باوکێک و گەورەیەک هەبێت رێنمایی بکات .

## ١٣ تشرینی دووهەم

**دەزانم لە مندا، واتە لە لەشمدا چاکە ناژی. من دەمەوێت ئەو چاکەیە بکەم، بەڵام ناتوانم بیکەم....من ئەو چاکەیەی دەمەوێت نایکەم، بەڵام ئەو خراپەیەی کە نامە وێت، ئەوە دەیکەم. (رۆما ٧: ١٨، ١٩).**

..................

ووشەی (لەش) لە ووتەی یەزداندا چەند مانایەکی هەیە وەک جەستە و گۆشت و خوین، سروشتی مرۆڤ دوای کەوتنی ئادەم. (پەیدابوون ٣).

مرۆڤ لە بەر چاوی یەزدان، جەستەیەکە لە گوشت و خوێن کەوا گوناهی تێدایە و سروشتێکی گوناهباری لە خۆی گرتووە و کاتێک باسی لەش دەکەین، مەبەست لە سروشتی گوناهباری مرۆڤە لەشی مرۆڤ و دەرون و رۆحی مرۆڤ هەمووی بۆتە ئامێرێکی مل کەچ بۆ گوناە.

ووشەی یەزدان لە (بەشی ٦ رۆما) بۆمان دەردەخات کەوا مرۆڤ پێوستە ئەو لەش و جەستەیەی خۆی لەگەڵ عیسای مەسیحدا لە خاچ بدات و بیمرێنێت، نووسراوە:

مرۆڤە کۆنەکەی تیاماندایە لە خاچدرا لەگەڵ مەسیحدا، تا لەشی گوناهباران نەمێنێت و ئیتر بەکویلەیی گوناە نەمێنێتەوە. ئەو مرۆڤەی بەم کارە هەڵدەستێت پێی دەوترێت مرۆڤێکی (لە دایک بووەوە) یان (جارێکی کە لەدایک بۆتەوە) واتە ژیانێکی تازەی هەیە و بۆتە رۆڵەی یەزدان و بە پاکی و ئاشتی لەگەڵ یەزداندا دەژی.

## ١٤ تشرینی دووهەم

**ئەوەی باوەڕ بە ڕۆڵە بهێنێت، ژیانی هەتاهەتایی هەیە. ئەوەش کە گوێرایەڵی ڕۆڵە نابێت، ژیانی نابێت، بەڵکو توڕەیی یەزدانی بەسەردا دەچەسپێت. (یۆحەننا ٣: ٣٦).**

.......................

دوو ڕێگە هەیە بۆ چوونە لای یەزدان.

یەکەم: گەر بێتو بڕوینە لای وەک ڕزگارکەرێک بۆ ئێمە، بە هۆی عیسای مەسیحەوە و قوربانیەکەیەوە، ئەوە مەسیحە دەڵێت: (وەرن بۆ لام ڕزگارتان دەکەم). گەر ئەم ڕێگەیە نەبوو، ئەوا دەبێت ڕێگە دووهەم بگرینەبەر.

دووهەم: بڕۆینە لای یەزدان، وەک کەسێک کە سزای دابێت بەسەرماندا، چونکە ئێمە سەرەرای گوناهباریمان، قوربانیەکەی ئەومان وەرنەگرتووە، ئەو قوربانیەی بە بەلەش داویەتی پێمان.

خوێنەری بەرێزم، خۆزگە هەر ئێستا بڕیارت دەدا کەوا بچیتە لای یەزدان و قوربانیەکەی وەرگریت و جەستەت بە خوێنی قوربانیەکەی پاکەیتەوە لە هەموو گوناهێک، تا ئاشتی و خۆشی و بەرەکەت وەرگریت، ئەو ئاشتی و خۆشی و بەرەکەتەی دێت بۆت، دوای ئەوەی کە هەست بە لەدایک بووەنەوەی سەر لەنوێت دەکەیت و ناوت لە دەفتەری ژیاندا دەنووسرێت

.

## ١٥ تشرینی دووهەم

**ئێمە لە کۆندا (رابوردوا) هەموو لەوانە بووین کە بەپێی ئارەزوی لەش دەژیاین... بەڵام یەزدان کە دەوڵەمەندە لە بەزەیدا... زیندووی کردینەوە لەگەڵ مەسیحدا، دوای ئەوەی مردبووین بە هۆی گوناهەکانمانەوە. (ئەفەسۆسی٢: ٣، ٥).**

......................

خەڵکی دەڵێن: هەموو گوناهێک بەزەیی و لێخۆشبوونی هەیە، ئایە ئینجیل وا ناڵێت؟ لە راستیدا ئەمە نکۆڵیە لە ئینجیل، لێرەدا وا دەردەکەوێت کەوا لێخۆشبوون بەگشتیە و لە نێوان راستی و ناراستیدا، لە نێوان چاکە و خراپە دا، جیاوازە لەگەڵ ئەمەدا و تیایدا دەردەکەوێت کەوا بوونی گوناه شتێکی گەورەیە و ووشەی یەزدان هەموو مرۆڤێک ئاگادار دەکاتەوە بەوەی گوناهبارە و پێوستی بە رزگاربوون هەیە لەو گوناهەی بە سروشت لە بیرو جەستەیدایە. مەسیحیەت ئەوەمان بۆ دەردەخات کە سزای گوناه مردنە، بەڵام یەزدان بەبەزییە و مردنی ناوێت بۆ مرۆڤ، چار هەر لەبەر ئەمە ئەو کەسەی کە تەنها هەر ئەو بێ گوناه بوو، سزای گوناهی هەموو مرۆڤێکی خستە سەر شانی خۆی مردوو بوو بە قوربانی، تا وەک مرۆڤ رزگاری بێت لە گوناه. ئایا دەبێت ئەو مرۆڤەی کەوا باوەڕ بەوە دەکات کەوا گوناهی لەسەر شان نەماوە، چەند دەم بە سوپاسی بێت بۆ مەسیح، ئەوەی لەبری گوناهی مرۆڤ مردوو زیندوو بووەوە تا وەک مرۆڤیش لەگەڵیدا زیندوو ببێتەوە و ژیانی هەتاهەتایی هەبێت.

# ١٦ تشرینی دووهەم

**با مەسیح لە لەشمدا ڕێزدار بێت، گەر ئەمە بە مردوویی بێت یان بە زیندوویی. چونکە لای من، ژیان مەسیحە، مردنیش قازانجە. (فلیپی ١: ٢٠، ٢١).**

.......................

کاتێک پۆڵس ووتی (ژیانم لەگەڵ عیسای مەسیحدا) لە کۆشکێکی گەورەی پاشادیانەدا نەبوو، جل و بەرگی بەهای لەبەردا نەبوو و خۆشترین خواردنی نەدەخوارد.

کاتێک ئەمەی ووت، ئەو لە بەندیخانەدا بوو و دەست بەسەر بوو لای ڕۆمەکان. باشە ئایا دەبێت نهێنی دڵخۆشی وشادی ئەو چی بێت؟

نهێنی دڵخۆشی ئەو تەنها هەر کەسی عیسای مەسیح بوو، ئەوەی خۆشی دەویست و لەناو تەنگانە و ئازارەکانیدا دڵ دەرەوەی بوو و ئاسودەیی و خۆشی دەدا بە دەرونی. لەوانەیە کەسانێک بە بێ عەقڵ و شێت دایان بنایە، بەڵام ئەو ئەمەی بە خەیاڵا نەدەهات، چونکە ئەو لە مەسیحدا پێویستی دەرونی و شادی دڵی بەدەست دەهێنا.

گەر هەر کەسێک بیەوێت ئەو شادی و ئاسودەییەی دەرون تاقی بکاتەوە، دەتوانێت بە هۆی عیسای مەسیحەوە بە دەستی بهێنێت، ئەوسا ئەو کەسە دەتوانێت زۆر لە با و بۆران و کوسپی ژیان ئاسان بکات و هەنگاوی بەسەردا بنێت، بێ ئەوەی ئەو شتانە و خەمی ژیان بکەون بەسەریا و پانی بکەنەوە وبیخنکێنن.

## ١٧ تشرینی دووهەم

**گەر یەکێ لە گوناهباران تۆبە بکات، لەئاسماندا دەبێت بە شادی (لۆقا ١٥: ٧).**

.........................

ئەو کارە سەر سورهێنەرەی یەزدان کردی، بە رزگارکردنی ئەو دوو شایەتەی شایەتیان دا بۆ پۆڵس لە زینداندا، شتێکی سادە و ساکار نەبوو و هەموو بەندیخانەکە بە بەرد و داریەوە هاتە لەرزین و بوو بە بۆمەلەرزەیەکی توند، دەرگاکانی بەندینخانەکە کرانەوە و کۆت و زنجیری بەندکراوەکان پچران. کاتێک سەرپەرشتیکەری بەندیخانەکە خەبەری بووەوە، وایزانی بەندەکان هەموو رایان کردووە، شمشیرەکەی هەڵکێشا تا خۆی بکوژێت، بەڵام پۆڵس بانگی کرد و ووتی: هیچ لەخۆت مەکە ئێمە هەموو لێرەین. کاتێک سەرپەرشتیکەرەکە رووناکی هێنا و سەیری کرد هەموو بەندەکان لە شوێنی خۆیانن، لەش هاتە لەرزین و ترسی لینیشت و چۆکی دادا لەبەردەم پۆڵس و سیلادا و وتی: چی بکەم تا رزگارم بێت؟ ئەوانیش ووتیان: باوەڕ بهێنە بە عیسای خوداوەند، خۆت و خێزانەکەت رزگارت دەبێت. دوای ئەمە کابرا پۆڵس و سیلای برد بۆ ماڵی خۆیان و تیماری کردن و خواردنی دانێ و ئەوانیش باسی ووشەی یەزدانیان بۆ خۆی و خێزانەکەی کردوو کابراش خۆی خێزانەکەی باوەڕیان بە یەزدان هێنا... (کرداری نێرراوان ١٦: ٢٥ ـــ ٣٤). لێرەدا سەرەرای ئەو کارە سەرسورهێنەرە، باس لەوەیە کە چۆن کابرایەکی بێ باوەڕ هەست بە بەوە دەکات، کە پێوستی بە رزگاربوونە.

## ١٨ تشرینی دووهەم

**دەزانم باوەڕم بەکێ هەیە، دڵنیام یەزدان دەتوانێت پارێزگاری ئەو شتەم بۆ بکات کەوا بۆی داناوم تا ئەو رۆژە (واتە رۆژی دوایی و لێپرسینەوە). ( تیمۆساوس دوو ١: ١٢).**

.........................

کابرایەکی بێ باوەڕ کەوا بۆ یەکەم جار پەرتووکی پیرۆز دەخوێنێتەوە، لەگەڵ کابرایەکی باوەڕداری مەسیحیدا دەدوێت و دەڵێت:

ئەگەر من باوەڕی تەواوەتی بهێنم بەم ووتانەی لە پەرتووکی پیرۆزدایە، ژیانم هەموو تەرخان دەکەم بۆ ئەم رێگایە، چی خۆشی ئەم دنیایە هەیە بەهیچی نازانم و خەم و خەفەتی ژیان ئەوەندە کارم تێ ناکات. کاتێک لەخەو هەڵدەستم، بیری یەکەمم لای ئەم ووتانە دەبێت، کاتێک دەخەوم وێنەی ئەم ووتانە لەبەرچاوم دەبێت، چی هەڵسوکەوتم دەبێت، لە پێناوی باوەڕدا دەبێت، ئەوەندە گوێ نادەم بە شتی ژیان و دەرۆم بۆ لای خەڵکی و باسی ووتەی ئینجیلیان بۆ دەکەم کە نووسراوە: چی بە کەڵکی مرۆڤ دێت، گەر هەموو جیهان بەرێتەوە و خۆی بدۆڕێنێت. (لۆقا ٩: ٢٥ ).

بەرێزانم گەر بێت و بێ باوەڕێک ئەمە بڵێت و وا بیر بکاتەوە، دەبێت باوەڕدار چی بڵێت و چۆن بیر بکاتەوە؟

# ١٩ تشرینی دووهەم

**لە هەموو شتێکدا داواکاریەکانیان پێشکەشی یەزدان بکەن بە نوێژ و پاڕانەوە و سوپاسی، ئاشتی یەزدان، ئەوەی بەزرترە لە سنووری بیری مرۆڤ، دڵ و بیرتان دەپارێزێت لە عیسای مەسیحدا. (فلیپی ٤: ٦، ٧).**

.......................

فیکتۆریای شاژن (١٨١٩ ـــ ١٩٠١) باوەڕی بە یەزدان هەبوو، زۆر تاقیکرنەوەی دی لە ژیانیدا و ناخۆشی بەسەرهات. کاتێک تەمەنی چل و دوو ساڵ بوو مێردەکەی و دایکی بەیەکەوە مردن، دوای ئەوە بە شانزە ساڵی کچە شازادەکەی مرد و لە ساڵی **١٩٨٤** کوڕەکەی کۆچی دوایی کرد!

رۆژێک لە رۆژان بیستی کەوا ژنێک کوڕێکی گەنجی بەهۆی کارەساتێکی دڵ تەزینەوە مردووە و سەرەخۆشی لە کەسەوە وەرناگرێت و نایەوێت کە ببینێت. شاژن فیکتۆریا خۆی هەستا و چوو بۆ لای ژنەکە بۆ ئەوەی بەشداری خەمی بکات. دوای ئەوەی شاژن ماڵەکەی بەجێهێشت، ئافرەتانی دراوسێی ژنەکە لە ژنەکەیان پرسی: شاژن چی پێووتیت ئەویش لەوەڵامدا ووتی: هیچ، دەستی خستە ناو دەستمەوە و بەیەکەوە گریان.

بەرێزانم، ئەوەی ناخۆشی بەسەردا دێت، با هەوڵ بدات نزیک بێتەوە لە یەزدان و ووشەکانی ئەوەی دڵ نەواییە بۆ مرۆڤ، با ووتەکانی پەرتووکی پیرۆز بخوێنێتەوە. (ووشەکانی ژیانی هەتاهەتایی لای تۆیە). (یۆحەننا ٦: ٦٨).

## ٢٠ تشرینی دووهەم

**ئەوەی گویٚ لە ووشەم بگریٚت و باوەڕ بهیٚنیٚت بەوەی ناردوومی، ژیانی هەتاهەتایی دەبیٚت، لە رۆژی دواییدا حوکم نادریٚ بەسەریدا، چونکە ئەو لەمردنەوە پەڕیوەتەوە بۆ ژیان. (یۆحەننا ٥: ٢٤).**

......................

عیسای مەسیح دەڵیٚت: منم ریٚگا و راستی و ژیان. کەس نایەت بۆ لای باوک بەهۆی منەوە نەبیٚت. (یۆحەننا ١٤: ٦).
کیٚ دەتوانیٚت ووتەی رۆڵەی یەزدان، عیسای پیرۆز پشت گویٚ بخات، ئەوەی جەستەی مرۆڤی وەرگرت و هاتە لامان بۆ سەر زەوی و لە گەڵمان دواو خۆی کرد بە قوربانی لە پیٚناوی کرینەوەی ئیٚمەدا؟
ئەم خۆشەویستیە مەزنە بیٚ سنوورە، بۆ ئەوە بوو کەوا سزای هەموو مرۆڤی خستە سەرشانی خۆی و بووە قوربانی و زیندوو بووەوە، تا وەک ئاشتمان کاتەوە لەگەڵ یەزدان و بەهۆی قوربانیەکەیەوە ژیانی جاویدانی بەدەست بهیٚنین. سەرەرای ئەمەش مرۆڤ لە ژیانی سەر زەویدا پەیوەندی بەهیٚزی دەبیٚت لەگەڵ یەزداندا و دەبیٚتە رۆڵەیەکی ملکەچ بۆ یەزدان و بۆ هەموو ژیانی سوودی لیٚ وەردەگریٚت.

## ٢١ تشرینی دووهەم

**یەزدان لەسەر بناغەی باوەڕ لێمان خۆش بوو، بە هۆی عیسای مەسیحی خوداوەندەوە لەگەڵ یەزدان ئاشتبووینەوە... (بەرەکەتی ئەومان وەرگرت... ئێمە شانازی دەکەین بەو هیوایەی هەمانە لە شکۆمەندی یەزداندا). (رۆما ٥: ١، ٢).**

......................

لەو ئایەتەی سەرەوە سێ خاڵی گرنگمان بۆ دەردەکەوێت.

یەکەم: ئاشتی لەگەڵ یەزداندا، دوای ئەوەی کە ئێمە دوژمنی یەزدان بووین، لە بیر و بیرکردنەوەماندا، لە هەڵسوکەوتی خراپدا.

دووهەم: سەرەڕای ئاشتبوونەوە لەگەڵ یەزداندا، بەر بەرەکەتی یەزدان کەوتین، ئەو بەرەکەتەی بەردەوامە. ئەمەش بەزەیی یەزدانە بەرامبەر بە ئێمە.

سێهەم: ئاشتیمان بەدەست هێنا لەگەڵ بەرەکەتی یەزدان ئێستاش دواشت بەشداری دەکەین لە شکۆمەندی یەزداندا. (بە هاوکاریت رێگەم نیشان دەدەیت، دوای ئەوە دەمبەیت بۆ شکۆمەندی...). (زەبور ٧٣: ٢٤).

## ٢٢ تشرينی دووهەم ( ١ سەرماوەز )

**ئایا ئێوە سەر لێشێوار نین چونکە نەلە (پەرتووک) لە کتێب دەزانن نە لە هێزی یەزدان (مەرقۆس ١٢: ٢٤). ئاگادار بن و ئاگاتان لە خۆتان بێت. (کۆمکار٤: ٩).**

.......................

زۆر جار داوای لێبووردن و لێخۆشبوون دەکەین، بەڵام داوای لێبوردن، هەڵە و خراپەکە لەسەر مان لانابات و نایسرێتەوە.
کەواتە هەرچەندە یەزدان لێخۆشبوونی هەیە، نابێت ئێمە لەو باوەڕەدابین کەوا بە داوای لێبوردن و لێخۆشبوونێک هەموو شتێک لەسەر مان لاچووە.
پەرتووکی پیرۆز دەڵێت: هەموویان گوناهیان کردو پێوستیان بە شکۆمەندی یەزدانە. (رۆما ٣: ٢٣). کەواتە چاری گوناه چیە؟
عیسای مەسیح گوناهی هەموو مرۆڤێکی خستە سەر شانی خۆی و بەخواستی خۆی چووە سەر خاچ و خۆی کردە مەڕی قوربانی.
ئەوەی گوناهی بە خوێنی قوربانیەکەی ئەو بشوات، ئەوا گوناهی لای یەزدان دادەپۆشرێت ئیتر یەزدان باسی گوناهی ناکات.
باشە چۆن ئیتر گوناە نەکەین؟ دەبێت سەیری ووشەی یەزدان و ژیانە نمونەییەکەی عیسای مەسیح بکەین و لە سەری برۆین.
ئەگەر بێ خواستی خۆمان گوناهێکمان کرد؟ خوێنی عیسا لای دەبات.

## ٢٣ تشرینی دووهەم

**خۆشەویستی لەمەدایە، نەک لەبەر ئەوەی ئێمە یەزدانمان خۆشەویستووە، بەڵکو ئەو ئێمەی خۆشویستووە و رۆڵەکەی خۆی نارد تا ببێتە کەفارەت بۆ گوناهەکانمان. (یۆحەننای یەکەم ٤: ١٠)... بە خۆشەویستی خزمەتی یەکتری بکەن. (غەلاتیە ٥: ١٣).**

.......................

پەرتووکی پیرۆز باسی خۆشەویستی یەزدانمان بۆ دەکات و لە پێش هەموو شتێکەوە بۆمان دەردەخات کەوا یەزدان خۆی بریتیە لە خۆشەویستی. لە یۆحەننای یەکەمدا بەشی ٤ ژمارە ٨ نووسراوە: (یەزدان خۆشەویستیە).

یەزدان خۆشەویستی خۆی سەلماند بۆمان، کاتێک خۆی و رۆحی خۆی رۆڵەی خۆی نارد و جەستەی مرۆڤی وەرگرت لە شێوەی عیسای مەسیحدا و هاتە لامان و لەگەڵمان دوا وخۆی کرد بە قوربانی بۆ رزگارکردنی مرۆڤ لە سزای مردنی هەتاهەتایی بەهۆی گوناهە و سروشتی گوناهباریەوە، ئەمیش دیاریەکە بۆ هەموو مرۆڤێک و گەشتنە بە رزگاری و بەدەست هێنانی ژیانی جاویدانی.

عیسای مەسیح لە ووتەکانیدا پێمان دەڵێت: کەوا ئێمەی مرۆڤ پێوستە یەکتریمان خۆش بوێت، وەک چۆن ئەو ئێمەی خۆشویست و خۆی کرد بە قوربانی لەبری ئێمە، لەم بارەیەوە لە (نامەی یەکەمی پەترۆس بەشی ٨، بەشی ١، ٢٢) بخوێنەرەوە.

# ٢٤ تشرینی دووهەم

**وەرن بۆ لام ئەی هەموو ماندوان و بارگرانەکان، من دەتان حەسێنمەوە. (مەتتا ١١: ٢٨).**

........................

باوەڕدارێکی مەسیحی باسی شێوەی باوەڕهێنانی خۆی دەکات و دەڵێت: پێش ساڵانێکی زۆر لەمەوبەر من گەنجێک بووم کە باوەڕم نەبوو. ڕۆژێک لە ڕۆژان مەسیحیەکی باوەڕدار، باسی گوناهو قورسایی گوناهی بۆ کردم، منیش پێم ووت: قورسایی چی و گوناهی چی؟ من خۆم نەبەگوناهبار دەزانم و نە هەستیش دەکەم بەوەی قورساییەک بەسەر شانمەوەیە.

باوەڕدارەکە زۆر بە هێمنیەوە پێی ووتم: باشە ئەگەر بێت و ئێمە قورسایی پەنجا کیلۆ بخەینە سەر شان و پشتی مردوویەک، مردووەکە هیچ هەستی پێ دەکات؟ منیش ووتم نەخێر. ئینجا ئەویش ووتی: ڕاستە دیارە هەستی پێ ناکات! دوای ئەمە لەمەبەستی کابرای باوەڕدار گەیشتم و ئەو باسە لە بیرو هۆشما مایەوە تا وەک باوەڕم هێنا.

خوێنەری بەڕێز، ئەگەر تۆش هەست بە قورسایی گوناهو هەست بەوە ناکەیت کەوا مرۆڤ بە سروشت گوناهی تیایە، ئەوا باش بزانە کەوا تۆش لەبارەی ڕۆحەوە مردویت و وەک لاشەیەک وایت و بیر لە داهاتووت ناکەیتەوە. داوا کارم بەخەبەر بێیتەوە، پێش ئەوەی هەموو شتێکت لە دەست بچێت.

## ٢٥ تشرینی دووهەم

**تۆ ئەوەندە دوورنیت لە پادشاهێتی یەزدانەوە. (مەرقۆس ١٢: ٣٤). تۆزێکی کە رازیم دەکەیت ببم بە مەسیحی. (کرداری نێرراوان ٢٦: ٢٨).**

.........................

کابرایەکی مەسیحی باوەڕدار لە هاوڕیەکی خۆی پرسی ووتی: ئایا سەرلەنوێ لەدایک بویتەوە و باوەڕداریت.

ئەویش لە وەڵامدا ووتی: خەریکە! شێوەی ئەم وەڵام دانەوەیە رازیکەر نیە و شتێکی ناخۆشە. چونکە تۆ بۆ زۆر شت ناتوانێت بڵێیت خەریک بوو، بۆ نمونە ناتوانیت بڵێیت: خەریک بوو لە تاقیکردنەوەکەدا دەرچم.

ئەگەر تۆ لە تاقیکردنەوەکەدا کەوتبویت و دەرنەچوو بویت، دەڵێیت: دەرنەچووم یان کەوتووم ئەغریباس پادشا ووتەکانی پۆڵسی نێرراوی عیسای لاخۆش و سەیر بوو، بۆیە پێی ووت: (تۆزیکی کە رازیم دەکەیت ببم بە مەسیحی)، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەوا ئەغریباس بووە بە مەسیحی و هەروەها ئەوەش کە دەڵێت: خەریکە ببم بە مەسیحی.

لە راستیا یەزدان دان بەکەسێکدا نانێت کەوا بە نیوەی دڵیەوە لە گەڵیایەتی، بۆیە پێوستە مرۆڤ بڕیاری تەواوی خۆی بدات، یان لەگەڵ یەزدان یاخود بێ یەزدان.

## ٢٦ تشرینی دووهەم

**یەزدان کە دەوڵەمەندە لە بەزەیی دا... زیندووی کردینەوە لەگەڵ مەسیحدا، دوای ئەوەی مردبووین بە هۆی گوناهەکانمانەوە. یەزدان رزگاری کردین بە بەرەکەتی خۆی. (ئەفسۆسی٢: ٤، ٥).**

......................

بەزەیی و بەزەیی پیاهاتنەوە، شتێکە کەوا لە مرۆڤدا هەیە. دادوەرێک یاخود سەرۆکی وولات لەوانەیە بەزەیی بە کەسێکدا بێتەوە کەوا سزای مردنی بەسەردا دراوە فرمانی ئازادکردنی بدات لە بەندیخانە، لەبەر هەچ هۆیەکی تایبەتی بێت، بەڵام دادوەرەکە یاخود سەرۆکەکە ناچێت باوەش بە گوناهبارەکەدا بکات و لێی نزیک ببیتەوە و ببێت بە دۆست و هاوڕێی گوناهبارەکە.

بەرێزانم بەزەیی یەزدان زۆر گەورەترە لە بەزەیی مرۆڤ. یەزدان دوای ئەوەی بەزەیی بە مرۆڤدا هاتەوە هەستا و جەستەی مرۆڤی وەرگرت و هاتە لای مرۆڤ و هاوڕیەتی مرۆڤی کرد و لێی نزیک بووەوە وخۆی کرد بە قوربانی، تا وەک ئەوەی باوەڕی پێ دەکات رزگاری بێت لە سزای مردن و ئینجا لەدوای ئەوەش ببێتە رۆڵەی یەزدان، بەراستی ئەمەیە بەزەیی تەواوەتی. بۆیە لە مزگێنیدا (ئینجیل) نووسراوە: یەزدان باوکی بەزەییە و، یەزدانی هەموو دڵنەواییەکە. (کۆرنسۆسی دوو ١: ٣).

## ٢٧ تشرینی دووهەم

**کاتێ نوێژ دەکەن، ووشەکان ئەوەندە دووبارە مەکەنەوە، وەک بت پەرستەکان... (مەتتا ٦: ٧).**

..........................

بەرێزانم نوێژ کردن ئەوە نیە کە تۆ شتێکت لەبەر کرد بێت و هەر بیلێیت و بیلێیتەوە. نوێژکردن بریتیە لە دوان و قسەکردن لەگەڵ یەزداندا، چۆن منداڵێک لەگەڵ باوکیدا دەدوێت و باسی خۆی و بارودۆخی خۆی وە ژیانی خۆی بۆ دەکات ، داوای پێوستیەکانی لێدەکات، بە باوەڕێکی تەواوەوە کەوا ئەو باوکە گوێی بۆ دەگرێت و پێوستی و داواکاریەکانی جێبەجێ دەکات. لە مزگێنی (ئینجیلدا) نووسراوە: کاتێ نوێژ دەکەن وەک دوورووەکان مەبن کە حەز دەکەن بەپێوە لە کەنیشتەکان و سوچی شەقامەکان نوێژ بکەن تا خەڵکی بیان بینێت... کاتێ نوێژ دەکەن ووشەکان ئەوەندە دووبارە مەکەنەوە، وەک ئەوەی بت پەرستەکان دەیکەن، ئەوان وا بیر دەکەنەوە بە دووبارەکردنەوە، وەلآم بەدەست دەهێنن... (مەتتا ٦: ٥ ــ ٧).

یەزدان لە پەرتووکی پیرۆزدا لەگەڵمان دەدوێت و قسەمان لەگەڵ دەکات و دەیەوێت ئێمە لەگەڵی بدوێین و قسەی لەگەڵ بکەین، وەک چۆن قسە لەگەڵ کەسێکی زیندوو دا دەکەین. گرنگ ئەوەیە کەوا ئێمە یەکەم جار، پێش هەموو شتێک بچین بۆ لای یەزدان و نزیک بینەوە لێی وبیخەینە دڵمانەوە وگوێی بۆ راگرین، ئینجا نوێژ بکەین و لەگەڵی بدوێین و قسەی لەگەڵ بکەین، واتە نوێژ بکەین.

## ٢٨ تشرینی دووهەم

**کاتێ بەڕۆژوو دەبن ڕووگرژ مەبن وەک دووڕووەکان کە ڕوو گرژ دەکەن، بۆ ئەوەی بۆ خەڵکی دەرخەن کە بەڕۆژوون. (مەتتا ٦: ١٦).**

....................

لە راستیدا رۆژووگرتن بۆ یەزدان ئەوە نیە کە پیاو خۆی برسی بکات و نە نان بخوات و نە ئاو بۆ ماوەیەکی دیاری کرراو، ئینجا دەست بکاتەوە بە خواردن و خواردنەوە. هەروەها ئەوە نیە، کە دەبێت لە کات و ساتێکی دیاری کراودا بێت، بەڵکو مرۆڤ دەتوانێت هەچ کاتێک بیەوێت بەرۆژوو بێت، هەچ کاتێک مرۆڤ خۆی زانی کەوا پێوستی بەوە هەیە کەوا بە رۆژوو بێت بۆ یەزدان دەتوانێت ئەمە بکات.

پەرتووکی پیرۆز باوەڕداری ئازاد کردووە لە هەڵبژاردنی کات و شێوە و ماوەی رۆژوو گرتندا، چونکە رۆژووگرتن شتێکە کەوا پەیوەندی هەیە بە باوەڕدارکە خۆی لەگەڵ یەزداندا. لە مزگێنی (ئینجیل) دا نووسراوە:

کاتێ بە رۆژوو دەبن رووگرژ مەکەن وەک دووڕووکان کە رووگرژ دەکەن, راستیتان پێ دەڵێم ئەوانە پاداشتی خۆیان وەرگرتووە. بەڵام تۆ کە رۆژوو دەگریت، دەم و چاوت بشۆ، بۆنی بەرۆژوویت، تەنها بۆ باوکی نەبینراوت ئەبێت، ئەو باوکەی هەموو نهێنیەک دەبینێت، ئەو پاداشتت دەداتەوە. (مەتتا ٦: ١٦ ــــ ١٨).

## ٢٩ تشرینی دووهەم

**... ئایا ئەوەی دەیخوێنیتەوە تێیدەگەیت؟ ئەویش لە وەڵامدا ووتی: چۆن ئەمە بتوانم گەر یەکێک بۆم روون نەکاتەوە؟ (کرداری نێرراوان ٨: ٣٠، ٣١) بەڵام کاتێک رۆحی راستی (رۆحی پیرۆز) دێت بۆ لاتان، بەرەو هەموو راستیەکتان دەبات. (یۆحەننا ١٦: ١٣).**

......................

(جۆن ستۆنی) باوەڕدار دەڵێت: لە تەمەنی لاویمدا دایکم داوای لێدەکردم کەوا هەموو رۆژێک بەشێک لە بەشەکانی پەرتووکی پیرۆز بخوێنمەوە، منیش لەبەر رەزامەندی دایکم هەڵدەستام بەم کارە. بەڵام ووشەکان ئەوەندە کاریان تێنە دەکردم و بە تەواوی تێنە دەگەیشتم.

دوای ئەوەی کەوا باوەڕی تەواوەتیم بەیەزدان هێنا، سەیرم کرد کەوا بەهۆی رۆحی پیرۆزەوە لە ووشەکانی یەزدان تێدەگەم و ئێستا دەزانم رێگە و پلانی یەزدان چیە!

بەرێزانم ئەوەی بیەوێت لە ووتەکانی پەرتووکی پیرۆز بگات پێوستە باوەڕی تەواوەتی بە یەزدان و رێگەی یەزدان بهێنێت و سەرلەنوێ لە ئاسمانەوە لەدایک ببێتەوە، ئەوسا دەتوانێت پادشاهێتی یەزدان ببینێت. (یۆحەننا ٣: ٣).

بەرێزانم رۆحی پیرۆز یاریدەرە بۆمان تا وەک راستی ووشەی یەزدان بزانین و رێگەی ئەو تێبگەین و بیر و هۆش و هەستمان دەکاتەوە.

## ٣٠ تشرینی دووهەم

**خۆڵ دەگەڕێتەوە بۆ زەوی وەک خۆی کە چۆن بوو، ڕۆحیش دەگەڕێتەوە بۆ لای ئەو یەزدانەی بەخشیویەتی. (کۆمکار ١٢: ٧).**

......................

(ماری کوری) زانای سروشت، لە پەرتووکەکەیدا کە بە زمانی فەرەنسیە دەڵێت: کاتێک مێردەکەم کۆچی دوایی کرد و بردمان بۆ گۆرستان و لەبەر چاوم خستیانە چاڵەوە ووتم: ئەمە کۆتایی هەموو شتێکە! بەلام پەرتووکی پیرۆز دەڵێت: نەخێر ئەمە کۆتایی هەموو شتێک نیە، مرۆڤ بە مردنی کۆتایی نایەت، کۆتایی بەلەشی دێت و لەشی دەگەڕێتەوە و دەبێتەوە بەخۆڵ، بەڵام رۆحی نامرێت و دەگەرێتەوە بۆ لای ئەو یەزدانەی پێی بەخشیوە و دەچێتە بەردەمی و لە وێ لێپرسینەوە هەیە لە رۆژی دوایدا,

گەر هات و کەسێک لە ژیانیدا دانی بەوەدانابوو کەوا ئەو بە سروشتی گوناهبارە و سزای یەزدانی بەسەرەوەیە و قوربانیەکەی یەزدانی وەرگرتبوو بۆ لابردن و پاک کردنەوەی گوناهی، ئەوا بەبێ گوناە دەچێتە بەردەم یەزدان و رۆحی هەتاهەتایە لەگەڵ یەزدان و لەناو پادشاهێتی و مەملەکەتی یەزداندا دەژی و بە پێچەوانەوە ئەوەش کە بە گوناهەوە مردوە حسابی تایبەتی خۆی هەیە. جا کەواتە تا وەک کات ماوە بابیر بکەینەوە.

## ١ كانوونی یەکەم

**پۆڵس نێرراوی مەسیح دەڵێت: ئەی برایان کاتێ هاتم بۆ لاتان بۆ ڕاگەیاندنی بڕوانامەی یەزدان ئەمەش بە ووشەی دانایی و پاراو و پڕ لەواتا نا، چونکە من بڕیاری ئەوەم داوە باسی هیچیتان بۆ نەکەم جگە لە باسی عیسای مەسیح و لەخاچدانی نەبێت. (کۆرنسۆسی یەکەم ٢: ١، ٢).**

..........................

هەندێک عیسای مەسیح بە پێغەمبەرێک دادەنێن. هەندێکی کەش بە مامۆستا و دانای دادەنێن. دوای هاتنی مەسیح تا ئێستاکە چەندین سەدەیە، بە ملیونەها مرۆڤ باوەڕیان پێی هێناوە و بە ووتەکانی هەڵسۆکەوت دەکەن کەوا مەسیح داوای لێکردوون.

هەموو ئەوانەی باوەڕیان بەو هەیە، عیسای مەسیح وەک پێغەمبەر یان مامۆستا و دانا سەیر ناکەن، بەڵکو باوەڕیان بەوەیە کە ئەو خوداوەندە و جەستەی مرۆڤی وەرگرتووە، چونکە عیسای مەسیح هەموو تایبەتمەندیەکی یەزدانی تێدایە، لە ووتەکانیدا لە کار و کرداریدا و لە توانا و هێزیدا. کەس نیە بتوانێت مردوو زیندوو بکاتەوە، یەزدان نەبێت و کەس نیە بتوانێت بڵێت، ڕێگەی ئاسمان منم و من لەئاسمانەوە هاتووم و دەگەڕێمەوە بۆ ئاسمان. ئینجا کەس نیە لە مرۆڤ لە ڕۆحی یەزدان لە دایک بوو بێت بێجگە لە مەسیح .

## ٢ كانوونی یەکەم

**تۆما کاتێک زانی لەعازری خۆشەویستی عیسا مردووە و عیسا دەیەوێت بڕواتە سەر تەرمەکەی ووتی: (با ئێمەش بڕۆین لەگەڵی تا لەگەڵ ئەودا بمرین). (یۆحەننا ١١: ١٦).**

........................

هەڵسوکەوتی مەسیحی خوداوەند ئەوەندە بە خۆشەویستی و نەرم و نیانی بوو، قوتابیەکانی و ئەوانەی کە دەیان بینی هەموو خۆشیان دەویست و ئامادەبوون ببنە خاکی بەرپێی و لەبەردەمیدا بمرن و خۆیان و ماڵیان بکەن بە قوربانی ئەو، ئەمانە بەهۆی رۆحی پیرۆزەوە چاویان کرابووەوە و راستی عیسا و هۆی هاتنی عیسایان زانی و دوایش بوونە نێرراو و باڵیۆزی عیسا، ووتەکانی گەر هات و کەسێک بەهۆی پارەو ماڵ و ئیشەوە، پەیوەندی لەگەڵ یەکێک بەست، بەنەمانی پارە و ماڵ و ئیشەکە، ئەوا پەیوەندیەکە دەپچڕێ یاخود سارد دەبێتەوە.

بەڵام پەیوەندی ئەوانەی لەگەڵ عیسای مەسیحدا بوون و ئەوانەی تا ئێستاش باوەڕیان بە عیسا هەیە، پەیوەندیەکەیان بەهێزە و بەدڵ و بە گیان لەگەڵیدان. ئەوانەی دوای عیسا کەوتبوون، هەرچەندە هەژاربوون و عیساش هیچ پارە و پول و ماڵێکی نەبوو بیانداتێ، سەرەرای ئەمە لەگەڵی مانەوە تا کۆتایی. مەسیحی خوداوەند هێزیکی تایبەتی لە روکەشی و قسە و هەڵسوکەوتدا هەبوو، ئەوان دەیانبینی.

# ٣ کانوونی یەکەم

**داواکەن، پێتان دەدرێت، بگەڕێن دەیدۆزنەوە، لەدەرگا بدەن، لێتان دەکرێتەوە. (لۆقا ١١: ٩).**

.....................

لە دەست و پێوەندی (ئەسکەندەری گەورە) کابرایەکی فەیلەسوف هەبوو، رۆژێک لە رۆژان پێوستی بە پارەیەکی زۆر هەبوو، چووە لای ئەسکەندەر و داوای یارمەتی لێکرد. ئەسکەندەر فەرمانی ئەوەیدا کە چەندی بوێت پێی بدەن.

کاتێک کابرای فەیلەسوف چوو بۆ خەزینە بۆ وەرگرتنی پارەکە، داوای **٥٠،٠٠٠** ریاڵی لێکرد. لێپرسراوی خەزینە ووتی: خەزینەکەمان پارەیەکی وا زۆری تێدا نیە و چوو بۆ لای ئەسکەندەر و پێی ووت، کەوا کابرای فەیلەسوف داوای **٥٠،٠٠٠** ریاڵ دەکات، ئەمە پارەیەکی زۆرە و خەزینەکەمان ئەوەندەی تێدا نیە. ئەسکەندەر ووتی: هەر ئێستا دەبێت پارەکەی بۆ ئامادە بکەن، بە هەر شێوەیەک بێت! دیسان ووتی: ئەم کابرایە بە داواکردنی پارەیەکی ئاوها زۆر، زۆر رێزی لە من گرتووە و من زۆر بە دەوڵەمەند دەزانێت.

بەرێزانم، ئێمەش دەبێت ئاوها بەچاوی دەوڵەمەندیەوە بڕوانینە یەزدان و بارەگای یەزدان, هەر کەسێک داواکات دەیدرێتێ، ئەوەی بگەرڕێت دەیدۆزرێتەوە، ئەوەش کە لە دەرگا دەدات لێی دەکرێتەوە. (لۆقا ١١: ١٠).

# ٤ كانوونی یەکەم

**هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت (واتە بە مەسیح)، بە ناوی ئەوەوە گوناهەکانی دەبەخشرێت. (کرداری نێرراوان ١٠: ٤٣).**

.......................

باوەڕدارێک دەڵێت: لە ماوەی چل و دوو ساڵەی باوەڕمدا سێ شت فێربووم.

یەکەم: بۆ بەخشینی گوناهم و رزگار بوونم لەگوناه، من خۆم ناتوانم هیچ بکەم.

دووهەم: یەزدان داوای ئیشێک یان هەستان بە کارێک ناکات لەمن، بۆ رزگاربوونم لە گوناه.

سێهەم: مەسیحی خوداوەند خۆی هەستاوە بە جێبەجێ کردنی ئەو کارەی کەوا بۆتە هۆی رزگار بوونم لەگوناه، ئەویش بە مردن و قوربانیەکەی لەسەر خاچ.

ئەوەی لەسەر من بوو تەنها ئەوەبوو کە من باوەڕم پێ هێنا، نرخی ئەم رزگاربوونەش زۆر زۆرە، من ناتوانم وەک مرۆڤێک بیدەم، یان خۆم هەستم بەکرینی یاخود کردنی.

مزگێنی (ئینجیل) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەوا گرنگترین هەنگاو لە ژیانی مرۆڤدا ئەوەیە کە باوەڕ بکات بەوەی یەزدان ناردوویەتی، باوەڕ بکات بە عیسای پیرۆز. بۆیە نووسراوە: باوەڕ بهێنن بەوەی ناردوویەتی. (یۆحەننا ٦: ٢٩).

# ٥   کانوونی یەکەم

**عیسا دەڵێت: مەڕەکانم گوێ لە دەنگی من دەگرن، منیش دەیان ناسم و ئەوانیش دوام دەکەون. ژیانی هەتاهەتاییان دەدەمێ و هەرگیز لەناو ناچن، هیچ کەسێک لەدەستم نایانڕفێنێت. (یۆحەننا ١٠: ٢٧، ٢٨). پشت بە یەزدان ببەستە بە هەموو دڵتەوە. (نمونەکان٣: ٥).**

.......................

ئاگر بەربووە ماڵێک و لە نهۆمی دووهەمی ماڵەکە منداڵێک لە پەرنچەرەی ژوریکدا بەگیرمابووەوە و لە خوارەوەی ماڵەکە خەڵک کۆبووبوونەوە و بانگیان لە منداڵەکە دەکرد کەوا خۆی فڕێ باتە خوارەوە و ئەمانیش دەیگرنەوە، بەڵام مناڵەکە واقی وڕمابوو و لەبەر پەرنجەرەکەدا راوەستا بوو و ئاگرەکەش وردە وردە لێی نزیک دەبووەوە. لە پڕ باوکی منداڵەکە هات و هاواریکرد بۆ مناڵەکە و ووتی: مەترسە باز بدە و خۆت فڕێ بەرە خوارەوە من بە باوەش دەتگرمەوە.

منداڵەکە کاتێک باوکی بینی خۆی فڕێدایە خوارەوە و بە چرکەیەک هاتە باوەش باوکەکەیەوە و رزگاری بوو.

بەرێزانم ئا ئەمەیە باوەڕ. مناڵەکە باوەڕی بەکەس نەکرد و خۆی فڕێ نەدایە خوارەوە، بەڵام کاتێک باوکی هات و داوای لێکرد خۆی فڕێ بداتە خوارەوە باوەڕی بە باوکی کرد خۆی فڕێ دایە خوارەوە. هیواردارم ئێمەش ئاوها باوەڕمان بە داواکاری یەزدان هەبێت.

## ٦ کانوونی یەکەم

**خوێنی عیسای لە هەموو گوناهێک پاکمان دەکاتەوە (یۆحەننای یەکەم ١: ٧).**

......................

منداڵێک کەوا دایکەکەی مەسیحیەکی باوەڕدار بوو، لە دایکی پرسی: باشە ئەوە چۆن دەبێت گوناه بشۆرێت و بسڕرێتەوە؟ لەوەڵامدا دایکەکە ووتی: خوێنی عیسای مەسیح هەموو گوناهێک دەشوات و دەیسڕریتەوە.

منداڵەکە ووتی: باشە دوایی گوناهەکە دەچێ بۆ کوێ؟ دایکەکە ووتی: ووشەی یەزدان دەڵێت، گوناهەکە دوور دەخرێتەوە و یەزدان ئیتر باسی ناکاتەوە.

دوای ئەمە دایکەکە تەختەیەکی هێناو بە منداڵەکەی ووت: ئادەی چەند شتێکم بۆ بنووسە لەسەر ئەم تەختەیە، منداڵەکەش هەندێ شتی نووسی و دایکەکەش بە پارچەیەک قوماش نووسراوەکەی کوژانەوە و ووتی: بزانە، خوێنی عیسا ئا بەم شێوەیە گوناهەکانمان دەسرێتەوە، هەر کەسێک باوەڕ بە قوربانیەکەی مەسیح بهێنێت لەسەر خاچ گوناهی لەسەر لادەبرێت.

بەرێزان گوناه وەک دڵۆپەیەکی رەش وایە بەلەش و جلەکانمانەوە، دەستی مرۆڤ و کاری مرۆڤ و هەوڵدانی مرۆڤ خۆی، ناتوانێت بیکوژێنێتەوە و لای بەرێت و بیسرێتەوە، تەنها بەو رێگەیە نەبێت کە یەزدان خۆی داوای کردوە و مەسیحیش هەر لەبەر ئەوە هاتووە بۆ لامان.

# ٧ کانوونی یەکەم

**عیسای پیرۆز دەڵێت: منم ڕێگا و ڕاستی و ژیان، کەس نایەت بۆ لای باوک بە هۆی منەوە نەبێت. (یۆحەننا ١٤: ٦).**
**چونکە هەر یەک یەزدان هەیە و یەکە پەیوەندی ڕێکخەر هەیە لە نێوان یەزدان و مرۆڤدا، ئەویش عیسای مەسیحی مرۆڤە، ئەوەی خۆی بەخت کرد وەک کەفارەت (لێخۆش بوون دروست کەرێک) بۆ هەمووان. (تیمۆساوسی یەکەم ٢: ٥، ٦).**

....................................

یەزدان مرۆڤی دروست کرد بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی تایبەتی هەبێت لەگەڵیدا، پەیوەندی باوک و منداڵ. بەڵام مرۆڤ ئەو پەیوەندیەی تێکدا و گوناهی کرد و سەرکێشی یەزدانی کرد. ئا بەمە پەیوەندی نێوان یەزدان و مرۆڤ پچڕا و نەما. بەڵام یەزدان نەیوست هەتاهەتایە مرۆڤ نەفرەت لێکراو بێت و هیواو ڕێگەی گەڕانەوەی نەبێت بۆ لای یەزدانی باوک. مرۆڤ خۆی و بە هێز و توانای خۆی ناتوانێت خۆی پاک بکاتەوە و بگەڕێتەوە بۆ لای یەزدان، ئێمە کە هەموو مرۆڤین دەزانین کە مرۆڤ چۆنە و سروشت و ناوەوەی مرۆڤ چی تێدایە، ئەمە پەیوەندی نیە بەوەوە کە یەکێک بڵێت: بەخوا فلان کەس باشە و خراپە و هەڵەی نیە و مرۆڤی چاکە، چونکە هەر مرۆڤێک بۆی بگونجێت و بکەوێتە بارو دۆخێکی تایبەتیەوە، دەگۆڕێت وا ئامادەیە هەموو کارێک بکات، یان هەموو کارێکی لێ دەوەشێتەوە، بۆیە یەزدان خۆی ڕێگەی دانا بۆ گەڕانەوەی مرۆڤ، ئەویش بە هۆی قوربانیەکەی مەسیحەوە..

# ٨ كانوونی یەكەم

**تەنها نوحی پاراست كە مزگێنیدەری راست و دروستی بوو... (پەترۆسی دووهەم ٢: ٥).**

..........................

ئێمە لە پەرتووكی پیرۆزدا نابینین كەوا حەزرەتی نوح مزگێنی دەر بوو بێت یاخود ووتاری ئاینی خوێند بێتەوە یان ووتاربێژ بوو بێت، بەڵام لە هەمان كاتدا دەتوانین بڵێین كەوا بەسەدان ووتاری داوە و مەزنتریش لە ووتاربێژێك بووە، ئەویش بەهەڵسوكەوت و كرداری و ملكەچی بۆ یەزدان و باوەڕكردنی تەواوەتی یەزدان.

حەزرەتی نوح لەگەڵ دانانی هەر پارچە تەختەیەك بۆ كەشتیەكەی مانایەك و واتایەك و ووتارێكی داوە بۆ خەڵكەكە.

بە باوەڕ نوح ئاگادار كرایەوە سەبارەت بەوەی روودەدات، هەرچەند نیشانەی هیچ رووداوێك دیار نەبوو، ترسی یەزدان وای لە نوح كرد كەشتیەك دروست بكات تا هەموو خێزانەكەی پێ رزگار بكات، بەمە نوح حوكمی بەسەر جیهانداداو خۆی بوو بە میراتگری راست و دروستی. (عیبرانیەكان ١١: ٨).

باوەڕدارانی خۆشەویستم، تۆش دەتوانیت ببیتە ووتاربێژ بۆ یەزدان و مزگێنی دەر بێت، ئەویش بەهۆی هەڵسوكەوت و كردارتەوە لەوانەیە بێ ئەوەی قسەش بكەیت، بە خۆشەویستی و هێمنی و بەزەیی خۆت دەتوانیت خۆشەویستی یەزدان دەر بخەیت.

## ٩   کانوونی یەکەم

**جوتارێک چووە دەرەوە تۆو بچێنێت، لەو کاتەدا تۆوی دەچاند، بەشێ لە تۆوەکە کەوتە سەر ڕێگا، باڵندە هاتن و خواردیانن، بەشێکی کەشی کەوتە سەر زەویەکی بەردەڵانی کە خۆڵەکەی تەنک بوو، خێرا سەریان دەرکرد، چونکە زەویەکە قوڵ نەبوو، کە رۆژ هەڵهات، ووشک بوون و پڕوکان چونکە رەگی تەواویان نەبوو، بەشێکی کەشی کەوتە نێوان دڕکەوە، کاتێ دڕکەکان سەریان دەرکرد خنکاندیانن. هەندێکیش لە تۆوەکە کەوتە سەر زەوی باش، بەرووبوومی دا... (مەتتا ١٣: ٣ ـ ٨).**

.....................

جوتیار هەریەک جوتیارە و تۆوەکەش هەر یەک تۆو و هەمان تۆوە، بەڵام زەویەکە جیاوازی هەیە.

زەوی یەکەم: نمونەیە بۆ ئەو مرۆڤەی کە ئەوەندە بایەخ نادات بە ووتەی یەزدان و شەیتانیش دێت و زۆر بەئاسانی ووتەکانی لێدەردەهێنێت.

زەوی دووەهەم: نمونەیە بۆ ئەو مرۆڤەی دڵی رەقە وەک بەرد و ووتەی یەزدان تیایا گەشە ناکات.

زەوی سێهەم: ئەو مرۆڤەیە کە زۆر خەریکە بە بیری ژیانەوە و بیری ژیان و خۆشی ژیان ووشەی یەزدان لە دڵیا دەخنکێنن.

زەوی چوارەم: ئەو مرۆڤەیە کە دەزانێت یەزدان راستە و مرۆڤ بەسروشت وبەلەش گوناهبارە و دەیەوێت گوێ رایەڵی ووشەی یەزدان و رێگەی یەزدان بێت.

## ١٠ كانوونی یەکەم

**بە بەردەوامی نوێژ بکەن بەبێ بێزاری. (لۆقا ١٨: ١).**

....................

لە کۆبوونەوەیەکی کۆمەڵی باوەڕداراندا کابرایەک کە تەمەنی نزیکەی هەشتا ساڵ دەبوو، هەستا و ووتی: خوشکانم برایانم، ئەمڕۆ هەواڵێکی زۆر خۆشم پێگەیشتووە و دەمەوێت بۆتانی بگێرمەوە، ئینجا ووتی: من کە گەنج بووم دایکم لەسەر جێگای مردن پێی ووتم:

تۆ کوڕی گەورەمی، ئەوا من دەمرم و دەچم بۆ ئاسمان بۆ لای یەزدان، تۆ ئێستا وەک باوک وایت بۆ هەرچوار براکەت، داوات لێدەکەم کەوا هەموو رۆژێک نوێژیان بۆ بکەیت، تا وەک بەهۆی خوێنی قوربانیەکەی عیسای مەسیحەوە رزگاریان بێت.

من بە درێژایی ئەم ساڵانەی تەمەنم رۆژانە نوێژم کردووە بۆ براکانم، ئەوەتا ئەمڕۆ هەواڵی ئەوەم پێگەیشت کە برای چوارەمم باوەڕی تەواوەتی بە عیسای مەسیح هێناوە و ژیانی داوەتە دەستی ئەو.

خوێنەری بەرێز تۆش ئەگەر شتێکت هەیە، بەردەوام رۆژانە نوێژ بکە و داوای یارمەتی بکە لە یەزدان، یەزدان وەڵامت دەداتەوە.

من یەزدانم خۆش دەوێت چونکە گوێ دەگرێت بۆ پاڕانەوەکانم. (زەبوری ١١٦ ـــ ١).

## ١١ كانوونی یەکەم

**هەموو شتێک بکەن بێ بۆڵەبۆڵ و شەڕەقسە، تا بێ کەم و کوڕی و پاک بن، (یاخود تا بێ وەی و سادەبن)، رۆڵەکانی یەزدان بێ لەکەن و لەناو نەوەیەکن خراپ و چەوت و خواردان، ئێوە لە نێوان ئەوانەدا وەک رووناکی جیهان دەدرەوشێنەوە. (فیلیپی ٢: ١٥).**

.........................

سەربازێکی مەسیحی باوەڕدار لە ساڵی **١٩٤٣** لە وولاتێک بەدیل دەگیرێت و دەبێتە دیلی جەنگ لەگەڵ دیان سەربازی هاوڕیدا.

هەر ئەم سەربازە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: لەو کاتەدا کە دیل بووین، دەیانبردین بۆ ئەوەی کارمان پێبکەن بۆ دروستکردنی خەتی شەمەندەفەر بە تەنیشت روباری (کوای) بۆ گەیشتنی شەمەندەفەر بۆ شاری (برمانیا). کاتێک دەچووین بۆ کارکردن. خەڵکی ئەو ناوچەیە بە چاوێکی زۆر سوک و پڕ لە رق و کینەوە سەیریان دەکردین. بەڵام رۆژێک خەتی شەمەندەفەرەکە گەیشتە ناوچەیەک، سەیرمان کرد خەڵکەکە با چاوێکی کەوە سەیرمان دەکەن و هەڵسوکەوتمان لەگەڵ دەکەن، ئەمە شتێکی سەرسورمان بوو بۆ هەمووومان و نەمانزانی هۆی ئەم گۆڕانە چیە. کاتێک ماوەیەک لەو ناوچەیە ماینەوە بۆ تەواو کردنی کارەکە، بۆمان دەرکەوت کەوا خەڵکی ئەم ناوچەیە بوون بە مەسیحی و ژیانێکی باوەڕدار دەژین.

# ١٢ کانوونی یەکەم

**هەمیشە دڵشاد بن. (تەسەلۆنیکی یەکەم ٥: ١٦).**

..................

یەزدان دەیەوێت رۆڵەکانی گشت کات دڵشاد بن، دڵشادی رۆحی، سەرەرای ئەوەی کەوا ئەم ژیان و جیهانە زۆر ناخۆشی و باردۆخی قورس و گرانی تیایە.

باوەڕداران سەرەڕای ئەوەی کەوا لە عیسای مەسیحدا سەرلەنوێ لە دایک بوونەتەوە، پیرۆزی و بەرەکەتی یەزدانیشیان بەدەست هێناوە، پیرۆزی رۆحی بەهۆی رۆڵە خۆشەویستەکەی یەزدانەوە. پیرۆزە یەزدان باوکی عیسای مەسیحی خوداوەندمان، ئەوەی پیرۆزی کردووین لە مەسیحدا بە هەموو پیرۆزییەکی رۆحی لە ئاسمان.

رۆحی پیرۆزیش بە هەموو باوەڕداران دەڵێت: هەمیشە دڵشاد بن بە خوداوەند، جارێکی کەش پێتان دەڵێم، دڵشاد بن با ڕوخۆشیتان دیار بێت لای هەموو خەڵک. (فیلیپی ٤: ٤، ٥).

بەرێزان سەرچاوەی ئەم دڵشادیە و کانیاوی ئەم دڵشادیە بریتیە لە یەزدان و باوەڕ بە مەسیحی خوداوەنمان، ئەوەی شێوەی مرۆڤی وەرگرت و بوو بە قوربانی تا وەک رزگارمان بکات لە مردنی هەتاهەتایی، ئەم باوەڕە نهێنی دڵشادیە کەمانە و هەڵسۆکەوتمانە. دڵشادیشمان سنوری بۆ نیە و یەزدان دەیەوێت گشت کات دڵشاد بین، سەرەرای ناخۆشی و ئازار مان.

# ١٣ کانوونی یەکەم

**تۆبە بکەن و باوەڕ بهێنن بەم مزگێنیە. (مەرقۆس ١: ١٥) دەزانین کە مرۆڤ رزگاری نابێت لە گوناهی یان لێخۆشبوون بەدەست ناهێنێت بەوەی کار بە شەریعەت بکات، بەڵکو بە باوەڕی بە عیسای مەسیح. (غەلاتیە ٢: ١٦).**

..................

ئایینەکان زۆرن لەم جیهانەدا، بەڵام پەرتووکی پیرۆز تەنها هەر یەکێکە.

ئایین بریتیە لەوەی مرۆڤ دروستی دەکات، بەڵام پەرتووکی پیرۆز ئەوەیە کە یەزدان داویەتی بە مرۆڤ ئایین بریتیە لەوەی کە مرۆڤ دەیکات بۆ یەزدان، بەڵام پەرتووکی پیرۆز ئەوەیە کە یەزدان دەیکات بۆ مرۆڤ. ئای ئایین ئەوەیە کە مرۆڤ دەگەرێت بە دوای یەزداندا، بەڵام پەرتووکی پیرۆز لەگەڵ مزگێنی (ئینجیل) بریتیە لە گەڕانی یەزداندا بەدوای مرۆڤدا

لە ئاییندا مرۆڤ بەهۆی کاری چاکە و خزمەتی یەزدانەوە، سەر دەکەوێت و بەرز دەبێتەوە و دەڕوات بۆ ئاسمان، بەڵام لە مزگێنی (ئینجیل) دا یەزدان لە ئاسمانەوە دێتە خوارەوە و جەستەی مرۆڤ وەردەگرێت تا مرۆڤ بەرز بکاتەوە بۆ لای خۆی بۆ ئاسمان.

ئایین کردار راست دەکاتەوە و سپی دەکاتەوە، بەڵام (ئینجیل) ناوەوەی مرۆڤ دەگۆڕێت و مرۆڤ سەرلەنوێ لە دایک دەبێتەوە و دەبێتە مرۆڤێکی تازە و ژیانی راستەقینە و هەتاهەتایی دەبێت.

# ١٤ كانوونی یەکەم

**کاتێک نوێژ دەکەن گەر شتێکمان هەبوو بەسەر یەکێکەوە لێیخۆش بن. (مەرقوس ١١: ٢٥). زمان شیرین بن لەگەڵ یەکتری، بە بەزەیی بن، لە یەکتری خۆش بن هەروەک چۆن یەزدان بەهۆی مەسیحەوە لە ئێوە خۆش بووە. (ئەفسۆس ٤: ٣٢).**

..................

ئیش کەرێکی گەنج لە کارگەیەکدا هەڵەیەکی گەورە دەکات و زیانێکی گەورە لە کارگە دەدات، لە نەزانینەوە بێ ئەوەی مەبەستێکی هەبێت. کابرا زۆر دەترسێت کاتێک پێی دەڵێن، بەرێوەبەری کارگەکە بانگت دەکات وەرە بۆ لای. لە رێگە کەوا دەڕوات بۆ لای بەریوەبەرەکە ترسی ئەوەی هەیە کەوا لە کارەکەی دەربکرێت و توشی دادگا و بەندکردن ببێت. کاتێک دێتە لای بەرێوەبەری کارگەکە، بەرێوەبەر لێی دەپرسێت: ئایا دان بەهەڵەی خوتدا دەنێت کەوا بوویتە مایەی زیانێکی زۆر بۆ کارگەکە؟ ئیش کەرەکە دەڵێت: بەڵێ هەڵەکە هەڵەی من بووە و من گوناهبارم ئینجا بەرێوە بەرەکە دەڵێت: لەبەر ئەوەی دانت نا بە هەڵەکەت دا، من لێت خۆش دەبم و پێوست بە دادگا و لێکۆلینەوە ناکات، من خۆم نرخی زەرەر و زیانەکە دەدەم. کوڕە گەنجەکە بەم بڕیارە زۆر سەرسام بوو. بەرێوەبەرەکە ووتی: سەرسام مەبە تا ئێستا دوو کەس لەم کارگەیەدا زیان و هەڵەی ئاوها گەورەیان کردووە، یەکەمیان من بووم کاتێک هاتم بۆ ئێرە پێش ساڵانێکی زۆر، دووهەمیشیان تۆیت.

# ١٥ کانوونی یەکەم

**دەوڵەمەندەکانی ئەم جیهانە راسپێرەکە لووت بەرز نەبن و هیوایان بە سامانی لە ناوچوو نەبێت، بەڵکو بە یەزدان... (تیمۆساوسی یەکەم ٦: ١٧).**

....................

مرۆڤ دەتوانێت بە پارە زۆرشت بکڕێت بەڵام ناتوانێت خۆشی و شادی دەرون بکڕێت، هەروەها زۆر شتی کە کەوا بە پارە ناکڕرێت.

بە پارە خواردنی زۆر خۆش دەکڕێت، بەڵام ئەگەر ئارەزوی خواردنت نەبێت ناتوانیت بە پارە ئارەز و بکڕێت.

مرۆڤ دەتوانێت بە پارە پزیشکی باش بهێنێتە ماڵەوە، بەڵام گەر نەخۆشیەکی کوشندەت هەبوو بە هەموو پارەی جیهان چاک نابێتەوە.

گەر خراپەت کرد، دەتوانێت بە پارە شایەتی درۆ بکرێت و خراپەکەت بۆ ماوەیەک یان زیاتر داپۆشیت، بەڵام ناتوانێت راستی و دەنگی دەرون بە پارە بکڕیت یان بیگۆڕێت.

بە پارە دەتوانێت هەندێ شت کە بە سەر تەوەیە لای بەریت، بەڵام ناتوانێت سزای گوناهو سزای یەزدان بەسەرتەوە لابەرێت.

بە پارە دەتوانێت ببیتە ئەندام لە زۆر کۆمەڵە و نادیە بەناوبانگەکاندا، بەڵام ناتوانێت ببیتە ئەندام لە کۆمەڵەی ئاسماندا. بە پارە دەتوانێت زۆر ترس لەسەر خۆت لا بەریت، بەڵام پارە ترسی مردن لا نابات، پارە رێگەی رۆشتن بەرەو دۆزەخ ناگۆڕێت.

# ١٦ كانوونی یەکەم

**نوح و دانیال و ئەیوب، بە تەنها هەر ئەمانە رزگاریان دەبێت... (حزقیال ١٤: ١٤).**

.........................

ئەم سێ کەسە پەیوەندیەکی تایبەتیان هەیە بە یەزدانەوە، بە باوەڕیان و ملکەچی و هەڵسوکەوتیان پیرۆزیان بەدەست هێنا و بوونە نمونە و هەڵگری ووتەی یەزدان.

یەکەم: نوح، ئەو بوو بە نمونەی رزگاربوون و پیشانی هەموو مرۆڤایەتی دا کەوا مرۆڤ چۆن وە بەچی رزگاری دەبێت، پیشانی ئێمەی دا کەوا باوەڕ تەنها ڕێگایە بۆ رزگاربوون، کاتێک لە دەشتایی و چۆڵەوانیەکەدا هەستا بە دروستکردنی کەشتیەکەی بەمە نوح بوو بە میراتگری راستی... (عیرانیەکان ١١: ٧).

دووهەم: دانیال، نمونەی پاکی و زیرەکی، ئەمیش هەمان شت بەهۆی باوەڕیەوە... (دانیال ١: ٨).

سێهەم: ئەیوب، نمونەی دان بە خودا گرتن، دیسان بەهۆی باوەڕیەوە.

خۆزگە دەخوازرێت بەوانەی دان بەخۆیاندا دەگرن، دان بەخۆدا گرتنی ئەیوبتان بیستووە و دەزانن چۆن خوداوەند پاداشتی دایەوە. (یاقوب ٥: ١١).

## ١٧ کانوونی یەکەم

**یەکێ لە قوتابیەکان بە عیسای پیرۆزی ووت: گەورەم نوێژکردنمان فێر بکە... (لۆقا ١١: ١).**

......................

* کاتێک دەتانەوێت نوێژ بکەن، باشترە کە دڵتان بێ قسە و ووشە بێت، لەوەی قسە و ووشەکانتان لە ناوی دڵتانەوە نەبێت و لە دڵتانەوە هەڵنەقوڵێت.
* ئەوەی دەیەوێت تیری خۆی بدات لە جەرگی ئاسمان، دەبێت کەوانەکەی زۆر زۆر چەماوەبێت، ئەمەش واتای ئەوەیە کە ئەو کەسە دەبێت مل کەچی یەزدان بێت و چۆک دادات و خۆی بنوشتێنیتەوە بەرامبەر بە یەزدان.
* زۆر هەن کە باوەڕ بە هێزی نوێژ کردن دەکەن و حەز دەکەن گوێیان لێی بێت، بەڵام ئەوانەی بەراستی نوێژ دەکەن کەمن.
* نوێژ کردن بەیانیان کاتێک لەخەو هەڵدەستیت، وەک کلیلێک وایە کە خەزێنەی پیرۆزی و بەرەکەتی یەزدانی پێ دەکەیتەوە و نوێژ کردنی شەویش پێش خەوتن، بریتیە لەو کلیلەی دەرگای ئەو شوێنەی تیادادەخەیت کە بریتیە لە جێگایەک یەزدان ئێشک گرە تیایدا و ترس نیە لەسەر ژیانت.
* هەموو ئەو شتانەی لە دەرەوەی بازنەی نوێژ کردنن، ئەوانەن کە دوورن لە خواستی یەزدانی پیرۆزەوە.
* نوێژ کردن قەڵغانە بۆ دەرون، قوربانیە بۆ یەزدان و خەنجەرە بۆ شەیتان.

# ١٨ كانوونی یەکەم

**من مێوی راستەقینەم، باوکیشم رەزەوانە، هەر لقێک لەمندا بەرنەگرێت ئەو دەیبڕێتەوە. (یۆحەننا ١٥: ١، ٢).**

......................

کاتێک عیسای پیرۆز ئەمەی ووت، مەبەستی لەو مەسیحیانە بوو کە بەناو مەسیحی بوون و بەکردار پەیوەندی تەواو و دەرونی و رۆحیان بەمەسیحەوە نەبوو. دیسان مەبەستی لەوانە بوو کە بەدەم واخویان دەردەخست کە مەسیحی باوەڕدارن، بەڵام لە راستیدا بە رۆح بەمەسیحەوە نەنووسا بوون.

لەوانەیە کەسێک وا خۆی دەرخات کە لقێکە لە مێوە راستەکە کەوا مەسیحە و دان بنێت بەوەدا کە مەسیحیە، بەڵام لە راستیدا وانەبێت.

لقی راستەقینە و مەسیحی باوەڕدار ئەوەیە کە بیسەلمێنیت ئەو تەواوی بەقەدی مێوەکەوەیە، بەوەی کە بەروو بوومی هەبێت و بەر بدات. لێرەدا دوو بیرۆکە هەن.

یەکەم: لق نیە کەوا بەمێوەوە بێت و بەر نەدات، هەروەها کەس نیە کە بە مەسیحەوە بەسترابێت و بەرووبوومی نەبێت.

دووهەم: هەر لقێک کە بەتەواوی بە بنک و قەدی مێوەوە نەبێت، ووشک دەبێت و دەکەوێت، هەروەها ئەوەی کە بەتەواوەتی بە مەسیحەوە نەبەسترابێت، ئەوا ووشک دەبێتەوە و دەبڕرێتەوە.

## ١٩ کانوونی یەکەم

**هەڵمەخەڵەتێن، چونکە پەیوەندی خراپ ڕەوشتی جوان تێک دەدات. (کۆرنسۆسی یەکەم ١٥: ٣٣).**

..................

کچێکی گەنج بە باوکی ووت: بابە دەمەوێت بڕوم بۆ ماڵی کچێکی هاوڕێی قوتابخانەم. پاش ئەوەی باوکەکە ناوی کچەکە و ماڵەکەی پرسی، ووتی: کچم من حەز ناکەم و نامەوێت بڕویت بۆ ئەو ماڵە، کچەکە کەمێک زویر بوو ووتی: بۆچی بابە، تۆ دڵنیا نیت لەمن و باوەڕت بەمن نیە؟

باوکەکە هیچ وەڵامی نەدایەوە و چوو پارچەیەک خەڵوزی هێنا و دایە دەستی کچەکەی و پێی ووت: کچم ئا ئەم خەڵوزە بخەرە ناو دەستتەوە!

کچەکەش خەڵوزەکەی وەرگرت و ئینجا باوکەکە پێی ووت: بزانە کچم خەڵوزەکە نەیسوتاندیت، بەڵام دەستەکانی ڕەش کردیت.

پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی بەد و خراپیش ئاوهایە، ڕەش و خراپت دەکات.

بەرێزان، پاکی و پیسی، چاک و خراپ، ڕووناکی و تاریکی، ئەمانە هەموو جیاوازن لە یەکتری و تێکەڵ بەیەک نابن. یەزدان ڕووناکیە و جیاوازە لە تاریکی.

## ٢٠ کانوونی یەکەم

**ئەو عیسایەی لە نێوانتاندا بەرزکرایەوە بۆ ئاسمان، رۆژێک دێت بەهەمان شێوە بگەڕێتەوە بۆ لاتان. (کرداری نێرراوان ١: ١١).**

....................

خوداوەند عیسای مەسیح دێتەوە جارێکی کە بۆ لامان، بەڵام کەی؟ لەوانەیە ئەمڕۆ. پەرتووکی پیرۆز ئەوەمان پێرادەگەیەنێت کەوا چەند سەدەیەک پێش هاتنی عیسای مەسیح، هەواڵی ئەوە درا بە مرۆڤ کەوا مەسیحی رزگارکەر دێت، ئەوەبوو لە ئاسمان دابەزی و جەستەی مرۆڤی وەرگرت و هات بۆ لامان و پەیمانی خۆی بردەسەر.

پەرتووکی پیرۆز دیسان پێمان دەڵێت کەوا عیسای مەسیح بۆ جاری دووهەم دێتەوە بۆ لامان، هەروەک چۆن هاتنی یەکەمی راست بوو و پەیمانی خۆی بردەسەر، هاتنەوەی دووهەمیش هەروا دەبێت. باشە مەسیح بۆچی هات یەکەم جار؟ رۆڵەی مرۆڤ هات بۆ دۆزینەوەی وون بووەکان و رزگارکردنیان. (لۆقا ١٩: ١٠). عیسای مەسیح بوو بە قوربانی لە سەر خاچ بۆ رزگارکردنی مرۆڤ و دروستکردنی لێخۆش بوون، ئەو دیسانەوە دێتەوە وەک پەیمانی داوە بۆ دروستکردنی پادشاهێتی یەزدان لەگەڵ هەموو ئەوانەی باوەڕیان پێی هەیە.

ئایا تۆ ئامادەیت بۆ رووبەروو بوونەوەی یان دەتەوێت سزای یەزدان وەرگریت؟ ئایا باوەڕت بە زیندوو بوونەوە و ژیانی هەتاهەتایی لەگەڵ یەزدان؟

# ٢١ كانوونی یەکەم

**عیسای پیرۆز دەڵێت: هاتووم بۆ جیهان، تا شایەتی بۆ راستی بدەم، هەر کەسێک لە راستیدا بێت گوێ لە دەنگم دەگرێ. (یۆحەننا ١٨: ٣٧).**

.........................

(ئارنست جۆردۆن) باسی خۆی دەکات کە چۆن بووە بە مەسیحیەکی باوەڕدار و دەڵێت: کاتێک من لە جەنگی یاباندا لە تایلاند دیل بووم، لەگەڵ چەند دیلێکی هاوریمدا بڕیارماندا هەستین بە خوێندنەوەی پەرتووکی پیرۆز تا بزانین ئەو راستیانە چیە تێیدایە و ئێمە نایزانین.

دوای ئەوەی کە هەموو ئێوارەیەک بەیەکەوە دادەنیشتین و بۆ ماوەیەکی چاک خەریکی خوێندنەوەی ووشەی یەزدان بووین، بۆمان دەرکەوت کەوا ناوەرۆکی باسەکە باسی مەسیحە و تێیدا مەسیح کابرایەکە نە ماڵی هەیە و نەهاوڕێ و نە دۆستی پایەبەرز، تووشی ناخۆشەیەکی زۆر دێت و ئازار و ئەشکەنجە دەدرێت و هاوڕێ و دۆستە بۆ هەژار و نەخۆشی خەڵکی چاک دەکاتەوە و پیرۆزیان دەکات و دوایش لە پێناوی مرۆڤ و خەڵکیدا دەمرێت و دەبێتە قوربانی بۆیان.

بەراستی ئەم کەسایەتیەی ئەو زۆر کاری تێکردین و زۆرمان حەزمانەکرد هاوڕیەکمان هەبێت وەک عیسای مەسیح، ئیتر پاشماوەیەک و بەردەوام بوونم لە خوێندنەوەی پەرتووکی پیرۆزدا هیچم بۆ نەما تا ئێستاش ئەوە زیاتر لەوەی لە دڵ و باوەڕ بهێنم.

## ٢٢ كانوونی یەکەم ( ١ بەفرانبار )

**تۆ... کتێبی پیرۆز دەناسیت، ئەوەی دانایيت دەداتێ بۆ رزگاری بەهۆی باوەرکردنەوە بە عیسای مەسیح. هەموو کتێبی پیرۆز بەوەحی لە یەزدانەوە هاتووە. (تیمۆساوسی دووهەم ٣: ١٥، ١٦).**

...................

هیچ پەرتووکێک لە جیهاندا بەوێنەی پەرتووکی پیرۆز قسە و باس و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی لەسەر نەکراوە و توشی رەخنە و سوتاندن و لەناوبردن نەبوو. بە دریژایی سەدەکان خراپەکار و گوناهبار و ئەوانەی حەز بە خراپە و گوناە دەکەن ویستویانە ئەم پەرتووکە لەناوبەرن و خراپی کەن و بەدرۆی بخەنەوە، بەڵام کەس نەیتوانیوە لاپەرەیەک یان رستەیەک لەو پەرتووکە تێک بدات و بیگۆڕێت و لە ئەوەڵەوە چۆن بووە هەر بەو شێوەیە ماوەتەوە چونکە ووشەی یەزدانە و راستی ئەوی تیایە. ئەم پەرتووکە خراپە و گوناهی مرۆڤ ئاشکرا دەکات و لەهەمان کاتیشدا رێگەی رزگاربوون نیشانی خراپەکار و گوناهبار دەدات، عیسای مەسیح لەئاسمانەوە لەدایک دەبێت و جەستەی مرۆڤ وەردەگرێت و دەبێتە قوربانی لە پێناوی رزگارکردنی مرۆڤدا لە سزای مردنی هەتاهەتایی.

بەرێزام پەرتووکی پیرۆز بخوێنەرەوە تا ئەو یەزدانە بناسیت، ئەوەی توانای گۆڕانی هەموو کارێکی هەیە، دیسان تا بیزانیت مرۆڤ بۆ گوناهبارە لەلای یەزدان و چۆن مرۆڤ رزگاری دەبێت لە گوناهو دەبێتە رۆڵەی یەزدان.

## ٢٣ کانوونی یەکەم

**چونکە کرێی پاداشتی گوناه مردنە. (رۆما ٦: ٢٣).**

.....................

نێرراوی یەزدان موسا دەڵێت: ئەی یەزدان فێرمان بکە ژماردنی ڕۆژانی ژیانمان، بۆ ئەوەی ژیر بین بەدڵێکی داناییانەوە. (زەبوری ٩٠: ١٢). خوێنەری بەڕێز، ئایا بیرت لە مردن کردۆتەوە؟ ئایا ڕۆژانی ژیانت دەژمێریت؟

نازانم، لەوانەیە خەریک بیت بە ژماردنی شتێکی کەوە، یان نەزانیت کەوا ژیان زۆر کورتە. ووشەی یەزدان دەڵێت: پاداشتی گوناه مردنە، بەڵام دوای مردن چی هەیە؟ لە وەلامدا دەڵێم: لێپرسینەوە. (عیبرانیەکان ٩: ٢٧).

ئایا دەتەوێت بمریت بەبێ باوەڕ و ڕووبەڕووی یەزدان ببیتەوە؟ بەڕێزم دەستت بدە بەدەستی یەزدانەوە، ئەو قوربانیەی مەسیح، ئەوەی بۆت کراوە بۆ ڕزگارکردنت، قوربانیەکەی مەسیح ئەوەی مردنی وەرگرت لەباتی تۆ و ئینجا هەستایەوە و سەرکەوت بەسەر مردندا تاوەک زیندوو بوونەوە دروست بکات و ئەمەشی بەژیانی خۆی نیشاندا بە خەڵکی و بە مرۆڤ.

## ٢٤ كانوونی یەکەم

**گەر یەکێک سەر بەمەسیح بێ، ئەوا دەبێتە دروست بوویەکی تازە، شتە کۆنەکان نامێنن و بەسەردەچن، ئەوەتا هەموو شت نوێ بۆتەوە. (کۆرنسۆسی دووهەم ٥: ١٧).**

...................

لە هەرێمی (وێلز) لە ئینگلتەرا، گەنجێک دەژیا بە ناوی (تۆم ئۆلیڤرز) هەموو ناوچەکە دەیانناسی بەوەی کەوا گەنجێکی شەرفرۆش و خراپ و بەدکارە. ئەم گەنجە رۆژێک لە رۆژان گوێی لە ووتاربێژی مەسیحی بەناوبانگ (جورج هویتفیێلد) دەبێت.

ئیتر ئەو لەو کاتەدا بەتەواوی ژیانی دەگۆڕرێت. خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: هێشتا (جورج) تەواو نەبوو بوو لە ووتارەکەی، من لە کابرایەکی بەدی خراپەوە بووم بە مرۆڤێکی کە، مرۆڤێکی تازە.

لەو رۆژەوە دنیا و جیهان گۆڕا بۆ (تۆم) و لەدوایدا ئەو گەنجە بەد و خراپە بوو بە ووتاربێژی بەناوبانگی زۆر بەرێز و خۆشەویست (تۆم ئۆلیڤرز) نووسەری سروودی (ستایشی یەزدانی ئیبراهیم بکەن). بەرێزانم ئا ئەمەیە هێزی ووشەی یەزدان و ووتەی پەرتووکی پیرۆز و مزگێنی یەزدان.

یەزدان ئەوی (واتە عیسای مەسیح) داناوە بەدادوەر بەسەر زیندووان و مردوواندا، هەموو پێغەمبەران شایەتی بۆ دەدەن، هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت، بە ناوی ئەوەوە گوناهەکانی دەبەخشرێ (کرداری نێرراوان ١٠: ٤٣).

## ٢٥ کانوونی یەکەم

**چی بەڵکی مرۆڤ دێت، گەر هەموو جیهان بەرێتەوە، بەڵام خۆی بدۆڕێنێت. (مەرقۆس ٨: ٣٦).**

......................

دەگێڕنەوە دەڵێن کابرایەکی ئیتالی هەبوو زۆر بەناوبانگ لە یاری ئەکرۆپاتیک بە تایبەتی شارەزا بوو لە هەوڵدانی چەند شتێکدا بەیەکەوە بۆ ئاسمان و گرتنەوەی بەدەست بیٚ ئەوەی هیچی بکەوێتە سەر زەوی. چی پارە و سامانی هەبوو دابووی بە پارچەیەک ئەڵماسی گەورەی زۆر گران بەها، بۆ ئەوەی بەکاری بهێنێت لە یاری شت هەڵدانا بۆ ئاسمان و گرتنەوەی رۆژانە دەچووە ناو کەشتیەکەوە کە میوانیکی زۆری تیابوو بۆ مەسەلەی گەشت و گەران. لەبەردەم خەڵکەکە دا لە شوێنیکدا دادەنیشت کە زۆر نزیک بوو لەئاوی دەریاوە و ئەڵماسە گران بەکەی لەگەڵ چەند شێوەیەکدا فیڕیٚ دەدا بۆ ئاسمان و دوایش یە لەدوای یەک دەیگرتنەوە خەڵکەکەش ئەمەیان زۆر بەسەیر دەزانی، چونکە هەچ هەڵەیەکی بچووک دەبوو بەهۆی ئەوەی ئەڵماسەکە بکەوێتەوە دەریاوە و وون بێت، بەڵام کابرا زۆر بەخوی دەنازی و باوەڕی تەواوی بەخۆی هەبوو کە ئەڵماسەکە دەگرێتەوە و ناکەوێتە دەریاکەوە. رۆژێک لە رۆژان کە خەریکی یاریەکە بوو لەکاتی سەرهەڵبرینیدا بۆ ئاسمان بۆ ئەوەی ئەڵماسەکە بگرێتەوە، تیشکی خۆر دای لەچاوی و توانای گرتنەوەی ئەڵماسەکەی نەماو کەوتە دەریاکەوە و لەچرکەیەکدا هەموو سەروەت و سامانی دۆراند.

## ٢٦ کانوونی یەکەم

**یەزدان بەهۆی رۆحی پیرۆزەوە لەگەڵ نێرراوی خۆیدا سامۆئێل دەدوێت و دەڵێت: مرۆڤ دەڕوانێتە ناوی چاو (یان شێوە و رووکەشی دەرەوە)، بەڵام یەزدان دەڕوانێتە ناوی دڵ. (سامۆئێلی یەکەم ١٦: ٧).**

........................

کاتێک ئەم ووشەیەی یەزدانم خوێندەوە لە بەشی کۆنی پەرتووکی پیرۆزدا، ئەو سەرگورشتەیەم بیرکەوتەوە، دەڵێن مەلای مەجبورە دەچێت بۆ دەعوەتێکی نان خواردن لە ماڵی گەورە پیاوێک، کاتێک دەچێتە دیوەخان، لە خواری خوارەوەی دیوەخانەکە و لای دەرگاکەوە دایدەنیشێنن، چونکە جلەکانی پەرپوت دەبێت. مەلای مەجبورە بەمە زویر دەبێت و خێرا دەڕوات بۆ ماڵەوە و جل و بەرگێکی زۆر تازە و گران بەها لەبەر دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ دەعوەتەکە. کاتێک دەچێتە دیوەخان بە فەرموو فەرموو دەیبەنە لای سەرووی ژوورەکە و لە جێگەیەکی باش دایدەنێن. کاتێک نان و خواردنی بۆ دەهێنن، خەڵکەکە و دەعوەت کەر زۆر سەریان سوور دەمێنێت، چونکە گوێیان لە مەلا دەبێت و دەبینن کە مەلا جمکێکی جلەکەی گرتووە بەجلەکەی دەڵێت: فەرموو بخۆ، دەی بخۆ. کاتێک دەپرسن ئەمە مانای چیە؟ دەڵێت: من هاتم بۆ ئێرە جلەکانم کۆن بوو لەلای دەرگاوە داتان نام، کاتێک چووم و جل و بەرگەکەم گۆڕی ئەوەتا لای سەرووی هەمووانەوە داتان ناوم، کەواتە ئەمە هی جلەکانمە.

## ٢٧ کانوونی یەکەم

**پیرۆزە ئەو مرۆڤەی کە پشت بە یەزدان دەبەستێت، وە دەبێتە پشتیوانی، ئەوسا دەبێتە درەختێک کە لەسەر ئاو بێت... وە راناوستێت لەبەر و بووم گرتن. (یەرمیا ١٧: ٧، ٨).**

......................

لە باخچەی پادشاهی لەشاری لەندەن، درەختێکی مێوی گەورە هەبوو، جێی سەرسورمانی خەڵک بوو. ئەم بنکە مێوە بێ ئاودان و لەکاتی ناخۆش وئاو و هەوادا بەردەوام دەژیا و هەموو ساڵێک بەرێکی زۆری دەدا. دوایی باخەوانەکان ویستیان نهێنی ئەم مێوە بزانن، کاتێک گەڕان بە شوێنیدا، سەیریان کرد رەگی ئەم مێوە دوور رۆیشتووە بەژێر زەویدا بۆ رووباری (تایمز) ئەوەی کە ووشک نابێت و هەمووکات ئاوی تیایە. بەرێزانم باوەڕداری تەواویش دەبێت وەک ئەم مێوە گشت کات ئاو بخواتەوە لە کانی و ئاوی ژیان. دیسان پێوستە لەسەر باوەڕدار کەوا رەگ و ریشە دابکوتێت تا وەک ئەگەر باوبۆران هات بەئاسانی نەکەوێت و هەڵنەکەندرێت و نەڕمێت.

شەیتان گشت کات خەریکە لەگەڵ مرۆڤ تا وەک لەخشتەی بەرێت و لە رێگەی یەزدان لای بدات، مرۆڤ خۆی بە تەنها کەم توانایە و زۆر جار توانای بەسەر هەندێ شتدانیە، بەڵام بە هێز و توانای یەزدان و ڕەگ داکوتین لەگەڵ یەزداندا، مرۆڤ دەتوانیت سەر بکەوێت بەسەر هەموو کارێکدا.

# ٢٨ کانوونی یەکەم

**هەر یەزدانە ئێمەی رزگار کردووە لە دەسەڵاتی تاریکی... (کۆلۆسی ١: ١٣) یەزدان ئاشتی کردنیەوە لەگەڵ خۆی بەمردنی رۆڵەکەی (رۆما ٥: ١٠).**

.......................

ئایا کاتێک کورێک ماڵی باوکی بەجێدەهێڵێت، هەڵە دەکات و پێوستی بە لێخۆش بوون هەیە؟
ئایا تووشی پەیوەندی و هەڵسوکەوت بووە لەگەڵ خراپی و خراپەکاراندا؟ ئایا پێوستی بە رزگار بوون هەیە؟ ئایا بیری خراپی کردۆتەوە لە کەسوکاری و پێوستی بە ئاشت بوونەوەی هەیە؟ (لۆقا **١٥: ١١ ــ ٣٢)**.
لە پەیوەندیماندا لەگەڵ یەزدان ئەم پرسیار و بیرۆکانە زۆر گرنگن، ئێمەی مرۆڤ گوناهبارین بەرامبەر بەیەزدان، چونکە خراپەمان بەرامبەر کردووە و پێوستمان بە لێخۆش بوونی ئەو هەیە. یەزدان دەیەوێت رزگارمان بکات لە هەموو ئەو شتانەی دەمانکاتە کویلە، وەک تەماع ئارەزوی شتی خراپ، چاولێکەری و حەسودی... هتد. بۆ ئەوەی بژین لەگەڵ یەزداندا وەک رۆڵەی یەزدان، پێوستمان بە گەرانەوە و تێکەڵ بوون هەیە لەگەڵ یەزدان، بەو رێگەیەی کە یەزدان خۆی بۆی داناوین، ئەوەی بەهۆی باوەڕکردنەوەیە بە قوربانی عیسای مەسیح ئەوەی بوو بە مەڕی قوربانی بۆ ئاشتکردنەوەی یەزدان لەگەڵ مرۆڤ.

## ٢٩ كانوونی یەکەم

**بگەڕێمەوە بۆ لای باوکم، پێی بڵێم: بابە من بەرامبەر بە ئاسمان و بەرامبەر بە تۆ هەڵەم کرد. (لۆقا ١٥: ١٨).**

..................

عیسای پیرۆز نمونەیەکی هێنایەوە و ووتی: کابرایەک دوو کوڕی هەبوو. کوڕە بچووکەکەیان بە باوکی ووت، چیم بەردەکەوێت لە بەشی خۆم بمدەری، کابراش چی سامانی هەبوو کردی بەدوو بەشەوە و بەشێکی دانابۆ کوڕە بچووکەکەی. دوای چەند رۆژێک، کوڕی بچووک چی هەبوو هەمووی کۆکردەوە، ئینجا کەوتە ری بۆ وولاتێکی دوور، لەوێ چی هەبوو هەمووی لە رابواردندا خەرج کرد... دوای ئەوەی تووشی نەبوونی و برسێتیەکی زۆر بوو، ووتی: بابگەرێمەوە بۆ لای باوکم، پێی بڵێم، بابە من بەرامبەر بە ئاسمان و بەرامبەر بە تۆ هەڵەم کرد. ئیتر شایانی ئەوە نیم بە کوڕی تۆ بانگ بکرێم، بمکە بە یەکێک لە ئیشکەرەکانت. ئینجا کوڕە هەڵسا و گەڕایەوە بۆ لای باوکی.

کاتێک باوکی لەدوورەوە بینی، دڵی پێی سووتا، رایکرد، بۆ لای و دەستی کردە ملی... بانگی لە ئیشکەرەکانی کردوو ووتی: بڕۆن خێرا باشترین جل و بەرگ بهێنن لەبەری بکەن. ئەنگوستیلەی بکەنە پەنجە و پێلاو بکەنە پێی... برای گەورە بەمە توڕە بوو... باوکەکە پێی ووتی: کورم، تۆ گشت کات لەگەڵمدای، ئەوەی هەمە هی تۆیە، بەلام پێویستە دڵشاد بین و کەیف خۆش بین، چونکە براکەت مردبوو زیندوو بووەوە، وون بوو بوو دۆزراوەتەوە. (لۆقا ١٥: ٣٢).

# ٣٠ كانوونی یەکەم

**چونکە هیوامان بە یەزدانی زیندووە، ئەوەی رزگارکەری هەموو خەڵکە... (تیمۆساوسی یەکەم ٤: ١٠). یەزدان هێز و توانا و قەڵغانمە، لە دڵمەوە پشتی پێدەبەستم، ئینجا سەردەکەوم. (زەبور ٢٨: ٧).**

.....................

پزیشکێکی مەسیحی باوەڕدار زۆر نارەحەت بوو کاتێک دەیوست بڕوات سەری ئافرەتێکی نەخۆش بدات، چونکە دەیزانی ئافرەتەکە نەخۆشیەکی کوشندەی هەیە و ماوەیەکی کە کۆچی دوایی دەکات، لەهەمانکاتدا بیری لەوە دەکردەوە، ئەگەر عیسای مەسیح لێرە ئامادە بوایە: ئەوا دەستی دەدایە دەستی ئافرەتەکە و لەسەر جێگەی مردن دەریدەکردوو پێی دەوت: هەستە تۆ چاک بوویتەوە، چۆن نەخۆش و مردووی چاککردەوە، کاتێک لەسەر زەوی بوو.

بەڵام کاتێک چووەماڵی ئافرەتەکە، سەری سورما کاتێک ئافرەتەکەی بینی بە روویەکی خۆش و قسەی خۆشەوە.

کاتێک لەگەڵ ئافرەتەکە دواو قسەی کرد، سەیری کرد ئافرەتەکە دڵخۆشی ئەم ئەداتەوە و دەڵێت: گوێی مەدەرێ، من دەزانم نەخۆشیەکەم چاری نیە و تۆ هیچ دەرمانێکت نیە بۆ من و هیچت پێناکرێت، من بەمزوانە لەگەڵ پزیشکی تایبەتی خۆم دەبم، ئەوەی توانای ئەوەی هەیە کەوا مردوو زیندوو بکاتەوە، ئەو خۆی لە گۆڕ هاتە دەرەوە و بوو بە نۆبەرەی زیندوو بووەکان.کاتێک پزیشکەکە گوێی لەم قسانە بوو زۆر دڵخۆش بوو و نارەحەتیەکەی نەما

# ٣١ کانوونی یەکەم

**یەزدان دەڵێت: شکاویەکەت چاکبوونەوەی نیە و برینت ساڕێژ بوونی نیە... من دەمەویت چاکت بکەمەوە و برینەکانت ساڕێژ بکەم. (ئیرمیا ٣٠: ١٢، ١٧). ئەی خوداوەندی یەزدانم لێت دەپاڕێمەوە چاکم بکەرەوە. (زەبور ٣٠: ٢).**

....................

پزیشکێکی باوەڕدار زانی کەوا هاوڕیەکی هەیە و نەخۆشە بە نەخۆشیەک کە هیوای چاکبوونەوەی نیە. پزیشکەکە هەواڵی بۆ نارد کەوا لەم ڕۆژانە دا دەیەوێت بێت بۆ لای و سەردانی بکات، ئەویش وەڵامی بۆ ناردەوە و پێی ڕاگەیاند کە نەیەت بۆ لای و تەنها لە کاتێکدا بێت بۆ لای ئەگەر دەرمانێک یان چارەسەرێکی تازەی هەبێت بۆ چاکبوونەوەی نەخۆشیەکەی. پزیشکەکە سەرەڕای ئەم وەڵامە، هەستا و ڕۆیشت بۆ لای نەخۆشەکەی هاوڕێی، کاتێک چووە ماڵەوە بۆ لای پێی ووت: هاوڕێی بەرێزم، من دەرمانێکی تازەم هەیە بۆت، ئەویش عیسای مەسیحە. ئینجا باسی خۆی بۆ کرد و باسی باوەڕی خۆی و ژیانی خۆی بۆ کرد لەگەڵ عیسای مەسیحدا و دیسان پێی ووت: برام ئەگەر عیسا ئێستا چاکت نەکاتەوە، بەڵام ئەو دەتوانێت ئاشتی بدات بە دەرونت بۆ ئێستا وە ژیانی هەتاهەتایت بداتێ بۆ داهاتووت. دوای چەند سەردانێک لەلایەن پزیشکەکەوە، کابرای نەخۆش بە تەواوی بارودۆخی دەرونی گۆڕا و کەسوکاری و ئەو خەڵکەی سەریان دەدا، زۆر سەرسورمان لە گۆڕانی تەندروستی و دەروونی کابرای نەخۆش و ئەو هیواو ئاشتیەی کە هەیەتی.